# زمان و زار

ساڵی چوارەم- ژمارە (١٩) (رەزبەری- ٢٧٢٥) (پاییزی- ٢٠٢٥)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:
د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:
فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:
تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار

بەڕێوەبەری نووسین:

سالم سەلمان کوببەچی

دەستەی راوژێکاری:

د. وریا عومەر ئەمین

د. هۆگر مەحمود

د. مزگین چالی

د.بێستوون حەسەن ئەحمەد

کامران رەحیمی

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە

بە سپۆنسەری دارایی بەڕێز

دکتۆر (تەها ڕەسووڵ) چاپ کراوە

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

**راوێژکاری کارگێڕی:**
**ئەڤین ئەحمەد**

**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: ٢٠٢٥**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**نرخ: ٥٠٠٠ دینار**
**چاپ: چاپخانەی پاندا**

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

# پێڕست


–زمانی کوردی بەرەو کوێ.................................................فەرەیدوون سامان.......................٧
– زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا......................د. قادر وریا..................................١٣
– هەندێ وشە و زاراوەی بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێرێ.........................عەباس نادر..................................٢٧
– پۆلینکردنی ئیدیۆم (بەشی دووەم)....................................................عەبدولوەهاب شێخانی..................٤٩
– کوردۆلۆژی ل قازاخستانێ و ئاسیا ناڤین.............................................هەژارێ شامل..............................٨٩
– کوردێن ئازەربایجانێ، دیرۆکا لاچین و پێن ماین.......................................شامل ئەسکەرۆڤ...........................٩٧
– چەند هەڵەیەکی ڕێنووسی.........................................................دلاوەر شێخ مەحەمەد.................١٠٩
– پێناسەکان و کێشەکانی شێوەزارەکانی کوردی پاڵەوانی.......................کامران ڕەحیمی..........................١٢٧
– ئیبراهیم باڵدار، چەسپێنەری ئەلفبێی کوردی......................................پ.د. وریا عومەر ئەمین...............١٤١
– پەیوەندی نێوان زمان و ڕاگەیاندن.......................................................مستەفا غەفوور...........................١٤٥
– ئەوڕەحمانی حاجی مارف زمانناسی مەزنی کورد......................................ئا/ ڕەهەند.................................١٥٣
– درباره تاریخ کرماشان و ایلام...........................................................گفتگو با اسماعیل شمس...........١٥٧


**دۆسیەی ژمارە: ((زمانی کوردی و فەرهەنگنووسی))**


– لەبارەی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسییەوە.............................................سەرنووسەر.................................١٦٩
– بنەما و کۆڵەکەکانی فەرهەنگنووسی.....................................................د. ئەحمەد ئەحمەدیان..................١٧٥
– گرنگی و گرفتی فەرهەنگسازیی کوردی..................................................د. هیوا عەساف...........................١٩٧
– فەرهەنگ بناغەی سەرەکی هەموو زمانێکە...............................................ئەمین گەردیگلانی........................٢٠٣
– فەرهەنگنووسین وەک کەرەستە وشە، زاراوە، ئیدیۆم،.................................مستەفا غەفوور............................٢٠٧
–فەرهەنگنووسین.............................................................................ڕێکار ئەحمەد...............................٢١٥
– دەزگایەکی تایبەتی بۆ فەرهەنگی جامیعی زمانی کوردی دابنرێ................سەلاح پایانیانی...........................٢١٩
– فەرهەنگسازی بریتییە لە کارێکی زانست.................................................غازی حەسەن..............................٢٢٣
– سەحەر موعیزی و فەرهەنگی پازار.........................................................حەسەن خەلیلپوور.........................٢٣١
– ڕاسپاردەو پێشنیار بۆ نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر.................................فەتحی مەلاعەلی..........................٢٤٣
– فەرهەنگی گشتگیری زمانی کوردیمان نییە...............................................ڕەحمان جەوان............................٢٤٧
– ڕۆڵی فەرهەنگ لە زماندا...................................................................قەندیل شێخبزینی.........................٢٥٣

– بنەما و کۆڵەکەکانی نووسین و ئامادەکردنی.......................................سەربەست قادر حەمە................٢٥٧
– بنەما و کۆڵەگەکانی فەرهەنگ..............................................................کازم عەباس زەندی....................٢٦٥
– بنەما و کۆڵەگاکانی نووسینی فەرهەنگ.......................................................عەبدلوەهاب شێخانی......................٢٧٥
– فەرهەنگی فەرهەنگەکان.........................................................................د. وریا عومەر ئەمین....................٢٧٩

–Ziman û Ferhengnivîsî ya Kurdî................................................Muhemed uncu................................5
– Prensîpên nivîsîn û amadekirina ferhengekê çi ne...........Zana Farqînî...............................17
– Yek Ji Encamên Asîmîlasyonê: Lixwenebanbûn.............Dilawer Zeraq...............................25
–‘Ferhenga Kurdî’ ya M. Emîn Bozarslanî...............................Roşan Lezgîn...............................35
–Helbestvanê Kurd Simoyê Şemo, (1928– 2000)..................Mirazê Cemal.............................43
– Ji bona 90 saliya NIVÎSKARÊ REHMETÎ EMERÎKÊ SERDAR.....Emerîkê Serdar.............49
– Zara aliyevna yousupova (16.12.1934 – 03.02.2022)......Hejarê Şamil...............................53
–Zimanek hewbeş bo kurdan...........................................................Husein Muhammed................57
––Afirandina ziman û bangesheya afirandinê..........................Fereydun Saman....................67

# زمانی کوردی بەرەو کوێ؟!

**فەرەیدوون سامان/**
**سەرنووسەر**

هەر نەتەوەیەک زمانەکەی لە زمانی ئاخاوتنەوە گۆڕابێت بۆ زمانی نووسین، ئەلفابیتای تایبەت بەخۆی هەڵبژاردووە، و لەگەڵ سیستمی دەنگی و تایبەتمەندیی زمانی خۆیان گونجاندوویانە، لەو ڕۆژەوەش کورد کە زمانەکەی بۆتە زمانی نووسین، هەر لە سەردەمی باباتاهیری عوریانەوە، نزیکەی دە سەدەیەک پێش ئێستا ئەو ئەلفابیتایەی هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە کەلتووری زمانی عەرەبی و فارسی لە مزگەوت و حوجرەکانی کوردستاندا زاڵ بووە، خوێندن و خوێندەواری، زانست هەر بەو دوو زمانە بووە، ئەدەبییات بەو دوو زمانە بووە، کەواتە ئەم ئەلفابیتایە لە پیڤاژۆی دروستبوونی زمانی ئەدەبییدا دەرکەوتووە و سەرجەم هزرو بیرکردنەوە و تێڕوانین و سیستەمی بیرکردنەوەی کوردی لە ماوەی ئەو دە سەدەیەدان، ئەم ئەلفابیتایە نووسراوە. ئەلفابیتای کوردی بە جۆرێکی جوان و سەرنجڕاکێش، کە دینامیکیی زمانی کوردی دەردەخات، هەموارکراوە و گەشەی پێدراوە، ئیتر هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر ئەلفابێتایەکی تر، جگە لە زیان گەیاندن بە زمانی کوردی شتێکی تر ناگەیەنێت.

سەرباری کەم وکوڕی و کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قۆناغە سیاسییەی کە لە باشووری کوردستاندا هەیە، بێگومان ڕۆڵێکی یەکجار زۆری لە پەرەپێدانی کەلتووری کوردیدا هەبووە، تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا وەک قۆناغێکی درەوشاوەی زمان و کەلتووری لە کوردستاندا دەتوانین چاوی لێ بکەین و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەڵبسەنگێنین، بە دیمەنە جوانەکان بڵێن باش و دەستیان خۆش

بێت و دیمەنە کرێت و دزێوەکانیش ڕەت بکەینەوە، هاوکات دڵسۆزانە ڕەخنەشی لێ بگرین و هەوڵ بدەین چارەسەری گونجاو بۆ کەموکوڕییەکانیش بدۆزینەوە.

هەڵبەت بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیش دەبێ هەموو هەوڵی پتری بۆ بدەین، تا زمانەکەمان لە دەلیڤەکانی پەروەردە و فێرکردن، پتر گەشە بکات، لە داهاتووی نزیکدا بە پلان و بەرنامە و تەنانەت بە بڕیارێکی سیاسی بوێرانە بگات بە لێواری زمانی ستاندارد-پێوەر، لە ڕێگای کەسانی دڵسۆزی زمانپەروەر و شارەزا و ئەکادیمی هەوڵ بدرێت لەم قۆناغە هەستەوەرە زار و بنزارە ڕەسەنەکانی زمانەکەمان لێکنەترازێن.

ئەمڕۆ کۆمەڵێک ناوەندی کەلتووری حکومەتی، کەسایەتی، فەرهەنگی، ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن بەردەوام ڕۆژانە لەگەڵ زمانەکەماندان و بە جۆرەها شێواز کار لەسەر زمانی کوردی دەکەن.

بۆ نموونە سیستمی پەروەردەیەکی درووست دەتوانێت چ ڕۆڵێک ببینێت لە سازاندنی پرۆسەی زمانی نەتەوەیی و ئەو زمانە یەکگرتووەدا، کە لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تا دەگات بە خوێندنی باڵا، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی کە چەندان دامەزراوەی حکومەتی هەن لە ئاست ئەو هەموو دژایەتییەی زمان و زارە کوردییەکان بێدەنگ و بێهەڵوێستن، بێگومان ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مخابن زمانی کوردی لای حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمترین بایەخی پێدراوە.

سەبارەت بە نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە و گونجاو بۆ خزمەتکردنی زمانەکەمان، دەبینین هێشتا زمانی کوردی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ڕەوشێکی ئاڵۆز و لە پاشەکشەدایە، کە دواتر ئاماژە بەو هۆکارانە دەکەین کە بوونەتە ئاڵۆزی و پشێوی لە بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردیدا.

ڕاستە زمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زمانی نەتەوە سەردەستەکان ناچێت و سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام لەهەر بەشێکیاندا کەم تا زۆر هەژموونی زمانی فەرمی دەوڵەت، کاریگەری بەسەر زمانی کوردیدا لەو بەشەدا هەیە، تەنانەت لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی خۆراسان و مازەندەران تا دەگات بە کوردەکانی قافقاس تا ڕادەیەکی باش زمانەکەمان لە پرۆسەی توانەوە و ئاسمیلەبوون دایە، سەرباری ئەو هەموو جینۆسایدی کەلتووری و دژایەتی کردنەی زمانەکەشمان، بەڵام هەر بە زمانێکی زیندوو و سەربەخۆ ماوەتەوە، بە پێچەوانەی ڕای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناس و تورکناس و بیانییەکان کە وای بۆ دەچن، گوایە زمانی کوردی

لە بنەڕەتدا زارێکی فارسی و یان تورکی چیاییە، بێگومان ئەمەش هەڵە تێگەیشتن و هەندێجاریش هزرێکی شۆڤێنیستانەی نەتەوەی سەردەستی تێدایە، زمانی کوردی زمانێکە، میراتگری زمانی میدییەکانە کە بە باووباپیرانی کوردانی ئەمڕۆ ناسراون، خەڵکی بیانی بە ئاسانی دەتوانێ فێری ببێت، لە هەمانکاتدا زمانێکە دینامیکیەتێکی بەهێزی پێشکەوتن و گەشەکردنی تێدایە.

ئەمڕۆ زمانی کوردی ڕووبەڕووی دوو هێرشی دەرەکی و ناوەخۆ بۆتەوە، بە پلەی یەکەمیش دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسە لە دۆزینەوە ڕێگاچارەی گونجاو بۆ ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە هاتوونەتە بەردەم نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی، دە با ئاوڕێک بۆ دواوە بدەینەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەردرا. هاوکات لە دەستووری عێراقیشدا لە ساڵی ٢٠٠٦ و لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشدا لە شوباتی ٢٠١٤ لە پاڵ زمانی عەرەبی لەسەر ئاستی عیراقدا زمانی کوردی بەفەرمی ناسێنرا، زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دوای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری پلەی زمانی پێنجەمی وەرگرتووە، کەچی لە واری پراکتیکدا بە ئاشکرا دژایەتی دەکرێت، ئەوەی کە زمانەکەمان ساڵانی ساڵە ناحەزانی بەهەموو شێوازێکی شۆڤینیانە و هۆڤییانە دژایەتی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن، ئەویش بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ ئاخێوەرانی و لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و هەروەها لە چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی و میدیادا، هەروەها ناساندنی هەندێک لەو زارە کوردییانە بە زمانی سەربەخۆ وەک هەوڵدان بۆ فەرمی ناساندنی زارەکانی (زازاکی و هەورامی و شەبەکی و کاکەیی و ئێزیدی و لەکی و...تد) لەلایەن هەندێ ناوەندی شۆڤینی نەتەوەی سەردەست کە وڵاتانی دەوروبەر بە پلان و بەرنامەڕێژی کاری بۆ دەکەن، وەک چۆن لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیادا بە دەستوور زمانی کوردی قەدەغەکراو ئاخێوەرانی سزای توند دران، دواتریش هەوڵدان بۆ جینۆسایدکردنی کەلتووری و بۆ نموونە ناساندنی زاری دملکی- زازاکی وەک زمانێکی سەربەخۆو جیاواز لە زمانی کوردیدا، هاوکات هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشاوە تا بە ئێستا دەگات، تەنانەت دژ بە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیش، دامەزراوەکانی دەوڵەت لە هەوڵی بەردەوام بوونە زمانی کوردی بە زارێکی فارسی بناسێنێن و هاوکاتیش زارەکانی لەکی و لوڕی و هەورامی تەنانەت کەڵهوڕیش بە زمانی سەربەخۆ بناسێنن، تەنانەت کەسانێک لە خودی ئەو پێکهاتانە بە

ناوی زماناس و ئەکادیمی دەیانەوێت لە ڕێگای نووسین و توێژینەوەی بەناو زانستی و لەچاپدانی کتێبەوە ئەو هەوڵە نەزۆکە دژ بە زمانی کوردی بسەلمێنن.

**چی بکرێت باشە؟**

بۆیە گەرەکە دەزگا و ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی کوردستان ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیەی تایبەتە بە پرسگەلی زمانی کوردی بدۆزنەوە، کە لە هەنگاوی بەراییدا بۆ داهاتووش گرنگە هەوڵێک بۆ زمانی ستانداردی زمانی کوردی بدرێت، وەک هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی تایبەت بە زمانی کوردی، کە لە کەسانی شارەزا و پسپۆر و دڵسۆزانی زمانی کوردی پێکهاتبێت، دوور لە تەزکیەی ئەم حیزب و ئەو حیزب و ناوچە و خێڵ و عەشیرەت، هەروەها بانگهێشتکردنی کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و تاراوگە، بە کەڵک وەرگرتن لە زانست و زانیارییەکانیان، وێڕای ئاخێوەرانی کوردی بادینی و سۆرانی گەرەکە ئەم ئەکادیمیای زمانە نوێنەری زار و بنزارە کوردییەکانی دیکەی وەکو زازاکی و هەورامی و لەک و لوڕ و کەڵهوڕی تێدا هەبێت، وەرزانە و ساڵانەش دیدار و کۆنفرانسی زانستی لەسەر پرسگەلی زمانی کوردی لە سێکتەرە جیاوازەکانی پەروەردە و میدیا و زارەکان بەڕێوە ببەن.

**زمانی کوردی و ناسنامەی لۆکاڵییەکان**

ئاشکرایە گەلی کورد لە چەندان پێکهاتەی ئیتنیکی و زمانەوانی پێکهاتووە، وەک ئێزیدی و شەبەک و یارسان- کاکەیی، هەروەها زارەکانی کورمانجی و لەک و لوڕ و کەلهور و هەورامی و زازاکی، هەریەک لەم پێکهاتانەش سەر بە نەتەوەی مەزنی کوردن، بۆیە ئاساییە کاتێکی کوردێکی زازاکی یان هەورامی، یان هەر گرووپێکی تر جەخت لە زارەکەیان وەک زمان دەکەنەوە و خۆیان وەک زمان دەناسێنن، یان ناسنامە لۆکاڵییەکەیان دەخەنە پێش ناسنامە نەتەوەییەکەیان، کەواتە شوناس هەڵبژاردن، مافێکی سرووشتی هەر گرووپێکە، مافێکە کە لە هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا مسۆگەرکراوە.. بەڵام ناسنامە جێگیر نییە؛ واتە بە گوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێت، چونکە ناسنامە بە «لەدایکبوون» وەک شتێکی ڕێکەوت دیار ناکرێت، بەڵکو وەک «شێوازی ژیان» دیار دەکرێت، کەسێکی ئەورووپی یان ئەفریکی کە هەڵگری ناسنامەیەکە ئەمە هەڵبژاردنی خواست و ویستی خۆی نییە، بەڵکو ناسنامەیەکی بۆماوەییە کە بەسەریدا سەپێنراوە و هەڵیدەگرێت. هەمان شتی بۆ تاکێکی ئێزیدی یان هەورامییەک، زۆرجار لە

ئەنجامی پەراوێزخستنی ناسنامەی لۆکاڵی ئەم پێکهاتانە وەک پەرچەکردارێک جەخت لە سەربەخۆیی ناسنامە لۆکاڵییەکەی خۆیان دەکەنەوە، ئەگینا ناکرێت نەتەوەیەک کە زمانی پیرۆزی ئایینەکەی (سەرەنجام)ی یارسان و بە زاری هەورامی بێت و زمانی دەسەڵاتی نزیکەی حەفتسەدەی میرنشینی ئەردەڵان بێت و هەر بەو زارە نووسرابێت، ئەمڕۆ کەسانێک لەسەر بنەمای میتۆدێکی خەیاڵی و نازانستی بیانەوێ خۆیان لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دابڕێنن، ئەم بۆچوونە بۆ کوردانی ئێزیدی و شەبەک و لەک و لوڕیش هەر ڕاستە، ماوەی سەدەیەکە دەوڵەت نەتەوەی تورک و فارس و عەرەب بە پلان و دامەزراوەی تایبەت بەناوی ناوەندی توێژینەوە و تەرخانکردنی سەدان ملیۆن دۆلار بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵی جوداکرنەوە ئەو پێکهاتە ڕەسەنانەی گەلی کوردییان داوە، تا ڕادەیەک کاریگەرییان بەسەر هزر و هەستی کەسانێک تەنانەت لە ئاستێکی ئەکادیمی و زانستیشدا هەبوو.

بێگومان هەر گرووپێک، هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە ئەو ناسنامەیەی کە ئارەزووی دەکات و ئەو نەتەوەیەی کە شانازی پێوە دەکات، لە باوەش بگرێت، بە مەرجێک بە ناسنامەی خۆی شوناسەکانی دیکە ڕەت نەکاتەوە، سووکایەتی  بە پیرۆزییەکانی نەتەوەیەکی دیکە نەکات و هەوڵی لەناوبردنی شوناسی نەتەوەکانی دیکەش بدات. کاتێ هزری ناسیۆنالیستی، یان هزری ئایینی وەک ئایدۆلۆژیا و دیاردەیەکی «توندڕەو» لە کۆمەڵگاکاندا سەرهەڵدەدات، لە کۆمەڵگایەکدا کە چەندان نەتەوە و ئیتنیک و ئایین و ئایینزایان هەیە، واتە کۆمەڵگایەکی فرەیی و پلۆرالیزمن، زۆرجار لەلایەن دەوڵەتە ناوەندە شکستخواردووەکان بەڕێوەدەبرێن، لە ئەنجامدا توندوتیژی و تیرۆری هزر بەرهەمی دەوڵەتێکی توندڕەوی نەتەوەیی یان فەندەمەنتالیزمە، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکیی «شکستی ناسنامە»یە، لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی شکستی گوتاری ئایینی یان نەتەوەیی سەرهەڵدەدات و بوونەتە «بۆمبی کاتی» ئامادەن لە هەر ساتێکدا بتەقنەوە.

بۆ نموونە ئەو ململانێ و شەڕە ناوخۆیانەی سەدەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە کوردستاندا و چەندان ناوچەی دیکەی جیهاندا شاهیدی ئەوە تەنگژەی ڕووداوانەن، کە تێیدا هەمووانپرۆژەیەکن بۆ کۆمەڵکوژی، لە ئەنجامی شکستی کارەساتبارانەی شوناسە لەسەر چەند ئاستێک، نە ناسنامەیەکی گەورە توانی ناسنامەی بچووک ڕەت بکاتەوە، نە ناسنامە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، توانی ئەویدی ڕەش بکاتەوە، نها تەنێ ناسنامەیەک هەیە نەک وەک چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی شوناسەکانی تر، بەڵکو وەک گوتارێک بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ شوناسەکانی تر و ئەویش پێکەوە ژیانە لەگەڵیاندا، دواجار ئامانجی

نەتەوەی سەردەست لە ناساندنی ناسنامەی ئەم پێکهاتە ڕەسەنانەی کورد وەک زمان و نەتەوەی جیاواز لە گەلی کورد، پاکتاوی نەژادی و گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بووە لە خاکی نیشتمان و دەستگرتن بووە بەسەر سامانی سرووشتی و مرۆیی کوردستاندا.

ئەمڕۆ لەسەردەمی گلۆبلیزە و تەکنەلۆژیای زانیاری ڕەوشەکە جیاوازە و هیچ ناسنامەیەک نییە بە ناوی «من» بەبێ ناسنامەیەک بە ناوی «ئەوان/ئەو/تۆ».، ناسنامەی «من» هیچ واتاییێکی نییە بە بێ ناسنامەی ئەویتر. ئازادی بۆ یەکێک بەبێ ئازادی ئەوی تر نییە. شوناس بە تەنیا ناژی، دابڕاو نییە لە دونیادا، بەڵکو لە جیهاندا، لە ڕێگەی جیهانەوە و لەگەڵ جیهاندا دەژی. یەکسان نییە بە یەک کەس، بەڵکو مرۆڤ وەک فرەیی یەکسان دەکات..

نەتەوەی عەرەب لە حەوت هۆزەوە بوون بە ٣٦٩ ملیۆن، هۆکارەکەشی پیرۆزی زمان و زمانی عەرەبی بوو، چونکە خودا جگە لە زمانی عەرەبی، زمانی بەهەشت، هاوەڵان، و پێغەمبەری هاوەڵان لە پرۆژە ڕۆحیەکەیاندا هیچی تر تێنەگەیشتووە، کوردیش بە ملیۆنان لەناوچوون و توانەوە، تەنیا سێ ملیۆن کورد لە کوردستانی سووردا لەناوچوون، بەڵام سەدهەزار کوردی ئێزیدی لە سایەی پیرۆزی زمانی ئاینییان کە کوردی بوو، بۆ ئەوان هێشتا زیندووە، چونکە لە باوەڕی ئێزیدیدا زمانی کوردی زمانی خودێیە، و تەنیا زمانی کوردی ئەو زمانەیە کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندی و نزیکبوونەوەی لە خودا و تاووسێ مەلەک هەیە، هەموو پێکهاتەکانی کوردێنی لە ڕۆحی ئێزیدیدا، لە باوەڕی سروشتییەکەیدا، و فەلسەفە خۆر- زاگرۆسیەکەیدا دەبینرێنەوە، تەنانەت خاکی کوردستانیش، بۆ ئێمە پیرۆزترین خاکە، جا ئەگەر سەردانی هەر ماڵێکی ئێزیدی بکەیت، خودانییەک دەبینیتەوە، ماڵی خودانی، ماڵێک بە دیواری ماڵەکەیەوە هەڵواسراوە، ڕووخساری بە خۆرەوەیە. ئەم خودانییە پێی دەگوترێت بارات و لەناو ئەودا خاکی لالش و ئاوی لالش و شیری دایکی کوردە. فەلسەفەکەی بریتییە لە بەستنەوەی ڕۆحی ئێزیدییەکان بە خاکەکەیانەوە لە هەر شوێنێک کۆچیان کردبێت و لە هەر شوێنێک نیشتەجێ بووبن، گەلی ئێزیدی بەنداوێک و شاخێک و بەربەستێکە ڕێگری لەدەستدان و لەناوچوونی گەلی کورد دەکات. بەڵکو پارێزەری زمان و میرات و مێژوو و مۆسیقا و زمان و جل و بەرگ و سەما و سروشتی کوردستانن، تەنانەت وتە و پێشینەکانی گەلی ئێزیدیش، ستایشی سروشت و شاخ و دۆڵەکانی کوردستانیان تێدا دەبینیتەوە. ڕۆحی گەلی ئێزیدی هەر لە دایکبوونەوە تا دوا ڕۆژی ناشتنی بە زمانی کوردی و ئاوازەکەیەوە گرێدراوە، کە بە ئاوازی دەف و شمشاڵ و مۆسیقای کوردی بە خاک دەسپێردرێت.

# زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا

د. قادر وریا

**بەرایی:**

زمانی کوردی، کۆڵەکەی بنەڕەتیی ناسنامەی نەتەوەیی تاکی کوردە. پێناسەی ناسنامەی نەتەوەییش بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەت لە سەردەمی ئێستادا، یەکێک لەو کێشە گەورانەیە کە ئەم جۆرە نەتەوانە ڕووبەڕوویان بوونەوە. ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ باس لە پێوەندیی زمانی کوردی، ناسنامە نەتەوەیی و ئەرکەکانمان بەرامبەریان لە سەردەمی ئێستادا.

**زمانی کوردی و زمانە سەردەستەکان**

زمانی کوردی لە گەمارۆی چەند زمانێکی سەردەستدایە کە بریتین لە زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسی، دیارە ئەو زمانانەش وەک هەموو زمانێکی دیکە لە لایەکەوە ئامرازێکن بۆ پێوەندیی نێوان کۆمەڵە مرۆڤێکی دیارکراو، هەر لەو کاتەدا توانایییەکن بۆ خستنەڕووی بیر و ئەندێشە و خەیاڵ و هزری ئەو کەسانەی قسە بەو زمانانە دەکەن، ڕاستە ئەو زمانانە، زمانی داگیرکەرانی کوردستان و ئەو دەوڵەت نەتەوانەن کە دەستیان بەسەرخاکی کوردستاندا گرتووە، بەڵام ئەوە زمانەکان نین کە داگیرکەر، پاوانخواز یان فاشیستن، بەڵکوو ئەو ئایدۆلۆژیا و ئەو سیاسەتانەی لە پشت بەکارهێنانی ئەو زمانانەن، داگیرکەرانە، فاشیستی و پاوانخوازن و کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەویدیکەی کورد و سەرکوتی زمانەکەی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی ئەو زمانانە لە خزمەت سیاسەتی داگیرکەرانە و لە خزمەت سیاسەتی زمانی و کولتووریی دەوڵەت نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستاندان و بە هۆی ئەوانەوە ڕێگری لە بەکارهێنان و پێشکەوتنی زمانی کوردی دەکرێت. بەڵام بەو حاڵەش زمانی کوردی هەر توانیویەتی وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی کورد خۆی بسەلمێنێت. بۆ باشتر وردبوونەوە لە ڕۆڵی گرنگی زمانی کوردی لە نوێنەرایەتی کردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا، پێویستە ئەمەمان لەبەرچاو بێت، کە ئەو نەتەوانەی ئێمەی کورد لە گەڵ ئەوان لە چوارچێوەی ولاتێکدا دەژین، لە باری ئایینەوە لێک نزیکین، بەو واتایە کە ئایینی زۆرایەتیی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورک، ئیسلامە. لەگەڵ ئەوەشدا کە وەک کورد سەرزەویی خۆمان و مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، و کۆمەڵێک شتی ترمان هەیە کە ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، بەڵام

گرنگترین هۆکاری لێک جیاکردنەوە و جیاوازیمان، ئەوەی لە هەمووان بەرچاوترە، زمانی کوردییە. لە شوێنێک کە تاکەکانی سەر بە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، یەکەم شت کە کوردێک خۆی پێ لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، زمانەکەیەتی.

لە سەردەمی ئێستادا بەجیهانیبوون، کەمڕەنگبوونی سنوورەکان، فراوانبوونی پێوەندییەکان و ناچاری و پێویستیی پێکەوەژیان وایان کردوە کە لە ڕووی جلوبەرگەوە، لە باری شێوەی ژیان، جۆری خواردن و خواردنەوە، مۆسیقا، بیناسازی و زۆر لایەنی دیکەی کولتووری، وێکچوونی زۆر لە نێوان نەتەوە و کۆمەڵە جیاوازەکاندا دروست بێت. ئەمانە بە جۆرێک کاریگەر بوون کە وا هەست بکەین لە ڕووی کولتووریشەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان لێک نزیکین. بەرچاوترین شت کە لە پلەی یەکەمدا ئێمە لەوان جیا دەکاتەوە، زمانەکەیە. من بۆخۆم وا بیر دەکەمەوە ئەگەر کوردێک بەرانبەر بە تورکێک، بەرانبەر فارسێک، عەرەبێک و هەرکەسێکی دیکە کە بە زمانی دیکە قسە دەکات بیهەوێت بیرلە جیاوازیی ناسنامەی خۆی و ئەوان بکاتەوە، بیری بۆ لای جلوبەرگ و ڕوخسار و ڕواڵەت و شوێنی ژیان و کولتووری ماددی ناچێت، بەڵکوو بیر لە ئەدەبیاتی خۆی، لە شێعر لە چیرۆک، ڕۆمان، بەیت و گۆرانی و لالایی و پەند و ئەفسانەی خۆی و... دەکاتەوە کە ئەوانە زۆربەیان لە زمانەکەیدا کە زمانی کوردییە، ڕەنگدانەوەیان هەیە. کە وایە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زمانی کوردی توانیویەتی ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامەی کورد و، تاکی کورد بەر لە هەرشتێکی دیکە بەهۆی زمانەکەی خۆی لە دەوروبەرەکەی جیا دەکاتەوە و هەست دەکات ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

**چۆن ڕووبەڕووی زمانی نەتەوەی سەردەست بینەوە؟**

زۆر گرنگە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بە خۆیانەوە لکاندوە، بەرامبەر بە زمانی سەردەست دەبێت هەستیاریی تایبەتمان هەبێت، پێویستە لە ئاست کاریگەریی نەرێنیی ئەو زمانانە لەسەر زمانی کوردی هەستیار بین، بەو هۆیەوە کە سیستەمی پەروەردە، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، دام و دەزگای بەڕێوەبەری، چاپەمەنی، سیستەمی دادوەری، بانکی و دراو، سینەما، و چەندان بواری دیکە لەو وڵاتانە بە زۆری لە پاوانی زمانی سەردەستدان؛ هەروەها لە ئیدارەکان، لە سەربازخانەکان، لە بەندیخانەکان و زۆربەی ناوەندە ڕەسمییەکان، زمانی سەردەست برەوی هەیە و بێ ڕکابەرە، ئەو زمانە بە هاسانی کاریگەری لە سەر زمانی بندەست دادەنێت. بۆ کەمکردنەوەی ئەم کاریگەرییە

و بەرهەڵستبوونەوەی، پێویستە نەتەوەی بندەست، ڕێوشوێن و هەنگاوی جۆراوجۆر بگرێتەبەر، وەک بەکارهێنانی زمانەکەی لە پەروەردەی نارەسمیدا، هاندان و پشتگیریی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بەو زمانە، گرنگیدان بە نووسین و وەرگێڕانی کتێب و بەرێخستنی گۆڤار و ڕۆژنامە و میدیای ئەلکترۆنی بە زمانی بندەست، قسەکردن بە زمانی دایک لە نێو بنەماڵە و لە شوێنی کار و لە شوێنی گشتیدا، بایەخدان بە نووسینەوەی ڕێزمان و کۆکردنەوەی فەرهەنگی وشەی زارەکانی ئەو زمانە و... هتد.

لە درێژەی ئەم نووسینانەدا دێینەوە سەر ئاماژەیەک بەو هەوڵانە کە ساڵانێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانە و پاراستنی زمانی کوردی بەڕێوە دەچن.

بەڵام هەستیاربوون لە ئاست کاریگەریی نەرێنیی زمانی سەردەست نابێ وا لێک بدرێتەوە کە تاکی کورد خۆی فێری زمانی سەردەست نەکات، بۆ کوردێک کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو زمانانە دەژیت، بۆ نموونە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە زمانی فارسی بزانێت و باشیشی بزانێت، لە باکووری کوردستان زمانی تورکی بزانێت و باشیشی بزانێت، هەروەها لەو وڵاتانەش کە کورد لەگەڵ عەرەب دەژیت و عەرەب نەتەوەی سەردەستە، پێویستە بە چەند هۆکار ئەو زمانە فێر بین و بیزانین. ئێمەی کورد تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکەدا دەژین یانی کوردستان، بوونێکی سەربەخۆی نییە و کورد ناچارە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە یەک وڵاتدا بژیت، پێویستمان بە فێربوون و زانینی ئەو زمانانە هەیە. بۆ وێنە نوێنەری کورد لە پاڕلەمانی ئەو وڵاتانە دەبێ بە زمانی فەرمیی ئەوان شەڕ بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی بکات. لە زانکۆکان، لە کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کانی ئەو وڵاتەدا پێویستە بەو زمانانە ئامانجەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە، ناراستییەکان بەرپەرچ بدەینەوە، بوونی خۆمان و مافەکانی خۆمان و ویستەکانی خۆمان بسەلمێنین. ئەگەر ئەو زمانانە نەزانین، دەنگمان بە بەردەنگەکانمان لە نێو ئەو وڵاتانەدا ناگاتکە ئەوە لە زیانی پرسی نەتەوەیی خۆمانە. بۆیە پێویستمان بە فێربوون و زانینی ئەو زمانانە هەیە و دەبێت بتوانین بە هۆیانەوە شەڕی خۆمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین.

### بایەخی پێگەی ڕەسمیی زمان

پێگەی زمان بۆ خۆی چەمکێکی گرینگە و ئاماژەیە بەو پێگەیە کە زمانێک لە وڵاتێک

هەیەتی. جۆری پێگەیەک کە زمانێک لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا هەیەتی دەتوانێت کاریگەریی زۆری لەسەر پێشکەوتن یان لاوازبوونی هەبێت. ئەگەر زمانێک پێگەیەکی ڕەسمی، قانوونی و پێگەیەکی ئایینیی هەبێت، ئەمانە بۆ پێشکەوتنی یارمەتیدەری دەبن. بۆ نموونە زمانی فارسی کە لە ئێران زمانی ڕەسمییە، پێگەیەکی قانوونی و تاقانەی هەیە و کراوە بە تاکە زمانێک کە لە ئێراندا لە بواری پەروەردەدا، لە ڕووی ئیدارییەوە، لە دادگا و پارلمان و دەولەت و لە گشت بوارە ڕەسمییەکاندا، کاری پێدەکرێت و بێ ڕکابەرە. ئەم پێگەیە کۆمەڵێک ئاسانکاریی بۆ دابین کردووە. دەوڵەت و دەسەڵات ئەرکدار کراون و لەسەریانە بە شێوەی جۆراوجۆر لە خزمەتیدا بن، بەڵام زمانێک کە لە پێگەیەکی ئەوتۆ بێبەشە بە دڵنیاییەوە تووشی زۆر کێشە دەبێت.

دەتوانین پێگەی زمانی کوردی لە عێراق لە سەدەی ڕابردوودا بە نموونە بێنینەوە. لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی عێراقدا بە تایبەتی لەدوای هاتنە سەر کاری بەعسییەکانەوە هەتا کاتی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بەردەوام لەگەڵ کورد لە شەڕدا بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە و سەرەڕای هەبوونی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرە و ئەو هەموو وێرانکارییەش؛ چونکە زمانی کوردی لە عێراق پێگەیەکی ڕەسمیی هەبوو و مافی ئەوەی پێدرابوو کە پێی بخوێندرێت و وەکو زمانێک دانی پێدانرابوو، ئەو زمانە نەک هەر لاواز نەبوو، بەڵکوو توانی بەرەو پێشیش بچێت. چونکە منداڵێک کە دەچووە قوتابخانە، لە ڕۆژی یەکەمەوە بەو زمانە پەروەردە دەبوو و هەتا دوایین ساڵانی خوێندن ئەو زمانەی هەر لەگەڵدا بوو. ئەوە بۆخۆی خۆشەویستییەکی بۆ زمانەکە لای فێرخوازەکە دروست دەکرد و وای دەکرد ئەو زمانە لە ڕێگای پەروەردەوە بڵاوبێتەوە و پەرە بستێنێت. جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە خوێندنگە دەیانخوێند لەگەڵ زمانەکە بەردەوام سەروکاریان هەبوو، زمانەکەش ناچار بوو پێداویستییەکانی خۆی لەباری زانستی و پەروەردەییەوە دابین بکات، بۆ نموونە بۆ بوارەکانی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرناسی، جۆگرافیا و بۆ زۆرێک لە زانستەکانی دیکە پێویستی بە زاراوە و بە وشەی نوێ هەبوو و ئەمانەشی دابین کردبوو، چونکە کاری پێیان بوو و پێویستیی پێیان هەبوو. ئەوەی کە زمانی کوردی لە چاو هەموو بەشەکانی کوردستان لەو بەشە، باش مایەوە و توانی بەرەو پێش بچێت، بە جۆرێک کە تا ئێستاش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ زۆر لەو چەمک و زاراوانە قەرزداری زمانی کوردی لەو بەشەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و لە عێراق بوویەتی.

زمانی کوردی لە ڕۆژئـاوای کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتداربوونی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا نەک هەر مەجالی گەشەکردنی پێنەدەدرا، بەڵکوو هەوڵی سڕینەوەی دەدرا و کورد لـەوێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و زمانی بێبەش بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە ببێتە زمانی خوێندن و بێتە نێو زانکۆ و ببێتە زمانی بەڕێوەبەری؛ ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورە بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان بوو. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێک نەتەوەی کورد دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە و دەرەتانی خۆبەڕێوەبردنی هەبووە، نەک هەر هەوڵی داوە مافە زمانییەکانی خۆی دابین و ڕایی بکات، بەڵکوو مافە زمانی و کولتوورییەکانی ئەو کەمە نەتەوانەشی دابین کردووە کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کورددا بوون. ئێمە نموونەی کۆماری کوردستانمان هەیە، نموونەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە و لە ڕۆژئاواش هەر بەو شێوەیە، ئەمەش یەکێک لە خاڵە گەشەکانی سیاسەتی کوردی بەرانبەر بە زمانی کەمە نەتەوەکان بووە.

بەداخەوە زمانی کوردی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیەکی فەرمی و قانوونیی نییە، ڕێگای ئەوەی لێ گیراوە کە کاری پەروەردەی پێ بکرێت، پێی بخوێندرێت و زمانی بەڕێوەبەری بێت. ئەمە بۆ خۆی زیانی زۆری بە زمانەکە گەیاندوە و بووەتە هۆی لاوازبوونی. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا بە هەڵسەنگاندنی خۆم زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر زیانی پێ گەیشتوە، هۆکارەکەش ئەوە بووە کە خەباتێکی نەتەوەیی دووردرێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە. هەرلە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دواتر دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هەمیشە پرسی زمان لە پێشەوەی پرسەکانی دیکە بووە، یا پرسێکی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردی بووە و ئەمە وای کردوە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لەسەر گرنگیی فێربوون و پاراستنی زمان، پێداگری بکات و جۆرێک هۆشیاریی زمانیی لەنێو نەتەوەکەیدا پەرە پێداوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە جۆرێک هەستیاری لە ئاست زمانی کوردی بە تایبەتی لای نووسەران، شاعیران، زمانەوانان، مامۆستایانی ئایینی و ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ زمان و ئەدەب هەیە، هەبووە و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە پارێزەری زمانەکەیان بن و بەشێوەی جۆراوجۆر بیپارێزن، بە تایبەتیش کە هەستیان کردووە دەسەڵات دەیهەوێ ئەو زمانە پەراوێز بخات و سەرکوتی بکات. ئەمە هاندەر بووە کە زمانەکەیان باشتر

بپارێزن وخەمی لێ بخۆن. لە باکووری کوردستان ئێستاش بە داخەوە بە ملیۆنان کورد هەن کە ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن. ڕەنگە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە سەدەی پێشوودا و لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەندی بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرینگیی بە ویست و داخوازیی چەپ داوە، ئەوەندەی گرنگیی بە زمانی کوردی و بە داخوازی نەتەوەیی نەداوە و ئەمەش بە نۆرەی خۆی وشیاریی زمانیی کەم کردۆتەوە. هەڵبەت ناکرێ حاشا لەوەش بکەین کە سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی لە تورکیە لە چاو ئێران، زۆر توندتر بووە.

## زمانی کوردی هەڵگری یادەوەریی بەکۆمەڵ

بەو هۆیەوە کە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان دەرەتانی نووسین و خزمەتکردنی پێنەدراوە، بەشێکی زۆر لە سامانی زمانی و ئەدەبی زارەکیمان، تەنانەت ئەدەبی نووسراومان فەوتاوە، بەڵام هاوکات هەمیشە لەنێو کۆمەڵی کوردستان، لەنێو نەتەوەی کورددا کەسانێک هەبوون بەهۆی دڵسۆزییان بۆ زمانەکەیان، بەهەر زەحمەتێک بووە توانیویانە بەشێک لە دەستنووسەکان، لە دیوانی شاعیران، لە پەند و فۆلکلۆر و بەیت و چیرۆک و ئەو سامانە زمانییەی هەمانبووە بپارێزن، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان، زمانی کوردی توانیویەتی هەڵگر و گوێزەرەوەی یادوەریی بەکۆمەڵی کورد بێت. لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراو و چەند پارچە بووە، زار و شێوەزاری جیاواز هەبووە و خەڵکی کوردستان لە وڵات و هەرێم و ناوچەی جیاوازدا ژیاون و بە هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی، پێوەندییەکی زۆر کەم و سنوورداریان لەگەڵ یەکتر هەبووە، هەروەها سیستمێکی وەکو پەروەردە بە زمانی کوردی یا ڕاگەیاندنێکی سەرانسەریی کوردی نەبووە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا زمانی کوردی توانیویەتی پردی پێوەندی و کۆکەرەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێت. من حەز دەکەم ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە تەمەنی خۆمدا بکەم. لەبیرمە وەختی خۆی کە لە ڕادیۆ یان لە کاسێتێک دەنگی کاوەیساغا بڵاو دەبۆوە کە بۆ خۆی خەڵکی بەشێکی دیکەی کوردستان بوو، بەڵام لە موکریان کەسێک کە گوێی لە دەنگی کاوەیساغا دەبوو، بە دەوروبەرەکەی گوتووە بێدەنگ بن با گوێمان لێ بێت، با بزانین چۆن باسی شێخ مەحموود دەکات؟ چەندان ساڵ بەر لەوەی ئێمەمانان لە دایک بین کاویس‌ئاغا لە لاوکێکدا

باسی شێخ مەحموود و حکوومەتدارییەکەی و شەڕەکانی و قارەمانەتییەکانی کردووە؛ لەسەردەمی ژیانی ئێمەدا، خەڵک پێی خۆش بوو لە ڕێگای لاوکێکی کاویساغاوە ئەم داستانە ببیستنەوە. تەنانەت دایکی خۆمم لەبیرە هەر وەخت گوێی لە دەنگی عەیشا شان یان دەنگی مێرەم خان دەبوو کە گۆرانییەکانیان لە ڕادیۆ - بە تایبەتی ڕادیۆ بەغدا- بڵاو دەبوونەوە، دیسان ئێمەی ئەو کات منداڵی بێدەنگ دەکرد بۆ ئەوەی بە باشی گوێیان لێبگرێت، چونکە ئەو خەم و ئەو مەینەتییانەی لە گۆرانییەکانی ئەواندا هەبوو، بۆ نموونە باسی هەوێداری، باسی بە زۆر بە شوودانی کچ، یەخسیری و بندەستیی کورد بە دەست تورک ؛ کارەساتەکانی سەردەمی ئەوانی بە ئاوێنەی خەمەکانی ئێستای خۆی و ژنانی وەک خۆی دەزانی.

زمانی کوردی ئەو ڕۆڵەی لە بواری جۆراوجۆردا هەیە، بۆ نموونە بەیتی خەج و سیامەند لەگەڵ ئەوەی زێد و ژێنگەی سەرهەلدانی ئەو بەیتە باکووری کوردستانە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش بە زارێکی دیکەی زمانی کوردی سەری وەدەرناوە، گوێگری هەبووە و خەڵکێکی دیکە هەوڵی داوە پەرەی پێ بدا و حەماسە و قارەمانەتی و داستانی ئەویندارەتیی نەوەکانی پێش خۆی لەوێدا ببینێتەوە و ببیسێتەوە. دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە حاڵەتە بە هۆکاری جۆراوجۆر تا واوەتر هاتووین، زیاتر بووە. چاپکراوی کوردی، رادیۆی کوردی و دروستبوونی تێکەڵاوی، ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و نووسراومان، گۆرانی و لاوک و بەیت و چیرۆک و پەندی پێشینیانمان، سنوورە دەسکردەکاتن ببەزێنن، لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە زار و شێوەزاری ناوچەیەکی دیاریکراو بەرهەم هاتوون، بەڵام لە پارچەیەکی دیکە، لە ناوچەیەک بە زار و شێوەزارێکی دیکە پێشوازییان لێ کراوە، چونکە لەنێو گوێگر و خوێنەری کورددا ئەو هەستە هەبووە کە ئەمە هەمان بەسەرهات و ڕابـردووی خۆیان و پێشینیانی خۆیانە کە بە زار و شێوەزارێکی دیکەی زمانەکەیان گوییان لێدەبێت یان دەیخوێننەوە.

دیارە لەم چەند دەیەی دواییدا زمانی کوردی زۆر زیاتر لە ڕابردوو توانیویەتی بێتە هەڵگری ئەو یادەوەرییە بەکۆمەڵانە، چونکە بە خۆشییەوە هەلومەرجێکی نوێ خولقاوە، ئەو دیوارانەی جاران داگیرکەران لە بەینی بەشەکانی کوردستان دروستیان کردبوو و، ئەو سانسۆرە توندەی ئەوان بەسەر خەڵکدا زاڵیان کردبوو، ئەو بەربەستانەی لە دژی زمانی کوردی پێکیان هێنابوو، ئەمانە بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بە هۆکاری

بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوایەتیی تاکەکان و بە هۆکاری جۆراوجۆری دیکە خاوتر بوونەوە. ئەمە وایکردوە ئێستا تاکەکانی کورد پێوەندییان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێت، باشتر لە زار و شێوەزارەکانی یەکتر تێبگەن و، گرنگیی زیاتر بە ئەدەبی کوردی و بە هونەری کوردی و بە زمانی کوردی بدەن، نووسین بە زمانی کوردی بە شێوەیەکی بەرفرەوان پەرە بگرێت. ئەمە وایکردوە کە ئێستا هەر شتێک کە بڵاو دەبێتەوە هەر بەرهەمێکی هونەری، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، گوێگر و خوێنەر و بیسەری کورد بەشێک لە خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی تێدا بدۆزێتەوە. لەسەر یەک دەتوانم بڵێم یەکێک لەو ئەرکانەی زمانی کوردی لە ئەستۆی گرتووە، ئەوەیە کە هەڵگری خەم و خولیا و ئاوات و خەونی تاکی کورد بێت. بۆیە ئاخێوەری کورد لەهەر جێگەیەک بێت و بە هەر زارێک بدوێت، زمانی کوردی بە هی خۆی دەزانێت؛ تێدەگات کە ئەوە بەشێکە لە جیهانی ئەو، ئاوێنەیەکە کە گۆشەیەک لە مەینەت و شادی و خۆشی و قارەمانەتی و مێژوویی نەتەوەکەی پێشان دەدات. کە وایە بۆم هەیە بڵێم ئەو زمانە توانیویەتی ئەو ڕۆڵە ببینێت و تا دێت لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتووتر دەبێت.

## ناسنامەی نەتەوەیی و سەردەمی ئێستا

تێگەیشتن لە ناسنامە و پێناسەی ناسنامە بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت. تێگەیشتنی تاکێکی کورد لە ناسنامەی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو قووڵتر و گشتگیرتر بووەتەوە، بەو مانایە کە تاکێکی ئەمڕۆی کورد کە ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزە، ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە ناسنامەیەکی فرەچەشن دەزانێت، واتە لەگەڵ جۆرێک پێناسە کردنی ناسنامەی نەتەوەییدایە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی. بۆ نموونە لە ڕووی ئایینییەوە، ئێمە لە کوردستان موسوڵمان و ناموسڵمانمان هەیە، لەنێو بەشە موسوڵمانەکەدا شیعەمان هەیە و سوننیمان هەیە. هەروەها پەیڕەوانی ئایینی دیکە وەک یارسان و ئێزەدی و ...هتدمان هەن، بێدینیشمان هەن. لە ڕووی زار و شێوەزارەوە کوردیی باکووری (کورمانجی)، کوردیی ناوەندی (سۆرانی)، کوردیی باشووری (کەلهوڕی، لەکی)و گۆرانی- زازایی (هەورامی، زازاکی) مان هەیە. تەنانەت ئەوانەشمان هەن کە زمانەکەیان کوردی نییە، بەڵام کوردستانین. لە پێناسەی ئەمڕۆی ناسنامەی نەتەوەیی تاکی کورددا هەمووی ئەوانە دەبێ جێگەیان بێتەوە. بۆیە تێگەیشتنی ئێمە لە ناسنامە لە جیهان و سەردەمی ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

کاتێک کە باسی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ناسنامە دەکەین دەبێت ئەم فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەی نەتەوەکەمان و خەڵکی کوردستانمان لەبەرچاو بێت، ددانیان پێدابنێین، بە ڕەسمی بیانناسین و بەر بە سڕینەوەیان بگرین. ئەم جۆرە تێگەیشتن لە ناسنامەی نەتەوەیی هاندەرمان دەبێت کە منێکی کورد هەر تەنیا بە زانینی یەک زاری زمانی کوردی ڕازی نەبم و هەوڵ بدەم زارەکانی دیکەی کوردییش فێر ببم. نابێت هەر یەک جۆر ئەلفوبێی کوردی بزانم بەڵکو دەبێت هەوڵ بدەم لانی کەم دوو ئەلفوبێی سەرەکی کە زمانی کوردیی پێدەنووسرێت و دوو شێوە نووسینی کوردی بزانم. دەبێت پاراستنی هەموو ئەو زار و شێوەزارانە بە ئەرک بزانم و هاندەری ئەوە بم کە هەمووانیان بپارێزرێن و وشەکانیان کۆ بکرێتەوە، توێژینەوەی زانستی لە بارەی هەموو شێوەزارەکان بکرێت. ئەمە بۆ خۆی بەشێکە لە شێوازەکان یا ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەو ناسنامەیە.

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا زمانەکان و ناسنامەکان تووشی قەیران دەبن و پێویستە هەوڵ بدەین ناسنامە و زمانی خۆمان لەم قەیرانانە دەرباز کەین و بیانپارێزین. کاتێک باس لە پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی دەکەین، دەبێت لەبیرمان بێت کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا لە ڕاستیدا نەک تەنیا لە یەک بواردا بەڵکوو لە هەموو بوارەکاندا ئەوانەی بەهێزن دەمێننەوە، واتە لە بواری ئابووری، لە بواری پیشەسازی، لە بواری زانستی، لە بواری بازرگانی و لە بواری کولتوورییشدا ئەوانەی بەهێزن و دەستیان ئاوەڵاترە بۆ پاراستنی خۆیان، واتە دەسەڵاتی بەهێز و ئابووریی بەهێزیان لەپشتە، باشتر دەمێننەوە. باشە ئەدی نەتەوەیەک کە بێدەوڵەتە، زمانێک کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و لە پەروەردە و دام و دەزگای بەڕێوەبەری و یاسایی و لە زانکۆ و...هتددا ڕێگای پێنادرێت، لە دۆخێکی ئاوادا زمانێک چۆن دەتوانێت بمێنێتەوە؟ ئەمە وا دەکات ئەرکی ئێمە قورستر بێت. ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، دەتوانن ڕێگا و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ پاراستنی زمانەکەیان بگرنەبەر، بەڵام ئەدی ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نییە چ بکات؟ بۆیە ئێمە وەک نەتەوەی کورد زۆر پێویستە بە جیددی خەم لە پاراستنی ناسنامە و زمانی خۆمان بخۆین. دەبێت هێندێک کاری بنەڕەتی بکەینو هەنگاوی بەوەخت هەڵبگرین. یەک لەوان ئەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات بکەین کە زمانی کوردی بێتە زمانی ڕەسمی، واتە ئەو زمانە بە فەرمی بناسرێت و پاشان ببتە زمانی پەروەردە. چونکە ئەگەر بوو بە زمانی پەروەردە، ئەوە باشترین دەستەبەرە بۆ مانەوەی زمانەکە و بۆ گەشەکردنی و بۆ پێشکەوتنی. زمانێک ئەگەر ببێت بە زمانی پەروەردە،

بە شێوەی ئاسۆیی و بە شێوەی ئەستوونی ئەو زمانە پەرە دەگرێت و پێش دەکەوێت. بە شێوەی ئاسۆیی مەبەستم ئەوەیە کە لە هەموو شار و ناوچە و گوندێکی کوردستان پێی دەخوێندرێت و لە هەموو شوێنێک کار بەو زمانە دەکرێت. لە رووبەرێک بە پانایی کوردستان کاری فێربوون و فێرکردنی پێدەکرێت، هەر منداڵێک دەنێردرێتە قوتابخانە، لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆی ئاشنا دەبێت. فێردەبێت قسەی پێ بکا، پێی بخوێنێتەوە و پێی بنووسێت. مەبەستم لە بڵاوبوونەوەی زمان بە شێوەی ئەستوونییش ئەوەیە کە لەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی پەروەردەدا لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، کاری پێدەکرێت. ئەمە وا دەکات کە هەموو تاکێکی کورد بۆ چەندین ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ ئەو زمانە بژین و کاری پێ بکەن و پەرەی پێ بدەن، زمانەکەش ئەرکدار دەکرێت کە پێویستییەکانی ئەو بوارە پڕ بکاتەوە و ببێتە زمانی زانست و لای خەڵک ڕێز و پێگەیەکی بەرزی هەبێت.

## پاراستنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

جێی خۆیەتی بەو پەڕی شانازی و پێزانین و خۆشحاڵییەوە باسی هۆشیاریی زمانی و خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و بەتایبەتی زمانەکەیان بکەین. چەند ساڵ لەوە پێش کتێبێکم چاپ کرد کە پێوەندیی بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو. ناوێک کە بۆ ئەو کتێبە هەڵم بژاردبوو، تەعبیرێک بوو کە بۆ خۆم بۆ خەباتی ناسنامەپاریز و ناسنامەخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دێنم: «شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان»! لەم باوەڕەدام کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ئێمە لە سەنگەری زماندا شەڕی داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. ئەوان لە سەنگەری پاراستنی زمان و خزمەتی زمانی کوردیدا، دژی ئەو هێرش و پیلانە جۆراوجۆرانە وەستاونەوە کە سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی و میدیا و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت نەتەوەی ئێران بۆ سڕینەوە و ستاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئێمە لەمێژ ساڵە وەڕێیان خستووە.

ئەو تێکۆشانە بەرینەی کە هەتا ئێستا بە ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی هەیە، پێویستە بەردەوام بێت و بەرینتر و بەهێزتر بکرێت. ئەمە بۆخۆی دەتوانێت باشترین داکۆکی لە زمانی کوردی بێت، چونکە ئەوەی ئێمە دەیبینین کارکردنێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە زمانی کوردییە. ڕەنگە هێندێک کەس پێیان سەیر بێت کە بڵێین زمانی کوردی ئێستا دووهەم زمانی نووسین لە ئێرانە، دوای

زمانی فارسی کە دەوڵەت نەتەوەیەک بەو هەموو دام و دەزگا کولتووری و بەو هەمووە سەرچاوە ماڵییە لە پشتییەتی، زمانی کوردی زۆرترین شتی پێدەنووسرێت، کتێب و گۆڤاری پێ بڵاو دەبێتەوە، زمانی پێگە ئەلکترۆنییەکانە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە فراوانی و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەکار دەهێنرێت، کاری ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگنووسیی پێدەکرێت. لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ شارێک و هیچ ناوچەیەک نییە هەتا ئێستا فێرگەی فێربوونی زمانی کوردیی لێ پێک نەهاتبێت و هەموو ئەو هەوڵانەش خۆبەخشانە دەکرێن.

هێندێک ناو هەن کە ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بواری خزمەتی زمانی کوردین و لە دەلاقەی چیرۆکی ژیانی ئەوانەوە دەتوانین گەورەیی ئەو بزووتنەوە ناسنامەپارێزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوێنینەوە، بۆ نموونە: زارا محەممەدی، سروە پوورمحەممەدی. ئەو ناوانە لەو مامۆستا خۆبەخشانەن کە ئامادە بوون بە شانازییەوە بچنە زیندان بەڵام پشت لەو ئەرکە پیرۆزە نەکەن، کە لەپێناوی خزمەتی زمانی کوردی و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا خستوویانەتە سەر شانیان. ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەم یەک دوو دەیەی دوایی لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە، ئەمە هەر خۆی بە تەنیا بزووتنەوەیەکی گشتگیر لەپێناوی پاراستنی زمانی کوردی و فێربوون و پەرەپێدانیەتی.

لە کارە باشەکانی دیکە کە ناتوانم باسیان نەکەم، ئاماژە بە گوڵبژێرێک لەو کارە زانستییانەن کە کراون. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەند فەرهەنگی گەورەی کوردی چاپ بوون. مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان چەند فەرنگی چاپ کردووە کە لە هەموانیان بەناوبانگتر و گەورەتر فەرهەنگی «کوردیکا»یە. کاک سەلاح پایانیانی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»ی بەرهەم هێناوە. خاتوو سەحەری مۆعیزی فەرهەنگی ڕەنگی «پازار»ی چاپ کردوە. هەر یەک لەو فەرهەنگانە چەندین بەرگن. جگە لە چاپی فەرهەنگەکان، هەندێک لە خوێندکاران، خوێندنی بەرزیان لە ئاستی ماستەر و لە ئاستی دکتۆرادا بە زمانی کوردی بووە، یان توێژینەوە و بابەتی تێزەکەیان زمانی کوردی بووە. ئەم هەوڵانە زۆر بە نرخن و جێگەی ڕێزن. ئەو کۆنفرانس و کۆڕ و فێستیواڵە ئەدەبی و هونەری و زانستییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێن کە تێیاندا ڕێز لە توێژەران، هونەرمەندان، ئەدیبان و نووسەران دەگرن، ئەمانە کاری باشن و مایەی دڵگەرمین.

ئەو هەوڵانەی لاوە تێگەیشتوو و بە هەڵوێستەکانمان بۆ گۆڕین و بۆ گەڕاندنەوەی ناوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیدەن، وەک ناوی چیا و کوێستانەکان،

تەپۆڵکەکان، پردەکان، ڕێگا و بانەکان، گەڕەکەکان، ئەمە کارێکی زۆر باشە. ئەگەر لە عێراق و سووریەی پێشوو سیاسەتی تەعریب لە دژی کورد هەبوو، لە ئێرانیش لە قۆناغ و سەردەمەکانی پێشوودا سیاسەتی تەفریس(بە فارسیکردن) و تەتریک (بە تورکیکردن)ی ناوەکان جێبەجێ کراوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوانە و برەودان و زیندووکردنەوەی ناوە ڕەسەنە کوردییەکانیان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ لادانی ژەنگ و ژاری برەوپێدراو لە لایەن دەولەتە دژە کوردەکانی وڵاتی ئێران و دامەزراوە ئیدارییەکانیان لەسەر ناوە کوردییەکان. تەنانەت ئەگەر ڕێگە بە سڕینەوە و لابردنی ناوە ساختە و داسەپاوەکانیش لەسەر تابلۆکان نەدرێت، با ناوە کوردییەکە لە تەنیشت ئەو ناوانە هەبێت و وەبیر خەڵکیان بێننەوە.

ئەوە کە هەوڵ دەدرێت لە ماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ئیدارە بە کوردی قسە بکرێت، مامۆستا بۆ خوێندکار و قوتابییەکانی بە کوردی دەرسەکان شی دەکاتەوە، کارێکی زۆر باشە. جگە لەوەی بۆ باشتر تێگەیاندنی بەردەنگەکان سوودوەرگرتن لە زمانی دایک ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، لەلایەکی دیکەش بە ڕەسمی نەناسینی ئەو سیاسەتی تاکزمانییەیە کە لە ئێران بە سەر هەموو نەتەوە نافارسەکان و بە تایبەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین هەندێک لە لاوانی هۆگر و ئەوینداری زمانی کوردی هاتوون کاری ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانی دەکەن. ڕەخنە لە شێوە ئاخاوتنی ئەمڕۆی تاکەکان دەگرن کە زۆر لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە. خەڵکێک لەژێر کاریگەریی هەژموونی زمانی فارسیدا جۆرێک قسە دەکەن کە لە ڕاستیدا زۆر بە زمانی کوردی نامۆیە و پڕە لە وشەی فارسی. جاری وایە تەنیا کرداری ڕستەکە کوردییە، ئەگینا ئەوی دیکەی هەمووی فارسییە. ئەو لاوە دڵسۆزانە ئەم هەڵانە ڕاست دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک فێربن شێوە ئاخاوتنەکەیان بە زمانی کوردی خاوێنتر و کوردیتر بێت. ئەمانە هەڵبژاردەیەک لە کارە باشەکان بوون کە ئاماژەم پێکردن.

## گرنگترین ئەرکەکان لە پێوەندی لە گەڵ زمانی کوردیدا

بۆ ئەوەی بتوانین ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان و زمانەکەمان بپارێزین، چ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە نێو تێکۆشەران و چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵات و لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هێندێک ئەرکمان دەکەوێتە سەر شان. یەکەم ئەرک بەردەوامبوونە لەسەر ئەو هەوڵانەی ئاماژەیان پێکرا، بەڵام بەردەوامبوونێک کە هاوکات لێک نیزیکبوونەوە و یەکگرتووتر بوونی بەدوادا بێت، خۆڕێکخستن و

کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆنفدراسیۆنێک یان ناوەندێکی لێ بکەوێتەوە بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانە لە ئامانجەکانیاندا لێک نیزیک ببنەوە و ئاراستەکانیان یەک بێت، هەر لەو کاتەشدا ئەزموونەکان بە یەکەوە ئاڵوگۆڕ بکرێن، تواناکان بۆ هاوپشتیی یەکتر بەکار بهێنرێن، ئەمە یەکێک لە ئەرکەکانە.ئەرکی دووهەم ئەوەیە کە داوای پەروەردە بە زمانی کوردی و ویستی بەڕەسمیناسینی زمانی کوردی بێتە ڕیزی سەرەوەی لیستی داواکارییەکانی خەباتکارانی کورد و تێکۆشەرانی بواری خەباتی مەدەنی. بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێت ئەو ویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێندرێت کە پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێت بە زمانی کوردی.

سێهەم ئەرکیش کە تا ئێستا بە داخەوە زۆری قسە لەسەر نەکراوە و پێویستە بە شێوەیەکی جیددی بخرێتە بەر سەرنجی بژاردە و دەستڕۆیشتووەکانی کورد، گرنگیدان بە دیجیتالیزە کردنی زمانی کوردی وسوود لێوەرگرتنی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەنترنێت و ژیریی دەسکرددایە. دەزانین لەنێو ئەو زانا و توێژەرە لاوانەی خەریکی خزمەتی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردین، ئینسانی ئاوا هەن کە پرۆژەی باشیان لە بواری کاری زانستی بۆ پێشخستنی زمانی کوردیی هەیە، بەڵام سەرچاوەی دارایی وپشتیوانیی ماڵی شک نابەن. لێرەدایە کە دەبێت ڕوو بکەینە خاوەن سامان و سەرمایەدارە کوردەکان کە توانایی دارایی باشیان هەیە و دەتوانن لەو بوارەدا سەرمایەکەیان بخەنەگەر. بۆ ئەمڕۆ ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بە پاراستن و پێشخستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیان. ئەمە نەک بە فیڕۆدانی سەرمایە نییە، بەڵکوو سەرمایە تەرخانکردن بۆ بنیاتنانی داهاتووی نەتەوەیە. ئەو پرۆژانە دەتوانن سوودی داراییشیان هەبێت و خێر و داهاتی باشیان بۆ خاوەن سەرمایەکە بەدواوە بێت.

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەگەر نەتوانین شان لەشانی ڕکابەرەکانمان بدەین، ئەگەر خۆمان بە زانست و دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیا تەیار نەکەین و نەتوانین بۆ زمانەکەمان و بۆ ناسنامەی نەتەوەییمان ئەو هەنگاوانە هەڵ بگرین کە سەردەمەکە لێمان دەخوازێت، دەکەوینە پەراوێز و لەژێر پێی بەهیزەکان و ناسنامە و زمانە سەردەستەکاندا، دەپلیشێیەوە. زۆر پێویستە لە باری دارایی و ماڵییەوە پشتیوانی ئەو زانایانە و ئەو توێژەرانەمان بین کە بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و ئاستی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستادا بەرنامە و پرۆژەیان هەیە.

***دکتورای زمانی کوردی، نووسەر و توێژەر**

# هەندێ وشە و زاراوەی بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێرێ

عەباس نادر

بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر، شێوەیەکە لە زاری سۆرانی و لقێکیشە لە شێوەزاری کرمانجی ژێری، کە دەڵێم دەشتەکییەکانی هەولێر، هەر لە گوندەکانی مەنتکایەتی و بناری دێدەوان و دەشتی کۆیە و دێتە زوورگەکانی کەسنەزان و دێتە چۆمی هەنارە و دەڕوا  بۆ ئەو دۆڵەی نێوان چیای تارین و پیرمەم و زوورگەکانی خانزاد و  دەڕوات بۆ بەستی بەستۆڕە و تا دەگاتە سنووری گوندەکانی زرارەتی و دێرێ و هەرشەم و دێتەوە ئیفراز و دەوزێ و دەوزێ دێتە خوارێ لە بۆ کەڵەکی یاسین ئاغا و دەڕوات لە بۆ گوێڕ و کوشاف تا دوورترین گوندی کوردنشینی قەراجێ لەبەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە و دەسووڕێتەوە بە لای گوندەکانی قەراجی ڕۆژئاوای زێی گچکە و دێتەوە ڕۆژئاوای دووبز و گوندەکانی کەندیناوە وەک شەعەل و شەنەغە و مەلحەوالی پەڕکانە و هەتا دێتەوە پردێ و دەڕواتەوە گوندەکانی چیای دێدەوان .

بە پێی ئەوەی خۆم بە بنەچە خەڵکی ئەو دەشتەم، ماوەیەکیشە خدووی خۆم داوەتە مێژوو و جوگرافیا و کەلتوور و فەرهەنگی زمانەوانی ئەو دەشتە پان و پۆڕەی هەولێر، بە( قەراج و کەندیناوە و شەمامک و موڵکییە و پشت ڕێ و مەنتکایەتی و دەشتی کۆیە و بەڕانەتی ) هەست دەکەم بنزارێکی زۆر دەوڵەمەندە لە وشەی کوردی جۆراو جۆری شێوەزارەکانی دیکە.

ئەو بنزارە وەک گوتمان زاری سۆرانییەو بەڵام دوو جیاکەرەوەی هەیە لەگەڵ شێوەزارە سۆرانییەکانی دیکەی وەک کەرکووکی و سلێمانی و پشدەری و باڵەکی و موکریانی و ئەردەلانی و....، ئەویش ئەوەیە لامی قەڵەو(ڵ) ناگۆترێت و دەیگۆڕن بە پیتی (ر) وەک گوڵ بە گور و قەڵەم بە قەرەم و دڵ بە در .... دەگۆڕێت. هەروەها زۆرێک لە خەڵکەکەی جێگۆڕکێ لەنێوان پیتی (ع)و(ح) دەکەن.

ئەو دەشتە پان و پۆڕە تا سەرەتای ساڵانی ١٧٠٠ وەک گوند و شار، ئاوەدانی زۆر نەبووە، تەنها پاوانی خێڵە کوردە کۆچەرە مەڕدارەکان بووە، وەک ڕەشماڵنشین لە پێش زستان هاتوون و زۆربەی بەهار مەڕوماڵاتیان لێ لەوەڕاندووە، کە کەش و هەوا گەرم بووە بەرە و کوێستان هەڵکشاون. دوای ساڵانی ١٧٠٠ی زایین حکومەتی ئەوکات، هانی نیشتەجێبوونی کۆچەرە کوردەکانی داوە، ئیدی ناوچەکە گوندی زۆری تێدا ئاوەدانکراوەتەوە.

ئەو دەشتە پان و فراوانە، زیاد لە ٣٠ هۆزی کوردی تێدا نیشتەجێبووە، وەک گەردی و بلباس و دزەیی و لەک و نانەکەلی و کەلهوڕ و هۆرمزیار و مەنتک و سوورچی و

خەیلانی و زراری و سیان و بندیان و مامەسیێنی و پاڵانی و فەقێ مەرکی و شێروانی و بامەند و کاڕەش و ئۆمەربل و سەیدی بەرزنجی و کوردە و هەمەوەند و شێخانی و سنجاوی و خۆشناو و بامەند و شێخ مەمووندی و زەنگەنە و ڕۆژبەیانی و شێخبزێنی و تاڵەبانی و بابان و میران و هەرکی و تاک تاکە بنەماڵەی هۆزەکانی دیکەو لەگەڵ هەندێ هۆزی عەرەب لەناحیەی گوێڕ و باقرت هەن.

زۆرێک لەو هۆزانە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەولێر هاتوونە لەو دەشتە نیشتەجێبوونە و شێوەزاری تایبەتی دیکەیان هەبووە و دوایی لە بۆتەی شێوەزاری سۆرانی و بنزاری دەشتەکییان تواینەوە، بۆ نموونە خێڵی گەردی و شێروانی لە بنەچە لە سنووری باکووری کوردستان هاتوون و شێوەزاریان کرمانجی ژووروو بووە، ئێستا شێوەزاری خۆیان لەبیرکردووە و لە بۆتەی ئەو بنزارە تواینەوە، هۆزی شێخان کە بەشێوەزاری کرمانجی ژووروو، لەناو کرمانجی ژوورووش وەک بنزاری ئێزیدی قسەیان کردووە. هەروەها خێڵی سوورچی و خەیلانی و بنزاری تایبەتی خۆیان هەبووە و دوایی هی خۆیان لە بیرکردووە، هەروەها هۆزی بلْباس و سیان و دزەیی کە لە پشدەر و موکریان و مەرگەوەڕ نزیک بوونە، ئێستا لەگوندەکانی دەشتی هەولێر دەژین و وەک دەشتەکییان قسە دەکەن، هۆزی کەلهوڕ و لەک و نانەکەلی و هۆرمزیار و زەنگەنە بەشێوەزاری کوردی خوارین وەک لەکی ڕۆژهەلات قسەیان کردووە، بەڵام کاتێ هاتوون لە دەشتی هەولێر نیشتەجێبوونە، شێوەزاری ڕاستەقینەی خۆیانیان لەبیرکردووە، پیرەکانی هۆزی لەک تا ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە لەنێوان خۆیان قسەیان دەکرد ئێیمە مانان تێیان نەدەگەیشتین. زۆربەی ئەو هۆزانە ئێستا بوونەتە دوو بەش بەشە سەرەکییەکەیان کە لە زێدی پێشانی خۆیان دەژین شێوەزاریان جودایە لەگەڵ ئەو بەشە هۆزانەی لە دەشتی هەولێر دەژین، بۆ نموونە شێوەزاری گەردی و شێروانیەکانی ناوچە دەشتەکییەکانی هەولێر تەواو جوداو گۆڕاوە لە شێوەزاری گەردییەکانی کوردستانی باکوور و شێروانییەکانی ناوچەی شێروان مەزن، شێوەزاری لەک و کەلهوڕی ناوچە دەشتەکیەکانی هەولێر زۆر جودا و گۆڕاوە بەراورد بە شێوەزاری لەک و کەلهوڕییەکانی کرماشان و ئیلامو لورستان.

گرنگ ئەو بنزارە دەشتەکییەی ئێستا لە قەراج و کەندێناوە و موڵکییە شەمامک و بەڕانەتی و پشت ڕێی واتە نێوان هەردوو زێی گەورەو گچکە هەر لە خوار چیای پیرمامەوە تا دوورترین گوندە کوردییەکان لە قەراج بنزارێک بەکاردێت، تێکەڵەی

چەند شێوەزاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست و خواروەوە، هەر بۆیە لات ئاسایی بێ کاتێک:

١- بەدەیان وشەی بنزاری کرمانجی سەروو و کەلهوڕی و لەکی ڕۆژهەڵاتی و موکریانی بەکاردێت. وەک نانی چێشتان (تێشت) کە شێوەزاری باکوور بەنانی بەیانی دەڵێن، لەلای دەشتەکییەکان بە کاتی بەیانی درەنگ دەڵێن (نانی چێشتانێم خوارد) وشەی خودێ لە جیاتی خودا یان خوا بەکاردەهات.

٢- بەدەیان پەندی پێشینان هەن هی شیوەزارەکانی دیکەن لە هەولێر بەکاردێت. وەک (ڕەفتی کەفتی)، (زەفت نابی)......

٣- لاوک کە زیاتر هی شیوەزاری کرمانجی سەرووە، لە دیوەخانەکانی دەشتی هەولێر زۆر دەگوترا و تا ئێستاش باوی ماوە.

هەموو ئەو وشە و زاراوانەی کە لە خوارەوە نووسیومە ماوەیەکە کۆمکردۆتەوە، زۆر بە کەمی لەدەو و زارانی ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێ، زۆرێکییان لە فەرهەنگی کۆنی کوردی هەن، هەندێک وشە تایبەتە بە دەشتەکییەکانی هەولێر، هەندێکیش لە زۆرێک ناوچەکان بەکاردێن. وەک:

**هەندێ زاراوەی کاتەکانی ڕۆژ لای دەشتەکییەکانی هەولێر**

- کاتی مارنووستنان: سێ سەعاتێک پاش ڕۆژئاوابوون، خەڵکی گوندەکان کاتی خۆی دوای نوێژی عیشایێ و هاتنەوەی شوان بە مێگەلەوە، داککردنی مەڕ و بەرخ، زوو دەنووستن، چونکە شتێکی وانەبوو خۆیان پێ بخافڵێنن، لە هەمان کاتدا بە ڕۆژ ماندووبوون و دەشبووایە سبەینەکەی لەگەڵ مەلا بانگدانێ هەڵبستن، پیاوان بۆ جۆتیاری و سەپانی، ژنان بۆ نانکردن و خواردن ئامادەکردن.

- شەو ڕاشکان: بەکاتی دوای ماڵ نووستنان دەگوترێ.
- نیوەشەو: دوای سەعات ١٢ی شوێ تا سەعات یەکی شەوێ
- سێبارێ نیوەشەوێ: ئەوکاتەی تاریکی شەو لە تارتریین کات دەبێ دوای سەعات یەکی شەو .
- مەلا بانگدانی سبەینێ: کاتی مەلای سبەینان بانگ دەدات، کە هێشتا تاریکی شەو ماوە.
- سپی و ڕۆژ: دوای مەلا بانگدانی سبەینێیە،تازە تاریکی شەو دەڕوات، ئاسمان بەرەو سپێتی دەچێ و قل قلە ئەستێرە لە ئاسمان دەمێنن.

سۆرای سبەینێ: کاتێ تازە ڕۆژ لە کەلێ هەڵدێ لەلای ڕۆژهەڵات و هێشتا بەتەواوی دەرنەکەوتووە، ڕەنگی دەوروپشتی ڕۆژێ سوورێکی ئاگری دەبێ.

- سەر لەسبیانێ: کاتێ ڕۆژ تەواو هەڵاتییە و خەڵک دەکەونە جموجۆڵ.
- گەردی بەیانی: بەیانی زوو کە تازە ڕۆژهەڵاتبێ
- سبەینێ سەحەری:بەیانی زوو
- چێشتان: لەنێوان سەعات ٩- ١٠ ی بەیانی، پێشتر ئەوانەی لەماڵ دەمانەوە دەوری سەعات ٧- ٨ نانی سبەینانیان دەخوارد، بەوڵام شوان و ئەواتەی نانییان بۆ سەپانان دەبرد تا لە دەرەوەی گوندی دەهاتنەوە درەنگییان بەسەردەهات، لە دەوری سەعات ٩- ١٠ نانییان دەخوارد بەو کاتەیان دەگوت چێشتان.
- نیوڕان: نیوەڕۆ دوای مەلا بانگدانی نیوەڕۆ نوێژکردن، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆبووە.
- قرچەی نیوڕانێ: لەئان و ساتی (گەرمەی)نیوەڕۆ
- عەسر: کاتی مەلابانگدان و نوێژی عەسر
- سۆرای هێوارێ: کاتێ رۆژ هەندێکی ئاوادەبێ و کەمێکی دەمێنێ.
- هێوارێ: ئێوارە: کاتی مەلابانگدانی ئێوارە و دوا نانخواردن.

**چەند زاراوەیەک پەیوەست بە باران و پەڵە،لای دەشتەکییەکان**

باران دیاردەیەکی سروشتییە لەئەنجامی بەهەڵمێن بوونی ئاوی دەریا و کیشوەرەکان بۆ بەرگە هەوای ئاسمان و دوایی چڕ بوونەوە لە دۆخی گازیەوە دەبێتە شلە ئنجا نیمچەبەستوو دوای دادەبارێتەوە سەرزەوی، باران جۆری زۆرە: من ئەو وشە و زاراوانەم نووسیە زیاتر لە ناوچەی دەشتەکیەکانی هەولێر بەکار دێت، لەوانەیە هەندێ لەو زاراوانە لەناوچەکانی دیکە ش بەهەمان شێوە بگوترێن و لەوانەشە بەشێوازی تر بێنە گۆ.

**جۆرەکانی باران:**

- پڕوشکە باران: ئەو بارانەی بەشێوەی پڕووشک (پڕژاندن) بۆ کاتێکی کەم لە شوێنێکی دیاریکراو دەباری، جار هەیە دڵۆپی بارانەکە گەورەشە. عادەتە ئەو جۆرە بارانە بای لەگەڵە و هەورەکە پچڕپچڕە.
- نمە باران: بارانێکی نەرمە بۆ ماوەیەک بەشێوەی دڵۆپی بچووک دەبارێ. هەورەکەی گشتگیرە و سپییە

• خونه خون: بارانێکی نەرم دەمەک بباری و دەمەک نەباری عادەتەن ئەو جۆرە بارانەش هەوری گشتگیرە بەس هەورەکە سپیەو بڵندە.
• ڕێژنە باران: بارانێکی بەهێز دادەباری بەس ماوەیەکەی زۆر درێژ نابێ و هەورەکەی ڕەش و نەوییەو بەگەواڵەیە.
• بارانی بەلێزمە: بارانێکی بەهێزە بۆماوەیەکی باش دەباری کەندوجۆم پڕ ئاو دەکات هەوری ڕەشە و نەویە و بەگەواڵەیە.
• بارانی بەخوڕ: بارانێکی بەگەواڵەیە و هەوری ڕەشە و زۆر دەباری لەماوەیەکی کەم زیاد لە پێشبینی کراو دەباری و کەند و جۆم ئاوی لەخۆی زیاتر بەناو دادەڕوات و لافاو دروست دەکات.
• بارانی پەرە: پەڵە: بارانێکی نەرمە و بۆماوەی نزیکەی٤٨ سەعات زۆر بەنەرمی دەباری و جار جاریش دەوەستی، هەوری سپییە و بێ گەواڵەیە، زیاتر لەناوەندی پایز و لەسەرەتای بەهار دەباری.
• بارانی سەربەکراوە: بارانێکی خۆشە دڵۆپەی گەورەیە کە بەرزەوی ناو ئاو دەکەوێت هەڵدەپژێت و کڵاوە دروست دەکات. لەبەڕانەتی پێی دەڵێن سەر بە قەبووچکە.

## جۆرەکانی پەڵە:

پەرە:پەڵە: واتە خواردنی ئاوی باران لەلایەن زەوییەوە بەشێوەیەکی تێر و پڕ بەمەرجێ ڕووەک بۆماوەی وەرزی پایز و زستان بتوانێت ئاوی پێویستی بەدەستبکەوێت لەخاکەکە. بۆ شین بوون . دوو جۆرە پەڵە هەیە لەرووی کاتەوە:
• پەرەی پایزێ کەلەناوەڕاستی پایزێ واتە لە لە نیوەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەم بۆ ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم بارانە بەتێروتەسەلی بەنەرمی بباری .
• پەرەی بەهارێ: لە نەورۆزێ تاناوەڕاستی مانگی نیسان ببارێ،
ئەگەر پەرەی پایزێ باش ببیت، پەرەی بەهارێ نەش بی گەنم و جۆو ڕووەک گەشەیان باش دەبی گەر ماوە ماوە باران لەبەهارێ لێیان بدات.

## جۆرەکانی پەڵە لەرووی چەندێتی باران بارینەوە:

• پەرەی گاسنی: پەڵەی گاسنی بەو پەڵەیە دەگوترێت کاتێ جوتیار زەوی دەکێڵا گاسنی کێڵانەکەی هیچ کرەی نەکات واتە هەموو گاسنەکە خۆڵی شێدار بێنتە دەرەوە.

• پەرەی قەبری: ئەو پەڵەیە ئاوی باران شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو گۆڕی مردووەکان، گۆڕی مردووەکانیش تەڕ دەبێت. پەڵەی قەبری بۆ دەغڵ ودان زۆر لە ردەی پێویست زۆرترە.

• پەرەی یەعقوباغەی: بەو پەڵەیە دەگوترێت کاتێ وڵاغ بەناو زەوییدا دەڕوات لەشووێنی پێ (سمی)وڵاغەکە ئاو کۆببیتەوە . یان مەسینە و گۆزەی ئاوێ لە بەر باران پڕ ببێت. پەرەی یەعقوباغەی بۆ دەغڵ ودان باشە .

• گەندە پەرە: بەو پەڵەیە دەگوترێت کەباران بارێ بێت بەڵام زەویی تێر نەکردبێت، بۆگەشەی بەردەوامی دەغڵ ودان.

• جۆرەکانی تری بارین:

• تەزرە: بارینی دڵۆپە ئاوی بەستووە بەشێوەیەکی دەنک کە لەدەنکە نۆکی گەورەترە و تا بەقەدەر کەلابەردەکی.

• بەفر: بارینی دڵۆپە ئاوی بەستووە بەشێوەی بەستوو، بەس بەستنێکی سەرەتایە و نەرمە.

• کڕێوە: بارینی بەفەرە لەگەڵ هەبوونی بایەکی بەهێز.

• شرێوە: شڵێوە: بەکرمانجی سەروو پێی دەڵێن لێلاڤ: بارینی بەفر و باران پێکەوە.

• خووس(خوسار): (زوقم)بەستنی ئاوی سەر زەویی و ناو گیاوگوڵ لەئەنجامی نزمبوونەوەی پلەی گەرما لەکاتی بوونی ئاسمانێکی سایەقە. کاتێ بەیانی دێ و هەتاو پەیدادەبی خووسەکە دەتاوێتەوە.

• شەختە: بەستنی چینی سەرەوە ئاوە لەناو گۆماو و جۆگەکان وەک شێوەی ئاوێنەیەکی لێ دێت.

• جلیت:چلوورە: ئاوی بەستوو لەدەم سولاوکە بەبەستووی شۆڕ دەبووەوە.

• خوناو:شەونم.کۆبوونەوەی دڵۆپی ئاو لەسەر گەڵاو سەوزایی، لەکاتی بەیانیان.

• بنگر: نەبەفرە و نەبارانە و نەتەزرەیە

**پێوانە جەستەیی و زارەکیەکان:**

لە زۆر کۆنەوە مرۆڤ بۆ کەل و پەل و پێویستییەکانی ژیانی هەندێ ئەندامی جەستەی خۆی یان بچووکتریین شتی ئەو ماددەی بەکارهێناوە بۆ ژماردن و پێوانەکردن، وەک لەو نموونانەی خوارەوە

• مست: بۆ بڕە دانەوێڵە و شتی دەنکۆڵەیی بەکاردێت کە بەقەد یەک ناو لەپی دەستە وەک مستەک کا و جۆ و گەنم و ساوار.
• چەنگ: بۆ بڕە دانەوێڵە و شتی دەنکۆڵەیی بەکاردێت کە بە قەد هەر دوو ناو لەپی دەستن پێکەوە. وەک چەنگەک گەنم و جۆ و خوێ .
• دنک: بچوکتریین ژماردنە بۆ دانەوێڵەو شتە دەنکۆڵەییەکان وەک دەنکە برنج و ساوار و گەنم و لۆبیا.
• کۆش: بۆ دانەوێڵە و مێوەجات و پارەش بەکاردێت، وەک کۆشە ترێ، کۆشە گەنم، کۆشە پارە .
• فەردە: بۆ دانەوێڵە بەکاردێت، وەک فەردەگەنم و برنج و ساوار و کیسە نیسک و کیسە فاسۆلیایەک.
• کیس: لە فەردە بچوکترە و بۆ تێکردنی دانەوێڵە بەکاردێت.
• پنچکە گیا: بۆ گیاو گوڵ بەکاردێت، وەک پنچکە گیا.
• سەرک: سەلک: بۆ بەروبوومی بەسەلک بەکاردێت، وەک سەلکە توور و پیاز.
• باوەش: بۆ گیا و قرشە بەکاردێت، وەک باوەشە گیا یان قرشە.
• پشتی: بۆ قەسەر و دارودوو بەکاردێت وەک پشتیە قەسەر، پشتیەکەبەر.
• پاشۆل: بۆ بۆ بەروبوومی خۆڕسک زیاتر بەکاردێت وەک پاشۆلە تۆرکە، پاشۆلە کاردی.
• بار: بۆ هەڵگرتنی شتێک یان گواستنەوەی، وەک بارە دار.
• دەسک: بۆ گوڵ بەکاردێت وەک دەسکەگور.
• سەبەتە: بۆ میوەجات بەکاردێت وەک سەبەتە ترێ،، سەبەتە هەنار.
• قەرتارە: زیاتر بۆ ترێ بەکاردێت، وەک قەرتارە ترێ.
• زەمبیلە: بۆ سەوزەو میوەجاتی وەک تەماتە و باینجان و پرتەقال .... بەکاردێت، وەک زەمبیلە تەماتە.
• فڕ: بۆ پێوانەی شلەمەنی خوراوە بەکاردێت وەک فڕە ئاو و فڕە دۆشاو و فڕە شەربەت.
• قوم: ئەندازەی شلەی ناو دەم نێوان هەردوو گوپ و دەم، ئەندازەی پێوانی شلەمەنییە، وەک قومە ئاوێک .
• گۆلم: بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێت، گۆلمە ئاو.

- تیلم: بۆ کاغەز و پەڕۆ بەکاردێت وەک تیلمە کاغەز و تیلمە پەڕۆ.
- پارچە: بۆ کاغەز و پەڕۆ و شووشە بەکاردێ، پارچە شووشە، پارچە پەڕۆ.
- بڕ: بۆ پارە بەکاردێت، بڕە پارە.
- بست: بۆ زەوی بەکاردێت وەک بستە عەرد.
- پەنجە: هەر بۆ ژماردنی درێژی پەڕۆ و قوماش بەکاردێت وەک قوماشەکە پێنج پەنجە کورت بوو.
- قان: بۆ زەوی بەکاردێت وەک قانە عەرد، بۆ کفنیش بەکاردێت .
- پشک: بۆ گۆشت بەکاردێت وەک پشکە گۆشت.
- پشک: بۆ زەوی و میراتیش بەکاردێت، وەک پشکم بەبەر دەکەوێت.
- تلیشەبەرد: بۆ پارچە بەردی باریک و درێژ بەکاردێت، تلیشە بەرد.
- کەرتە: بۆ شاخ و چیا بەکاردێ، کەرتە شاخ و کەرتە چیا.
- کەر(کەل): بۆ قامیش بەکاردێت کەلە قامیشەک.
- پەل: بۆ دار بەکاردێت وەک پەلە دار.
- سەدە: بۆ ڕۆیشتنی ولاغ لەکاتی جووتکردن: وەک سەدە ئێسترەک.
- قینچکە: بۆ پیاز بەکاردێت وەک قینچکەپیاز.
- قامک: بۆ سەوزەوات بەکاردێ، مەبەست لێی ئەو بازنەیەیە کە لە نێوان پەنجەی شایەد و گەورە پێک دێت.
- پێ: بۆ پێوانی درێژی دەپێورێ .
- شەقاو: بۆ پێوانی درێژی دەپێورێ.
- قولانج: بۆ پێوانی درێژیەکی کەم
- بار:باڵ: بۆ پێوانی درێژی قوماش و لاستیک و گوریس .....
- بەژن: بۆ پێوانی قووڵی بەکاردێ.

**زاراوەکانی جۆری خەوتن لەکوردەواری**

خەوتن (نووستن) بێ هۆشییەکە بەسەر مرۆڤ و زۆربەی گیانەوەران دێت، تێیدا پاڵەپەستۆی خوێن دادەبەزێ و مێشک چالاکییەکانی بۆ دەورو بەر نامێنێ، چاوەکانیشی دادەخات، خەوتنیش زۆر شێوازی هەیە لەسەر کات و جۆری ڕاکشان، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو زاراوە کوردییانە دیاری دەکەین کە لەسەر کاتی خەوتن گوتراوە:

• خەوەکوتکە: وەنەوز، ئەو خەوەیە دانیشتووی لەناو مەجلیسێک بەڵام ماوە ماوە چات دەنووقێ و هۆشت لەخۆ نامینێ و بە ئاگا دێیەوە.

• بۆرژان: سەرخەوێکی سووکە و کاتەکەی کەمە، پاڵکەوتووی، خەوت لێکەوتووە و یەکسەر بەئاگا دێیتەوە.

• پشیەخەو: پشووەخەو: لەبۆرژان زۆرترە، بەقەدەر پشووەک دەخەوی و بێ ئاگا دەبی.

• سەرخەو: لە پشووەخەو زۆرترە نزیکەی چارەگە سەعاتێک دەخەوی بەپاڵکەوتنەوە، چاوت دەنووقێ، مێشکت تەواو هیلاکی نامینێ.

• چێشتە خەو: خەوی دوای کاتی نانی بەیانییانە تەواو دەخەوی لەوانەیە تا کاتژمێرێک بخایەنێ.

• کێرووشکە خەو: جۆرە خەوێکە مرۆڤ هەر چاوی زەقە، بەڵام بێ ئاگا دەبێ لەدەوروپشتی لەبەر خاوبوونەوەی دەمارەکانی مێشکی، بۆیەش پێی دەڵێن کەروێشکەخەو، چونکە کەروێشک کەدەخەوێت چاوی هەر زەقە، بەڵام لەو کاتە چاوی نابینێ.

• گورگەخەو: جۆرە خەوێکە مرۆڤ خەوتووە بەچاو، چاوی هەڵنایەت، بەڵام گوێی لەقسەکانی دەوروپشتیەتی.

• خەورۆ: هەندێ مرۆڤ هەیە لەکاتی خەوتن، خەوتووە، بەڵام هەڵدەستێتەوە دەڕوات و هەندێ کردار دەکات، بەڵام هیچ ئاگای لەخۆ نییە، دوایی پێی بڵێوە تۆ ئەو کارەت ئەنجامداوە، بە بیری نایەتەوە.

• خەوسووک: مرۆڤ هەیە خەوی سووکە، زوو دەخەوێ و زووش هەڵدەستێ.

• خەوخۆش: مرۆڤ هەیە زوو دەخەوێ، بەڵام درەنگ و بەزەحمەت هەڵدەستێ لەخەو.

• خەوقورس:خەوگران: مرۆڤیش هەیە خەوی قورسە، کەخەوت بەزەحمەتەوە هەڵدەستێ لەخەو.

• خەوۆک:خەواڵوو، مرۆڤ هەیە زۆربەی کاتەکان دابنیشی یان پاڵبکەوی خەو دەیباتەوە.

• خەوزڕان: خەونەهاتن، کەسێک لە سووکە خەوێک هەڵیان ستاندبێ دوایی هەرچەند بکات خەوی نەیێت.

**زاراوەکانی پەیوەند بە بۆنی ناخۆش**

• بۆن گرمخای (بۆن گڵمخا): بۆن گنخای: ئەو بۆنەیە وەک شێداری خاکە، یان خواردنێک لەناو خاکێکی شێدار دانرابی بۆنی گرتبی، بۆنێکی ناخۆشە.

• بۆن سۆ: (بۆکز)بۆن سووتای: ئەو بۆنەیە لە مووو لەشتی سووتای پەیدادەبێ، بۆنێکی ناخۆشە

• بۆن کەلاکی کەرێ: بۆنێک کە لە لەشی ئاژەڵی تۆپیو دێت، بۆنێکی یەکجگار ناخۆشە.

• بۆن عەرنەعوت: عەرنەعوت، کەسانێکی ئەلبانی بوون کاتی خۆی عوسمانییەکان هێنایانە کوردستان و ناوچەکانی بن دەستی خۆیان، بۆ شەڕکردن، ئەو ئەلبانیانە پێیان دەگوترا عەرناوت، کەسانی بەلەش و لار گەورە و بەتوانابوون، ناشیرین بوون، پیس و چەپەڵ بوون، بۆنیان ناخۆش بوو، ئێستاش کەسە بەتەمەنەکانی هەولێر ئەگەر یەکەک بۆن ئارەقەی زۆربی و خۆی کەم بشوات، پێی دەڵێن دە لاکەو بۆن عەرنەءوتت لێ دێ.

• بۆن دڕن: بۆنێ شتی نەگەیشتووە، بۆنێکی ناخۆشە. بۆنی تەگەی پەڕیو، کە ئاوی پەڕینی نێرینەی بەلاق و لەتەری دەنووسێ و بۆنێکی ناخۆشی لێ دێ.

• بۆن خاو: بۆنی خواردنی نەگەیوو، نەکولاوە.، وەک دەڵێن بۆن شیری خاوی لێ دێت، واتە منداڵە.

• بۆن چاڵ: بۆنی ئەو دانەوێڵەیەی کاتی خۆی لە چاڵیان دەکرد لەبەر شێی زۆر و کەمی ئۆکسجین، بۆنێکی تایبەتی ناخۆشی لێ دەهات، بۆن شێی زۆرە.

• بۆن کرووز: بۆنی ئێسقانی سووتاو

• بۆن دووکەڵ: بۆنی دووکەڵی ئاگرە، کاتی خۆی مەشکەیان لەزستانان لە بنمیچی ماڵ هەڵدەواسی، کاتێ سۆبەیان پێ دەکرد لەژووری ناو ماڵ یان لەناندینێ بۆنی ئەو دووکەڵەی لە مەشکەی دەدا، دوایی دۆوەکەی تامی خۆش دەبوو، تامەکە پەسند بوو،

• بۆجەوت: کاتێ بەجەفت کوندەیان، خۆش دەکرد و خاوێن دەکردەوە، بۆنەکەی پەسند بوو، دەیانگۆت کوندەکە بۆن جەفتی لێ دێ، بەکتریای زیان بەخشی ناو پێستەکەی لەناو دەبرد.

• بۆن سارد: بۆنی گۆشت و هێلکەیە کە ماوەکی پێ چووبی بۆن سارد دەبێ بۆ هەرس بوون ناخۆشە .

• بۆگەنی: بۆن بۆگەنی هەر شتێک، کە بۆنێکی ناخۆشە.

• بۆن خۆشکە: بۆنی گوڵێکی خۆشە وەک ڕەیحان، بە پۆڵەکەی جوانیش،دەڵێن بۆنخۆشکە، هەندێک بەجاترەش دەڵێن بۆن خۆشکە، بۆنێکی خۆشە.
• بۆن بڕ: بۆنێکی ناخۆشە . لەلووتی منداڵی نەخۆشییان دەدا، گوایە بۆنی گرتووە.
• بۆنگچی: بەو کەسە دەگوترا کە مەشکەیان خۆش دەکرد .

**هەندێ وشەو زاراوەی کۆن تایبەت بە شکۆیی مرۆڤ**

• بەجەرگ:  ئازا و نەترس
• بێ سەروبەر  کەسێک ئیش و کاری ڕۆژانەی ناڕێک و پێک بی .
• نموود: سیما، دیمەن .
• بێ نموود: بێ سیما، بێ غیرةت، بەو کەسانە دەگوترێت کە هیچ هەیبەتێکییان نییە.
• دۆن: گیان وەک لە هەندێ ئاین وەک کاکەیی دەڵێن دۆناو دۆن، واتە کەسێک کەدەمرێ گیانەکەی (رووح)ی دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە .
• بێ دۆن: بێ گیان، بێ غیرەت، بەکەسانە دەگوترێت، ناتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن کەسانی ترسنۆک و بێ هەیبەتن.
• زاخ: زاخ واتا شەب کەمادەیەکی هاڕڕاوەیە پێکهاتووە لە پۆتاسیۆم و ئەلەمنیۆم و کبریت،وەک پاککەرەوە بەتایبەتی بۆ ددان و بۆنی ناخۆشی لەش بەکاردێت .
• بێ زاخ: واتا بێ جەوهەر , بەپیاوی بێ غیرەت دەگوترێت.
• بێ مروەت: بێ وەفا، چاکە لەبیرکەر.
• بێ بن: بەو کچانە دەگوترێت کە کضێنی خۆیان پێش شووکردن لە دەست بدەن.
• بێ مێشک (بێ دەماغ): نەزان و بێ عەقڵ.
• بیژی: زۆڵ
• بوغرا: لەخۆبایی، کەسێک لە بنەچە هەژاربێ و دوایی دەوڵەمەندبێ و لەخۆی بایی بێ، هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەوروپشتی بگۆڕێ بەخراپ.
• پووخە: کەسی نابووت و لەڕو لاواز و بچووک.
• پووزگری: گرینۆک.
• پلتۆخ   پیس و چەپەر .
• پیسکە: ڕەزیل، بەکەسێک دەگوترێت کە لەخەرجکردنی پارە زۆر توند بێت.
• جاندار: ژاندار، بە کچ و ژنی بێ شەرم و هاروهاج دەگوترێت.

• جانگ: نێوانی چاو و گوێ , جانگ حیز، بەو کەسانە دەگوترێت کە هەرەشە و سووکایەتی قبووڵ دەکەن , لەناو کۆمەڵگا هیچ داکۆکی لە خۆیان و خێزانیان ناکەن.

• جانگ حیز: ترسنۆک، بێ غیرەت.

• جانگ ژنانی: بەو کەسە دەگوترێ ڕەفتاری وەک ژنان بێ، یاخود سیفەتی پیاوانەی نەبێ.

• جینگز  بەکەسێک دەگوترێ زوو تووڕەبێت و بەرگەی قسە و گاڵتەی برادەر و خەڵک نەگرێت.

• چاوبرند (چاوبڵند): بەکەسی سەخی و دڵفراوان دەگوترێت لە خەرجکردنی پارەو ماڵ بۆ مێوان و لێقەوماوان.

• چاوحیز:چاوگێڕان لە ناموسی خەڵک، کەسێک کارێکی ناڕەوای کردبێت و خۆی بشارێتەوە .

• چاوپان:  کەسێک کەتنێکی کردبێ و بێ دەنگ بێ و خۆی لێ بێ ئاگا بکات.

• چاولەدەر: بەو کەسانە دەگوترێت هاوسەرگیری کردبی و بەدوای کاری ناخوازراو بگەڕێ لە ڕووی سێکسەوە.

• چاوقایم: شەرم نەکەر لەکاری خراپ.

• چاوتەنگ: قرقرچۆک، ڕەزیل.

• چاوشۆڕ: کەسێک شەرمەزاری کارێکی باشەی کەسێک بێت .

• چاومۆن: کەسێک کاری خراپی کردبێ و خۆی مات بکات.

• چەقاوەسوو: بێ شەرم .

• چوختی: بەکەسی زیرەک و فێڵزان و بە حیلەو حەواڵ دەگوترێت.

• خۆڕی: خوێڕی، زەلامی هیچ و پوچ و بەڕەڵلا.

• دبووسی: بەو ژنانە دەگوترێ کەخووڕەوشتیان باش نییە .

• دەبەنگ: گێژو وێژ، بێ مێشک.

• دێر: دێڵ لە دێڵەسەگەوە هاتووە

• دێرچاک: داک چاک، بەتوانجەوە بەو کوڕە گەنجانە دەگوترێت، کە ئیشی نارێک و خراپ دەکەن ,واتە چونکە دایکیان ڕەوشتی باش نییە بۆیە کوڕەکەشی کاری نابەجێ دەکات.

• دم چەفت: دم:دەم، چەفت: چەوت، دم چەفت:فەقیرحاڵ، کەسێک نەزانی لەژیانی خۆی داوا یان وەڵامی خەڵک بداتەوە، لەمەجلیسان نەزانی قسە لەسەر حەقی خۆی بکات.

- زەغەل: تەمبەڵ
- زەنتە: تەمبەڵ
- زڕتەزەلام: زەلامی گەورە و بێ مێشک.
- زمان درێژ: کەسێک زۆر خۆ لەقسان هەڵقورتێنێ و گوێ نەداتە ڕێزگرتنی دەوروپشتی.
- زمان پیس: جوێندەر.
- تام گێل: بەکەسێک دەگوترێت، عەقلی تەواو نەبێت .
- تڕوهات: هیچ و پووچ .
- تووک: تیسک، مووی لەش
- تووک حیز: بێ غیرەت، بێ شەهامەت
- تووک نەرم: موو نەرم، زیاتر بەو پیاوانە دەگوترێت، کە حەزیان لە هاوڕێتی ئافرەتە بۆ مەبەستی تایبەت.
- بێ تووک بێ شکۆ .
- تووزحیز: پیاوی و گەنجی بێ شکۆ.
- توخم: کوڕ،نەوە، بەو منداڵە نەوجەوانە نێرینانە دەگوترێت، کە بزێو و بەدکارن, واتە کارو ڕەفتاریان لە نەوە و بێچووی سەگ دەچێت.
- توخمەسەگ: زۆڵ، بیژی.
- تۆڕی: خوێڕی.
- درپیس(دڵ پیس): بەو کەسانە دەگوترێت کە گومانیان لە ڕەگەزی نزیکیان هەبێت لەڕووی هەڵس و کەوتی سێکسەوە، وەک پیاو لەژن و خوشک و داکی و ژن لەپیاوی.
- دڕدۆنگ: مرومۆچ، بەکەسێک دەگوترێت دەم بە پێکەنین نەبێت و هەمیشە سارد و سڕ بێت لەگەڵ خەڵک .
- دەغەر: بە کەسێک دەگوترێت لەگەڵ کەس و کار و خەڵکی دەوروپشتی ناڕاست بێت، واتە موخەنەت بێت. لە بنچینەدا بە مەڕی لاوازیش دەگوترێت دەغەر.
- سەرکز: مل حیز و سەرشۆڕ، کەسێک بێ شەهامەت بی .
- سوورتک: بێ ئابڕوو، گوێ پێنەدەر.
- سەرسەری: بەڕەڵڵا، خوێڕی.
- سێبەندی: کەسێک بەفرت و فێڵ و حیلەباز بیت بەتایبەت لە مامەڵەکردن بەکاردێت.

• سەرڕاست: ڕاستگۆ و دەستپاک.
• سەرژنانی: بەو پیاوانە دەگوترێت گوێ لە ژنان بگرێت و حەزی لە ناو ژنان بێت.
• شەللاتی: بێ ڕەوشت و شەڕکەرو شەقاوە.
• شینەزەلام: زەلامی گەورەو بە هەیکەل .
• شەتەحات:بە کەسێک دەڵێن قسەی نارێک و پێک بکات.
• شەتحۆ: شەتەحات، کەسێک قسەی شێتانە و نارێک بکات، واتای نەبی.
• شاخهاتی: قۆچ هاتی، گەواد.
• کوشکێش: کوسکێش، بە کەسێک دەگوترێت واستە بکات و بە قسەی لووس خۆ لە کەسێک نزیک بکاتەوە، تا کارەکەی بۆ بکات.
• کونەبا: درۆزن
• کارخانەچی: بەکەسێک دەگوترێ ئیشی قۆڕ و بێ مەعنا بکات.
• کاسنجی:  بەکەسێک دەگوترێ ئیشی قۆڕ بکات.
• کانێسەستوور (کانێسەئەستوور): پێ داگر و گوێنەگر لەکەس.
• گلمبۆر: گەمبۆر،کەسی پیس و پۆخڵ و گرگن و ناشیرین. پیرە پیاو ئیشی قۆڕ بکات لەگەڵ تەمەنی نەگونجێت.
• گونەگیسک: بە پیاوی گرگن دەگوترێت.
• گونەگا: بەمنداڵی پارچەرە ی کورتەباڵا دەگوترێت.
• گێژ: بەکەسی نەزان و تام گێل دەگوترێت.
• گێل سە (گێل سەگ): بەو کەسانە دەگوترێت کە هەم گێلە و هەم فێڵزانە بۆ حاڵی خۆی زیرەکە.
• قورم ساغ: فێڵزان(تورکیە)
• قوفرە: بەو ژنانە دەگوترێ ئۆینباز و فێڵاوی بن, یان چیرۆکی لابەلایان هەبێت، (کەونە قوفرە)
• قەشمەر: شەللاتی و فێڵزان و بێ ڕەوشت.
• قەرپ(قەڵب): کەسێک ئیشی خراپ و بێ مانا بکات.
• قینچکەتەنگ: جینگز، بەو کەسانە دەگوترێت کە زوو لەقسان هەڵبچن، توانای وەڵامی بەرانبەریان بە نەرمی نەبێت.
• عولعولی: زیاتر بەژنان دەگوترێت کە ئەقڵیان کامل نەبێت، بەتایبەت ژنی بەهەیکەل گەورەی ئەقڵ بچووک.

- لامل: کەسێک گوێ بە ئامۆژگاری کەس و کاری نەدات و هەر بەقسەی خۆی بکات.
- لەوجڕ: کەسێک قسەی بێ مانا و بێ سەر وبەر بکات لە ناو خەڵکی.
- لەوچە: بە کەسێک دەگوترێت لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی تەسکی خۆی مامە حەمەیی بکات لەبۆ کاربەدەست و پیاوی بێ ویژدان و ستەمکار.
- لەغوەچی: زۆربلێی ئاژەوەگێڕ.
- لەبلەبان: بەزارو دەو و زیرەک
- لاورگە: کەسێک لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی خۆی، خۆی هەڵبواسێت بەکەسێک تا لێی سوودمەندبێت.
- لۆتی: شەلاتی، بەڕەڵڵا.
- مالۆس: کەسێک گوێ نەداتە ئامۆژگاری کەس و کار و ڕشت بێ لەسەر هەڵەی خۆی،(مێیەی بەراز)
- مەنگۆز: کەسێک هەموو سووکایەتیەک قبوڵ بکات، گەواد
- مردۆخ: بەو کەسانە دەگوترێت کە بۆ ژیانی خۆی زیرەک نەبێت.
- مل حیز: زیاتر بەپیاوان دەگوترێت کە توانای پاراستنی شکۆی خۆیان نەبێت.
- مل شۆڕ: بەکەسێک دەگوترێت کە ناهەقی بەرانبەر بکرێت و خۆی لێ ببووری و ناهەقیەکە تاسەر قبوڵ بکات.
- ملپان: بەکەسی بێ ئابڕوو و گەواد دەگوترێت.
- ملعندی: خۆخستنە بەرکارێک و بەردەوام بوون لێی بێ گوێدانە زیان و ئەنجامەکەی.
- ملەوەز: کەسێک بەردەوام و سووربێت لەسەر ناهەقی .
- ملهوڕ: کەسێک سووربێت لەسەر هەڵەی خۆی گوێ لە کەس و کاری نەگرێت.
- ملەستوور: بەکەسێکی هەیکەل گەورە دەگوترێت کە کارو کاسبی نەکات.
- منجڕ: پێداگر
- هەپرەگون: بێ عەقڵ و تام گێل.
- وجاغ کۆر: وجاغ کوێر، کەسێک هیچ منداڵیان نەبووبێت(وجاغ، ئۆجاغ وشەکی تورکیە)

**هەندێ وشە و زاراوەی ڕەسەن و کۆنی کوردەواری**

- باقۆڕە: کوودەڵە بەراز، بێچووە بەراز،
- باتیسک: خوشکە ژن
- بازدەبەران: بازەبەران، هەفتەی کۆتایی ڕەشەمە، یان ١٨و١٩و٢٠- ئادار
- تامووسک: داموسک: داوی کلکی ئاژەڵی یەک سم وەک ئەسپو گوێ درێژ.
- تەرەبوون: سرک
- تەشکەبەڕ: بەڕی درێژۆکانی
- تەشک: لنگ و لەتەر
- خاسەڕەنگ: رەنگی سوور کەکاڵ نەبێتەوە، گڵی سوور کە بۆ دەرمان دەبێت.
- خم: هەش، رەنگی نیلی (شینی تێر) لەبەری گیایەک دروستی دەکەن داوە وبەنی پێ بۆیەی شین دەکەن.
- خوترمە: بەرچیغ کە سەلکە دارێکی ئەستووری پێوەبی، کوتک لەدار دروست کرابێ.
- دووزین: ئەسپ و ماینی تەمەن چوار ساڵ. ئەسپ و ماین لەسێ ساڵی زین دەکرێن و باریان لێ باردەکرێت، کەدەبتە چوار ساڵ واتە دووساڵە بار هەڵدەگرێت.
- ئێمەنی: جۆرە پێڵاوێکی سووری بێ پاژنە بوو .
- سوغر: سغر، توێژی پێست، دەڵێ(سغری ناشیرنە یان قورسە)
- سنتر: منداڵی بێ باوک، هێتیم (یەتیم)
- شیراوشیر: بەو ژنانە دەگوترێ هەموو ساڵێک منداڵی دەبێ، سێری لە مەمکی نابڕێ.
- گورگەمێش: گوجیلەی دووڕەگ لەسەگ و گورگ
- گەریێ: قۆرتێ گەردەن، کە ئافرەت ملوانەکی پێوە دەیەخێت.
- ماینە: ماڵێک وجاغیان تەنها مێینە بێت، پێچەوانەی نێرەوەزە.
- مۆزە مۆز: گەڕان و خولدانی کوڕ یان پیاو بەدەوری ژنێک یان کچێک .
- دارکێشکانە: جۆرە گەمانەک بوو لە نێوان دوو کەس دەکرا بۆ تاقیکردنەوەی بزانن کامەیان بەهێزن لە ڕووی بازووەوە، دارێکی پتەوی درێژ نیو مەترێک دەبوو وەک دار ڕوبە، لەبەرزی بەرانبەر سنگییان ڕایان دەگرت، یەکەکیان ئەو سەر و ئەوسەری توند دەگرت، ئەوی دیکە ناوەڕاستی دارەکەی بەهەردوو دەستی توند دەگرت، هەریەکە

بۆ لای خۆی ڕاتدەکێشا بەو پەڕی هێزەوە کامەیان بیتوانیبایە دارەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ئەو دەی بردەوە.

• پووشکە پساندن: جۆرە نەریتێک بوو، لەنێوان دوو کەس ئەنجام دەدرا، دەلیل بوو کە پەیوەندییان لەگەڵ یەک دەپچڕاند، چلە دارێکی باریک یان قەسەڵێکی درێژ ١٠- ١٥سم دەهێنا دوو کەس هەریەکە و سەرێکی دەگرت و دەیان چەماندەوە تا لە ناوەڕاست کەرت بێ، کە کەرت دەبوو مانای ئەو دوو کەسە نێوانیان نەدەماو پەیوەندییان لەگەڵ یەک دەپچڕاند.

• تاکێشانەوە: تا مانای جەواڵی دانەوێڵە بوو کە لە مووی بزن دروست دەکرا گوشێکی گەورەبوو زیاد لە ١٠٠ کیلۆ دانەوێڵەی دەگرت، ئنجا کە دانەوێڵە لەجۆخینان خاوێن دەکراوە لە پووش و پەڵاش و سەرکۆت و بنکۆت، دخرا ناو جەواڵی ڕەش و بە دوو کەس یان زیاتر دەخرا سەر پشتی وڵاغ و دەبرداوە لای ماڵێ لە ناو چاڵ یان عەمباریان دەکرد. بەو کردارە دەگوترا تاکێشآنەوە.

• چای دێمکراو: چایە بەوشکی دەخرێتە ناو قۆری چای و دوایی ئاوی گەرمی بەسەر دادەکرێ، بەوە دەڵێن چای (دێم)، پاش ماوەیەک کە ئاوەکە ڕەنگی گۆڕدرا و بەکەڵک خواردنەوە هات دەڵێن (دێمی کێشا)، بۆ برنجیش هەمان `قسە دەگوترێت.

• دووبەختی: کارێک ببێ یان نەبێ، یان خێر بداتەوە یان زیانی هەبێت، دەڵێن ئەو ئیشەش دووبەختیە . لەوانەیە دەوڵەمەندت کات یان بتهێنتە سەر ساجی عەلی.

• دەقن: خاکی قوڕ و لیتاو، ئەو زەویەی نەورایی بێ و ئاوی لێ ڕابووەستێ.

• سپیواژی: ڕەنگی کاڵ کە هێشتا سپی ببێتەوە.

• رسم: تلیشە بەردی ناو زەوی کشتوکاڵی کە لەکاتی جۆتکردن نووکی گاسنی تێدا گیر دەبی .

• ولسات: ئاژەڵ (مەڕو بزن و چێڵ)

• ڕەوسە: دانەوێڵەی گەنم و جۆی کۆکراوە لەنزیک ماڵان کە لەکاو کۆت پاکژ کرابیتەوە.

• چەمبەری: کەسی خراپ، بەو کەسانە دەگترێت حەزیان لە ئیشی خراپ و زیانبەش هەبێت.

• هەو، هەوەک: جلیتبازی، عەگیداتی وەک پێشینان گۆتیتییان: لەسواران هەوەک ..... لەزستانان شەوەک، واتە سوار ئەو سوارەیە کە جلیتبازی و سوار سوارێن بکات بە

لێزانانە، زستانیش ئەوەیە کە شەوەکی سارد و تاریک بێت.یەک لەو ڕایە کۆنانەی کە هەیە لەسەر ناوی هەولێر، ئەوەیە ئەو جوگرافیەی ئێستا پێی دەگوترێت هەولێر پێشتر ساڵانە سوار هەویان لێکردووە و جلیتبازی و غارغارێنییان لێکردووە، گوتوویانە هەو لێرە واتە سوارسوارێن لێرە. بۆیەش ئەو پەندە لە بنزاری دەشتەکییەکانی هەولێر هەرماوە .هەروەهاش گۆتیتییان: هۆ هۆیە: هەرکەس لۆ خۆیە، واتە کە سوار سوارێن دەکەن و ڕمبازی دەکەن دەبتە هۆ هۆی سواران، هەر کەس دەیەوێش بۆ خۆی لە پێشبڕکێ و یاریەکە بە سەرکەوتوو دەرکەوێت.

• شۆلان: شوێنێک بێ لە ناو چیا هەڵدێر بی وەک لەو بەستەیە دەڵێ:

• کاکە سەرێ من دێشێ دەردێ لە درم گرانە.......... ئازیکەندێ بندیانان لە من شۆلان شۆلانە

• گەوە: بەو هەورازە دەگوترێ کەلەسەر چیایە ئەو لاو ئەولای شاخە، ناوەڕاستی گۆڕەپانە، یان ڕێگای پێچاوپێچ لەچیادا، نیوە بازنەیەک لەهەموو شتێک. وەک حەیرانبێژ دەڵێ: (حەیران گەوارەکی دەیینا لەسەرە سەری مەعمەری هەروازی دەکردەوە لۆ دەشتێ قەراجی، گەرە گەڕی قەبری نەبی، لەبۆ هۆبەی مەرزانی ئاوای دەکردەوە لە گەڕێ کانی خەزەری، قونکی گەوەی لاوەری .

• گەرە گەڕی: نەورایی لەسەرچیا (گەرەگەڕی قەبری نەبی). شوێنێکە دەکەوێتە نێوان ئاقاری ئازیکەند و قەراتەسۆری مەرزان.

• تەپۆ: گردێک سەری خڕو و پان بێ . وەک دەڵێن بێژینگ بەسەر گۆڕەپانێکە لەسەرچیای قەرەچوغ سێ تەپۆی لەدەوردایە.

• تەوردان: تەوریان: کاتی خۆی کە ماین و ئەسپ لە دەشت و دەر دەبەسترانەوە بەگوریسی درێژ، هەتا لەوەڕی بکەن .

وەک حەیرانبێژ دەڵێ:( ئەمن حەیرانەکەی خۆم دەشوبهێنم بە جوانە ماینەکەی شێخ حەسێنی عارەبی وەکی هەموو هێوارە و سبەینان تەورییان دەدایێ لەدیار عوربانی).

• سۆتن: سووتان، پێشینان گۆتیتییان: زۆر گۆتن .... لە زگ سۆتنە، واتە کەسێک کە ئامۆژگاری و قسەی زۆر بۆ کەسێکی نزیکی دەکات لەخەمخواردنییەتی.

• چرای شیرباق: چرایەک بە ڕۆنی کونجی دابگیرسێ، پێشتر بۆ کارێز دروستکردن لەهەولێر و لەکاتی لەغەم دروستکردن وەستاکان چرای شیراباقی، واتە ئەو چرایەیان بەکار دەهێنا کە بە ڕۆنی کونجی دادەگیرسا، چونکە ڕۆنی کونجی ئاگرەکەی ئۆکسجینی کەم دەوێت.

• پارێز: خۆ مەلاس دان، زیاتر ڕاوچی پارێزی خۆیان لە نێچیر وەردەگرت، خۆیان مەلاس دەدات هەتا نێچیرەکە لێیان نزیک دەبۆوە و دەیانگرت یان دەیان کوشت، لەحەیرانیش پارێز بەکار دەهات بۆ گرتنی کچە حەیران .

• بازگە: ڕێچکەی مامزو ئاژەڵی کێوی کە بۆ ئاوخواردنەوە دەیانگرتەبەر و پێی دادەڕۆیشتن، ئێستا بازگە لەجیاتی (سیطرە) ی عەرەبی بەکاردێت کە لە جادە شەقامە سەرەکییەکان دادەندرێ. لێک نزیکن هەمان مانای کۆن دەگرێتەوە، پێشتر ئاژەلی کێوی ناچاربوو پێی دابڕوات بۆ ئاو خواردنەوە، ئێستا ئۆتۆمۆبێلی ڕێبواران ناچارن پێی دا بڕۆن.

• کووکە: شەڕە قسە، دەڵێ مەکە شەڕەکووکە .

• تۆیف: بۆ سەرسوڕمان لە کاری کەسێک دەگوترێت، وەک گاڵتە پێکردن دەگوترێ .

• بیستەک: ماوەیەکی کورتی کاتە (لە یەک دوو سێ دەژمێردرێ هەتا بیستی) دەڵێ بیستەک چاوەڕێم کرد.

• جغارەخۆرەک: ماوەیەکی کورتی کاتە، هەر لەو کاتەی جگارە پێ دەکرێت هەتا تەواو دەبێ و دەکوژێتەوە، بەو ماوەیە دەڵێن جغارە خۆرێک، هەر ٤- ٥ دەقەیەک دەبێ، دەڵێ جغارەخۆرەک لەماڵیان دانیشتم .

• بڕکردن: لێک جیاکردنەوە، دەڵێ مەڕەکانم بڕکرد واتە لێکم جوداکردنەوە.

• بارستایی: ئەستوورایی: دەڵێ بارستایی نوینەکان بەژنە زەلامەک دەبوو.

• جاقی: لووس بووە، کەسێکی بێڕووە.، دەڵێن فلان کەس جاقی بووە، واتە لووس بووە لەو قسانە هیچ پێی شەرم نییە.

• گنخاندن: خۆ خەریککردن، کاتێک ئیشێک بەکەسێک ڕادەسپێری کەسەکە دەچێ خۆی بەشتێکی دیکە خەریک دەکات، دەڵێن فلان خۆی دەگنخێنی (گنخاند)

• بۆرەخزم: خزمایەتیەکی دوور، دووکەس لەدوورەوە ببنە خزمی یەک.

• بۆرەپیاو:پیاوێک ناکەس بەچەبێ، بنەچەی دیارنەبێ و ڕەفتاری خراپ بێ لەگەڵ کەس و کاری.

• پەرتاو: قسەی هەلەقو مەلەق. پەرتاوان دەکات، قسەی بێ سەرو بەر دەکات.

• قاندڕ: جڕناتکە، مەرەق لێدان

• متەق: بێ دەنگبوون

- تخلیت: کەل و پەلی خراپ، لەوانەیە لە تەقلیدی عەرەبیەوە وەرگیرابی.
- گەلاوێژ: ئەستێرەیەکی گەورە و پرشنگدارە،لەگەڵ کۆتایی هاتنی چلەی هاوین بەدەردەکەوێت،لەگەڵ هەڵاتنی ئەو ئەستێرەیە، شەو فێنک دەبی، دار توێکڵی نماو دەبێت، جۆگەی ئاو لێوارەکەی لەدوای کەمبوونی ئاوی بەڕۆژ شیداری دەمێنێ، زەویی زۆرتر شێداری دەمێنێ، قامیش گوڵ دەکاتن، ئەو دارانەی گەڵایان لێ هەڵوەریوە بەهۆی گەرماوە، جارێکی تر چرۆ دەردەکەن.
- گەلاوێژ: مانگێکی ڕۆژژمێری ساڵی کوردییە دەکەوێتە نێوان خەرمانان(جۆخینان) و ڕەزبەر ٣١ڕۆژە، لەو مانگەدا کەش و هەوای کوردستان فێنک تر دەبی و ئەستێرەی گەلاوێژ لە ئاسمان بەچاو دەبینرێت.
- گەلاوێژ: چەند شارەیەک لەگەنمی دروێنەکراو رووەو سەرەوە دادەندرێن. بەڵام لە جۆ پێی دەگوترێ گیشە.
- گەلاوێژ: ناوێکی کوردییە بۆکچ و ژنان .
- مام مۆتک: خەمخۆری خەڵک، دەمڕاستی خەڵک .
- مەلاخۆر: کاڵایەک، شتێک تەواو هەرزان بێ و بەئاسانی دەستبکەوێ.
- گراو: گراویێ: کچێ دڵخوازی کوڕێک بێ، ئافرەتێک کە کەسێک حەزی لێ بکات.
- لاوژە: بەو لاوکە دەگوترێت کە سەربردەی دڵداری تێدابێت.
- گردەنشین: کەسی بەتەمەنی پەککەوتە بێ، واتە لە پێ کەوتبێ.
- زابەند: دەفتەرێک ناوی منداڵی تازە لەدایکبووی تێدا بنووسرێ.
- مامزە:مامێز: پارچە ئاسنێکە سوار لە پاژنەی پێڵاوی قایم دەکات، بۆ ئەوەی لەکاتی غاردان لەبن سکی ئەسپ و ماینی بدا تا خێراتر غاربدات.
- ڕانکە: مووی لای ڕانی بزن، کە لەکاتی برینەوە لای ڕانی دەهێڵدرێتەوە تا پارێزگاری لە گوانی بکات لە زیانی دڕک وداڵ.
- بزنە دۆخە: ئەو بزنەی کە خاوەن بزن بۆ کەسێکی نزیکی دەنێرێ بۆ ئەوەی شیر و ماستەکەی بۆ خۆی بخوات، کە شیری نەما دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خاوەن بزنەکە.
- بزنە کوڕانە: بزنێکە کە لە گوندەکان جووتیار و ڕەعیەت دەیاندا بەئاغا بەدیاری، لەبەر ئەوەی کوڕیان دەبوو.
- بزنە قسر: بزنێک ساڵێک نەزابێ.
- بزنە وەس: مەشکەیەک لە پێستی بزن کرابێ.

• ئاوشنگ:بەشیرهاتنەوەی مەڕو بزنە کاتێ بێچوویان مردووە و شیریان وشککردبوو.

• کەندۆ: چێڵی بێچوو مردوو هێشتا شیری وشک نەکردبێ.

• جاشک بڕ: پارچە ئاسنێکی کەوانەیی بوولە قەپۆزی جاشک دەبەسترا، چەند زختەمی (نووکی تیژی پێوەبوو) بۆ ئەوەی لە شیری دایکی ببیتەوە.

• باسکە سەگ:سەگێکی دوو ڕەگە دێڵە تانجی و گۆڵە سەگێک پەیدابووە، ناوقەدی باریکە.

• مینەک: بەو کەر و ئێسترە دەگوترێت کە لەکارواندا، بەس ئاو و خۆراک و جلی کاروانچی لێ بارکرابێ.

• بنۆک: بەو خوریەی مەڕێ دەگوترێ کە لەبنی شانە دەمێنتەوە، کورتە و دەکرێتە گوریش و گۆرەوی.

# پۆلینکردنی ئیدیۆم

عەبدولوەهاب شێخانی

بەشی دووەم

***برادەر لە ئیدیۆمدا بە ئیدیۆم سێ جۆر برادەر هەیە و برادەرایەتیت دەکات هەریەکەیان مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە:**

١-برادەری گیانی: بەو برادەرە دەگوترێ کە زۆر دڵسۆزە بۆ برادەری خۆی لە کات و ساتی تەنگانەدا.

٢-برادەری نانی: هەندێ کەس برادەرایەتیت دەکات کە هەر خەریکی ئەوەی بێت لێت بخوات و تەنها و تەنها بیر لە خواردن دەکاتەوەو هیچی تر نا.

٣-برادەری گانی: ئەوەی بە دوای نامووست دەگەڕێ.

**•ئیدیۆم بۆ دوعا بۆ کردن و بۆ پاداشت دانەوە لەلای خوای گەورەو میهرەبان کاتێک کەسێک چاکەیەکت لەگەڵ دەکات یا تووشی سوود و قازانج دەبێ مرۆڤ لە خوا دەپاڕێتەوە کە زۆر سوومەند بووە یان چاکەی لەگەڵ کراوە دوعای بەخێر دەکات ئەو دوعایانەش هەموویان ئیدیۆمن.**

١- دوعا بۆ کردن لەلایەن خواوە کە کەسێک چاکەی لەگەڵ کردووی:

- خوات قوربانی وی کات: واتە لەبەر خاتری ئەو کەسە دەنگت لەگەڵ ناکەم.
- خوام بە قوربانی توو کات: واتە تۆ یارمەتیت داوین.
- خوایان بە قوربانی وان کات: لەبەر خاتری ئەوان.
- خوا قەوەتت با: خوا قەوەتت بداتێ.
- خوا پشتی لە عاردی نادا: واتە تووشی نسکۆیان نابێ.
- خودا پشت و پەنات بێ: خولا یارمەتی دەرتبێ.
- خوای لێ ڕازی بێ: خوای لێ خۆش بێ.
- خوای لێ خۆش بی: دوعایە بۆ مردوو.
- خوا یەکەو بێ شەریکە: واتە لەگەڵت دەکەم: (خودا یەکەو بێ شەریکە بجولێیەوە دەتکوژم).
- خوا لێ خۆش بوو: واتە کاورای مردوو.
- خوا لێ رازی بوون: کاری گەند نەکردن و کاری چاک کردن.
- خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە: واتە پەک ناکەوێت: خوا یارمەتی دەرە.
- خوا کڵاوەش پەی بە لووی کەردێنە: خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە.
- خوا دەوامی عومرت بدات: واتە تەمەن درێژ بی.
- خوا لێت ڕازی بی: کاری گەند نەکەی.
- خوا هەزار هەندەی بداتێ: دەوڵەمەندتر بی.
- خواوەت حەسێنی: خوا بت حەسێنێتەوە: کاری چاکت کردووە لەگەڵم.

- خوا هەزار هەندەیان بداتێ: دەوڵەمەندتربن.
- خوا غەزەب ئەو مرۆچەی گێرۆ باڵیش مرۆچەنە: خوا خەزەب لە مێرووله بگرێ باڵی لێ پەیدا ئەکا: واتە زەرەرو زیان بەخۆی دەگەێنی.
- خوا بەسەری داببارێنی: واتە دەوڵەمەندی کا.
- خوا بتداتێ: خوا بدات: واتە خوا یارمەتیت بدات.
- خوا ڕەحم بە هەموو لایەکمان بکات: واتە یارمەتی و هاریکاری خوا بگاتە هەموو لایەکمان.
- خودا برات پێ بێڵی: واتە برات نەمری.
- خوا خێرت بنووسی: کاری چاکت کردووه.
- خوا خێری هەموو لایەکی بنووسێ: واتە هەموو لایەک ئیشی باشیان کرد
- خوا خێریان بنووسێ: کاری باشیان کرد.
- خوا بەسەری داباراند: دەوڵەمەند بوو.
- خوا دایتیێ: دەوڵەمەند بووە.
- خوا نەدا نابی: گەر خوا دەوڵەمەندت نەکات دەوڵەمەند نابی.
- خوا هەتا سەری دابی ڕزقیش دەدات: واتە خوای گەورە هەموو کەس دەژێنی.
- خوا دای لەبۆ فلانی: واتە هەڵ بۆ فلانی هەڵکەت.
- خوا نەداتێ نابی: واتە بە ماندووبوون نییە ئەگەر خوا نەتداتێ.
- خوا دایتیە من: هەبوونم.
- خوا بمداتێ: دەوڵەمەند ببم: (خوا بمداتێ دەزانم چ دەکەم).
- خوا بداتە هەمووومان: خوا بداتە هەموو لایەکمان.
- خوا بتپارێزێ و سایەت کەم نەکا: خوا بتپارێزی و یارمەتیت کەم نەکا
- خوای بانی سەر ئاگادارە: خوای ژوور سەری ئاگادارە: واتە ڕاستی دەڵێم و ئەوها نییە.
- خوا لە ژوور سەری ئاگای لێیە: واتە مەسەلەکە ئەوها نییە وەکی دەڵێن.
- خودا پێی ئاگادارە: خوا عالیمە: واتە ئەوەی دەیڵێن وانییە و من ڕاستی دەڵێم.
- خوا دەلیلی داماوانە: خوا یارمەتیدەری داماوانە.
- خوا کەسی بێ کەسانە: واتە خوا یارمەتیدەرە.
- خوا حەوێزەت لۆ بکاتەوە: خوا زەرەت بۆ پربکاتەوە بکاتەوە.
- خوا عافوی کات: ١- واتە مرد: ٢- بۆ سەرکۆنەکردن.
- خوا عافوت کا: بۆ سەرکۆنەکردن بەکاردێت.

– خوا بۆ خۆیی دەزانی چۆنە: خوا لۆ خۆی دەزانی کووە: کارەکە نهێنییە و کەس سەرەدەری لێ ناکا.
– خودێ حەقیا رحاوی کر: رح (گیان) ژی ستاند: مراند: خوا روحی لێ ستاند: مرد.
– خوا دەست بە باڵتەوە بگری: خوا یارمەتیت بدات.
– خوا لە کەس نەگۆڕی: واتە کەس شێت نەبی.
– خوا لێتانی گۆڕیە: ئەو کارە خەتەرەی دەکەن.
– خوا لێی گۆڕیە: ئەو کارە خەتەرەی کردووە.
– خوایە لێمان نەگۆڕێ: واتە شێت نەبین.
– خوا قەوەتت بدات لەگەلی: واتە زۆر خەراپە چۆن دەتوانی لەگەڵی هەڵکەی.
– خوایە لێمان تێک نەدەی: واتە وەزعم باشە خوایە ئەوها ڕاگری.
– خوا لەمەت نەستینی: واتە زۆر لێت ڕازین.
– خوا لێمان نەستینی: زۆر لێی ڕازین.
– خوا رەحمت پێ بکات: واتە لەم کێشەیە رزگارت بێ.
**٢– دوعا بۆ خوا کردن لە کاتێک کە رزگارو سەرکەوتوو بوونە:**
– خوا دای: قازانجی چاک.
– خوا هاوار: خوایە فریامان کەوی کاتەکە ناخۆشە.
– خوا خوام بوو: زۆرم حەز دەکرد: (خوا خوام بوو قسەی نەکرد).
– خوا چاکی کات: کارەکە باش نییە.
– خوا ستری کات: بەڵا نەیەت.
– خوا دەزانی: واتە ڕاستی دەڵێم.
– خوا نەی کوشت: کارەکەی خەتەر بوو.
– خوا قوتاری کرد: واتە کەوتبووە تەنگانە.
– خوا شوکور و ئاغا رۆشا: (هە)خوا شوکر ئاغا رۆیەتی: مەبەست لەوەیە کە یەکێک بە ڕوواڵەت و سەرزارەکی شیوەن بۆ یەکێ دەکات کەچی لە دڵەوە پێی خۆشە.
– خوایە لێمان نەگۆڕی: واتە شێت نەبین.
– خوا عەبدی خۆی بەسەر دەکاتەوە: واتە خوای گەورە بەندەی خۆی تاقی دەکاتەوە.
– خوا نەجاتی داین: خوا ڕزگاری کردین خودا قوتاری کردین: واتە لە خەتەر دابوین لە کات و ساتی ترسناک دابووین خوا قوتاری کردین.
– خوا دەردی دایە دەرمانیشی دایە: واتە هیچ کێشەیەک بەبێ چارەسەری نامینێ.
– خوا رسق دەدات: واتە خوا هەموو کەس دەژێنێ.

- خوا رسقی جو و دیانی دەدات: واتە کەس بێ بەش نابی.
- خوا رەحم بە هەموو لایەکمان بکات: واتە خوا یارمەتی هەموو لایەکمان بدات.
- خوا گەورەیە: خوا کەریمە: واتە خوا کارەکە بۆ مان جێبەجێ دەکات.
- خوا رەحمی کرد: واتە تووش نەبوو دەرباز بوو.
- خوا رەحمی پێ کرد: دەربازی کرد لەو ئاریشە
- خوا رەحمی پێ کردین: دەربازی کردین لە کێشەیە
- خوا سوڕی هەردەماری: خوا نهێنییەکە ئاشکرا دەکات.
- خوا سوڕی هەرماری: خوا نهێنییەکەی ئاشکرا کرد.
- خوا دایتیێ نازانی بخوات: واتە مەغرورە.
- خودا ناردی: خوا هێنای: قازانجم کرد.
- خودا بەخۆی دەنێری: واتە یارمەتیم دەدات.
- خوایە لەو قایدەی ڕاگری: واتە ئەو بارو زوروفە بۆ من وا باشە.
- خواو راستان: خوا رەخساندی: خوا جێبەجێی کرد.
- خوامان هەیە: واتە خوا یارمەتی دەری ئێمەیە
- خوا لە بەندەی خۆی بە هەنجەتە: خوا لە بەندەی خۆی بە بیانووە: واتە بەندە هەر کارێکی چاک بکات خوا لێی خۆش دەبی.
- خوا بکا وابی: ئەو کارەی ئێمە دەمانەوێ وابێ.
- خوا نەخواستە: خودا نەخواستە: خوا نەکردە: خوا نەکا: دوور بی ئەو ناخۆشیە روونەدات.
- خوا بە زارت دا بڕۆنی: واتە ئاواتە خوازم ئەوەی دەلێی وابێ.
- خوا بە زاریان دا بڕۆنی: واتە ئاواتەخوازم ئەوانەی ئەوان دەڵێن وابن.
- خوا هێنای: خوا یارمەتی دام.
- خوا حەقی کەس لەسەر کەس ناهێڵێ: واتە هەر کەس غەدر بکات خوا تووشی غەدری دەکات.
- خوا سڕی هەڵماری: واتە خوا نهێنەیەکی شاراوەی ئاشکرا کرد.
- خوا سڕی هەردەماری: نهێنییەکەی هەر ئاشکرا دەبی.
- خوا شوکر ئاغا رۆیەتی: کەسێک لەسەرەوە شێن بکات بۆ کەسی لە دڵەوەش پێی ناخۆش بی.
- خوا سەبری کچکەی سەد ساڵە: واتە تۆ کاری گەند دەکەی کەیفی خۆتە.
- خوا لەسەر سەرانە: خوا ئاگادارە: واتە چۆنی دەڵێم ئاوایە.

- خوام لەو خوایەیە: زۆر حەز دەکەم.
- خوا هەقە: خوا حەقە: بەڕاستی (خوا هەقە شێرە.)
- خوا پاروە نانەکی دایە: گوزەرانم باشە.
- خوا نانەکی دایێ بزانە بخۆ: بژێوت باشە تێکی مەدە.
- خوا نانەکی دایێ نازانی بخوات: بژێوت باشە بزانە بخۆ.

**•ئیدیۆم لە ڕێزگرتندا: نەتەوەی کورد زۆر حەزی لە ڕێزگرتن و ڕێزلێنان بووە و ڕێزی هەموو کەسێکی گرتووەو و بەرامبەر بەو ڕێزلێنانەو وشە و دەستەواژەی ئیدیۆمی زۆرە وەک ئەمانەی خوارەوە.**

- چاوم: ئازیزم.
- چاوی منی: عەزیزی منی.
- لەسەر سەرمانی دادەنێین: ڕێزی دەگرین و خزمەتی دەکەین.
- باوەشمان لۆ کردیتەوە: یارمەتی دەدەین.
- کاولاشی خۆتانە: ئەوپەڕی مێوان پەروەری.
- برای بەڕێزی: ئازیزی و ڕێزت هەیە.
- برام: ئازیزیم.
- بابی بابم: باوکی باوکم: بۆ ڕێز لێنان بەکار دێ

**•ئیدیۆم لە ڕێزنەگرتن و بێ ئیحترامی نیشاندان کە بەرامبەر بە یەکێک دەکرێ بە ناڕاستەوخۆ بێ ڕێز و بێ ئیحترامی نیشان دەدات وپێشوازی خراپ نیشاندان:**

- نەڕێز دەناسن، نە حورمەت: واتە ڕێز ناگرن و حورمەتی کەس ناگرن.
- نە لە ئینسانەتی حاڵی دەبن، نە برایەتی: واتە جاهیل و دواکەوتوون و مێشکتان مرۆڤایەتی و برایەتی وەرناگری.
- نە گەورەیی دەزانن چییە نەچووکەیی: واتە گەورە و گچکایەتیان تێدا نییە و بێ عەقڵن.
- نە ئاغای دەخوێننەوە نە کوێخا: واتە بێ ڕێزن.
- نە خوا دەناسن، نە پێغەمبەر: واتە بێ وێژدانن.
- نە لە جەندرمە دەترسن، نە لە حکوومەت: واتە عاسێ و یاغی نە.

**•ئیدیۆم لە منداڵ هەبوون و نیشان دەدەن و ڕێز نواندن بە لێکچوون بەرامبەر بەوەی کە دەڵێی چەند مناڵت هەیە جۆری ژماردن و پێ ناساندنی لە کوردەواریدا ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی پیشان دەدات و ناوەکە و جۆری منال نابات بەڵکو دەڵێ:**

- خزمەتکار: واتە کور: (چوار خزمەتکاری تۆم هەیە).

- بۆ کچ پێناساندن و هەبوون دەلێ قەرەواش.
- دوو قەرواشی تووم هەیە: واتە دوو کچم هەیە.
- غولامکارە: کوڕ: (چوار غولامکارەی تووم هەیە).

**•ئیدیۆم لە دوعا بۆ پاداشت دانەوە: واتە ئیدیۆم لە دوعای بەخێردا کە بۆ کەسێ دەیکەی:**

- بێ وەی بن: تووشی بەڵا نەبن.
- بێ وەی بێ: تووشی بەڵا نەبی.
- ڕوو سوربی بۆ (کچ): واتە سەرفراز بی.
- ڕوو سپی بیت بۆ (ئافرەت): واتە سەربەرز بی.
- خوا دەست بە باڵتەوە بگری: واتە خوا یارمەتی دەرت بێ.
- ڕەحمەت لە شیرت: واتە کوڕی چاک و باشی.
- سکت نەسووتێ: زگت نەسووتێ: مناڵت نەمری.
- خوا مرازت حاسڵ کات: واتە ئەوەی لە دڵتا بۆت جێبەجێ بێ.
- کزەت لێ نەکەوی: خەم نەخۆی و منالت نەمری
- ماڵ وێران نەبی: ماڵت کاول نەبی: ئاژاوە نەکەوتە ماڵت.
- بێ قەزا بی: دوورە بەڵابە: بەڵات تووش نەبی.
- جەرگ بڕاو نەبی: منالت نەمری.
- جەرگت نەسووتێ: مناڵت نەمری.
- سەرفرازبی: سەربەرزبی.
- لەش بە بار نەبی: نەخۆش نەبی.
- کەنەفتی سەر جێگا نەبی: ڕەزیل نەبی
- خوا بە دڵی خۆتت لەگەڵ بکات: واتە هەردەم دڵخۆش بی.

**•ئیدیۆم لە بن لەهجەکانی کوردی: ئیدیۆم لە زمانی کوردی پابەند نییە بە شێوەیەک لە شێوە زارەکانی کوردی و یان بن لەهجەیەک بەڵکو هەموو شێوە زارەکان و هەموو بن لەهجەکان ئیدیۆمیان گەلێک زۆرەو ئەو شوێنەی کە بن لەهجەکەی لێ بڵاوە و پێ دەدوێن و ئیدیۆمی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازی زۆری لەگەڵ شێوەزار یان بن لەهجەکاندا هەیە بۆیە تێبینی دەکرێ هەر بن لەهجەیەک ببێتە فەرهەنگەکی گەورە لە ئیدیۆم ئەمەش دەیسەلمێنێ کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندی بێ خاوەنە ئەمانەی خوارەوەش چەند ئیدیۆمێکن:**

+ بن لەهجەی هەولێر:

– پاش سارێ سەلاموعەلێک: دوای ماوەیەکی زۆر باسکردنی بابەت.
– سەیە: فێڵبازە.
– سەی لە سەیە: زۆر فێڵ باسە.
– قەراتەک: یەکجار زۆر: (قەراتەکیان هەردایتەوە).
– پانۆ: لەگام: مەرایی کەر.
– قوزکێش: مەرایی کەر.
– هووشی لە دوو ناکا: ناگاتە ئەو.
– کارە کۆرپە: بێ هێز و بێ توانا.
– قوزەچێر: بێ سوود.
– گون مازێ: بێ نموود.
– تەڕاش بکەینە ئاش: دەوەن بە ئاش کردن.
+ بن لەهجەی کۆیی: بن لەهجەی کۆیی تایبەتمەندی خۆی هەیە ئیدیۆم و وشەی خۆیان هەیە و زۆر پیتی (ر) ناسک لەجیاتی (ل) بەکاردەهێنن:
– ئۆمەرە: ژنانیە.
– شانی ماچ کەن: درۆزنە.
– مەلاکەرە: بێ عەقڵ.
– گورەپاغ: زۆر جوان و قەشەنگ: (دەرێی دەرێی گورەباغە).
**•ئیدیۆم و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ: زۆربەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بووە بە ئیدیۆم ئیدیۆمیان سازکردووە هەریەکەیان ماناو مەبەستێکی گرنگ دەدەن بە مرۆڤ:**
**– سەرسەرم: ئامادەم بۆ کار ڕاپەڕاندن: (ئەو کارەمان بۆ دەکەی سەرسەرم).**
– پشتی سەری بە عاردی کەت: تووشی زەرەرو زیان بوو.
– چاوم: ئازیزم.
– گوێی رایەڵ: بەر فەرمان.
– مل و ملەستوورە: ئازاو بهێزە.
– تووکی سەر: یەکجار زۆر.
– شان تەکێن: مەرایی کەر.
– شان بە قوڕ: هەژار.
– پشت مل پان: دەویت.
– گەردەن کێل: کێل گەردەن: گەردەن درێژ.
– گەرو گرتن: بەرەنگاربون.

- زەمان رەپ: زمان درێژ.
- سەرتاپا: سەر تا پێ: هەمووی.
- دەست و بازووی خۆی: هێز و توانای خۆی.
- ئەنیشک کردنەوە: سووڕانەوە: (جادەکە لەو سەری ئەنیشک دەکاتەوە).
- دەو رەش: دەم رەش: دمۆر.
- لە گووپی خۆی دات: چی پێ دەکرێ با بیکات.
- دەستی دا سمێڵی: بەڵێنی دا.
- لێو قەیتان: لێو تەنک و جوان.
- ددانیان لێک سپی بوویتەوە: شەرمیان لێک شکاوە.
- لچ شۆڕ: ناڕازی.
- لێو بە بار: غەمبار.
- بن هەنگل: بن قولتغ: ناو هزر و بیر: (چویتە بن هەنگلی).
- دەست کورت: هەژار.
- دەست درێژ: بە دەسەڵات.
- مستە ئاوەک: ئاوێکی کەم.
- پشتی دەست سووتاندن: تەمبێ بوون.
- بەری دەست: کاری نەبوو: (دورنە لەبەری دەستی ناکرێ).
- زگ پێ سووتان: بەزەیی پێداهاتنەوە.
- پشتی پێوە نەهێشایە: پێوە ماندوو نەبووە.
- دڵ لە دڵی مەدە: ڕاڕا مەبە.
- دڵ: خۆشەویست و ئازیز.
- دڵەکەم چۆنی: ئازیزەکەم چۆنی
- تەبیعەت دەرمانی نییە: کەسێک خۆی نەگۆڕی.
- ناوقەد دەڵێی شمشاڵە: ناوقەد باریک.
- قونی پیسە: سەر بە گێچەڵە.
- کەلەکەم کەتە عاردی: ئاسوودە بووم.
- هەتا پشدێنی: پێوەرە تانێکی.
- چۆک دادان: تەسلیم بوون.
- قولی ڕەش و سپی: دوو جیاوازی.
- ئاوی پێم چوو: ماندوو بووم.

– پێ لێ نانی: دان پیانانی.
– پێ به پێ لەگەڵ ڕۆیشتیمە: له تەک وی چوویمە.
– بەلەک دەڵێی تورە: زۆر جوانه.
– سابون لەبنی پێ دان: هەڵفریواندن.
– ئەو دڕکەت له بنی پێ دەردێنم: ئازارت دەدەم.
– شەقاوی ناوێی: نەجولێیەوە.
– نینۆکیان دەرهێنا: عەزابیان دا.
– رووحی منی: ئازیزی منی.
– رووحی چووە: ترساوە.
– پەنجە بازی: ململانێ.
–کەپوو بلند: لووت بەرز
–برۆ هەلتەکاندن: هێما بۆ کردن
–جەرگ سوتان: منال مردن
–چۆک شکان: قەدەم شکان

**•ئیدیۆم له پیسایی مرۆڤ و گیانەوەرو تەیرو توال بووە بە ئیدیۆم:**

**١– ئیدیۆم له پیسایی مرۆڤدا: پیسایی مرۆڤ گو و میز دەبێتە ئیدیۆم:**

– گوو: خەراپ: هیچ و پووچ: (دەوڵەمەند بە کوڕی گووی بە).
– گوو خۆر: کەسێک قسەی ناڕەوا بکات.
– گووی دەخوات: ١– واتە ناتوانی قسەی ناڕەوا بکات: ٢– ناتوانی ئەو کارە خەراپە بکات.
– گوو خواردنی لۆ ماوە: پەشیمانی بە سووکایەتییەوە بۆ ماوە.
– میزاو: ئاوێکی کەم.
– میزی کەفی بکات: زەوقی بجولێ.

**٢– جیقنەی پەلەوەر لە ئیدیۆمدا:**

– جیقنە: شتی خەراپ: شتی بێ سوود.
– جیقنە و هێلکە: بە سوود و بێ سوود.
– جیقنەی لۆمەیە: زیانی بۆ ئێمەیە
– جیقنەی لۆمەیە هێلکەی لۆ خەڵکییە.

**٣– پیسایی رەشەوڵاغ و مەڕ و کەڕو هی تر دەبێتە ئیدیۆم:**

– قشپڵ: بەژن کورت: (عەبە قشپل).

- ریخە چیڵ: بێ کەلک و بێ سوود: (دۆلار بووە ریخە چیڵ).
- قەرسەقول بە کەرتک بی: دوو کەسی خەراپی هاوپیشە: (قەرسەقول بە کەرتک بی هەردووکی بە لەعنەت بی).
- ریخاندی: هاتە خوارێ.

**•ئیدیۆم لە رووخساری مرۆڤدا: رووخساری مرۆڤ لە خۆشی و ناخۆشی و تووڕەیی عاجز بوون ئیدیۆم دروست دەکات:**

- لموز خوار: نا قایل.
- ڕوو گرژ: تووڕە.
- ڕووخۆش: دەم و زار بە پێکەنین: مرۆڤی دوور لە تووڕەیی.
- ڕووترش: ڕووگرژ.
- لچ شۆڕ: لموز خوار.
- مچ و مۆر: ڕووگرژ.

**•ئیدیۆم لە ڕق لێبوونەوەی تووڕەیدا بەرامبەر بە کەسێک و دەڵێن:**

- هێسک گران: لە کاتی رق لێبوونەوە دەگووترێ: (با بڕوا ئەو هێسک گرانە).
- مەیمون: ڕەزا قورس: (وسبە هەی مەیمون).
- سەیە: هیچ و پووچ: (دانیشە هەی سەیە).
- ڕێویە: فێڵباز و ساختەچی.
- ولاغ: بێ عەقڵ: (با بڕوا ئەو ولاغە).

**•ئیدیۆم لە ڕووی سووکییەوە یان لە رووی تەوسەوە دەگوترێ یەکجار ئیدیۆمی زۆری هەیە کە بە تەوسەوە بەوەی بەرامبەر گوتراوە بۆ تانە و تەشەرە بۆ پەللار لێدان:**

- کلک بادان: ١- هەنجەت دیتنەوە: ٢- نەکردنی کارێک.
- کلک و گۆ کردن: هەتک کردن.
- نەزا: کەسێک زۆر تاخیر بێ لە شوێنێک.

**•ئیدیۆم لە ئەفسون و خەیاڵاندا: بە خەیاڵ زۆر ئیدیۆم دروست کراوە بە تایبەتی لە چیرۆکی فۆلکلۆری بەر ئاگردان و کۆن و و یا لە پیاهەڵدانی خەڵکی قارەمان و ئازا و خۆشەویستی ناو کۆمەڵ کە بە خەیاڵ کۆشکی دەقاتی بۆ دروست دەکەن و دەیبەنە ریزی عەقڵ قەبووڵ نەکردن ئەوەتا لە ڕۆمانی حەمەدۆک ئەوەندەیان خۆشویستووە بە جۆرێک دەڵێ کە گوللەی لێ دەدەن گوللە نایبڕێ و لە جێیدا دەبێتە دووکەڵ زۆر شتی تریش:**

- ئەگەر پێشی زمانی حاجی وەلیی نەگرتبایە، حەمەدۆکی دەکردە قارەمانێکی ئەفسانەیی ...... (حەمەدۆک ٢- ل٤٠٤)

– غیرەتی شێری هەیە: زۆر ئازایە
– وەک دووخی وایە: تیژو لووس.
– دیسان لە بارەی حەمەدۆکەوە داستان و سەربردە و ئەفسانە و گۆرانی خۆ وڵاتی کەوتنە سەر زارو زمانان.... (حەمەدۆک ٢- ل٢٣٤).

**•ئیدیۆم لە قسەی هەزەلی و خۆشدا: زۆربەی قسەی پێکەنیناوی ئیدیۆمن و پڕە لە دەستەواژەی بەتامن وەک:**

– لەلای توو کەباب هەر بە دە فلوسە: واتە وادەزانـی دنیا نەگۆڕاوە هەروەکو خۆیەتی.
– فڕی بەسەر جمهوریەتەوە نییە: ئاگای لە هیچ نییە.
– لە کنە توو هەر مەلیک مایە: واتە دونیا نەگۆڕاوە وەکو خۆی نەماوە بەڵام توو بە چاوی کۆن سەیری دنیا ئەکەی.
– شەموو لە حەفتەی ببڕێ دێم: واتە قەت نایێم.
– لە کنە توو هەر یەکی مانگە: واتە وەکو جارانە.

ئیدیۆم لە دوعـای مناڵ بووندا: کاتێک ژنێ مناڵی دەبێ زۆر دوعـای بۆ دەکرێ دوعایەکان پڕن لە ئیدیۆم.

– پێی و قدومی بەخێر بی: واتە لەگەڵ بوونی مناڵەکەت خێر و خۆش بەسەرتان داببارێ.
– سەر بەر زرق بی: سەر بە رسق بی.
– بە دایک و باوک گەورە بی: بە داک و باب گەورە بی: واتە تا گەورە بێ و دایک و باوکی بمێنی.
– خوا سالْحی کات: واتە سوود و قازانجی بۆ کۆمەڵ هەبێ.

**•ئیدیۆم لە کاتی میوان و میوانداری: دەستەواژەو ئیدیۆمی فرە خاس هەس لەکاتی میوان و میوانداری کە تایبەتە و سنووردارە بۆ میوان بەخێرهێنان و رێز لە میوان گرتندا:**

– ماڵەکەتان رووناک کردنییەوە: واتە بەهاتنی ئێوە بۆ میوانداری ئێمە زۆر دڵخۆش بووینە.
– ماڵەکەتان ئاوەدان کردیتەوە: ماڵەکەتان رووناک کردیتەوە.
– پایەتان لێ نایـن: رێزتان گرتین.
– گەورەتان کردین: پایەتان لێ نایـن.
– گەورەمان کەن: میوانمان بن.

- چاومان رەوشەن بۆوە: چاومان روناک بۆوە: بە هاتنتان خۆش حاڵین.
- خێرو بەرەکەتان هاورد: سوودمان پێ گەیشت.
- سەر سەرو سەرچاومان هاتن: واتە زۆر بەخێر بێن.
- کاولاشی خۆتانە: واتە ماڵی من بۆ ئێوە هیچ نییە.
- برا گەورەو عەزیزن: واتە ئێوە لای من بەرزن.

**•ئیدیۆم لە قارەمانی چیرۆک و بەیت و داستانی کوردی وەرگیراون و ئەوەی بەسەریان هاتووە بووەتە ئیدیۆمێکی مێژوویی بەیت و چیرۆک و داستانی کوردی:**

- فەرهاد دڵداری شیرین بووەتە ئیدیۆم.
- ڕەنجی فەرهاد: ماندووبوونی بەلاش.
- فەرهاد کوژ: پیرژنی پیسی بەدکردار و ئاژاوەچی.
- برایمی مەلا زێندینان: پاڵەوانێکی بەیت و داستانی کوردەوارییە و دڵسۆزی ئاغای خۆی بووە و دەرکراوە لە شەوەکی هەرە ساردی زستان.
- شەوی برایمی مەلا زێندینان: شەوەکی هەرە ساردی وەرزی زستانە بۆ حسابی زستانێ.
- عەمی گۆزی: ئازا و بەکار.

**•ئیدیۆم دەبێتە ناو بە ڕواڵەت: زۆر ناوی ئاژەڵ و مێگەل بۆ فێڵبازی و جوانی و ئازایی و زۆرداری بێ دەسەڵاتی بە لەیەکچوون دەبێتە ناوی ئەو کەسەی کە ئەو سیفاتەی لێیە وەکو:**

- ڕێوی: فێڵباز: (ڕێوی هات).
- شێر: ئازا: (شێرە کوڕ حاڵت چۆنە).
- مەڕ: غەریب و ساویلکە: (مەڕ هات).
- مەڕی بێ شوان: میللەتی بێ ساحێب.

**•ناوی چیاو ڕووبارەکان: ئەو ناوانەی کە لە مێژوو دەوریان هەبووەو بووە بە ئیدیۆم و بوویتە ناوی کوڕان و کچان لە نێو کورددا پەناگە و مەکۆی خەباتی پیرۆزی کوردایەتی بووینە بۆیە بوویتە ناوی کوردی:**

- سەفین: پشت و پەنای شۆڕشگێڕان بوو بۆ بەرگری لە خۆ کردن بۆیە بوویتە ناوی زۆر کەس.
- سیروان: ناوی کورانە
- هەندرێن: بەرخودان: شەڕی گەورەی ساڵی (١٩٦٥) لێکراو دوژمنیان لێ شکاند بووە ناوی کوردی.

– چیا: بەرگرییەکی گەورە بووە لە ژیانی نەتەوەی کورد بۆیە کورد زۆر گرنگی پێداوە لە چیرۆک و شیعر و پەخشان بوویتە ناوی کوڕان.

– نەبەز: کۆڵنەدەر لە بەرامبەر بە دوژمن.

– قەندیل: لانکەی شۆڕشی نوێ بوویتە ناوی کوران.

– هەرمان: ئەوان نەمردن و لەناو نەچوون.

– هەریاد: لە یاد.

– مەهاباد: ناوی کچانە

– ئامەد: کورانە

**•ئیدیۆم لە چیرۆکی ئەفسانەیدا کە بە ئیدیۆم زۆر گەورە دەکرێ و دەچێتە قاڵبی خەیاڵەوە**: ئەوە لە کوێر ئوغلی دا قەد و قامەتی رەیحان عارەب لە ڕادەبەدەر گەورەیە و هەموو ئیدیۆمی خەیاڵیە (کوێر ئوغلیی–ل٤٧).

– رەیحان عارەب لچێکی لە عارد و لچێکی لە هاسمان: واتە لچی زۆر گەورە بووە.

– هێندەی چنارێکی بڵێند کەڵەگەت بوو: زۆر گەورەو تەژی.

– دەستی وەک خاکەناز، چاوی وەکو فنجان بوو: واتە دەستی هەندی خاکەناز گەورەو پان و چاوی هەندی فنجان بوو.

– سێ زەلامی کەتە لەسەر شانی چوار مەشقی دانیشت بە ڕەحەتی جێگایان دەبۆوە: ناوشانی زۆر پان.

– ڕەیحان عارەب ڕەیحان عەرەب نەبوو دەعبایەک بوو بۆ خۆی: لە ڕادەبەدەر گەورە.

**•ئیدیۆم لە قارەمانی فۆلکلۆری کوردیدا هەیە و زۆربەیان ئیدیۆمن بەڵام خەیاڵین بۆ هێزی شەڕ بەکاردەهێنرێ و یا بۆ هێزی چاکە بەکاردەهێنرێ وەک:**

– نڕنایش: نەڕنەڕ ئایش: ئافرەتی پیسی ڕەنگ زەردی نەقوڵای هێسک گرانی گژنی نوری جوانی لە چاو بڕاو.

– کچی شای پەرییان: کچی جوان حەقایەتی کوردەواری.

– دێوی سپی و دێوی ڕەش: پاڵەوانی چیرۆکی بەر ئاگردانی بەهێزو بە توانا.

– ئەژدیها: ماری گەورەی خەیاڵی: (ئەژدیهای حەوت سەرت پێوەدات).

– خرکۆکی داری: پالەوان و ئازای چیرۆکی کوردی.

**•ئیدیۆم لە ئامرازی شەڕدا واتە لە چەکی شەڕدا بووە بە ئیدیۆم و مانای ئیدیۆم دەبەخشی:**

– سیلاح شکاندن: شەڕەف شکاندن: ئابروبردن.

- خەنجەری دەبانە: خاوەن هەڵوێست و پیاوانەیە.
- چەک کردن: حەیا بردن.
- شیری پشت کەندوانە: کوڕی تەنگانەیە.
- بڕ نەوەکی دەهێنا: زۆر بە قیمەت بوو : (نەیەکم هەبوو بڕنەوەکی دەهێنا).
- شیری هەوران دادینی: زۆر بە دەسەڵاتە.
- تفەنگی بە تاریکی وەدەنێ: لەخۆیەوە قسە دەکا.
- داری دەمانجەم شکایە: ١- لەبەر خاتر تۆ هیچم لەگەڵ پێ ناکرێ: ٢- مەحتەل ماوم.
- خەنجەری نەبڕ: پیاوی بێ هەڵوێست.
- ئاگر باران: گوللە باران.
- خەنجەر لە پشتەوە لێدان: بە نامەردی لێدان.
- خەنجەرە: قسەی ڕەق و ناخۆش: (قسەکانی هەموو خەنجەرە).
- شیری پشت کەندوان: یارمەتیدەرە لەکاتی تەنگانە.
- ڕمەک: بۆ کات دیاری کردن بەکاردێ: (ڕۆژ ڕمەک مابوو ئاوابێ).
- تفەنگ بە تاریکی وەمەنێ: لە خۆتەوە قسە مەکە.
- تیری عیشق دڵمی بڕی: کەوتمە داوی عەشقەوە.
- چەقوکێش: سەرسەری و خوێری.
- قامە: چەقوکێش.

**•ئیدیۆم لە هێزی مەعنەوی مرۆڤدا کە هەستی پێ دەکات بەڵام شتێکی بەرجەستە نییە بووەتە ئیدیۆم ڕەنگدانەوەی لە دڵ و دەروونندا بوونی دەبێت:**

- رووخان: ورەبەردان.
- رووخام: ورەم بەردا.
- شێر: ئازا: دلێر.
- کون لە جەرگیانەبوو: خەمی نەدەخوارد و نەدەترسا.
- زراوچوون: ترسان.
- بەزین: ورە بەردان و هەڵاتن لە مەیدانی خەبات.
- چاو قایم: ئازا.
- بە جەرگ: ئازا.
- بێ جەرگ: بێ زاخ: بێ زراو: ترسنۆک.
- پیاو: خاوەن هەڵوێست.
- کێ تەفرەی داوی بەردی لێ بارێ: واتە ئەوەی هەلی خەڵەتانیماڵوێران بێ.

- وێنەی گوڵ خۆت ئەخەملێنی: خۆت جوان دەڕازێنیەوە.
- ئاوێنەی ژینم بۆچی ئەشکێنی: بۆ لەناوم ئەبەی.
- بۆ خونچەی هیوام هەڵدەوەرێنی: بۆ نا ئومێدم ئەکەی.
- یاخوا عەمری نوحت بێ: تەمەندرێژ بی.
- جوانتر لە شیرین هەم لە خەرامان: زۆر جوان.
- ئەشقم بە وێنەی ئەشقی فەرهادە: واتە ئیشقەکەم ئیشقێکی پاکە.
- با ناحەز نەڵێن ڕەنجی بە بادە: واتە لەلای ناحەزان ڕەنج بە خەسار نەبووم.

**•ئیدیۆم لەکاتی مردنی کەسێکدا: کەسێک کە یەکێکی دەمری بۆ دڵنەوای و دڵدانەوەیان ئیدیۆمی تایبەت هەیە بەکاری دەهێنن بۆ ئەو مەبەستە:**

- خوا سێبوریتان بدات: واتە خوا ئارامی بخاتە دڵتانەوە.
- خوا سێبوری هەموو لایەکتان بدات: واتە خوا ئارامی بخاتە دڵی هەموو لایەکتان.
- دەستم شکێ: واتە زۆر بە پەرۆشم بۆی.
- گەردەنی خۆش و ئازابی: هەرچی بووە هەرچی کراوە لەگەڵ من لێی خۆش بووم.
- گەردەنی ئازاکەن: واتە لێی خۆش بن.
- ئاخیری خەمانە ئیشاڵڵا: واتە چی تر مردووتان لێ نەمرێ.
- خوا خراپترمان پیشان نەدا: واتە لەوەی خەراپتر نەیەت:

ز–ئیدیۆم بۆ پۆزهێنانەوە: لەکاتی پۆزشهێنانەوە بۆ بەرامبەر ئیدیۆمی تایبەتی بەکاردێت لە ئیدیۆمەکانی تر جودان و جیاوازن:

- لە گوڵ کاڵتری پێ ناڵێم: واتە هیچ قسەی ناخۆشی لەگەڵ ناکەین.
- هەزار مناڵ ئەکەم بە ساقەت: هەزار مندالی بە قوربانی توو دەکەم: بۆ دڵدانەوە.
- هەر تۆ دڵت نەێشی: هەر ئەتوی حێجز نەبی.
- بۆ تۆ نەبێ بۆکی باشە: واتە هەر دەیدەم بەتۆ.
- کوڕم بمری نەمزانیوە: واتە بڕوات بی نەمزانیوە.
- مناڵەکەم بە دەستی خۆت کفن کەی شتی وام بەدەما نەهاتووە: واتە بڕوا بکە قسەی وام نەکردووە.
- مەیتی من ببینی وەمنەگۆتیە: واتە ئەو قسەی دەیکەن بوختانە.
- مەیتی من بە دەستی خۆت بشۆیەوە وانییە: واتە ئەوەی دەڵێن ئەوها نییە.
- ماڵی دنیا بەقوربانی نینۆکەکی تۆ بی: واتە خەم مەخۆ مالی دوونیا هیچ نیە

دەبی: دەبێ: پێویستە: ئەبێ: وشەی ئەمرە: لە ئیدیۆم مانای پێویستی و ئەمرە هەمان واتا دەبەخشی.

١- دەبێ دڕک بم بچمە ناو چاوتان: نە یارتان بم و زەرەرم هەبێ بۆتان.
- دەبی دەردەکی بدەمێ بابەدەواری شڕی نەکردبی: واتە پێویستە زۆر ئازاری بدەم.
- دەبێ بارکەن لێرە: واتە پێویستە لێرە بڕۆن.
- دەبی وای لێ بکەم بە هەنگوینی بڵێ ژەهرە مارە: زۆری لێ دەم و ئازاری زۆر بدەم.
- دەبی مەیدان چۆل کەن: واتە ساحەی خەبات بەجێبهێڵن.
- دەبی بزانی چ دەڵێی: واتە پێویستە قسەکانت ڕێکوپێک بێ.
- دەبێ ساحەی خەبات چۆل نەکەن: واتە پێویستە هەر خەبات و تێکۆشان بکەن و نەڕۆین

**•ئیدیۆم لە بیروباوەڕدا: هەندێ بیروباوەڕی کوردەواری هەیە کە تا ئێستا ماوەو باوی هەیە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری داو زۆربەیان ئیدیۆمن:**

- ئاخیر خێر: ئەنجام باش: (هەوەل مەڕی مێگەل ئەگە نێری ببینێ، مێگەلەکە ئاخیر خێر دەبی.
- ئاوڕژان ڕووناکییە: (ئاو ڕژان بەبێ هۆ دەڵێن ڕووناکییە گوێی مەدەرێ).
- ئاو و گڵ: (مردوو لە هەرجێیەکی مرد دەبێ لەوێ بنێژرێ).
- ئال بردیەوە: ژنی زەیستان کە لەسەر چلە بمرێ.
- ئاوی دەستنوێژێ گوناحی پێ هەڵدەوەرێ: گوناحی بچووک بە ئاوی دەستنوێژ دەڕوات: واتە گوناحی گچکە بۆت حساب ناکرێ.
- ئاوێک حەوت پشکەڵان دەگەڵ خۆی ببات پیس نابێ: واتە ئاو کە ڕۆیشت پیس نییە.
- دەوری حەزرەتی مەهدی گورگ مەڕ پێکەوە ئاوی دەخۆنەوە: ئاشتی و ئاسودەییە

م-ئیدیۆم لەکاتی سوێند خواردندا: زۆر ئیدیۆم بۆ سوێند خواردن بەکاردەهێنرێ کە زۆربەیان ئیدیۆمن:

- بەو کەسەی کە کەس لە ڕەنگی نییە: واتە بە خوای.
- بە گۆڕی جوانە مەرگی: واتە بە قەبری جوانەمەرگی.
- بە گۆڕی دایکم: بەو قەبرەی کە دایکم تێچووە.
- بەو خوایەی خوایەتی دەکات: واتە ڕاستی دەڵێم.

**•-ئیدیۆم لە دركاندنی ناڕاستەوخۆ**: بریتییە لەو ئیدیۆمانەی کە ژن زۆر بە شەرمەوە قسە لەگەڵ پیاو دەکات و وەک پەردەیەک بۆ خۆشەویستی بەکاری دەهێنی.

- دڵیان بە یەکەوەیە: یەکتریان خۆشدەوێ.
- دڵیان چوویتە یەک: یەکتریان خۆشدەوێ.
- هەتیوەکە دڵی بە چەتیوەکەیە: واتە خۆشی دەوێ.
- بە دڵیا چووە: خۆشی دەوێ.

– دڵی دەهێنا: حەزی لێ دەکرد: خۆشی دەویست.
**•ئیدیۆم بە لە یەکچوون بارستایی دوو شت دیاری دەکات کە هەندی یەک بن. یان بڵێن بە قەد یەکن کە بە وشەی (هەندی: بەقەد: بەقەدەر: بەئەندازەی: بەبارستایی) ئەو دوو شتە روون دەکاتەوە مانای مەبەست دیاری دەکات:**
– هەندی فیلێک: بەقەدەر فیلێک: بە ئەندازەی فیلێک: زۆر گەورە (بەردی دیواری قەلا هەریەکەیان هەندی فیلێک دەبوون).
– هەندی رەشکەی کای: بەقەد ڕەشکەی کای: (هەندی ڕەشکەی کای ئەستوور ببوو).
– بەقەدەر سەری دەرزی: زۆر کەم: (بەقەدەر سەری دەرزی گلەیی لەتۆ نییە).
– هەندی دەنکە نۆکەکی: بەئەندازەی دەنکە نۆکێک: (قونێرەکی لە گێی هاتبوو هەندی دەنکە نۆکەکی ب–و).
– هەندی هیزەکی: بە بارستایی هیزەکی: (سەری هەندی هیزەکی لێهات).
– بەقەد ئەو کێوە: هەندی ئەو کێوە: (بەقەد ئەو کێوە خەم لە دڵم بارە).
**•ئیدیۆم لە پلەو پایەی مرۆڤدا: حاجی ئەحمەد هەبوو لە سلێمانی پیاوێکی نەخوێندەوار و قسە نەستەق بوو قسەکانی بە دانسقە ئەشیان:** پیاوی ئەکردە چوار بەش (بە مەجاز) (رشتە– ل٨٥٣).
**– بەشی یەکەم:** هەیە پیاوی کوڕی پیاو: مرۆڤی چاک و زۆر باش و لە باوکەوە چاک و باش.
**– بەشی دووەم:** پیاوی کوڕی سەگ: مرۆڤی باشی بەڵام باوکی خەراپ و نەگونجاو.
**– بەشی سێیەم:** سەگی کوڕی پیاو: مرۆڤی خەراپی بەڵام باوک باش.
**– بەشی چوارەم:** سەگی کوڕی سەگ: مرۆڤی خەراپی نەگونجاوی باوک خەراپی نەگونجاو: واتە باوک و کوڕ خەراپ.
– پلە زارێش دەیگوت: (لە وەلیان دەبی پەلی لە پەلیان دەبی وەلی): لە مرۆڤی باش مرۆڤی خەراپ ئیجاد دەبی و لە مرۆڤی خەراپیش مرۆڤی باش پەیدا دەبی.
**•ئیدیۆم لە نەخۆشی دا: هەندێ نەخۆشی ترسناک هەیە کە ناوی نابەن بەڵکو ئیدیۆمی بۆ بەکاردێنن چونکە ئەو نەخۆشیانە هێزێکی ڕەشی تێدایە:**
– دەعباکە: دوابڕاوەکە: دەردە پیسەکە: هەرامەکە: بۆ نەخۆشی (سیل) بەکاردەهات.
– دەردەپیسە: بۆ نەخۆشی سەرەتانیش بەکاردێ.
– دەردەپیسەکەی تی: سەرەتانی تی.
– دەردەپیسەکەی بوو: سەرتانی بوو.
– دەردەپیسەکە نەبی: سەرەتان نەبی.

**•ئیدیۆم لە شیعردا**

- شیعر کوردی فۆلکلۆر و شیعری شاعیران پڕە لە ئیدیۆمی پڕ چێژ و بەتام، کە لە دێرە شیعرەکەدا مانای ئیدیۆمەکە سەد دەر سەد دەدات بە دەستەوە وەک:

- ئاورێک لە جەرگم بەربووە بە کەس ناکوژێتەوە: ئەوەندە بێ ئارامم کەس ناتوانی تەسکینی دڵم بدات.

- ئەرێ بمدەرێ ماچی دەبا نۆش بێتە سەردەی: واتە ڕاڕامەبە چۆن بووە ئاوام لەگەڵ بکە.

- لەلای خەڵکی بەهارە (جوانی) بۆ من خەزەل وەرێنە: لەلای خەڵکی خۆشییە بۆ من ناخۆشییە.

- کافری بێ دین و ئیمان، بۆ منت وەلاناوە: بێ ویژدانی بێ دین بۆ چ گرنگی بەمن نادەی.

- عەمرو چاوەکم ڕابی: ئازیزەکەم ڕابی.

- قەدی دەڵێی شمشالە: قەدی باریکە.

- سفیدەی کفن باڵاپۆشم بی: واتە بمرم.

- گۆشەی دڵ لەلای کێ بکەمەوە: سکاڵای خۆم لای کێ باس کەم.

- داوم کەوتۆتە داوی: من نام بێ نەجات: داوم لە داوی ئاڵایە.

- گەردەن وەک شمشاڵ پەنجە بلوری: گەردەن باریک راست و پەنجەی سپی و ناسک.

٦ تەباخ ١٩٢٣. د دەرهەقا قەزایا کوردستانێ دە بریار: ژ سەرێ چیایێ موورۆڤ هەتا چیایێن ئالاقایێ و لیساگۆرسک و جامین-کویوم، ژ ڤرێ هەتا باگیربەیلی، ژ ئالیێ قەزایا جەبراییلێ بەر ب ژێر هەتا چەمێ هەکاری، هەتا گوندێ ئەفەندیلەر، گوندێ ئاگاڤیورد،یێ ئۆنزیراک، چیایێ دەلیداگ، دەڤەگۆزو... دێباژار گوندێ پیرجاهان.

٨ جۆتمەھ ١٩٢٣. بریار: ژ بۆ دەمەکێ برا شووشا ببە دێباژارا قەزایا کوردستانێ هەتا کو دێباژەرەکی نوو چێ ببە.

تیرمەھ-ئیلۆن ١٩٢٣. ل کۆمارا ئازەربایجانێ ١٥ قەزا تێن ساز کرن: ئاخدام، ئاخداش، باکوو، جەبرایل، قازاخ، کووبا، کوردستان، گەنجە، گۆیچای، لەنکەران، نووخا، سالیان، شاماخی، شامخۆر و زاکاتالا.

د ٨.١٠. ١٩٢٣ ان دە دێباژارا (ناڤەندا) باژارێ قەزایا کوردستانێ بوو لاچین. هەتانی وی چاخی ل کوردستانا ئازەربایجانێ ب ناڤێ لاچین تو گوند تونەبوو. لێ ل ناڤبەندا قەزایا کوردستانێ ب ناڤێ ئابدالار گوندەک هەبوو. بریار تێ دایین کو ئەڤ گوند ببە دێباژارێ کوردستانێ. لێ تێ گۆتن ناڤێ وێ نەخوەشە. ل ژۆرا گوند زنارەکی مەزن هەیە کو ناڤێ وی لاچینە. ناڤێ ڤی زناری ل گوند داتینن و ئابدالار دبە لاچین. زوو زووکا لاچین ئابان دکن، ئاڤاهیان چێدکن و سازوومانیەک مەزن ئاڤا دکن. وێ سالێ، یانی سالا ١٩٢٤ ان گوندێ لاچین دبە باژارێ لاچین و دبە دێباژارێ کوردستانێ.

د سالا ١٩٢٦ ان دە ل باژارێ لاچینێ ٤٣٨ مرۆڤ هەبوون. ژ وان ٣٣٩ کەس مێر، ٩٩ کەس ژی ژن بوون. وێ دەمێ ل قەزایێ دایرە (ب رووسی ئۆکرووک) هەبوونە. د ناڤا قەزایا کوردستانێ دە هەژمارا دایرەیان ٩ بوونە.

د سالا ١٩٢٦ ان دە نفووسا کۆمارا ئازەربایجانێ تێ هەژمارتن و د دەرهەقا ڤان هەژماران دە ل تیفلیسێ پرتووکەک تێ چاپکرن. د ڤێ پرتووکێ دە ل سەر کوردان ب کورتاهی وها تێ نڤیسین: ل قەزایا کوردستانێ ٤٧٩ گوند و باژارەک هەیە. هەژمارا

نفووسێ ب گشتی ٥١ ٤٢٦ن. ژ سەدی ٧٢،٣ ڤان کورد و ژ سەدی ٢٦،٧ ترکن. وێ چاخێ ل کوردستانێ هەژمارا کوردان ٣٧ ١٨٢ (١٩ ١٦٠ مێر و ١٨ ٠٢٢ ژن)،یا ترکان ژی ١٣ ٧٤٥ (٧١٥٢ مێر و ٦٦٠٣ ژن)ن.

مە ل ژۆر گۆت کو ل جیێ قەزایا کوردستانێ چار نەهیە سازوومان بوون. نها ژی ئەم د دەرهەقا وان دە ئاگاهداری بدن:

لاچین: (ناڤێ لاچین ژ ناڤێ زنارەکی هاتیە هلانین و ئەو ژی ناڤێ تەیرەکییە.)

ل سەر ئاخا لاچینێ گەلەک بیرداری (پەیکەر)، چالخانە (توربە)، مەبوود (مزگەفت، دێر)، مەسجید وییێن مایین هەنە. ئەم ژ ڤان دکارن ل گوندێ گولەبیردێ چالخانە ژ سەدسالا پێنجان، ل گوندێ جیجیملی مەبوودێ مەلەک ئەژدەر ژ سەدسالا ٦ ان، ل گوندێ هۆچازێ مەبوود و شکەفت ژ سەدسالا ٥ ان، ل گوندێ زێیڤە قەلەیا کافر ژ سەدسالا ١٧عان و مەبوودا باپیرێ سۆلتان ژ سەدسالا ١٩ ان، ل گوندێ قاریقشلاخێ مەسجید ژ سالا ١٧٦١عان، ل هێلا چەمێ ئاخۆگلان مەبوود ژ سەدسالا ١٩ ان و پرا چەمێ هەکاری ژی ژ سەدسالا ١٧ ان بناڤ بکن.

کەلبەجەر: (کاڤل، وێران؛ باژار، یانی «باژارێ وێران)

ل کەلبەجەرێ ژی بیرداریێن کەڤن گەلەکن. ژ ڤان تەسڤیرا تاتان بەری زاینێ سێ هەزار سال کەڤنە. هەر وها نێزیکی گوندێ قانلیکەند کەلەیا لۆک ژ سەدسالا ١٢عان، نێزی گوندێ ئۆرتا قەرەچانلی کەلەیا قەرەچانلی (ئوولووخان) ژ سەدسالا ١١-١٢عان، نێزی گوندێ پیرلەر و جۆمەردێ کەلەیا جۆمەردێ ژ سەدسالا ١١عان، نێزی گوندێ قالابۆینوو کەلەیا قالابۆینوویێ ژ سەدسالا ڵعان، ل گوندێ شۆربوولاقێ بیرداریا خوەدێدان ژ سەدسالێن ٤-٥ و ١٢-١٣عان، ل گوندێن زار، چەپلی، تەکەقایا، ئاخجاکەند، مۆز، فەتالار و نێزی گوندێن نادیرخانلی، مۆلابایراملی، باخلپەیە وییێن مایین ژی گەلەک بیرداریێن قەدیمی هەنە.

ناڤێ نەهیە هەتا کەنگێ گوند بوویە کەنگێ بوویە نەهیە کەنگی بوویە باژێر؟ کەنگێ ناڤێ باژێر ستەندیە هەژمارا گوندان ئاگارێ (ئەردێ) وی (کم٢) ژ باکوویێ دووربون (کم) ناڤێ ئیستاس. ریا هەسن و دووربوون (کم)

لاچین (ئابدالار) ١٩٢٣ ٠٨.٠٨.١٩٣٠ ١٠.٠٨.١٩٢٣ ١٤٣ ١٨٣٥ ٤٤٣

خانکەندی، ٤٩ ئاخدام، ٧٠

کەلبەجەر ١٩٦٠ ٠٨.٠٨.١٩٣٠ ٢١.١١.١٩٦٠ ١٩٨١ ١٢٣ ١٩٣٦ ٤٥٨ ییڤلاخ، ١٦٥
زەنگلان (هەتا سالا ١٩٥٧ پیرجڤان ١٩٥٦ ٠٨.٠٨.١٩٣٠ ١٩٥٧ ١٩٦٧
٩٣ ٧٠٧ ٣٧٧ پیرجیڤان، ٠
قووبادلی ١٩٦١ ١٤.٠٣.١٩٣٣ ١٩٦٢ ١٠١ ٨٠٢ ٣٨٧
ئاکارا، ٣٥

زەنگلان: ل دەر–دۆرا ئاخا نەهیەیا زەنگلانێ ژی بیرداریێن کەڤن هەنە.
قووبادلی: (قووباد ناڤێ میرەکی کوردە.)

ل گەلیێ گاڤوور شکەفەت و مەبوود ژ ئێ سەدسالا ٤عان، ل گوندێ مووڕادخانلی کەلەیا قالالی ژ سەدسالا ٥عان، ل گوندێ ئەلیقوولووووشاخی کەلەیا هێشین ژ سەدسالا ٥عان، ل گوندێ دەمیرجیلەر ٢ مەبوود ژ سەدسالا ١٤عان و ل دەشتا یازی ژی مەبوودا جاڤاشیر وییێن مایین هەنە.

ل هەر چار نەهیەیان، ل باژار و گوندان دبستانێن پێشایی، هەشتسالی و دەهسالی، دبستانێن موزیکێ، چەند بیمارخانە مەنتەگەیێن فەلدشێر–مامان، پرتووکخانە، کلووب و مالێن چاند، دەرگووشخانە، دبستانێن پێزا (پیشە)، زاڤۆدێن ئاسفالت و بەتۆن،ێن روون و پەنیر، داگەرییێن (ئیدارەیێن) دارستانی، هەیوان ژێرکرن، تێخنیکا، پلان و ئابۆری، مەیشەت، مەلهەبوونا گوندیتیێ، دۆختۆری، ئاڤ، ئاڤتۆ و ئۆتۆبێس، بەیتاری، فووتن، پرەکێشی، خانی چێکرداری، زاینخانە، ئابۆری وییێن ماین هەبوون. جینارێن مەیی ئەرمەنی گشکان وێران کرنە. بەلێ ئەڤ کۆنجالەکە گران و یەمانە.

تەنێ ل سەر ئاخا نەهیەیا ٣٠ ٠٠٠ کانییێن جەمدی، ژ سەدی زێدەتر ئاڤێن نارزان (ترش) ١٧ ئاڤێن گەرم هەنە. ئاڤگەرم ل کەلبەجەرێ کیرۆتەکی ئەیان بوو. ل چیاییێن کەلبەجەر ژ ٤ هەزار زێدەتر تەسڤیرێن تەهت (زنار) ژ دیرۆکا قەدیم خەبەر ددا. مە ل سەر ڤان تەهتان تەسڤیرێن دینازۆر، بزن، گاکوڤی، گۆڤەند، رۆژ و هیڤ، تەسڤیرێن نێچیرڤانتیێ و تشتێن مایین دیتبوو.

مە ل ژۆر گۆت کو ل ئازەربایجانێ ١٥ قەزا هاتبوون چێکرن. د سالا ١٩٢٩عان دە ل ئازەربایجانێ چقاس قەزا هەبوون، گشکا ئەفال (لەخوو) کرن و د جیێ وان دە نەهیەیان چێدکن. ل جییێن قەزایا کوردستانێ ژی وی چاخی چار نەهیەیێن ژێرین

سازوومان کرن: لاچین، قووباتلی، کەلبەجەر و زەنگلان. هنەک گوندێن کورد ژی ل نەهیەیا جەبرایل مانە. ناخچڤان مینا کۆمارەکە موختار، قەرەباخێ چیایی مینا ویلایەتەکە موختار ل جیێن خوە دمینن.

بەلێ د سالا ١٩٢٩عان دە نە تەنێ قەزایا کوردستانێ، لێ ئازەربایجانێ چقاس هەبوون گشکان لەخوو دکن. پاشێ ل باژارێ شووشا تەخنیکۆم (زانیاریا ناڤین) ڤەدکن و ل وێدەرێ دەرسدارێن زمانێ کوردی ئامادە دکن. لێ سەد هەیف کو پاشێ ل وێ تەخنیکۆمێ مامۆستەیێن زمانێ کوردی ئامادە نەکرن. هەتا سالا ١٩٣٨عان ل دبستانێن پێشایی ب زمانێ کوردی دەرس دانە. پاشێ دەرسا زمانێ کوردی ژ ئۆرتێ رابوویە و د پاساپۆرتان دە ناڤێ کوردی نەهاتیە نڤیسین.

دڤێ ئەم بزانن کو ل پایتەختا ئازەربایجانێ باکوویێ دبستانێن ب رووسی، ژیێن ئازەری پڕ زێدەتر بوون. ئیرۆ ل ئەرمەنستانێ و ل جیێن جهێ د دەرهەقا قەزایا کوردستانێ دە دنڤسینن و دپرسن کا ئەڤ قەزا چما ژ نوو ڤە نایێ ئاڤاکرن؟ وەرن ئەم ل سەر بەرسیڤا ڤێ پرسێ راوەستن. ژ بۆ کو قەزایا کوردستانێ ژ نوو ڤە سازوومان بکن، پێویستە کو ١٥ قەزایێن ئازەربایجانێ کو ئەڤ ٦٧ سالان تونە نە، ژ نوو ڤە گشکان سازوومان بکن. هەر وها پێویستە کو ل ئازەربایجانێ چ نەهیە هەنە بێتن لەخووکرن و ل جیێن وان دیسا ١٥ قەزەیێن بەرەینی ژ نوو ڤە بێن تەشکیلکرن. ئەز پرس دکم: کی کارێ وسا دکە؟ پێشنەیارییێن وسان ب چ تەهەری ب سەر دکەڤن؟ کیژان وەلات رازیبوونا خوە ژ تشتەکی وسان رە ددە؟

باپیرێن مە گۆتنە: «هوور بهزرە، کوور بهزرە و دوور بهزرە!» رامانێن مینا ڤان پێشنەیاران ڤالایە. ئەڤ یەک،یا دودو: ل ئازەربایجانێ چقاس نەهیەیێن کورد هەبوون، تەڤ ژ تەرەف ئەرمەنیستانێ ڤە هاتنە زەفتکرن. ئەرمەنیستانێ کوردان ژ ناڤ خوە قەوتاندیە؛ کوردێن ئازەربایجانێ ژ جیێن خوە بار کرنە و تو کورد ل جیێ خوە نەمایە. ژ لەورە ژی چ گلیێن کوردستانا سۆر، کیژان قەزایا کوردستانێیە ئەز تێ ناگەهم. ئەڤ گلییەکی ڤالایە و ب قلێرە.

ل وەلاتێن دەرڤە، ل کوردستانێ شەر، براکوژی، د ناڤا دو برایان دە – مەسوود بارزانی و جەلال تالابانی نەیارتیێ سازوومان دکن. کیژان کورد مافێ خوە دخوازە، وی گولەباران دکن. نها ژی جەهد دکن کو ل ئازەربایجانێ دژمنتیا کوردان چێکن. نا؛ ئەڤ جەهدەکە بێ مەرامە، بێ فەیدەیە.

ئەز دیسا دبێژم، ل ئازەربایجانێ پرۆبلەمێن کوردان هەنە. کوردێن ئازەربایجانێ ژ زووڤا ژ کوردستانێ قەتیانە، لەوما ژی زمانێ خوە وەندا کرنە. ژ بۆ دەرسداینێ مامۆستەیێن کورد تونە نە. ئەم تەڤ رەڤۆکن. ئابۆریا مە پڕ قەلسە. جینارێن مە ئەرمەنی هێ ژی ژ جیێن مە دەرنەکەتنە. مە تەڤان مینا برا جیناریا ئەرمەنیان دکر. یەک کوردەک تونە بوو کو ل ئەرمەنیستانێ و ل قەرەباخێ چیایی کریڤەکی وی تونەبە. لێ جینارێن مە مخەننەتی (خاینتی) کرن و وارێن مە ب بەیانی گرتن.

هوون دزانن کو سەرۆکێ کۆمارا مە هەیدەر ئەلیەڤ دخوازە کو ناڤبەرا ئازەربایجان و ئەرمەنیستانێ ب ریا ئاشتی هەل ببە. ئەو دبێژە کو دەمەکێ د ناڤبەرا ئەلمانیایێ و سۆڤیەتستانێ دە شەرەکی مەزن بووبوو؛ لێ نها هەردو دەولەت دۆستانی دکن. ئەرمەنیستان جینارێ مەیە. ریا راستی ئاشتی و دۆستانییە. ئەم ل ئەرمەنیستانێ ژی پێشنەیارەکە وسان دکن.

ڤان سالێن داوی ژ بۆ پێشدەچووینا چاندا کوردێن ئازەربایجانێ ب ئالیکاریا هـ ئەلیەڤ گەلەک خەبات هاتیە کرن. نها ل کۆمارا ئازەربایجانێ ناڤەندا چاندا کوردی هەیە. ئەم د رادیۆیا دەولەتا ئازەربایجانێ دە ب زمانێ کوردی دەنگوورباس، مووزیک و خـەبـەران گـوهداری دکـن. دو رۆمانێن ئـەهمـەدێ هەپـۆ، فەرهەنگا خەبەردان و ئالفابەیا بایرامێ فەتی، پرتووکێن هەلبەستڤانێن باریێ بالا، قادرێ مۆتی رۆنایی دیتیە. پتووکەکە زومروت شەفییەڤا ب ناڤێ «پۆییێماییێن کورد» چاپ بوویە. د ڤان رۆژان دە ئەم دێ فەرهەنگا مەزن، «فەرهەنگا کوردی-ئازەری» ببینن. ڤێ فەرهەنگێ شامیلێ سەلیم و مەهمەدێ هەسۆ ئامادە کرنە. پار مە ب ئاکادەمیێ و نڤیسکارێن ئازەربایجانی رە ٣٠٠ سالیا «مەم و زین»ا ئەهمەدێ خانی ب شاهیەکە مەزن پیرۆز کر. ئەم هەرسـال جەژنا نـەورۆزێ ل جیهەکی مەزن پیرۆز دکن. گەلەک پرتووکێن مە کو چاپ بوونە خوە ددن بەر چاڤان. وەک مینا «فەرهەنگا ئازەری-کوردی»، «فەرهەنگا کوردی-ئازەری، «فەرهەنگا باشووڤەندێ (قافیە، مشارە) زمانێ کوردی»، ب زمانێ ئازەری «شێخێ سەنانێ»ا فەقیێ تەیران، «بەرهەڤۆکا هەلبەستڤانێن کورد» وییێن مایین چاپ بوونە. لێ سەد مخابن کو ژ بۆ چاپکرنا ڤان پرتووکان پەرە و کۆمپیتەرێن مە تونە نە. وێ رۆژەک بێ کو هەر تشت بسەرکەڤە. ب دەستوورا وە ئەز دخوازم ڤێ گۆتارا خوە ب هەلبەستەکە خوەیی بچووک خەلاس بکم:

چیە چار
ئەمانە، قەت مەکشینن
هوون ل بال من ناڤێ چار.
چیە چار؟
بۆ کوردستان مار، ئەشمار!
چیە چار؟
بۆ کوردستان گورەک هار!
کۆنجال، تاژان و مەجار!
سەدان سالن چار بوویە
بۆنا کوردێن کۆلێدار!
قەری-قەری کریە
وەلاتەکی ب چار پار،
ل وار مایە کورد بێوار.
چار چیە؟
بۆ کوردستان ئاخ و زار!
هم بماری، هم بێتار،
ئەم نێچیرن، چار-رەوکار!
چیە چار؟
کوورەیەک ب ئاگر، ئار!
شەوتاندیە کوردستان،
بوویە وێران، تار و مار!
کوردنۆ، رابن هوون پەک-پەک،
خەتێن چەپان ببرن،
بلا ئەڤ چار ببە یەک!
بلا ئەڤ چار ببە یەک!
کۆڤارا چرا ٩ / ١٩٩٧

• **شاميلێ سەليم ئەسگەر (شاميل ئەسكەرۆڤ، شاميل دەليداخ)**

زانياريا بەرەندامى و دكتۆريێ كنياز ميرزەيەڤ ل ئازەربايجانێ ممكون (ميياسەر) بوو.

د دەما يەكيتيا سۆڤيەتێ دە ب زمانێ ئازەرى د دەرهەقا كوردان دە گەلەك پرتووک و نڤسێن مايين ل بازارێ باكوويێ چاپ بوون. ژ وان؛

١. بەرهەڤۆكا نڤيسكارێن كورد.

٢. د دەرهەقا عەبدولا گۆران (حوسەين كوردۆگلو) ٣. د دەرهەقا جەگەرخوين (شاميل ئەسگەرۆڤ)

٣. د دەرهەقا جەگەرخوين (شاميل ئەسگەرۆڤ)

٤. پرتوكا ئەبدورەهمان هەژار، «كورد ناخمەلەر (كلامێن كورد)

٥. پرتوكا ئەحمەدێ خانى مەم و زن»، (وەرگەر شامل ئەسگەرۆڤ)

٦. بەرهەڤۆكا نڤێسكارەن گورجستانێ، «سئمال كولەى» (بايە باكورە)

٧. پرتوكا ئەرەب سئاملۆڤ «كورد جئۆبان» (سئڤانە كورد)

٨. پرتوكا د دەرهەقا شەرەفنامە»يا شەرەفخانى بدليسى(شەمس)

٩. عەبدولرەحمان «ئەترام» (وەرگەر شامل ئەسگەرۆڤ)

١٠. د دەرهەقا ئەلاقەين ويژەييا ئازور و كورد (ئازەربايجان-كورد ئەدەب ئەلاقەلەرى)، دو پرتوكين كنياز ميرزۆيەڤ وين ماين.

* ژ ئاليێ ئەنستيتويا كورديا قەفقاسيايێ ڤە وەک دۆسيايا وۆرد هاتيە ئامادەكرن و ل سەر گۆتارێ

هن سەرەراستكرن و زەلالكرن هاتن كرن.

# چەند هەڵەیەکی ڕێنووسی

دلاوەر شێخ مەحەمەد

بۆ ئەوەی ڕاست بنووسین، پێویستە خۆمان شارەزا بکەین لە زمانەکەمان و بەڕاستترین شێوەی نووسین خۆمان ڕابێنین، چونکە پەیڕەونەکردنی ڕاستنووسین و ڕێکنووسین و جواننووسینی ڕێنووس و خاڵبەندی، لە میدیای کوردی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تابلۆ و پەرتووکەکاندا بۆ ئێستا و ئایندەی زمانەکەمان کارێکی ترسناکە و دەبێت تا زووە ئەم هەڵانە چارەسەر بکرێن.

### چەمک و پێناسەی ڕێنووس

لە زمانی کوردیدا زاراوەی ڕێنووس لە ڕووی ڕۆنانەوە، وشەیەکی لێکدراوە، کە لە وشەی سادەی (ڕێ) و ڕەگی کاری(نووس) پێکهاتووە، بە هەردووکیان وشەی لێکدراوی (ڕێنووس)یان دروست کردووە، لێرەدا وشەی (ڕێ) بە واتای (ڕێگا) دێت و ڕەگی کاری (نووس)، کە لە چاوگی (نووسین)ەوە هاتووە، واتە وشەکە (ڕێگای نووسین) یان (ڕێبازی نووسین) یان (شێوازی نووسین) دەگەینێت، کە مەبەست لە ( ڕێگای نووسین)یش یاساو ڕێسا و شێوازەکانی نووسین دەگرێتەوە.

### خاڵبەندیی چییە؟

خاڵبەندیی: لە پاڵ نووسیندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە بەهۆی ئەو نیشانە و هێمایانەی، کە لە زانستی خاڵبەندیدا هەن، دەتوانین بە ئاسانی نووسینەکە بخوێنینەوە.

لێرەدا چەند باس و بابەتێکمان خستۆتەڕوو لەو هەڵانەی، کە هەن لە میدیای کوردی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تابلۆ و پەرتووکەکانی میتۆدیی خوێندندا، بۆیە بە پێویستمان زانیوە، لەسەریان بنووسین و بڵێین: ئایا ئەو هەڵانە لەکوێدان و چارەسەرەکەیان لە چیدایە؟

ئێمە لەو باس و بابەتانە لە پاڵ ئەو هەڵانەی، کە دەکرێن توانیمانە ڕاستیان بکەینەوە و چارەسەرێکمان بۆ بدۆزیوەتەوە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی ئیتر ئەو هەڵانە ڕاست بکرێنەوە و هەروا بە ئاسانیش بەردەوامی پێنەدرێ و تێنەپەڕێ بەسەرماندا.

### من میوانێکی ڕەزا قوڕسم

بە ڕێگەدا بڕۆم بەنێو شەقامەکانی شار، کۆچە و کۆڵان، لە پێش دەزگە و تابلۆی هەڵواسراو، لەنێو لاپەڕەی پەڕتووک، دەکەومە نێو دوو پیتی بزوێن وەک پیتی ناوبەند، یان (ئامرازی دانەپاڵ)، ئەم بەیانییە لە بەرنامەی (بەیانی نیشتمان) میوانم لە کەناڵی (العراقية)ی بەشی کوردی...

- فەرموو مامۆستا دەست پێ بکەین؟
- نەخێر!
- بۆچی؟
- جارێ ئەمە ڕاست بکەنەوە، ئینجا با دەست پێ بکەین.
- چی ڕاست بکەینەوە؟
- ناونیشانی بەرنامەکە.
+ بەیانــی نیشتمان، هــەڵــەیە.
+ بەیانـیی نیشتمان، ڕاستە.

وشەی (بەیانی)، کە لێرەدا ناوی کاتە و کۆتایی بە پیتی (ی) هاتووە، بۆ ئەوەی (گرێیەکی ناوی) دروست بکرێ و ببێت بە دیارخراو، پێویستیی بە (ی) ئامرازی دانەپاڵە بۆ ناوی دوای خۆی، کە دەبێت بە (دیارخەر).

هەموو ئەو وشانەی کۆتاییان بە (ی) هاتووە، دەبێت بە دوو(ی) بنووسرێن، کاتێک دەکرێن بە دیارخراو، یان ئامرازێک دەخرێتە سەر، یان پێویستیی بە پیتی ناوبەند دەبێت وەک: ماسی + ی + گەورە = ماسیی گەورە

یاری+ ی + خۆش = یاریی خۆش

بەم دەستوورە:

ناو + ئامرازی دانەپاڵ + هاوەڵناو

ماسی + ی + (تۆ، هەردی) = ماسیی تۆ، هەردی

یاری + ی + هەولێر = یاریی هەولێر

بەم دەستوورە:

ناو + ئامرازی دانەپاڵ + (جێناو، ناو)

ماسی + ی + (ەک،...) = ماسییەک

یاری + ی + (ەک، ...) = یارییەک

بەم دەستوورە:

ناو + پیتی ناوبەند + ئامراز

نەنووسینی ئامرازی دانەپاڵ و پیتی ناوبەند لە نووسینی ئێستای زمانی کوردیماندا بۆتە کێشەیەک و دەبێ نووسەران و لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەت ئەکادیمیای کوردی و یەکێتیی نووسەران و خەمخۆر و پسپۆڕانی زمان و شارەزایانی زمانەوانی لەو بابەتە لە هەوڵی بەردەوامدا بن و کاریی بۆ بکەن.

- لە کۆتایی بەرنامەکە پێیانم گوت: ببوورن من میوانێکی ڕەزا قورسم!

ئایا لە چاوگی (بوون) کە کاری داخوازی دروستدەبێت؟ کارەکە هەر بە ناتەواوی دەمێنێتەوە؟

ئایە چۆن لە چاوگی بوون و هەبوون بۆ خاوەندارێتی و (وجوو) بوون, کاری ڕابردووی بەردەوام دروستدەبێت؟

کاتێ کاری چاوگی (بوون)، دەکرێ بە داخوازی، ئەوا کاری ناتەواوی خۆی لە دەست دەدات و دەبێت بە کارێکی تەواو، بەڵام لە ڕووی کاریگەرییەوە هەر بە تێنەپەڕی دەمێنێتەوە.

وەک/ ببە بە مامۆستا.

ببە: کاری داخوازی، تێنەپەڕە.

بۆ خاوەندارێتی، دەتوانین ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام دروست بکەین.

پارەم هەبوو.

دەبێتە/ پارەم دەبوو.

بۆ وجودیش (بوون) دیسان دەتوانین ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام دروست بکەین.

پارە لە بانک هەبوو.

دەبێتە/ پارە لە بانک دەبوو.

***

**چاوگی (هەبوون) جیاوازە لە چاوگی (بوون).**

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو بابەتەیە، کە لە پەڕتووکی پۆلی١٢ هەیە لە بەشی ڕێزمان، بەناوی کاری چاوگی بوون(هەبوون).

دەمەوێ لایەنی زانستیی ئەم بابەتە باس بکەم، هەڵبەتە بۆ ئەو مامۆستایانەی، کە بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەگەن بە ڕاستیی زانستی با بۆ ئەوان ڕوونکردنەوەی دیوی ڕاستی و حەقیقەتی بابەتەکە بێت، بۆ ئەوانەی تر، کە لێژنەی پەڕتووکەکەن دەڵێن: جیاواز نین با جێی تێڕامان بێت، ئەگەر وانییە با وەڵامم بدەنەوە، بابەتەکە وەک میتۆد ڕوونکراوەتەوە، کە دەڵێت: لە کاری چاوگی بوون(هەبوون) کاری تەواوی تێپەڕ و تەواوی تێنەپەڕ و کاری یاریدەدەر و کاری ناتەواو درووست دەکرێ، تا ئێرە وەک میتۆد با هیچ قسەی لێ نەکەم، بەڵام وەرن هەرچی مامۆستایانی ئەکادیمی پلەی دکتۆرا و پڕۆفیسۆریشن بە ئەوانەی بە قەد تەمەنی من خزمەتی زمانی کوردییان کردووە و ئەوانەی ئێستاش خەریکی لێکۆڵینەوەن و شتی زۆر

باش باس دەکەن، پێم بڵێن یان خۆیان لەو زانستە زمانییە بدەن، کە چاوگی بوون و (هەبوون) یەک شتن؟

من دەڵێم یەک شت نین و جیاوازن، بۆتان دەسەلمێنم ئەم دوو چاوگە وەک ئەرزو ئاسمان لێکترەوە دوورن، بەڵام لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە کە پێداچوونەوەی دووەمیان کردووە بۆ پەڕتووکەکە ئەم بابەتەیان بە شێوەیەکی زانستی باس نەکردووە و هەردوو چاوگەکەیان وەک یەک چاوگ باس کردووە، لام وایە وانییە.

لێرەوە با بچینە ناو بابەتەکە و بەم خاڵانە ڕوون بکەینەوە:

- لە چاوگی (هەبوون)دا بە هیچ شێوەیەک کاری ناتەواو درووست نابێت، بەڵگەش بۆ ڕابردوو و ڕانەبردووی ئێستا هەرگیز خۆی نادات بەدەستەوە ئازایانە بەرگری دەکات، بەڵام بۆ ڕانەبردووی داهاتوو شێوە و ڕووخساری خۆی دەگۆڕێ، ئەمەش هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، کە بووەتە کاری ناتەواو.

- لە کاری (هەبوون) ناتوانین کاری یاریدەدەریش درووست بکەین، بەهەمان ئەو بەڵگەی لە خاڵی (١) هاتووە.

٣- لە چاوگی (هەبوون) ناتوانین کاری تەواوی تێپەڕ بە مانای (منداڵبوون)یش درووست بکەین.

٤- لە چاوگی (هەبوون) ناتوانین کاری تەواوی تێنەپەڕ جگەلە (الوجود) بوون درووست بکەین.

پێچەوانەی ئەوانە، دەتوانین لە چاوگی (بوون) کاری یاریدەدەر و کاری ناتەواویش درووست بکەین،

دەتوانین کاری تەواوی تێپەڕ بەمانای (منداڵبوون) و تەواوی تێنەپەڕ درووست بکەین، جگەلە (الوجود) بوون.

**نموونەکان:-**

١- ڕستەی: ئەو زیرەکە.(بوو، دەبێت).

هیچ گومانی تێدا نییە، ئەم سێ کارە لە چاوگی (بوون)ن و حاشا هیچ پەیوەندییان بە چاوگی (هەبوون)ەوە نییە، ئەی بۆچی لە میتۆد پێکەوە گرێدراون؟

٢- ڕستەی: دەبوو کارەکەیان ئەنجام دابا. (دەبوو، دەبوایە، دەبێت)، ئەم سێ کارە لە چاوگی (بوون)ن و حاشا هیچ پەیوەندییان بە چاوگی (هەبوون)ەوە نییە، ئەدی بۆچی لە میتۆد پێکەوە گرێدراون؟

٣ـ ڕستەی (ئەو منداڵێکی بوو.) (دەبێت)، کە بۆ ڕانەبردووی ئێستا دەربڕین و ڕستە و کارەکەمان نییە، لە چاوگی (بوون)، ئەمە تایبەتمەندییەکی زمانەوانییە و بەڵگەی ئەوەشە، کە لە چاوگی(هەبوون) ئەو حاڵەتەمان نییە.

بۆ چاوگی (هەبوون) ئەو حاڵەتەمان نییە، سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەن:

-ئەو پارەی هەیە.

-پارە لە بانک هەیە.

واتە کارمان هەیە بۆ دەمی ڕانەبردووی ئێستا.

ئەمڕۆ یان بەیانی ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە زانستییە بگەینین، جا لە میتۆد یان دەرەوەی میتۆد ئەوە یەکلا بکرێتەوە چاوگی بوون و (هەبوون) دوو چاوگی لێک جیاوازن و لە چاوگی (هەبوون) تەنیا کاری تەواوی تێپەڕ بە مانا خاوەندرێتی و کاری تەواوی تێنەپەڕ بە مانای (الوجود) بوون دروست دەکرێ و حاشا ناتوانین لەو چاوگە کاری ناتەواو و کاری یاریدەدەر و کاری تەواوی تێپەڕ بە مانای (منداڵبوون) درووست بکەین.

با ئەوەش لە دەرەوەی میتۆد بە ئێوەی مامۆستایانی بەڕێز ڕابگەینم، ئەم (هە)یە، کە ناوماناوە پێشگر، ئەوە پێشگر نییە، کە لە میتۆد باس دەکەین، چونکە (هەڵچوون، هەڵگرتن، داگرتن، ڕاخستن...هتد)(هەڵ، دا، ڕا، دەر) ئەمانە پێشگرن، ئەم (هە)یەی کە ئێمە پێی دەڵێین پێشگرە و لە پێش (بوون)ە هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە و هیچ پێشگرێکمان لە زمانی کوردیدا نییە، کە ئەم شێوە و فۆڕمەی هەبێت، خێرە بۆ ئەو چاوگە ئەو شتەمان داهێناوە؟

ڕاستیی زانستیی ئەم (هە)یەش ئەوەیە؛ کە دوو پیت یان بەشێکی ئەسڵی و چاوگەکە خۆیەتی و چاوگێکی زمانی کوردیی خۆماڵی و خۆمانەیە بەناوی چاوگی (هەبوون).

بۆ بەڵگەش سەیری خانی و نالی بکەن:

ئەحمەدی خانی دەڵێت:-

هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کو کرمانج\
عەشقی نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج

نالی دەڵێت:

ئەهلێکی وا هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن\
هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئوموور

(دیوانی نالی لاپەڕە ١٨٤)

**سەیری ئەم ڕستانە بکەن:**

بۆ کاری تێنەپەڕ بە مانای بوون(الوجود) و ڕانەبردووی کاتی ئێستا.

[ من هەم. ئێمە هەین. تۆ هەیت. ئێوە هەن. ئەو هەیە. ئەوان هەن.]

بۆ ڕانەبردوو، دێین ڕەگەکەی وەردەگرین، دوای لابردنی نیشانەی چاوگ بە یاسای= دە +ڕەگی کار +جێناوی لکاو ک٣ (دە هەبـ م)، بەڵام بۆ ئاسان دەربڕین(هـ) گۆ ناکرێ و بەمەش دوو پیتی بزوێن ( دە+ەب +م) دەگەن بە یەک، بە پێی یاسا (دوو پیتی بزوێن لە یەک برگە کۆناکرێنەوە.)، بۆیە (ە)ی نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو دەتوێتەوە (دەسووێ) و بزردەبێت، بەمەش ڕانەبردووی داهاتوو دەبێت بە (دەبم).

وەک چاوگی هاتن، کە ڕەگەکەی (هێ.ێ) بۆ ڕانەبردوو دەبێت بە (دێم)، دیسان هەم (هـ)ی پیتی یەکەمی ڕەگی کار (هێ) و هەم (ە) بزوێنی نیشانەی کاری ڕانەبردووی (دە)دەتوێتەوە و دەسووێ و بزردەبێت.

**بۆ ڕانەبردووی دانانی:**

ب+ڕەگی کار+جێناوی لکاو ک٣

(دەبێت هەبم، دەبێت هەبین...) دیسان (ب) نیشانەی کار دەرناکەوێ بۆ ئاسان دەربڕین.

بۆ ڕابردووەکانیش (دەبوو هەبووبا. هەبووبێت...)

[ هەبووم، هەبووین، هەبوویت، هەبوون..] دیارە، کە( کار)ەکەمان تێنەپەڕە (وجود) بوونە، چونکە جێناوە کەسییە لاوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەک بکەر لە تێنەپەڕ وەردەگرن، وەک ئەوە وایە، بڵێین:[من چووم. ئێمە چووین. تۆ چوویت. ئەو چوو. ئەوان چوون.]

بەڵام، کاتێک، دەڵێین:[ هەمە. هەمانە. هەتە. هەتانە. هەیەتی. هەیانە] بۆ ڕانەبردووی کاتی ئێستایە، بەپێی ناوچەییش، دەڵێین:[ هەیتم. هەیتمان. هەیتت...]

بۆ ڕابردوو دەڵێین:[ من هەمبوو. ئێمە هەمانبوو. تۆ هەتبوو. ئێوە هەتانبوو. ئەو هەیبوو. ئەوان هەیانبوو.]

بۆ ڕانەبردووش، دەڵێین:[ من دەمبێت. ئێمە دەمانبێت...]

لێرە، بۆ [تملک] خاوەنداریەتیی، دەیکات بە کارێکی تەواوی تێپەڕ و جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە ڕابردوو، کۆمەڵەی سێیەم لە ڕانەبردوو وەک بکەر وەردەگرن.

کەچی بەپێچەوانەی[ وجود] بوون، کۆمەڵەی دووەم وەک بکەر وەردەگرن بۆ ڕابردوو.

هەمبوو = تێپەڕە

هەبووم = تێنەپەڕ

هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێ لەگەڵ گشت چاوگەکانی تری زمانی کوردی جگە لە (بوون).

سەیرکەن:

هەڵمان خست = تێپەڕە

هەڵچووین = تێنەپەڕە

کەواتە ڕوون و ئاشکرایە، لێرە ناتوانین[ هەبوون] وەک کارێکی ناتەواو و یاریدەدەر، منداڵبوون. بەکاربهێنین.

لێرەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هەر دوو چاوگی[ بوون] و[ هەبوون] دوو چاوگی جیاوازن، کەچی لە پەڕتووکی پۆلی١٢ پێکەوە بەستراونەتەوە.

بەڵگەیەکی تر بۆ ڕێژەی داخوازی دیسان (هـە) گۆ دەکرێ و دەردەکەوێ وەک بەشێکی ڕەسەن و سەرەکی کارەکە، سەیرکەن:

یاسای کاری داخوازی:

ب+ڕەگی کار+جێناوی لکاو ک٤(ە،ن)

هەب + ب + (ە، ن)

(هەببە. هەببن)، بەڵام بۆ ئاسان دەربڕین (ب) نیشانەی کار دەرناکەوێ دەبێت بە (هەبە. هەبن.).

وەک چاوگی (هەڵبژاردن) دەبێت بە (هەڵببژێرە. ن)، بەڵام کورد هەر دەڵێت: (هەڵبژێرە.ن).

کە کاری تەواوی تێپەڕی لێ درووست دەبێت لەبەر ئەوەی بۆ خاوەنداریتییە، بەرکاری ئەو کارە ناتوانێ جێگەی بکەر بگرێتەوە، واتە کاری بکەرنادیاری لێ درووست نابێت.

کۆتا قسە و بەڵگە کە دەیڵێمەوە ئەوەیە؛ بۆ دەمی ڕابردوو ئەگەر بەمانای خاوەنداریتی هات جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەک بکەر وەردەگرێ، کەواتە تێپەڕە، ئەگەر بۆ دەمی ڕابردوو بە مانا (الوجود) بوون هات جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەک بکەر وەردەگرێ، کەواتە تێنەپەڕە، بۆ ڕانەبردووی

ڕاگەیاندن و دانانیش کۆمەڵەی سێیەم وەک بکەر وەردەگرێ و بە هیچ شێوەیەکیش کاری ناتەواو و کاری یاریدەدەر و کاری تـەواوی تێپەڕ بەمانای منداڵبوون لێی درووست ناکرێ.

****

**لە پێناو زمانەکەمان**

- ئـەو لـە منداڵـەکـەی دا.

گۆڕانکاری ڕستەسازی، لە پێناو گەیاندنی واتا و مانا لە هەندێ چاوگ و خۆگۆڕینی پێشگر، (پێشبەندی کاری) لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوێت ڕستەی: ئەو لە منداڵەکەی دا.

لە/ ئامرازی پەیوەندی بێت و منداڵەکە، ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (تەواوکەری بەیاریدە)ببینێت، بەڵام ئەمە هەڵەیە ئەم ئامرازە (لە)یە، ئامرازی پەیوەندیی ڕەسەن و ئەسڵی نییە، بەڵکوو وا خۆی نیشانداوە، چونکە چاوگ (کار)ی ڕستەکە (لێدان، لێیدا)یە. (لێ) گۆڕاوە بۆ (لە).

هەندێ چاوگی زمانی کوردی، یارمەتیدەر دەبن بۆ دروستکردنی مانا و واتا ڕستە، بە دیوێکی تر (بەرکار)ی ڕاستەوخۆ بۆ تەواوکردنی مانا و واتای ڕستەکە پێویستی پێشبەند دەبێت، ئەمەش زیاتر لە چاوگە ناسادەکان ڕوودەدات، هەروەها هەندێ پێشگر ناتوانن لە گەردانکردن و ئاستی ڕستەسازیشدا لەگەڵ بەشی دووەمی (چاوگ، کار) هکە بێن، کاتێکیش نەتوانن بێن، ئەرکێکیان دەبێتە ڕێکخستنی مانا و واتای ڕستەسازی.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با ڕستەکە بەو شێوەیە بنووسین:

ئەو بە دار لە منداڵەکەی دا.

لێرە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە (بە) ئامرازی پەیوەندیی ڕەسەن و ئەسڵییە.

دار/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ (تەواوکەری بەیاریدەیە).

تەواوکەری بەیاریدە (یان سوودوەرگرە، یان سوودبەخشە)، واتە: تەواوکەری بەیاریدە یان یارمەتی دەدرێ، یان یارمەتی وەردەگرێ و بە باس نەکردن و لادانی مانا و واتای ڕستەکە ناگۆڕێ.

من بیبسییەکەم خواردەوە.

بیبسی/ بەرکاری ڕاستەوخۆیە.

بەڵام کاتێ دەڵێین:

من بە قامیشەکە ببسییەکەم خواردەوە.

دیـارە، کە(بە) ئامرازی پەیوەندیی ڕەسـەن و ئەسڵییە، (قامیشەکە)، (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) تەواوکەری بەیاریدەیە.

یارمەتیدەر بووە، بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

من کچێک بۆ ئەو دەخوازم.

کچ/ بەرکاری ڕاستەوخۆیە

ئەو/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ (تەواوکەری بەیاریدەیە).

*****

**لە ڕستەی:**

١. ئەو لە منداڵەکەی دا.

هەرگیز ئامرازی (لە) وەک ئامرازی (لە، بە، بۆ ) نییە، لەم ڕستانە:

٢. ئەو لە ماڵ وانە دەخوێنێت.

٣. تۆ پارەکە بۆ ئەو دەبەیت.

٤. ئەو بە پارە دەخوێنێت.

ئەگەر بپرسین بۆچی (لە) لە ڕستەی ١ وەک ڕستەکانی ( ٢ ، ٣ ، ٤) نییە؟

وشەکانی: ماڵ، قوتابخانە، پارە = بەرکاری ناڕاستەوخۆ (تەواوکەری بەیاریدەن)، هەرگیز وەک (منداڵەکە) نین.

وەڵام/

لە، بۆ، بە / لە ڕستەکانی تر ئامرازی پەیوەندیی ڕەسەن و ئەسڵین، بەڵام لە ڕستەی ١ بەشێکە لە (چاوگ، کار)ی ڕستەکە، تەنیا بۆ تەواوکردنی مانا و واتا ڕستەکە خۆی گۆڕیوە.

لێیدا = ئەو لە ئەو دا.

لێیاندایت= ئەوان لە تۆیان دا.

جێناوی (یان، ئەوان) = بکەرە

جێناوی (یت، تۆ) = بەرکارە

ئەگەر بپرسن لە شیکردنەوە چۆن (لە) شی بکەینەوە؟

لە شیکردنەوە با بڵێین:

(لە) بەشێکە لە کاری ڕستەکە، یان لە (چاوگی لێدان= لێ+دان.)، چونکە هەرگیز ئەم (لە)یە ئامرازی پەیوەندیی ڕەسەن و ئەسڵی نییە.

******

## کەلێنێکی تری میتۆد

ئەو میتۆدەی ئێستا بە ڕووکەش هەندێ بابەتی خستۆتە ڕوو، بە وردی نەچۆوەتە بنج و بنەوانی زانستیی بابەتەکان، یەکێک لەو بابەتانە جیاوازی نەکردنی پاشگرەکانە.

جا لەنێوان ئەمانەدا ـ ێن ـ

وەک پاشگر ناونراوە، لەکاتێدا خۆی ڕاستە وەک پاشگر دەردەکەوێ، بەڵام دوو پیتن و هەر یەکەیان بۆ مەبەستێکی جیاوازی ڕستەسازی لەناو ڕستەدا بوون و ئەرکیان هەیە.

ـ ێن ـ لە چی پێکهاتووە؟

لە ـ ێـ ـ ی نیشانەی دەمی ڕانەبردوو پێک دیت، لەگەڵ ـ ن ـ ی چاوگ کە دوای ئەوەی چاوگ دەکرێ بە کاری ڕانەبردوو لە هەندێ کاردا وەک بەشێکی ـ ڕەسەن ـ ئەسڵی خۆی بەکار دێتەوە و دەکەوێتە دوای نیشانەی دەمی ڕانەبردوو و پێش جێناوەکانی کۆمەڵەی سێیەم، کە تایبەتن بە کاری ڕانەبردوو.

نموونە/

چاوگی شکاندن.

کە دەکەین بە کاری ڕابردوو، ـ ێـ ـ بە هەر چوار ڕێژەکەوە دەبینین ئەم نیشانەیە دەرناکەوێ.

وەک:

شکاندمان

شکاندوومانە

دەم شکاند

شکاندبوومان

بەڵام بۆ دەمی ڕانەبردوو

ـ ێـ ـ دەبێتە نیشانەی دەمی ڕانەبردوو.

وەک: دەشک ێـ ن م = دەشکێنم

هەروەها ئەم فۆنیمە ڕستەسازییە وەک بەشێک لە نیشانە کاری بکەرنادیاریش بۆ دەمی ڕانەبردوو دیسان دەردەکەوێت.

نموونە/

دەشک ێـ ن ر ێ = دەشکێنرێ

لێرەدا دەبینین

فۆنیمی ـ یـ ـ ڕستەسازییە دوو جاریش بەکار هاتووە.

هی یەکەم ـ یـ ـ نیشانەی دەمی ڕانەبردووە، هی دووەمیش دیسان بەشێکە لە نیشانەی بکەرنادیار بۆ دەمی ڕانەبردوو.

*******

**چۆن لە چاوگی (ژیانەوە)، ڕێژەی داخوازی دروستدەبێت، کە جێناوی کەسی دووەمی تاک بەکاربهێنین؟**

وەڵام : بۆ دووەمی تاک: بژیوە.

بژیوە: کاری داخوازی، تێنەپەڕە.

وە/ پاشگرە، بزوێنی سەرەتای پاشگرەکە سواوە، تواوەتەوە.

ە/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک دەرنەکەوتووە، چونکە دوو پیتی بزوێن لە یەک بڕگە کۆناکرێنەوە. (هەر کاتێ کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی بزوێنی: ی.ێ.ە.ۆ.وو) هات، جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێ، لە کاری داخوازی.

بۆ دووەمی کۆ: بژینەوە.

بژی/ کاری داخوازی، تێنەپەڕە.

ن/ جێناوی لکاوی بکەرە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

ەوە/ پاشگرە.

********

**ڕاییێک هەیە دەڵێ: بژییەوە. (بۆ دووەمی تاک)یش بەکاردێ.**

گۆشەی (پرسیارمان لێکراوە.)

پرسیار/ چۆن ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو لێک جیا بکەمەوە؟

وەڵام: دە + قەد = ڕابردووی بەردەوام

دە + ڕەگ + ک٣= ڕانەبردوو

ڕانەبردووی ڕاگەیاندن هەمیشە کۆمەڵەی سێیەمی بە کۆتایی ڕەگەکەوە دەلکێت و دەبن بە بکەر، بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێ.

ڕابردووی بەردەوام بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێ، ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێ، م. مان.... وەک بکەر، ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕیش کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێ... وەک بکەر: (م.ین ، یت.ن ، ٥.ن).

نموونە/دەمان خوێند. دەچووم= ڕابردووی بەردەوام
دەچم= ڕانەبردوو

*********

**ئایە(نیشنگە) ڕاستە یان (نشینگە)؟**

وەڵام: بێگومان، ( نیشینگە ) و (نشینگە)ڕاستن، نەک (نیشنگە).
هەرچەندە وشەی اقامە، بە کوردی واتە(شوێنی مانەوە) یان (شوێنی نیشتەجێبوون).
(بەڕێوەبەرایەتیی نیشینگەی هەولێر) یان (بەڕێوەبەرایەتیی نشینگە) ڕاستە.

تێبینی:
بەدواداچوونێکی باشم کرد و تەلەفۆنم بۆ پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین کرد، ڕای وابوو، کە (نیشینگە) دروستە، بەڵام دەکرێ کاتێ وەک زاراوە بەکار دێنین بڵێین: (نشینگە)و هیچ کێشەیەکی نییە.
لە گۆشەی (پرسیارمان لێکراوە.)
ئایە لە چاوگی (مردن) چۆن کاری ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو لە کرمانجی سەروو دروست دەکرێت؟
وەڵام: دمر/ ڕابردووی بەردەوامە
دمریت/ ڕانەبردووی ئێستایە
دێ مریت/ ڕانەبردووی داهاتووە
بۆ زیاتر سوود وەرگرتن ئەمەی خوارەوە بخوێنەوە.
ڕانەبردووی تێپەر:
ئەز دەرسێ دنڤیسم. ئەم دەرسێ دنڤیسین.
تو دەرسێ دنڤیسی. هون دەرسێ دنڤیسن.
ئەو دەرسێ دنڤیسە. ئەو دەرسێ دنڤیسن.
ڕانەبردووی تێنەپەر:
ئەز دێ چم. ئەم دێ چین.
تو دێ چی. هون دێ چن.
ئەو دێ چیت. ئەو دێ چن.

* کۆمەڵەی من ـ
ئەم کۆمەڵەیە هەمیشە بکەرن لە کاری رابردووی تێپەڕ
من خار
مە خار
تە خار
وە ـ هنگۆ خار
وی ـ وێ خار
وان خار
* کۆمەڵەی ئەز ـ
ئەم کۆمەڵەیە هەمیشە بکەرن لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و رانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ
ئەز دێ خۆم ـ دێ هێم
ئەم دێ خۆین ـ دێ هێین
تو دێ خۆی ـ تو دێ هێی
هوین ـ هون، هنگ دێ خۆن ـ دێ هێن
ئەو دێ خۆت ـ دێ هێت
ئەو دێ خۆن ـ دێ هێن
ئەز هاتم
ئەم هاتین
تو هاتی
هوین ـ هون ـ هنگ هاتن
ئەو هات
ئەو هاتن
تێبینی١
جێناوی کەسی لکاو دووەمی کۆ و سێیەمی کۆ تەنیا ـ ن
جێناوی کەسی سەربەخۆی ـ ئەو ـ بۆ سێیەمی تاک و سێیەمی کۆ بەکاردێ ، سێیەمی تاک جێناوە لکاوەکە ـ ت ـ بەکاردێ و بۆ سێیەمی کۆش دیسان ـ ن ـ بەکاردێ.

تێبینی ٢

لە ڕابردوو و ڕانەبردووشدا بۆ بەرکار پێچەوانەدەبنەوە.

گۆشەی (پرسیارمان لێکراوە.)

ئایە لە چاوگی خۆشویستن کام جێناو بکەرن؟

وەڵام: خۆشویستن، وەک چاوگێکی شاز کۆمەڵەی یەکەم (م.مان، ت.تان، ی.یان) لە ڕێژەی ڕابردوو و ڕانەبردوو دەبن بە بکەر.

* ئـ ڕابردوو بە دووشێوە:

یەکەم/ دەکرێ هەمان کۆمەڵە ببن بە بکەر و بەرکار، وەک: { خۆشمانیان ویست.} واتە: ئەوان ئێمەیان خۆشویست.

دووەم/ کۆمەڵەی یەکەم هەر بکەرن و کۆمەڵەی دووەمیش{م.ین، یت.ن، ٥.ن} دەبن بە بەرکار، وەک: {خۆشمان ویست}. واتە: ئێمە ئەومان خۆشویست.

* ب. ڕانەبردوو، دیسان کۆمەڵەی یەکەم: {م.مان، ت.تان، ی.یان} هەر دەبن بە بکەر جێناوەکانی کۆمەڵەی سێیەم دەبن بە بەرکار {م ین، یت ن، ات،ێت، ن}.

{خۆشی دەوێین.} واتە: ئەو ئێمەی خۆشدەوێ.

تێبینی: ئەمڕۆ پشوو بوو، قوتابییەکم, کە بەیانی تاقیکردنەوەی ڕێزمانمان هەیە، ئەو پرسیاری کرد.

گۆشەی (پرسیارمان لێکراوە.)

ئایە ڕستەی

(پەیامەکەم بوو بە نووسراو.)

کاری ڕستە چییە؟

وەڵام: کاری ڕستە (بوو)ە کارێکی ناتەواوە بوو دەمی ڕابردوو، چونکە پەیامەکەم ، (پەیامەکەی من) گرێی ناوییە، نیهادە، نەک بکەر، هەر کاتێ نیهاد هەبوو، گومانی تێدا نییە، کاری ڕستە ناتەواوە.

ڕستەی (پەیامەکەم بوو بە نووسراو.)

وەک ڕستەی (ئازاد بوو بە مامۆستا.)یە و هیچ جیاوازی نییە لە کاری هەر دوو ڕستەکە.

کەواتە گومانی تێدا نییە، کاری ڕستەکە ناتەواوە.

گۆشەی (پرسیارمان لێکراوە.)

مەبەست لە (سەرەوای تازە) چییە؟

وەڵام: قۆناغەکانی ڕزگاربوون لە کێش و سەروای کلاسیکی(عەرووزی عەرەبی) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەتیش ساڵانی ١٩٣٩ تا ١٩٥٨، کاتێ شاعیران کێشی بڕگەیی و سەروای مەسنەوییان بەکار دەهێنا، بەڵام لە شەستەکان

سەروا تا ڕدەیەک گۆڕانی بەسەرداهات، بەتایبەت لای (دیلان، قدری جان، سوارەی ئیلخانی زادە)، تا ئێرە هێشتا سەروای تازە هەنگاوی بۆ نەهێنرابوو، بەڵام لای شاعیری نوێخواز (گۆران) بە ئاشکرا (سەروای تازە) دەبینرێ، لە شیعری (بێشکەی منال).

سەروای تازە

سەرواکان بەم شێوەیەن:

ا

ب

ا

ب

واتە سەروای نیوە دێری یەکەم و سێیەم و دووەم و چوارەم وەک یەکن.

**بێشکەی منالْ**

ئای چەند خۆشە: ملێک بێ وا

ڕی دنیا، ئــەم پەڕ تا ئەو پەڕ

دڵـنیابیـن بـێـشکەی ســاوا

نابـــێ بە خۆڵـەمێشـــی شەڕ

**

لە ڕستەی (گوندەکە ئاوەدان دەکرێتەوە.)

ت، یان ێت جێناوە؟

وەڵام: لەم ڕستەیە، کە کارەکەی بکەرنادیارە و نیشانەی بکەرنادیار بۆ دەمی ڕانەبردوو ـ ڕێ ـ یە.

توانەوەی ێ، ی سەرەتای جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک و مانەوەی تەنیا ـ ت ـ لەبەر ئەوەی نیشانەی بکەرنادیار ـ رێ ـ

واتە: رێ.نیشانەی بکەرنادیار +ێت.جێناوی لکاو

هەرچەندە ڕایەکی تریش هەیە، کە دەڵێ : ێ، ی نیشانەی بکەرنادیارەکە تواوەتەوە،

نەک ێ. ی جێناوەکە.

باشترین بەڵگەش ئەوەیە؛ کە ڕستەکە دەکەین بە کۆ:

(گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە.)

دەبینین ـ ن ـ جێناوی کەسی سێیەمی کۆیە و بۆ ناوی گوندەکان دەگەڕێتەوە.

واتە؛ ڕێ. نیشانەی بکەرنادیارە +ن.جێناوی لکاوە.

***

## پێشنیاز بۆ وەزارەتی پەروەردە

ناوی سەرجەم قوتابخانەکانی (دواناوەندی) بە هەڵە نووسراون، تکایە با ڕاست بکرێنەوە.

ناوی (دواناوەندی) دیارخراو + ی (دانەپاڵ) + ناوی دواتر (دیارخەر)

قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر هەڵەیە.

قوتابخانەی دواناوەندیـی هەولێر ڕاستە.

......هتد،

دووەم یان دووەم

هەڵەی زمانەوانییە ئەگەر تۆ چاوگێکی ـ ئەلفی و واوی و یائی بۆ کاری رابردووی تەواو دوو واو بنووسی ، بەڵام دەبێ دوو واو بنووسی ئەگەر چاوگەکە ـ دالی و تائی بێ.

واتە هەڵەیە بنووسی

هێناووە ، کڕیووە ، ...

ڕاستەکەی: هێناوە ، کڕیوە

چونکە دوو پیتی بزوێن لە یەک بڕگە کۆناکرێنەوە.

هەڵەیە بنووسی: گرتوە ، خوێندوە

ڕاستەکەی: گرتووە ، خوێندووە

دووەم هەڵەیە

نەبزوێن + بزوێن + بزوێن +نەبزوێن یاساکە هەڵە دەردەچێ

دەبێ

نەبزوێن + بزوێن بێت

دووەم
ئەو كات واوی دووەم وەک نەبزوێن مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ
چونكە لە زمانی كوردی دوو پیت - و - ی - دەتوانن ببن بە بزوێن و ببن بە نەبزوێن.
ئیتر لە زمانەكانی تریش شتی لەو جۆرە هەیە ، ناكرێ لەخۆمانەوە بڕیار لەسەر یاسا زمانەوانییەكان بدەین.
كرمانج، كرمانجی، كورمانجی
لەبارەی ئەم وشانە، ڕای جیاواز هەیە و هەر ڕایەكیش لایەنێكی بابەتەكە ڕوونتر دەكەنەوە، وشەی (كرمانج)، بە مانای خەڵكی هەژار (جوتیار)، یان خەڵكی گوندنشین و لادێ و دەشتەكی بە كار دێ، لە هۆنراوشدا بۆ (كوڕێن كوردان). منداڵەكوردەكان، (منداڵەهەژارەكان) بە كار هاتووە.
ئەحمەدی خانی دەڵێ:
نـە ژبۆ سـاحێـب ڕەواجـان
بەلكی ژبۆ بچیكێت كرمانجان
هەروەها وشەی (كرمانج) بە مانای (كورد)یش دێ، دیسان ئەحمەدی خانی دەڵێ:
كرمانج نە پڕ دبـێ كەماڵن
ئەمما دیەتیم و بێ مەجالن
بەڵام وشەی (كرمانجی) بۆ زارەكان بە كار دێ، وەک زاری سەروو، زاری خواروو، زاری ناوەڕاست، زاری گۆران، جا دەتوانین بڵێین: كرمانجیی سەروو، كرمانجیی خواروو، كرمانجیی ناوەڕاست، كرمانجیی گۆران.
بەداخەوە لە هەندێ پەرتووک (ی) دانەپاڵ نانووسرێ، كە بەڕاستی ئەمەش هەڵەیە.
كرمانجی سەرووX هەڵەیە.
كرمانجیی سەروو، ڕاستە.
وشەی (كورمانجی)، بۆ خەڵكی باكوور، و سەروو (بادینی)، بە كار دێ، هەرچەندە وشەكە ڕەگ و ڕیشەی (كورد ماچۆ، كورد مان جی، كورد مـا)، بە واتای مانەوە لە شوێنی خۆیان و خەڵكی كێو و شوێنە سەختانیش بە كار دێ، بە گۆڕانی دەنگسازی كورتكراوەتەوە بۆ (كورمانجی).

# پێناسەکان و کێشەکانی شێوەزارەکانی کوردی پاڵەوانی

## وتارێکی ڕەخنەیی و شیکاری

کامران ڕەحیمی - ئیلام

نەک ڕۆژهەڵاتناسان، کە بە ئەنقەست، بەڵکو هێندێک لە نووسەرەکانی وڵاتیشدا لە ڕووی نەزانکارییەوە حەز بە چەند زمانی، زمانی کوردی دەکەن و ئەوەش بە دەرفەت و پتانسیلّ دەزانن، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ڕوون بووتەوە کە زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەفسەری سەربازی بوونە و زانیارییان لە سەر زانستی زمانناسی کەم بووە یان بیرۆکەیان سەر بە هیچ قوتابخانەی زمانناسی نەبووە.

لە لای تریشەوە تاقمێک لە نووسەران بە تایبەت مامۆستایانی زانکۆ وەکو ئەندازیاران بە میلیمترەوە سەرقاڵی دابەشکردن و دابینکردنی زارەکان و بنزارەکانی کوردین، کە نە پێویستە نە لۆژیکییە. لەم وتارەدا سەرەڕای ئەوە کە ڕەخنە لەو بیرۆکانە گیراوە، سەرەڕای ئەوە جێگە و پێگەی کوردی خواروو پێناسە بووە، پاشان ئەم کۆمەڵە شێوەزارەکان لە باری دەزگای واچی، سینتەکس، وشە و... بەراورد کراوە، هەروەها بە کێشەکانییان وەکو: ڕێنووس، ناولێنانی گشتگیر، شوناس و زەخیرەکانی زمانی ئاماژەکراوە.

وشەکلیلییەکان: قوتابخانەی زمانناسی پێراگ، زمانناسی سیاسی، پێکهاتەخوازی، پێناسەی زمان، خواروو، لەکی، پاڵەوانی، گورانی نوێ، فەیلی، کەڵڕی.

## پێشەکی:

زمانی کوردی، وەکو زۆربەی زمانە کۆنەکانی جیهان، سێ قۆناخی مێژوویی هەیە کە بریتین لە قۆناخی سەرەتایی، قۆناخی ناوەندی، قۆناخی سەردەم. لە بارەی دۆخی زمانی کوردی لە سێ هەزار ساڵ، لەمەوبەردا، تەنیا دەزانین، لەو سەردەمە، ئاوێستایی، زمانی ئایینی ئێرانییەکان بووە، نزیک بەو سەردەمە، زمانی مادی و پارسی کۆنیش برەویان هەبووە.

هەر چەند زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان وەکوو: دارمستر، نولدکە، مینۆرسکی و ... وابیردەکەنەوە کە کوردی و مادی هەر یەکن، بەڵام بە هۆی ئەوە کە تا ئێستە لە زمانی مادی بێجگە لە چەند وشە، هیچ دەقێک نەدۆزراوە، لۆژیکیتر و زانستیتر ئەوەیە لەم باسە، واز بێنین و ڕوونبوونەوەی کێشەکە بە داهاتوو بسپێرین. بەڵام ئێستا بە ڕوونی بۆمان ئاشکرایە کە زمانی کوردی، تەنیا دو لقی سەرەکی، واتا کرمانجی و گورانی هەبووە، کە لەم هەزارساڵی دواییدا شێوەزارەکانیتر وەکو: سورانی، فەیلی، زازاکی، لەکی، لوری و... بەرهەمی، زا و زێی ئەم دوو لقەن. بەڵام،

کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە تا ئێستا ئەڵقەی دووهەمی زمانمان، ون و نەناسراوە کە پرسیار و مژاری ئەم وتارەیە. لە بەر ئەوە نووسەر، تێکۆشاوە بۆ تیشک خستنەوی لە سەر ئەم کێشەیە، نووسراوەکانی مێژوونووسانی پاش ئیسلام، لێک بداتەوە و بەڵگەکان بە تەرازوی زمانناسی بەراورد؛ پاشان چەوەشەکان، شیکاری بکات.

لە دەقەکانی فەرمی و زانستی ئێرانیدا نووسراوە، زمانی فارسی سێ قۆناخی هەبووە کە بریتین لە: پارسی کۆن، پارسی ناوەندی یان پاڵەوی، فارسی نوێ یان دەری، لە کاتێکدا ئێستە بە هۆی خوێندنەوەی بەڵگەکانی مێژوویی و زمانناسی نوێوە، روون بووەتەوە کە فارسی دەری، نە تەنیا بەر لە ئیسلامیش برەوی هەبووە بەڵکوو درێژەی پاڵەوی نییە و هەروەها زمانی پاڵەوی دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام بۆ ئێران (٢١ی هەتاوی) بە تێکڕایی تێکنەچووە و زمانی ئاخافتنی خەڵکێکە لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئێران بووە (جهانبخش، ١٣٨٣، ٧٤ـ٧٥).

«د.زەبیحا... سەفا» لەم بارەوەوە دەنووسێ: «زمانی ئاخافتنی خەڵکی ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری ئێران لە سەدەی یەکەمی ئیسلامیدا، پاڵەوی یان شێوەزاری نزیک بەو زمانە بووە ...» (صفا، ذبیح‌الله، سیری در تاریخ و زبان‌ها و ادب ایرانی، ١٣٨٣: ٧٥).

هەروەها دوکتور ناتڵ خانلەری دەبێژێ: «دوای ئیسلام، شێوەزاری پاڵەوی یان فاڵەوی (فهلوی) بەو زمان و شێوەزارانە دەگوترا کە لەگەڵ زمانی رەسمی و ئەدەبی فارسی دەری جیاوازیان هەبووە و لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئێران برەویان هەبووە» (خانلری، ١٣٦٩: ٢٠٦ ـ ٢٠٥).

بەڵام، مەزنترین بەڵگەی ئەم وتارە، نووسراوەی ئیبنی موقەفەعیە کە «ابن‌الندیم» باسی کردووە. «ابن‌الندیم» لە کتێبی «الفهرست» دەنوسێ: «عبدالله ابن مقفع» گوتوویەتی: «زمانە کۆنە ئێرانییەکان بریتین لە: پاڵەوی، دەری، فارسی، خوزی، سوریانی» (الفهرست، چاپ مصر، (؟) ١٩)، هەروەها «یاقوتی حەمەوی» لە کتێبی «معجم‌البلدان» بە گوێرەی وتەی حەمزە ئیسفەهانی لە کتێبی «التنبه» ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. (معجم‌البلدان، چاپ مصر، (؟)، ج٦: ٤٠٦ـ٤٠٧) (دکتر صفا، ١٣٨٣ : ٧٧).

**وتەی ئیبنی موقەفەع، لە بەر چەند هۆی زۆر گرنگە:**

١- خۆی وەرگێڕی شارەزای دەقەکانی پاڵەوی بە عەرەبی بووە.

٢- ئێرانییە و زمانە ئێرانییەکان، باش دەزانێت.

٣- هەزار و دوو سەد ساڵ، بەر لە ئێستا ژیاوە کە زۆر نزیکە بە ژیانی ئاخێوەرانی پاڵەویە.

٤- بە ڕاشکاوی پاڵەوی، دەری و فارسی لە یەکدی جیا دەکاتەوە.

کەچی لە هەموو کتێبی قوتابخانە و زانستگاکاندا دەنووسرێ فارسی دەری درێژەی پاڵەوییە (؟). لە کاتێکدا ئەم بەڵگانە، ڕوونی دەکەنەوە کە "فارسی" و "پاڵەوی" وەکوو دوو زمانی ئێرانی بەر لە ئیسلام، دوو زمانی سەربەخۆ بوونە. پرسیار ئەمەیە، فارسی دەری چۆن دەتوانێ هاوکات، هەم جیاواز و هەم درێژەی پاڵەوی بێت؟ ئەم چەواشەی زەقە، بە هیچ شێوەیەک، پێشتڕاست ناکرێتەوە.

**ناسینەوەی دەڤەری پاڵەوی یان بلاد بەهلویون یان عێراقی عەجەم**

دهخودا، بە وردی، چوار شار بە عێراقی عەجەم، دەستنیشان، دەکات کە بریتن لە: قرمیسین واتا کرماشان، هەمەدان، ڕەی و ئیسفەهان (دهخدا، ١٣٨٣) کە ئێستا، زۆربەی ئاخێوەرانی کرماشان، هەمەدان، بە کوردی خوارین، هەروەها ڕەی و ئیسفەهان بە لوری دەدوێن. کە باسی جوگرافیا کرا، دەبێ ئەو خاڵی زۆر گرنگیش لەبەر چاوبگرین کە تیسفون، پایتەختی حکومەتی ساسانییەکان لە ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە بووە و پاڵەوی زمانی فەرمی ئەو دەوڵەتە بووە و ئێستایش دانیشتووانی ئەم دەڤەرە کورد فەیلین.

ئایەتوڵڵا «مەردووخ»یش وا بیر دەکاتەوە و دەنووسێ: «لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان یەکەم لوری، دووەم کەلهوڕی، سێیەم گۆرانی بە زمانی پاڵەوی و شارە پاڵەوییەکان نزیکن(مەردووخ، ١٣٧٩: ٥٧).

لەم دواییەدا زمانناسێک، ١٤٥٠ وشەی پاڵەوی ساسانی، لەگەڵ کوردی بەدرەیی کە بنزارێکە لە کوردی فەیلی بەراورد کردووە، پاشان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دوو زمانە لە بواری وشەدا ٧١٪ بە یەک نزیکن (د. کەریمی، کوردی ئیلامی، ١٣٨٠: ٢٨٩). پێویست بە وتنە، جەماوەری بیست هەزار کەسی بەدرەیی سەر بە پارێزگای ئیلام، ڕێژەیەکی نێو لە سەتا لە نفووس و حەشیمەتی هەموو کوردان پێکدێنن. ئەگەر

لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا زمانی پاڵەوی لەگەڵ هەموو شێوەزارە کوردییەکان، بەراورد بکرێت بێگومان ئەنجامەکەی لەمە کە هەیە، فرەتر دەبێت.

بەڵام ئێستە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە. کە مەبەستی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، لە ڕۆژئـاوای ئێران، کوێنە بووە؟ هەروەها شارەکانی پاڵەویی (فەهلە) کامانەن؟

«شیروویە ئیبنی شەهردار»، حەوت شاری بە پاڵەوی زانییوە کە بریتین لە: «هەمەدان، ماسەبزان، قوم، ماەبەسەر، سەیمەڕە، ماەکوفە و کرماشان. هەروەها ئەم نووسەرە ئەم شارانە وەک: «ڕەی، ئیسفەهان، کومش، تەبەرستان، خوراسان، سەگەستان، کرمان، قەزوین، دەیلەم، تاڵەقان» بە شاری پاڵەوی نەزانیوە (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣).

پێویست بە وتنە، کە عەربەکان هەر شارێکیان داگیر کردووە بە هۆی تایبەتمەندی زمانی خۆیان و ئاسانکاری بۆ وەرگرتن ماڵیات، ناوەکەیان تەعریب کردووە. بۆ زانیاری زیاتر دەبێ ئاماژە بە ناوی ڕاستەقینەی ئەو شاران بکرێت کە گۆڕدراون، وەکو:

ماسەبزان، کە ئیلام ئەمڕۆ بەشێک لێ بووە.

ماەبەسەر، کە گۆڕدراوی ناوی شاری نەهاوەندە و ئێستاش ناوی شارێکە لە پارێزگای هەمەدان.

سەیمەڕە، هەر خودی دەڕەشەهرە کە ئێستا ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلام.

ماەکوفە، کە گۆڕدراوی ناوی شاری دینەوەرە و ئێستاش ناوی شارۆچکەیە لە پارێزگای کرماشان.

لە ئەنجامدا لەو حەوت شارە، کە «شیروویە ئیبنی شەهردار» بە پاڵەوی زانییوە، هەر ئێستا بێجگ لە قوم، بە یەکێک لە بنزارەکانی کوردی خوارین، قسەدەکەن کە ئەوە مەزنترین دەلیلە بۆ سەلماندنی ئەوە کە پاڵەوی ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردییە.

### تایبەتمەندی زمانی و ڕێزمانی فەهلەوییەکان

دوکتور تەفەزولی، پاڵەویناسی گەورەی ئێرانی، دەنووسێت: فەهلەویات، ناوی کۆ، هەروەها عەرەبیکراوی وشەی فەهلەوییە؛ ناوێکە کە تایبەت بە دوو بەیتییەکان، هەروەها بە گشتی بە هۆنراوەکانی کە بە زاری کۆنی دەڤەری پاڵە یان فاڵەیە، وتراوە(تفضلی:

١٣٨٥، ١١٩). به چەواشە لە سەردەمی ساسانییەکان، فەڵەوی، بە مانای ستران بووە. بەڵام پاش ئیسلام، بە روباعییەک کە بە زمانی فەرمی نەبووە، وتراوە(سیما داد:١٩٢،١٣٨٢). ڕەنگە ئەم ناولێنانە بە هۆی برەوی ئەم قاڵبە لە شارەکانی پاڵەوی بووبێت. پێشتریش وترا کە ئەم شارانە، ئاخێزگای کوردی گورانی، بووە لە بەر ئەوە هێشتا، لە زمانی کوردی بە ستران، گورانی دەوترێ و دەستەوشەکانی گورانیچڕ و گورانبێژ، هەر لەم وشە گیراون.

باسێکی کە زۆر سەرنج راکیشە لە رابردووە جار و بار بە دوبەیتی، تەنانەت بەیت، "ئەورامە" وتراوە، کە تا ئێستا بەو ئەنجامە دەگەیین کە وشەکانی گورانی، ئەورامە و فەڵەوی بۆ یەک واتا و مەبەست بەکارچوونە. کۆنترین دەقێک کە پێی وتراوە ئەورامە، نامەکانی عەینولقوزاتە کە هی سەدەی یازدەهەم زاینیە (انکایی:١٩٤،١٣٧٥).

لێرە ئاماژە بە چەند تایبەتمەندی ڕێزمانی هۆنراوەکانی فاڵەوی دەکرێت تا یەکبوونی ئەم شێوەزارە لەگەڵ کوردی، پێشتڕاست بکرێتەوە، هەرچەند ئەم دەقانە، وێڕای دەستکاری کاتبان، فارسی تازە، کاریگەری راست و خو لە سەریان بووە:

١- ئەگەر لە ڕوانگەی قوتابخانەی پێکهاتەخوازی(struchural)، ئەو دەقانە لێکبدەینەوە هەموویان بە مولکی کتێبخانەی کوردی دەچن، چۆنکە کرداری رابردووی تێپەڕ لە فاڵەوی هەر وەکوو ئێستای گورانی و سورانی تایبەتمەندی ئێرگاتیڤیان(Ergative) هەیە.

٢- جێگۆڕکی(Assimalation) واچەکانی f و x بە واچی h، کە لە کوردی هەورامیش وایە، بۆ نموونە: خوێن ← هوون.

٣- دو جوور، جێناوی بووە کە بریتین لە:

ئەلف-ez (من) بەراورد بکرێ لەگەل «ئەز» کرمانجی و گورانی کۆن.

بێ-mi/me (من) بەراورد بکرێ لەگەل «م» کرمانجی سەروو و خواروو:

٤-پیتەکانی ئیزافی /je/ce کە بەراورد بکرێ لەگەل "ژە، جە" لە گورانی، لەکی و فەیلی.

٥- ker (ریشەی چاوگی کردن) کە بەراورد بکرێ لەگەل "کەر" گورانی و فەیلی.

٦- Kovam (کام) کە بەراورد بکرێ لەگەل "کوا" گورانی.

٧- ō (بە ، لە) کە بەراورد بکرێ لەگەل "وە" کوردی گورانی و خواروو.

٨- rīc (ریشەی چاوگی رژاندن) لە کوردیدا دەبێتە ریژ.

٩-vâten، vaj (ریشەی چاوگی وتن) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ ئێژم/واچوم لە چاوگی «واتن/وتن».

١٠- vez (بزاڤ) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ «وز» لە سورانی، «واز» لە کوردی خواروو.

١١- vin (ریشەی چاوگی دیین) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ "وینم" کوردی گورانی و خواروو.

١٢- zan (ریشەی چاوگی زانین/ زانستن) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ زان.

١٣- xvăz (ریشەی چاوگی خواستن/ ویستن) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ "خواز" لە کرمانجی و فیلی.

لە کوتایی ئەم بەشەدا چەند وشەی پرکاربرد بەراورد دەکرێت:

ehnâm (عەشق) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: ئەوین.

esr (فرمێسک) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی،گورانی، فەیلی: ئەسر.

bešn (باڵا) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: بەژن.

bīš (ژان) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: ئێش.

dīm (روو) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: دیم (بڕوانە: هەنبانە بورینە، هە¬ژار)

gyan(جان) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: گیان

Heni (ئیتر) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گورانی و لەکی: هەنی

mâng (هیڤ) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: مانگ

ru/ruj/ruc (ڕۆژ) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: رووژ، روو

sâ (سێبەر) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ "سا" لە کوردی گورانی و خواروو.

Tahre (تاریک) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ "تاری" کرمانجی.

vājar (شار) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ "باژێر" لە کرمانجی.

xvā (خودا) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ "خوا" سورانی.

**شێوەزاری کوردی فەیلی**

«ئیبنی فەقیهی هەمەدانی» نووسەری کتێبی «البلدان» لە سەدەی نوهەمی زایینیدا هەر ئەم شارانە بێ کەمی و کورتی، بە پاڵەوینشین لە قەڵەم دەدات. هەروەها نووسەری «قامووس اعلام ترکی» ڕاستەوخۆ دەنووسێ: «زمانی پاڵەوی لە

کوردستان و عێراقی سەر بە ئێران، کە مەبەست کوردستانی عێراقە، قسەی پێدەکەن (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٤).

ئێستاش هەمووی ئەم شارانە جیا لە قوم و هەمەدان، کوردنشینن. هەرچەند، سی لە سەتا، پارێزگای هەمەدان کوردن و بە شێوەزاری کوردی خوارین، قسە دەکەن. بەم بەڵگەکانی مێژووییە دەتوانین بێژین وشەی فەیلی گۆڕدراوی وشەی پاڵەوییە. چۆنکوو بەشی پرۆسەی واچی (phonemic process) لە زانستی زمانناسیدا، ئەمە دەچەسپێنێ کە دەنگی /p/ زۆرجار دەبێتە دەنگی /f/ بۆ وێنە:

پارسی فارسی

پێرست فهرست

ئسپەهان ئسفەهان

هەروەها دەنگی /a/ لە ناوەڕاستی وشە لە کوردی سۆرانیدا دەبێتە دەنگی /ye/ لە کوردی فەیلیدا بۆ وێنە:

کانی کیەنی، / پان پیەن، / مارە میەرە، / نازانم نیەزانم...

کە ئەنجامی ئەم پرۆسەی واچیە دەبێتە ئەوە: پاڵەوی فاڵەوی فەیلی.

فەیلی(پالە)، نێوی شوێنکی مێژووییە و گۆڕدراو و کورتکراوەی پاڵەوی و فاڵەوییە، واتە دانیشتووانی ئەو شارانەی کە بە کوردی پاڵەوی دەدوێن؛ ئەم ناوە وەکوو سۆرانی، نێوێکی سیاسی و زمانناسییە، نەک خێڵ و هۆز؛ ئێستاش زاراوەی(idiom) کوردیی فەیلی بە هۆی جمشتی ڕۆشنبیری، ئابووری، ژینۆساید و ئەنفال، دیار و بەناوبانگە. پێویست بە وتنە لە وڵات و فەڵاتی پاڵەویدا، جیا لە فەیلییەکان، کۆمەڵێک خێڵ و شێوەزاری تری کورد دەژین، کە بریتین لە: لەک، کەڵهوڕ، لوڕ، زەنگنە و... کە لە هەرێمی کوردستان، بەگشتی، بە هەموویان دەوترێ کوردی فەیلی(الحمود،١٣٩٧:١٧٤). بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا تایبەتە بە شاری ئیلام و دەوروبەری، هەروەها کوچبەرەکان لە تاران، کەرەج، کرماشان، ئەهواز و... . فەیلی لە تەک کەڵهوڕی و لەکی نە یەکێکن نە زۆر لە یەک جیاوازن، بەڵکوو لەک و کەڵهوڕ نێوی خێڵ و هۆزن لە کاتێکدا فەیلی یان پاڵەیی، نێوی فەڵات و کۆنفدێراسیۆنێکە.

لەلای خەڵکی ئاسایی کوردی فەیلی بەم مۆرفیمانە پێناسە دەکرێن وەکوو: ئەژ، ژە/دە، خوازم/ دخوازم، زاڕوو، پێشگری "د" بۆ مۆرفیمی بەردەوامی و... لە ئەنجامدا

کوردە فەیلییەکان، بریتین: لە کۆمەڵە بنزارەکانی نزیک بە یەک، کە وەکوو دورگەیەک لەم ناوچەیەدا دەژین؛ هەر ئەم تایبەتمەندییە ڕێزمانی و خێڵییە بووە بە پێناسەی شوناسیان. بەکورتی ئەم کوردانە، لە دوو لقی مەزن بە نێوی کوردەلی لە خواروو و کوردەکارە لە ژووروی پارێزگای ئیلام پێکهاتوون.

برایم ئەلبراکی، سەرۆکی ئاسایشی عێراق لە ساڵی ١٩٨٥ زاینی دەبێژێت: کوردە فەیلیەکان، پێنجسەد ساڵ، بەر لە مێژووی زایینی نیشتەجێ عێراق بوونە(مرادی مقدم، ١٣٩٩:١٦٦).

هەروەها، دە یەکێک لە دەقە پیرۆزەکانی گورانی(راز مگو و سنگ سیاه) کە هەزار ساڵ، زمانی ویژەی ناوەڕاست و خوارووی کوردستان بووە بە وردی بە فلاتی فەیلی، ئاماژە کراوە. جیا لە ڕەخنە و بڕواکردن بە ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە، شتێک زۆر گرنگە ئاماژەی بێ کەم و کورت بە ”ولایەتی فەیلی“ لە دەقی پیرۆز و ئایینێکی کۆنە کە وادیارە ئەم فلاتە لەو سەردەمانەش زۆر بە ناوبانگ بووە. لەم دەقە وا نووسراوە: روژێک، حەزرەتی عەلی(د.خ) دە مەزگەوتی کوفە لەگەڵ یارانی دانیشتبوو و ویستی سڕی مەگووی خۆی ئاشکرا بکات. دەستی خۆی بەرەو ئاسمان بەرز کرد و قەباڵەی بە شێوەی تیشکی هەتاو لە دەست گرتی. لەم کاتە پیرەژنێکی یارسانی، وەکو جاران بە کاسەی ماست، هاتە لای. حەزرەتی ئەمیر، قەباڵە و کاسە لە ژێری ستوونێک هەشاردی و وتی: ” بەم ناو نیشانەیە کە من ئەمانەم شاردەوە، پاش [سێسەد و] شەست [و] شەش ساڵ، کەسێک لە ولایەتی فەیلی، دیارا دەبێت“ (مکری محمد، ١٩٦٨:٦٨).

### شێوەزاری کوردی لەکی

واتای لەک لە قاموسەکاندا یانی ١٠٠ هەزار، بەڵام لە پەندی پێشینیانی کوردیدا یانی هۆز، وەکو زەنگنە، هەورامی، جاف و... بۆ نمونە:“ ئەگەر لەکیم گشت برای یەکیم“. لەک و لەکی جەماوەری سەرەکین لە خوارووی ڕۆژهەڵات و لەم شارانە بەم شێوەزارەدا قسە دەکەن، وەکو: کۆدەشت، ئەلەشتەر، خورەماوا، واتا بەشی هەرەزۆری لۆڕستان، لە پارێزگای ئیلام، شارەکانی دەرەشار و هلیلان، لە پارێزگای کرماشان سێ بە یەکی شارەکە و شارەکانیتر وەک هەرسین، سەحنە، کەنگاوەر و... هەروەها لە پارێزگای هەمەدان و باکووری ولاتی ئێران وەک کەلاردەشت.

لەم شـیـوەزارەدا پیتی تایبەتی "Ö" هەیە وەکـو: شـۆم، تـۆم، تۆ و... . لە باری دەستگای واچی سەتا سەت وەکو کوردی گۆرانی نویّ و پاڵەئییە و ٩٢ لە سەتا وەکو فەیلی و کەڵڕییە. هەروەها لە لەکی بۆ کرداری بەردەوامی وەکو گۆرانی مۆرفیمی "مە" بە کار دەهێنرێت، وەکو: مەچم، مەکەم، مەزانم و... لە باری سینتەکسەوە لە بەشی ئێرگاتیڤ سەتا سەت وەکو سۆرانی و هەورامییە، وەکو گەردانکاری ئەم کردارە:

هواردم، هواردت، هواردی.

هواردمان، هواردتان، هواردیان.

شێوەزاری کوردی کەڵڕی

ئەم شێوەزار و خێڵە، زۆر کۆن و بەناو بانگن، زیاتر لە دەور و بەری کرماشان و خانەقین دەژین. لە ڕاستیدا ئەم شێوەزارە میکس و تێکەڵێکە لە نێوی سۆرانی و گۆرانی. هەروەها تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو نمونە گەردانکاری کردار کە شەش دانەیە و بۆ کرداری بەردەوام مۆرفیم تایبەتیان هەیە.

کەڵڕی لە باری دەستگای واچیەوە ١٠٠ تا ١٠٠ وەکو فەیلییە، هەروەها ئەم دوو شێوەزارەدا ٨٩ لە سەتا وەکو کوردی ناوەڕاستن.

هەبوونی ١٤٠ گر (affix) و ١٨٥ کرداری سادە، لە شێوەزارەکانی کوردی پالەوانیدا سەرەڕای سەرسوڕمان و شانازی؛ توانست و پوتانسیەلێکی هەرە مەزنە بۆ نۆژەن و پێوەرسازیی زمانییە. گرەکانی وەکوو:«اش، از، ەن، رچ، ئەڵ، ئەنە، ات، ما» و... کە تەنانەت لە سۆرانی و کرمانجیشدا نییە.

پاش ناوەڕاست پێشین

گرد بەربڵاو گرد بەربڵاو گرد بەربڵاو

û ü

î

ڕاست

u

i

ê

ناوەندی

a e

کەوتوو

**ئەنجام:**

-فارسی دەری، دریـژەی پاڵەوی نییە. چۆنکوو ئەم دو زمانە هاوکات، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران، ئاخێوەرانی هەبووە.

-پاڵەوی، دو لقی نەبووە بەلکوو سێ لقی هەبووە. لقی سێهەم، لە ڕۆژئاوای ئێران، واتا خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، برەوی بووە.

-بێجگەلە زاراوەی مادی ناوەڕاست، باشترین، ناو لێنان، زاراوەی پاڵەوانیە، لە بەر ئەوە کە لەگەل وشەکانی پارتی و پەهلەوی، تێکەڵ نەبێت.

-زمان، ئەدەب، ئاسەوار و ڕوانگای عیرفانی فەهلەوی یان فەهلەویات، کە دوای هاتنی ئیسلام، زۆر بە ناو بانگ بووە، پاشماوە و میراسی پاڵەوانیەکان واتا ئەڵقەی دووهەمی زمانیی زمانی کوردییە.

-دوای ئیسلام، کوردی گورانی لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی فەهلەوی، پەرە دەستێنێ، کە ڕەنگە ئەم دو ناوە هەر یەکێک بوون.

-پاڵەوی ڕۆژئـاوایی بە هۆی هەبوونی وشەنامە و دەق، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وشەسازی لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، تا ئێمەش وەکوو گەلانی¬تر کە پێشینەی کۆنیان هەیە، بتوانین لە زمانی مێژوویيمان، کەڵک وەربگرین.

-دەستگای واچی کوردی پالەوانی پێکهاتووە لە ٣٦ واچ کە بریتین لە ٢٨ واچی بێدەنگ و ٨ واچی دەنگدار. هەروەها ئەم لقە لە چوار واچ، جیاوازئی هەیە لەگەل ناوەڕاست.

-دەستگای واچی کوردی فیلی (ئیلامی)، بەغدادی، خانەقینی، بیجاری، کرماشانی و کەڵڕی ١٠٠٪ وەک یەکن.

-لە کوردی هەورامیدا دەنگی " □ " هەیە بەڵام واچ نییە و لە بەراورد لەگەل سۆرانی ٩٧ لە سەتا وەک یەکن. بەم شێوەیە بیرۆکەی جیاوازی یان سەربەخۆئی هەورامی لەگەل شێوەزارەکانی تر بە پێی قوتابخانەی زماننناسی پێراگ دەڕۆخێت.

-بە تێکرا لە دەستگای کوردی پاڵەوانی واتا "گۆرانی- هەورامی، فەیلی، کەڵڕی و لەکی" سێ دەنگۆکی "□، ğ، □ " و دو واچی "v, u " بە شێوەی پەراکەندە دەبێژرێت.

**سەرچاوەکان:**


ـ ناتل خانلری، پرویز، تاریخ زبان فارسی، تهران، نشر نو، چاپ چهارم، ١٣٧٩.
ـ مردوخ، آیت‌الله محمد، تاریخ مردوخ، تهران، نشر کارنگ، ١٣٧٩.
ـ معین، محمد، فرهنگ فارسی، تهران، امیرکبیر، چاپ دهم، ١٣٧٥.
ـ کریمی، غلام‌حسین، کردی ایلامی، بررسی گویش بدره، سنندج، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠.
ـ جهانبخش، فرهنگ، تاریخ زبان فارسی، تهران، انتشارات جامی و فرهنگ، چاپ اول، ١٣٨٣.
ـ اذکایی، پرویز، باباطاهرنامه، تهران، انتشارات توس، چاپ اول، ١٣٧٥.
ـ ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه‌اللغه ایرانی، کریم کشاورز، تهران، انتشارات پیام، چاپ اول،١٣٨٥.
ـ آموزگار، ژاله وتفضلی، احمد ،زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، تهران، انتشارات معین، چاپ چهارم، ١٣٨٢.
ـ آکوپوف،گ.ب؛ حصارف، م.ا ،کردهای گوران و مسئله‌ی کردهای ترکیه، سیروس ایزدی، تهران، انتشارات هیرمند، چاپ اول، ١٣٧٦.
ـ دهخدا، علی اکبر، لغت نامه، موسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، با همکاری انتشارات روزنه، تهران ١٣٧٣.
– احمد تفضلی ، ترجمه ی فریبا شکوهی، نامه¬ فرهنگستان ، فهلویات ، شمار ٢٩، دوره ی هشتم ،تهران ، بهار ١٣٨٥.
– سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، ویرایش جدید ١٣٨٢.
ـ ابراهیم‌پور، محمدتقی.“ واژه‌نامه فارسی ـ کردی ”. تهران، ققنوس، چاپ نخست، ١٣٧٣.
– ابوالقاسمی، محسن، تاریخ مختصر زبان فارسی، طهوری، چاپ دوم، ١٣٧٨.
– ابوالقاسمی، محسن، ریشه‌شناسی (اتیمولوژی)، تهران، ققنوس، چاپ سوم، ١٣٨٥.
ـ حاجی مارف، ئەورەحمان.“ ڕێزمانی کوردی ”. بەغدا، (؟)، بەرگی یەکەم، ١٩٩٨.
ـ رحیمی، کامران.“ فرهنگ کوردی کامران”. چاپ نشده.
ـ رخزادی، علی.“ آواشناسی و دستور زبان کردی ”. تهران، انتشارات ترفند، چاپ اول، ١٣٧٩.

- عەزیز ئیبراهیم، ئیبراهیم، ئامراز لە زمانی کوردیدا، ارومیه، صلاح‌الدین ایوبی، چاپی یەکەم، ١٣٦٧.
- فرەوشی، بهرام ." فرهنگ فارسی به پهلوی ". (؟)، بنیاد ملی ایران، ١٣٥٢.
- کسروی، احمد." آذری یا زبان باستان آذربایجان ". تهران، انتشارات خورشید آفرین، ١٣٨٣.
- گوواری کوری زانیاری کورد،چاپخانە ی زانیاری کورد،بە¬غداد،١٩٧٤.
- محمد توفیق، الوردی." الاکراد الفیلیون فی التاریخ " بغداد،(؟)، ١٩٥٨.
- مدرس، یحیی." درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان ". تهران، موسسه مطالعات و تحقیقات و فرهنگی، چاپ اول، ١٣٦٨.
- ناتل خانلری، پرویز." تاریخ زبان فارسی ". تهران، نشر نو، چاپ چهارم، ١٣٧٩.
- نوشین، عبدالحسین، واژه نامک،انتشارات دنیا،چاپ دوم، تهران،١٣٦٣.
- نەبەز، جەماڵ." زمانی یەکگرتووی کوردی ". بامبێرگ، (؟)،١٩٧٦.
- یول، جورج." نگاهی به زبان ". نسرین حیدری، تهران، سمت، چاپ پنجم، ١٣٧٤.
- الیما، بئوار، وار(سرزمین اجدادی)، تهران، چاپ اول، ١٣٧٩.
- انوری، حسن، احمدی گیوی، حسن، دستورزبان فارسی ٢، انتشارات فاطمی، تهران، چاپ هشتم ١٣٧٢.
- آریانپور، منوچهر، فرهنگ پیشرو انگلیسی - فارسی، تهران، نشر رایانه، چاپ سی و چهارم، ١٣٨٦.
- آموزگار، ژاله، تفضلی، احمد، زبان پهلوی، تهران، معین، چاپ چهارم، ١٣٨٢.
- رازی، شمس قیس." المعجم ". به اهتمام سیروس شمیسا، مشهد، انتشارات فردوس، ١٣٧٣.
- مکری، محمد، راز مگو و سنگ سیاه در سنت اهل حق ایران، کتاب فروشی شرقی، هراند ساموئیلیان، پاریس، ١٩٦٨.
- مرادی مقدم، مراد، بررسی عوامل مؤثر درمسئله‌مند شدن وضعیت تابعیت کردای فیلی در یکصد سال اخیر، فصلنامه علمی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه الزرا، سال سی ام، دوره جدید، شماره ، بار ١٣٩٩.
- سهرابی، رضا، سریشآبادی، جعفر، فرهنگ گروس، کردستان، دانشگاه کردستان، چاپ اول، ١٣٩٠.

- الحمود، علی طار، اخگر گداخته حکومت: تجربه دولت‌سازی شیعیان در عراق پساصدام، ترجمه سید حسین مرکبی، اصفان، آرما ١٣٩٧.
-Ferheng Kurmaçî-Dimilî –Tirkî , seîd Verrog ،war ،îstenbol ،2003.

* سەرۆکی ئەنستیتوی زانستی زاگروس

# ئیبراهیم باڵدار
# چەسپێنەری ئەلفبێی کوردی

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین

نەوەکانی بەر لەڕاپەڕین و تەنانەت هەموو منداڵێکی کورد، کەم و زۆر یادەوەرییەکی جوان و خۆشخەیاڵی لەگەڵ یەکەم کتێبی ئەلفوبێی کوردی (ئەلفوبێی نوێی)و یەکەم مامۆستای فێرکردنی زمانی کوردی زیندەیاد مامۆستا ئیبراهیم باڵدار هەیە، کە لە مێژووی پەروەردە و فێرکردنی زمانی کوردیدا بە چەسپێنەری ئەلفبێی کوردی هاوچەرخ ناسراوە، چونکە هەر لەسەر دەستی ئەو مامۆستا باڵداری نەمر و بلیمەتە کتێبە بە نرخەکەی (ئەلفوبێی نوێ)ی کوردی سەدان پسپۆرو شارەزای لە مامۆستایان و ئەندازیاران و پزیشکان و بگرەجووتیاران و کرێکاران و تەنانەت توێژە جیاوازەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەمانیشی فێرە خوێندن و نووسینی بەو زمانە شیرینەی کوردی کرد، خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەو زمانە کوردییە لە باشووری کوردستاندا بۆتە زمانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵوەگەڕی ٣٧ ساڵەی کۆچیدواییدا، ئەو نووسینە بە پێزەی پ.د. وریا عومەر ئەمین لێرەدا لەم گۆشەیەدا وەکو خۆی بڵاو دەکەینەوە (زمان و زار).

**پرۆفیسۆر ئیبراهیم باڵدار، چەسپێنەری ئەلفبێی کوردی**

لە ساڵی ١٩٨٤ من سەرۆکی بەشی کوردی بووم لە زانکۆی بەغدا، کە بیستم مامۆستا باڵدار خانەنشین کراوە، یەکسەر پەیوەندیم پێوە کرد و داوام لێ کرد وەک وانەبێژێکی دەرەکی، وانە لە بەشی کوردیدا بڵێتەوە، ئەویش یەکسەر ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی. ماوەی ١٤ ساڵ، تا کۆچی دوایی، لە بەشی کوردی وانەی ڕێبازەکانی وانەوتنەوەی بە قوتابییانی بەشی کوردی گوتەوە و سەرپەرشتی پەروەردەیی کردن، بەردەوام کاری لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندنی بەشی کوردی دەکرد و پەرەی پێدەدان.

لە ساڵی ١٩٩٤ دا بووم بە سەرۆکی لیژنەی پلەبەرزکردنەوە-تەرقیاتی کولێژی پەروەردە، هەر خۆشم سەرۆکی بەشی کوردی بووم، بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار (هەرچەند خانەنشین بوو و وانەبێژێکی دەرەکی بوو و لە سەر میلاکی بەشەکە نەبوو و بڕوانامەی دکتۆراشی نەبوو، بەپێی ڕێنماییەکان نەدەکرا پلەی پرۆفیسۆریی بدرێتێ)، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵێکی زۆرم دا تا توانیم ڕەزامەندیی بۆ دەسگیرکەم و پلەی پرۆفیسۆریی پێ ببەخشین. ئەم ئاواتەم هاتە دی و بە پێی فەرمانی زانکۆیی ژ ٢٩٨ ی ٢-٥-١٩٩٥ پلەی پرۆفیسۆریی پێ بەخشرا. تا ماویشم شانازیی پێوە دەکەم.

پرۆفیسۆر باڵدار گەلێ نووسینی لە بواری پەروەردە و وانە وتنەوەدا هەیە. گرنگترینیان (ئەلفوبێی نوێ) یەکەیێتی، کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا وەزارەتی مەعاریفی عیراق بە چاپی گەیاندووە. بەردەوام دەسکاریی دەکرد و پەرەی پێ دەدا. لە ساڵی ١٩٥٣دا هونەرمەندی نەمر (بەدیع باباجان) وێنەکانی بە ڕەنگاوڕەنگی کێشا. لە ساڵی ١٩٥٦ خاتوو(ترودی میتلّمان) وێنەکانی داڕشتەوە. تا ساڵی ١٩٨٥ بیست وپێنج جار چاپ کرا .

ئەم کتێبە لەسەر نوێترین و پتەوترین بنەماکانی پەروەردەیی و هونەری و نەتەوەیی دانراوە، جگە لە نووسین و خوێندنەوە، منداڵی کورد فێری ڕەوشتی بەرز و خۆشەویستیی گەل و نیشتمان و ژینگە دەکات، بە وێنەی کوردەواریی قەشەنگ و جوان ڕازاوەتەوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە فێرکردن و چەسپاندنی ڕێنووسی کوردی.

بەداخەوە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بێ هیچ بنەمایێک ئەلفوبێیەکەی باڵدار لابرا و بە هی تر جێگیر کرا، ئەمە تاوانێکی گەورە بوو دەرحەق مێژوو و بواری پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی کورد، دەبوو کتیبەکە هەروەک خۆی بمابایە و نۆژەن بکرابایە.

مامۆستا باڵدار مرۆڤێکی دڵسۆزی کوردپەروەر بوو، پەروەردکارێکی ڕەسەن بوو. ئیشکەرێکی چالاک و کۆڵنەدەر بوو، هونەرمەندێکی دەستڕەنگین بوو. زانایێکی مێشکفراوان بوو، دڵتەڕێکی هەمیشە گەنج بوو، تا بڵێی زیرەک و هۆشیار و چوست بوو، سەری لە هەموو شت دەردەچوو، چاندن، ئەندازیاری، تەلارسازی و پزیشکی و زۆر شتی تر، کە مامۆستا بوو لە زانکۆی سلێمانی دیزایینی(کانیی عاشقان)ی کرد لە چیمەنەکانی زانکۆدا، (کانیی عاشقان) کارێکی هونەریی لە ڕادەبەدەر جوان و دڵگیرە، دەچێتە ڕیزی شاکارە هونەرییەکانەوە. دوای ئەوەی زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە شوێنە تازەکەی. چەندان جار بانگەواوزم بڵاوکردەوە داوام لە پارێزگا و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی کرد کە(کانیی عاشقان) بگوێزنەوە چیمەنەکانی زانکۆ تازەکە و بکرێ بە مەنیومەنتێ بە یادی باڵدارەوە. بەداخەوە کەس گوێی نەدامێ.

چواردە ساڵ لەگەڵ ئەم مرۆڤە مەزنە پێکەوە کارمان کرد و بیرەوەرییەکانم لە گەڵیدا یەکجار زۆر و سەیر و خۆشن. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٤دا بوو ڕۆژێ داوام لێ کرد نەخشەیێک بۆ چیمەنی ماڵەوەم دابنێ. هەر بۆ ڕۆژی دوایی نەخشەیێکی جوانکیلەی هێنا، لە شوباتی ١٩٩٥ دا چوار نەمام زەیتوونی بۆ هێنام، لە چیمەنەکەدا چاندمن، کە

ئیستا چڵەکانیان بە ئاسمانا هەڵکشاون. یەکجار دڵگیر و بە پیت و بەرهەمدارن، (باڵدار)ەکان بە دەیان هێلانەیان لەسەر دەکەن. جیکەجیکیان سیمفۆنیاییێکی هەمیشەیین بە یادی ئەم مرۆڤە مەزنە. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ،

–ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ساڵی ١٩٢٠ لە گەڕەکی سابوونکەراندا لە شاری سلێمانی لە دایک بووە.

–١٩٣٩ – ١٩٤٠ پەیمانگەی مامۆستایانی لادێیی تەواو کردووە لە بەغدا.

–١٩٤٠ بۆتە مامۆستا لە دێی سورداش. لە قوتابخانەکانی تەوێڵە، هەڵەبجە، چوارتا مامۆستا بووە.

–١٩٥٦ کولێجی بازرگانی و ئابووریی لە بەغداد تەواو کردووە.

–١٩٦١ بڕوانامەی ماستەری لە پەروەردە و دەروونناسیدا، لە کولێژی سانفرانسیسکۆ لە ئەمەریکا وەرگرتووە.

–١٩٦٨ بۆتە مامۆستا لە کولێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی.

–١٩٨١ لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی دواتر بۆ هەولێر وەک مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین بەردەوام بووە.

–١٩٨٢ گوێزرایە زانکۆی موستەنسریە، لە بەغداد و لە ١٩٨٣ دا خانەنشین کرا.

–١٩٨٤ – ١٩٩٨ مامۆستای وانەبێژ بوو لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد.

–لە ١٢ ی تەممووزی ١٩٩٨ لە بەغداد کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی بردرایەوە سلێمانی و لە گردی سەیوان، نزیک مەڵبەندی لە دایکبوونی بە خاک سپێردرا.

# پەیوەندیی نێوان
# زمان و ڕاگەیاندن

مستەفا غەفوور

ڕاگەیاندن ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی زمانی وڵات و نەتەوەیە. زمانناسان بە تایبەتی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هەست بە ئاستی گەشەکردنی زمانی ئەو وڵاتە یان ئەو نەتەوەیە دەکەن، وەک نموونەیەکی دیار دەتوانین ئاماژە بە زمانی میدیای بی بی سی بکەین کە بە (B.B.C Language) ناودەبرێ و لە ناوەندی زمانناسیدا بە زمانی ستانداداردی ئینگلیزی دادەنرێ، خودی کاناڵەکە سەبارەت بە زمان خاوەن بیروبۆچوونی خۆیەتی و شێواز و ڕایەکانی لە لایەن زمانناسانەوە بەهەند وەردەگیرێ، وەک بنەمایەکە بۆ زمانی ئینگلیزی و لە کاتی پێویستدا وەک سەرچاوە دەگەڕێنەوە سەری و بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە زمانییەکانیان پشتی پێدەبەستن" واتە نموونەیەکی بەرچاوی زمانی ستانداردی ئینگلیزییە.

ئەم شکۆ و شایستەییەی زمانی (بی بی سی) لەخۆیەوە نەهاتووە، جگە لە مێژووی گەشەکردنی زمانی ئینگلیزی، کاری بۆ کراوە" ڕاوبۆچوونی زمانناسانی ئەکادیمی و ڕاگەیانکارانی بەئەزموون، و ئەدیب و نووسەران وەرگیراوە، ئەمەش وەک پرۆسەیەک درێژەی هەیە و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، هەر گۆڕانکارییەکی زمان وشەی زاراوەی نوێ، زاراوەی زانستی نوێ و داهێنانی زمانی لە داڕشتن و قەرزکردنەوە بگرە تا دەگاتە ئافراندنی وشەی نوێ، بە شێوەی سیستماتیک دەگاتە ئەو کەناڵە و بە بڵاوبوونەوەی لەکەناڵەکەوە، ناسنامەی زمانناسی خۆی دەگرێ و دەبێتە یەکەیەکی زمانی ئینگلیزی، واتە کۆدەنگی لەسەر دروست دەبێ و زمانی خوێندنەوە و نووسین ناچاردەبێ و لەسەریەتی وەک خۆی بەکاری بهێنێت. ئەمە بۆ زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕاستە. نەک هەر ئەوە هەڵەکردن و سەرپێچی کردن لە بەکارهێنانیان سەرزەنشت و سزای ماددیشی بەدواوەیە.

جگە لەوە ڕاگەیاندن لە هەر ئۆرگانێکی تر جیاوازە، بەردەوام لەناو خەڵک و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندایە. بۆ چرکەساتیکیش لێیان دانابڕێ، هەموو چین و توێژێک و تێکڕای تەمەنەکان ڕۆژانە گوێبیستی دەبن و کەناڵە نووسراوەکان دەخوێننەوە، جگەلە زمانناسان و خەمخۆرانی زمان، تێکڕای خەڵک زمانەکە وەردەگرن و وەک خۆی بەکاری دەهێنن، لەبەر ئەوە هەڵەکان، لادانە زمانییەکان، چەواشەکارییەکان بە زووترین کات لەناو خەڵکدا بڵاودەبنەوە و  بە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە زمان بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبەن. دەکری بڵێین زمانی هیچ ئۆرگان و لایەن و کەسیک

ئەوەنەی زمانی ڕاگەیاندن کاریگەر نییە و بە چاک و خراپییەوە ئاوا بە خێرایی ناگوازرێتەوە. ئەمەش پێمان دەڵێ: پێویستە زمانی ڕاگەیاندن بە کاناڵەکانی دەنگ و ڕەنگ و نووسینەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

ئەمەش هەم دەسەلاّت و هەم بواری ڕۆشنبیری لەوانە ئەکادیمیای زمان و بەشی ڕاگەیاندن و زمانناسی" زانکۆ و پەیمانگاکان لێی بەرپرسیارن، چونکە دەبێ ڕاگەیانکاران زۆربەیان دەرچووی ئەو بەشانە بن، پێویستە دەسەلاّت کارئاسانی بۆ ئەکادیمیا و بەشی زانکۆکان بکات پشکی بالاّیان هەبێت لە کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی زمانی ڕاگەیاندن، وەک خەمخۆر و چاودێری زمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، هەر گۆڕانکاریی و پێشکەوتنێک لە پرۆسەی ڕاگەیاندن و ستافی ڕاگەیاندندا ڕەنگدانەوەی دەبێ لە سەر خودی ڕاگەیاندن.

خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکاندا لە ئاستیکدایە پتر لەوەی خزمەتی زمانی کوردی بکات زیانی پێدەگەیەنێ، تەنانەت گرفت بۆ ئەرکی ڕاگەیاندنیش دروست دەکات. زمانی پاراو، دەنگی خۆش و ئەدای خوێندنەوە بە کەمترین هەڵە" گوێگر و خوێنەر پەلکیش دەکات بۆ بیستن" گوێڕاگرتن و خوێندنەوەی زانیارییەکانی ڕاگەیاندن. تەکنیک و ئیساتاتیکای زمانەکە هەستی بەرامبەر دەجووڵێنێ و حەزدەکات تا دواوشە لەگەڵیدا بێ. زۆر بێژەری کەناڵی بینراو و بیستراو بە دەنگی ئەفسوناوی و زمانی پاراو شکۆ و کەسایەتی خۆیان لە ڕاگەیانندا بونیادناوە. لێرەدا توانا زمانییەکە تەوەری شکۆمەندییە. زمانی سەقەت هەم بێژەرو هەم کەناڵەکە لە بەرچاوی جەماوەر دزێو دەکات. دەشێ ئەدا و جووڵە جەستەییەکان لە دەسەلاّتی خودی بێژەر دابێ، کە ئەوەش بەشێکە لە هونەری نواندن، بەلاّم زمانەکە بە تەواوی لە دەسەلاّتی ئەودا نییە، خودی ستافی کەناڵەکە و تێکڕای سیستمی ڕاگەیاند لێی بەرپرسیارە، کە ئەویش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەر گرفتەکان و دۆخی ئێستای زمانی کوردی. ئەوەشمان لە بیر نەچێت زۆربەی زمانەکان بە تایبەتی ئەو زمانانەی لە قۆناغێکدا هاوتای زمانی کوردی بوون بەم قۆناغەدا تێپەڕیون، کەواتە بەشێک لەو گرفتانە سروشتین قۆناغەکە لەگەڵ خۆیدا هێناون. مەترسییەکە لێرەدا ئەوەیە چەقبەستن و کەمتەرخەمی لەم قۆناغەدا هەڵەکان گەورەتر دەکات، کە هەڵە و چەواشەکارییەکان لە دۆخی سروشتی خۆیاندا دەرچوون زمانەکە ناگەڕێتەوە سەر دۆخی گەشەکردنی ئاسایی خۆی، ئەوسا دوو ئەگەر هەیە: یان دروستبوونی

زمانێکی کریۆلی کە دەشێ بنەماکەی هەر زمانی کوردی بێت، بەڵام سنووری خۆی بەزاندووە، یان ڕێگای مەرگ دەگرێتەبەر ئەوسا دوژمنان قۆڵی لێ هەڵدەماڵن، تا هەرچی زووە کفن و دفنی بکەن، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا تاکی کورد هەست دەکات خەریکە ناسنامەکەی لە دەست دەدات، کە هەزاران قوربانی لە پێناویدا بەخشیوە، هەر نەتەوەیەکیش ناسنامە خۆی لەدەست بدات، بە نەبوو دادەنرێت. نموونەشمان بۆ ئەم پرسە زمانەکانی ئەفریقا و تەنانەت هێندێک زمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، کە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان لە دەستداوە. لە ئەفریقا لەسەر بنەمای زمان فەرەنسی یان ئینگلیزی و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەسەر بنەمای زمانی ژاپۆنی یان چینی زمانی کریۆلیان بونیادناوە، کە بووە بە زمانی لینگوا فرانکا و زمانی فەرمی ئەو وڵاتانە، ئەم پرۆسەی بەکریۆلی کردنە" زمانە ڕەسەنەکەشیان ئەوندە بچووک بۆتەوە لە هێندێک ناوچەی دوورە دەست و لادێنشین کەس پێی نادوێ، کە ئەویش درەنگ یان زوو فاتیحای لەسەر دەخوێندرێ. کەواتە بەردەوامبوون لەسەر ئەم دۆخەی ئێستا زمانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە، دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پتەوکردنی زمانی پاراودا وەک دانوستاندن وایە، چی پێ ببەخشی ئەوت دەداتەوە. هەرچی پێت ببەخشێت ئەوە کاریگەرترە و جێگای خۆی لە زمانی گشتیدا دەکاتەوە. خراپی پێبەخشی خراپت دەداتەوە، خراپ وەرەگرتنەوەک کاریگەرترە لە خراپ بەخشینەکەی تۆ، چونکە تۆ ڕووت لە ڕاگەیاندنە و ئەو ڕاستەوخۆ ڕووی لە جەماوەرە، واتە هەر هەڵەیەکی بەخشین بە ڕاگەیاندن، کاردانەوەکەی گەورەتر دەبێت و بە ئاسانتر و بە فراوانی دەگاتە ناو خەڵک و بڵاو دەبێتەوە.

ئەمڕۆکە لە سەرچاوەکانی بەخشیندا پاشاگەردانییەک هەیە، کە هەرکەس بە بیروبۆچوونی خۆی وشەیەک، زاراوەیـەک بە ڕاست دەزانێت و بەکاری دینێ" زۆربەی ڕاگەیەنکاران بێ پرنسیپ ئەم کارە ئەنجام دەدەن، جگە لەوە زۆر جار هەڵەی نووسەرانی بەرجەستە و زمانزان هەلەی تری لەسەر بونیاد دەنرێ، بەو مانایە کە پیویستە زۆرجار بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی هەڵەکان.

لە ڕاستیدا سەرچاوە کۆن و نوێیەکانی بەخشینیش بە تـەواوی جێگای متمانە و باوەڕپێکراو نین، چونکە ئاراستەیەک خۆی سەپاندووە ئەویش ئەوەیە: ئەوەی پێشتر لەسەر دەستی نووسەر و زمانناسانی نووسراوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ،

ئەو هەڵانەی کراون ئەگەر کەمیش بن" پێویستە ڕاست بکرێنەوە" چونکە سروشتی زمان وایە" هەر وشەیەک ڕاست یان هەڵە بە پرۆسەکانی داڕشتن وشە و زاراوەی تر و تەنانەت ناوی ئاوێتەشی لێدەکەوێتەوە، وەک بەردەوام بوون لەسەر هەڵە کارەسات دروست دەکات، لە کوردیدا دەڵێن: ترخێنە تا بمێنیتەوە عەمەلان هەڵدێنێ و لە لایەکی تر" بەشێکی زۆر لە خوێندکار و ڕۆشنبیران پێش ئەوەی شارەزای زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان و زماننناسی کوردی ببن، بە هۆکاری خوێندن و دەستەبەرکردنی زانیاری، لە هەموویان گرنگتر دۆزینەوەی دەرفەتی کار لە کۆمپانیا بیانییەکان، پەنا بۆ فێربوونی زمانی بیانی دەبەن، واتە هێشتا بە تەواوی فێری زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان نەبوون هەوڵی فێربوونی زمانی بیانی دەددەن. لەبەر ئەوە بە بارتەقای ئاخاوتن و تێگەیشتن لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان فێری زمانی بیانی دەبن، کەواتە بەشێکیان لە بارەی زماندا ئەوەندەیان پێ نییە ببیەخشن بە بواری ڕۆشنبیری (لەکاتێکدا بە پێی بۆچوونی زماننناسی ناوداری ئەمریکی نوام چومسکی" فێربوونی زمانی دووهەم یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن و قوڵبوونەوەی لە زمانی ڕەسەنی خۆت. کاربەدەستانی ڕاگەیاندنیش بۆ ڕێکخستن و پتەوکردنی ستافەکەی خۆیان سوود لە جۆرە ڕۆشنبیرانە وەردەگرن و پێیان وایە ئەوەی زمانێکی بیانی بزانێت ئەوا دەتوانێت، خزمەتی ڕاگەیاندن بکات، بەڵێ منیش دەڵێم دەتوانی خزمەتی زمای ڕاگەیاندن بکات" بەڵام بەشی ریکلام بە زمانی بیانی!

لە وەش سەیرتر ئەوەیە بەشێک لەو جۆرە ڕاگەیانکارانە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شارەزا و زماننناسان، بۆ بواری میدیایی دەست بۆ کاری وەرگێڕانیش دەبەن، لەبەرئەوە بەردەوام لە ڕوونووسی کەناڵەکانی تیڤی هەڵەی زەق و نەشیاو بەرچاو دەکەوێت.

ئایا بە کارهێنانی وشە بیانییەکان لە ڕاگەیاندندا جێگا بە وشەی خۆماڵی لەق دەکەن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان نەک هەر کاریگەرە لەسەر خووخدە ڕەفتار، بەڵکو کاریگەرە لەسەر زمانی یەکتر، دیارە کام زمانە پێشکەوتووتر و گونجاوتر بێ پتر کاریگەر دەبێ لەسەر زمانی بچووکتر و لاوازتر، چونکە ئەو زمانە لاوازە پێویستی بە وشە و زاراوە و تەنانەت تکنیکی زمانە پێشکەوتووەکانە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە دەرگا بۆ هەر کەرەستەیەکی زمانی بیانی بگرێتەوە ڕێگەبدرێت بێ لە دەرگەدان و بێ سانسۆر خۆی بە ناوماڵی زمانی کوردیدا بکات. پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو وشەو

زاراوانە وەربگیرێن یان قەرز بکرێن کە لە زمانی کوردیدا نین و پێویستن و تا ئەو کاتەی وشە و زاراوەی ئاوا لە زمانی لە کوردیدا لە دایک دەبن و دێنە ئاراوە دەکرێت بمیننەوە و دواتر کە کارایی خۆیان لە دەستدا و زمانەکەمان پێویستی پێی نەما، فرێ بدرێنە دەرەوە، چونکە لە زماندا زۆرجار پێداویستی هەل و مەرج و دۆخی تایبەت، تەنانەت هێندێک ڕووداو وشە و زاراوە دەئافرێنن و کەلێنێک پڕ دەکەنەوە.

پەندێکی کوردی هەیە دەڵی: کچی خۆت قوربانی کوڕی خەڵک مەکە، لە زماندا بەو مانایەیە وشە بە وشە نەکوژین واتە تۆ وشەی زیندوو و کارات هەیە بێ گرێوگۆڵ ئەرکە زمانییەکانی جێبەجی دەکاتچ پێویست دەکات وشەیەکی بیانی بیانی بێنی و وشە ڕەسەنەکەی پێی شاربەدەر بکەی، تەنانەت ئەگەر ئەو وشە ڕەسەنە نەتوانی بەشێکیش لە ئەرکەکانی ڕاپەڕێنی بمێنیتەوە باشترە نەک وشەیەک بیانی لە جێگای دابنرێ، چونکە لە ڕەوتی گەشەکردنی زمانەکەماندا، بە پێی پرۆسەکانی داڕشتن، ئاویتەکردن، لێکدان، کورتکردنەوە، گیرەکگیری و نووسەکگیری... ئەگەری کاراکردن یان بوونیان بە کەرەستەی وشە و زاراوەی تر زۆرە.

گەلێک وشە و زاراوەی وەک: فاکۆڵت، وۆرکشۆپ، پاکیج، پریستیژ، ستراکتۆر، سکێچ، کاندید، تەوزیف، سەراب، وەهم، ناوزەند، ترادیسیۆن، سەنتەر و... دەیان وشە و زاراوەی تر بەکاردێنن، گوایە زمانی ڕاگەیاندن پێویستی پێیەتی، ڕاستە ڕەنگە زۆرجار وشەی پڕ بە پێستی ئەوانە لە زمانی کوردیدا دەست نەکەوێ، بەڵام ئەوانە هەر خۆیان نین بە گەردانکردن و پرۆسەکانی ئافراندنی وشە، دەیان وشە و زاراوەی تریان لێ دەکەوێتەوە، بۆیە دەبینین زمانی ڕاگەیاندن پڕبووە لەو وشە زاراوانە و بەرەبەرە رەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات. مەرجیش نییە هەر وشەیەکی بیانی لە زمانی کوردیدا مانای پڕ بە پیستی خۆی هەبێ، مانای وشە لە لە رەوتی گوتن و نووسیندا و تەنانەت بە پێی ئاوازی گۆکردن دەردەکەوێ، لەبەر ئەوە مەرج نییە مەرج نییە مانای وشەکە وشەیەکی مانای زاراوەکە زاراوەیەکی کوردی بێ، زۆر جار دەستەواژەیەک" لاڕستەیەک یان وشەیەکی ئاوێتە مانای وشەی مەبەست دەگەیەنێ.

سەبارەت بە زاراوە کوردییەکان تەنانەت پەند و ئیدیۆم و هێشتا زۆر نووسەر یان وەرگێڕ لە بەکارهێنانیاندا بە هەڵەدا دەچن، چونکە نازانن کەی و چۆن لەدایک بوونە، شوێن و ژینگەی لە دایک بوونیان کوێیە و لە چ زار و بنزاریکدایە، لەبەر ئەوە نازانن چۆن بەکاری بێنن.

ئەو وشانەی پێداویستی زمان و وکۆششی نووسەر و زمانەوانان و پسپۆڕانی زمانی کوردی بەدیهێناون، ڕاست نییە هەرکەس بی پرنسیپ گەمەیان پێبکا و نابەجێ بەکاریان بێنی.

لە ڕاستیدا بە کارهێنانی وشەی نوێ گرفت دەخوڵقێنی، تا جیگای خۆی دەگرێ دەبێ زۆر ئەمدیو و ئەودیوی پێبکری نەکا بە سەقەتی جێگیر بیت یا وشەکە هەمان مانای پێویست نەدات، جگە لەوە گرفتی تێگەیشن بۆ خوێنەر دەخوڵقێنی نەک بەو مانایەی خوێنەر لێی تێناگا، بەڵکو بەومانایەی دوای دەخات لە تێگەیشتنی خێرا، چونکە لە سەری ڕانەهاتووە و کۆدەکانی لە فەرهەنگی زەینیدا تۆمار نەکراون، کە دەڵێ (دەچم) خوێنەر دەزانێ دوای ئەو (بۆ) دێت ئینجا (شوێن)، کەواتە خوێنەر ڕانامێنێ و بە واتایەکی تر ماندوو نابێت. بەڵام کاتێک دەڵێی (پارادیمی وەڵامدەر) خوێنەر دەبێ رابمێنێ و بە دوای نەک مانای وشەکاندا بگەرێ بەڵکو بەدوای چۆنییەتی پێکەوەلکانیاندا بگەرێت تا ئەو مانایەی پێویستە دەستی بکەوێت و بەهەڵە زانیارییەکە وەرنەگرێت، خۆ ئەگەر دەقە گوتراو یان نووسراوەک پڕ بێت لەم جۆرە فانتازیانە واوەیلایە بۆ خوێنەر و هاواری فریادرەسە بۆ زمانی کوردی. ئەگەر ناچاریش بین وشە یان زاراوەیەکی بیانی بەکار بێنین پێویستە ئەوەندە سنووردار بکرێت وشە و زاراوەی تری لێنەکەوێتەوە... . لێرەدا بە دەرەنجامە دەگەین"زمانی ڕاگەیاندن هەستیارە، کاریگەرە، مەترسیدارە پێویستە بە پارێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

**زمان و زار: لە هەریمی کوردستاندا هیچ فلتەریک بۆ کنترۆلکردن و پاراستنی زمان لە راگەیاندنەکاندا هەیە؟**

**مستەفا غەفوور:** وەک سیستم، وەک پرۆژە، وەک ئەنجومونی پاراستنی زمان، هیچ شتێک لە ئارادا نییە، تەنیا لەسەر ئاستی ستافی دەزگایەک یان ئاستی شەخسی هێندیک ناوەندی رۆشنبیری وەک یەکییەتی نووسەران، ئەکادیمیا یان زماناسان کە هەر یەکەیان وەک کاردانەوە بەرامبەر ئاڕاستە و رێڕەوی هەڵە دێنە دەنگ و هیندێک رەخنە و وتار رادەستی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەکەن، ئەوەش وەک بەردیکی لە گۆمێ باوێی، بێ دەنگ تێدەپەڕێ و بێ کاردانەوە بزر دەبێ.

پێویست بوو راگەیاندن بە هەموو بەشەکانییەوە نوێنەریان لە ئەکادیمیای زمانی کوردی یە کەییەتی نووسەران و تەنانەت بەشەکانی زمانناسی زانکۆکاندا هەبێت،

تابەشداری هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و چالاکییەکان بن و بیر و بۆچوونە نوێیەکان بگوازنەوە بۆ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنیش پەیوەندی پتەوی لەگەڵ ئەو ئۆرگانانەدا هەبێت، بەڵام نە ئەو ئۆرگانانە ئەوەندە چالاکن و نە ڕاگەیاندیش ئەوەندە خەمخۆری زمانی کوردییە.

گوایە لەو کاناڵانەی بە زمانی بیانی بەرنامەکانیان پەشخ دەکەن" نابێ دیمانە لەگەل ئەو کەسانەدا بکری کە زمانە بیانییەکە باش نازانن، بەڵام نەمبیست بلێن نابێ لە کەناڵە کوردییەکان" دیمانە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ کوردی باش نازانن، لە کاتێکدا هێندێک پسپۆڕ وسیاسەتمەدارمان هەیە دوای دەیان ساڵ خەبات و لێکۆڵینەوە ناتوانن لە دیمانەکاندا دوو ڕستەی ڕیک و پڕمانا ڕاست و ڕەوان دەربڕن، ناکرێ سیاسەتمەدارێک، پسپۆڕیکی ئابووری یان کۆمەلایەتی، مامۆستایەکی زانکۆ یان قوتابخانە، کە بژاردەی ئەم کۆمەڵگایەن زمانی دەربڕینیان جێگای بەزەیی پێداهاتنەوە بێ. بەرای بەندی جگەلە دانانی فلتەری گشتی و فلتەری هەر دەزگایەکی ڕاگەیان، دەبێ مەرجیش هەبی بۆ دیمانە، هەڤپەیڤین و بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕان و ئەو کەسانەی دێنە سەر شاشەی ڕاگەیاتندن و وەشانی ڕادیۆیی.

# ئەوڕەحمانی حاجی مارف
# زمانناسی مەزنی کورد

■ ئا/ ڕەهەند

پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف زمانناسی مەزنی کورد نیوسەدە بێ پسانەوە بەدوای زمان و وشەی کوردی و کاری زمانەوانی، ئەمێستاش لەنێو هزر و وشە و قەڵەمی هەمووماندا دەژیت، یەکێکە لە سەرچاوە و کۆڵەگە سەرەکی و پتەوەکانی زمانی کوردی بوو، بە نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و سەرنجەکانی خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە و لە زۆرینەی لایەنەکانی زمان دواوە و گەلێک دیوی شاراوەشی دەرخستوون و پەردەی لەسەر ڕازەکانی زمانی کوردی هەڵماڵیون و ساغیکردوونەتەوە.

زانای گەورە دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لە دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەییدا، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە وڵاتی سۆڤیەت دەکات، سێزدە ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و بە هەوڵ و توانستی خۆی لە ڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی جیهان زمانی ڕووسی فێردەبێت. لە زانکۆی (لینینگراد) بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێر بەدەست دەهێنێت، دواتریش لە (ئامۆژگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای سۆڤیەتی لە لینینگراد) بە هاوکاری مامۆستا کوردەکەی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆیف، کە کەڵکێکی زۆری لێبینیوە و بۆ ئەو پاڵپشتێکی بەهێز بووە، نامەی دکتۆرایەکەی لەبارەی (مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی و شێوازی دانانی فەرهەنگی ڕووسی-کوردی) تەواودەکات و بڕوانامەی دکتۆراش بەدەست دەهێنێت.

لە ساڵی (٣٧٩١) دا دەگەڕێتەوە و نیشتمان و لە کۆڕی زانیاریی کورد و زانکۆیەکانی: (سلێمانی و ئیبن ڕوشد و خانەقین) قۆڵی خزمەتکردن هەڵدەکات و وانە بە قوتابییانی بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرا دەڵێتەوە و سەرپەرشتی دەیان نامەی ماجستێر و دکتۆرای کردووە، هاوکار و هاندەری گەورەی خوێندکارە کوردەکانی بەشی کوردی بووە لە شاری بەغدا و پاڵپشتێکی بەهێزیان بووە.

لە ماوەی ژیانیدا زیاتر لە بیست کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و چەندان کتێب و وتاری وەرگێڕراوی لە بارەی زمان و ئەدەب و کوردناسیی و ڕەخنە و فەرهەنگنووسیی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و ئەو بەرهەمانەش بایەخ و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و بوون بە هەوێنی چەندان کتێب و وتار و توێژینەوەی دیکە، کە بڕواناکەم نووسەرێک لە سەردەمی ئەو و دوای ئەویش هەبووبێت، دوو قسەی لەسەر زمانی کوردی کردبێت و سوودی لە نووسین و بیروڕایەکانی ئەورەحمان وەرنەگرتبێت، ئێستاش نووسینەکانی لە قوتابخانەکان و زانکۆکان دەخوێنرێن و نرخ و بایەخی تایبەتییان هەیە، بە جۆرێک زۆربەی هەرە زۆری خاوەن قەڵەم و خوێندەوارانی ئەم وڵاتە مشتێک لە خەرمانی زۆر و زەوەندی ئەم کەڵە زانایەیان بەرکەوتووە،

بەرهەمەکانی پڕن لە داهێنان و بابەتی نوێ، بەردەوام ملی داوەتە بەر ئەو لایەنانەی زمان، کە قسەیان لەسەر نەکراوە یان کەمترین سەرچاوەیان لەسەر هەیە و کتێبخانەی کوردی پێویستی پێ هەبووە. لە ڕێگەی وەرگێڕانیشەوە دەیان کوردناس و زمانناس و کەڵەنووسەری جیهانی بە خوێنەرانی کورد ناساندووە.

دوای تەمەنێک لە نووسین و خزمەت و خەمخۆری، کاروانی خزمەتی ئەو کەڵە زانایەمان بەردەوام دەبێت و بڕیاری کارێکی درێژخایەن وەکو دانانی فەرهەنگێکی کوردی–کوردی دەدات، کە خەونێکی لە مێژینەی خۆی بووە و ماوەیەک بەتامەزرۆییەوە خەریکی فەرهەنگەکە دەبێت، بەڵام نەخۆشی بەرۆکی دەگرێت و تا ڕادەیەک لە کاری فەرهەنگەکە دووری دەخاتەوە، دواجاریش مەرگ مەودای تەواوکردنی فەرهەنگەکەی پێنەدا. فەرهەنگەکەی ناوی میدیای لێنابوو، خۆی لە بیست و پێنج بەرگدا دەبینییەوە و بە ڕێوشوێنێکی زانستیی فەرهەنگنووسی داڕشتبوو و بە پشتبەستن بە یاسا و دەستوورەکانی بواری فەرهەنگسازی وشە و واتایەکانی تۆمارکردبوون و لەسەر هەمان ڕێچکەی فەرهەنگەکەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (قاموسی زمانی کوردی) دەڕۆیشت. مخابن (میدیا) ش وەک فەرهەنگەکەی زەبیحی بە نامورادی سەرینایەوە.

پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف نزیکەی چل ساڵ وەک خزمەتکارێکی شارەزا و دڵسۆز شەو و ڕۆژی لێکگرێداوە و لێرە و لەوێ بە وشە و هەڵوێست خزمەتی نەتەوەکەی کردووە، ئەوەتە خاکییانە و لەخۆبوردوانە نووسیویەتی: (کۆڵەوارم و هەر هێندەم لە دەست دێت، خۆزگە کاری گەورەم لە باردا بوایە، خەجاڵەتی قاپیی دڵسۆزی میللەتەکەمم، کە هێندە دڵپاک و لەخۆ بوردوون، دەست بە ڕوومەوە نانێم ئەو جۆرە دیاریانەم لێ وەرگرن) .

لە شەوی ١٧-٠٨-٠٧-٢٠٠٧ بە کارەساتێکی دڵتەزێن بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانی پاکی سپارد و لە دەست نەتەوەکەی چوو، زمانەکەمان پێویستی زۆری بەم زانایە مەزنە مابوو، هێشتا چەندان مەڵۆ و شارای دیکەی لە باوەش بوو بیانخاتە سەر خەرمانی زانستیی کارەکانی، تا گەلێک مەسەلە و کێشەی دیکەی زمانی کوردیمان بۆ ڕوون و یەکلابکاتەوە.

دانەبڕان و درێژەدان بە کاروانی خزمەتەکانی جوانترین وەفایە پێشکەش بەو پیاوە مەزنەی دەکەین، پێویستیشە لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و دڵسۆزانەوە، لە ئاست خزمەتە بەرچاوەکانیدا ساڵانە یادی ئەم زانایە بکرێتەوە، پەیکەرێکی شایستەی لە بەردەم کۆلێژی زمان یان کۆڕی زانیاریی کورد بۆ چێبکرێت، هەروەها ئاوڕ لە بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی بدرێتەوە و کار بۆ چاپکردنیان بکرێت، بەرهەمە چاپکراوەکانیشی دووبارە چاپ بکرێنەوە، کە هەموویان

سەرچاوەی پێویست و گرنگن. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی پرۆفیسۆر(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) گۆڕەکەی شاد و پڕ نوور بێت.

هەندێک لە کتێبە چاپکراوەکانی بریتین لە:

-چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا ٤٧٩١

-وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ٥٧٩١

-وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، ٧٧٩١

-ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-ناو) ، کۆڕی زانیاری عێراق، ٩٧٩١

-نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر ٦٨٩١

-ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-جێناو) ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ٧٨٩١

-لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، بەغدا ٧٨٩١

-ڕابـەری سـەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، دەزگـای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ٩٨٩١

-ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-ئاوەڵناو) ، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ٢٩٩١

-کرداری کارا دیار و کرداری کارای بزر لە زمانی کوردیدا، یەغدا ٤٩٩١

-ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-ژمارە و ئاوەڵکردار) ، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ٨٩٩١

-ڕێزمانی کوردی (وشەسازی-کردار) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠

-مشتێک لە فڕوفیڵی کتێبی «چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی»، بەغدا ٢٠٠٥

**سەرچاوە:**

١-بەرهەمە زمانەوانییەکانم، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢-بەرهەمە زمانەوانییەکانم، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣-نیوسەدە لە ژیان و زانستی پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٧.

ئامادەکردنی: دادیار ئازاد.

# درباره تاریخ کرماشان و ایلام

گفتگو با اسماعیل شمس

کرماشان محل انتقال بسیار سنگین و سخت قدرت از ماد به هخامنشیان بود/ کرماشان یک هویت فرهنگی است/کرماشان آخرین دژ دفاع از هویت مادی بود/ کرماشان موزه تاریخ سیاست و دین در این سرزمین است/کردستان اصلی در نظر حمدالله مستوفی کرماشان و دیگر شهرهای زاگرس مرکزی هستند

**مقدمه-** ماهنامه تفکر انتقادی (ئەندێشەی ڕەخنەیی): تاریخ پر از پیچیدگی هایی است که گاهی به خطا بردن عمدی یا سهوی آن منجر به بدعت هایی می شود که بعدها یقه سیاست، فرهنگ و خواستگاه های جغرافیایی را هم می گیرد. به خطا بردن روند تاریخ سوا از اهداف سیاسی و ایدئولوژیک، روح تاریخ را نیز به یغما برده و همانند ارواح سرگردان در جغرافیایی پر از نفرت و خون حوادثی جبران ناپذیر انسانی را نیز به بار می آورد.به همین خاطر درک تاریخ و سعی در روشن سازی بند بند زوایای پنهان رویدادهای گذشته می تواند فهم ما را از اتفاقات گذشته و حال در مسیر درست هدایت و راهنمایی کند. ماهنامه «تفکر انتقادی» این بار ذیل پرونده «پیوند میان هویت و زبان» به سراغ دکتر «اسماعیل شمس» محقق، تاریخدان و تاریخ پژوه شناخته شده کرد رفته و تاریخ کرماشان و ایلام را از زوایای شاید کمتر دیده شده ای بررسی نموده است.دکتر شمس مدیر بخش مطالعات کردی مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی است. بخش کردشناسی را می‌توان یکی از موفق‌ترین دست آوردهای مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی دانست. بخشی که امروز به یک منبع اطلاعاتی بزرگ در حوزه کردشناسی در دنیا تبدیل شده است. این بخش حاصل چندین سال تلاش دکتر اسماعیل شمس در این حوزه است.دکتر شمس در این مصاحبه به زوایای بسیار مهمی از تاریخ کرد و کرماشان و ایلام اشاره می کند که می تواند پاسخ پرسش بسیاری مخاطبان باشد.

تفکر انتقادی- برخی از تاریخدانان و محققان حوزه تاریخ، وقتی از کرماشان صحبت به میان می آورند از اصطلاح«کرماشان فرهنگی» بهره می برند.آن ها کرماشان را مرکز یا یکی از مراکز آیینی مهر و میترایسم می دانند و برای اثبات این نظریه به «یارسان» بعنوان بخشی از آیین های باستانی به جا مانده مناطق کردی اشاره می کنند.از لحاظ تاریخی چقدر این اصطلاح با واقعیت آیینی، سیاسی و اجتماعی کرمشان همخوانی دارد؟

**د. شمس**: با اطلاح کرماشان فرهنگی موافقم، اما اظهار نظر در حوزه میتراییسم یا آیین مهری و پیوندش با کرماشان و یارسان در صلاحیت من نیست و هیچ پژوهش تخصصی در این حوزه نکرده ام. طبیعتا سخنان غیرپژوهشگران و غیر متخصصان در این باره هم برای من ملاک نیست که آنها را بازگویی کنم. منظورم از متخصص یک دانش آموخته دکترای فرهنگ باستان با گرایش ادیان باستانی است که رسالة دکتری و مقالات پژوهشی اش در این حوزه خاص باشد.

اما کرماشان یک هویت فرهنگی است. از نامش تا جغرافیایش واز زبانها و گویشها و آیین هایش.

خیلی نمی خواهم وارد دوره های مه آلود و مبهم تاریخ شوم. از سقوط ماد شروع می کنم. هرودوت و تاریخنگاران قدیم هرگز حکومت کوروش را آغاز هخامنشیان و پایان ماد ندانسته اند، چون او داماد مادها بود و سازمان حکومتی ماد را به هم نزد. پایان خونین حکومت مادها را داریوش رقم زد. می دانیم که کرماشان محل انتقال بسیار سنگین و سخت قدرت از ماد به هخامنشیانی بود که نماد و سرسلسله آنها داریوش است نه کوروش . کتیبه و حجاری بیستون هم نماد و تجسم چنین وضعیتی است. در هیچ جای کتیبه اثری از کوروش نیست و اول و آخر ماجرا به داریوش ختم می شود. کرماشان آخرین دژ دفاع از هویت مادی است و با سقوط کرماشان سازمان سیاسی ماد هم تمام می شود.

ببینید انتقال قدرت تنها صبغه سیاسی ندارد، بلکه همزمان صبغه مذهبی و فرهنگی هم دارد. جشن مغ کشی یا مگوفنیا که تا امروز هم یاد و خاطره آن باقی است نماد این دگرگونی مذهبی است. همزمان با پیروزی داریوش قتل عام گسترده مغ ها در کرماشان و سایر نواحی ماد رخ داد و این، یعنی کشتیبان را سیاستی دگر آمد.

در بحثهای فرهنگی و تمدنی می دانیم که حکومتها می روند، اما یک آیین یا دین یا فرهنگ یکسره نابود نمی شود، بلکه در کنار تحول و تغییر، عناصری از فرهنگ کهن تداوم می یابند، یا در قالبهای تازه ای بازتولید می شوند. بر این مبنا فرهنگ دینی ماد که من ترجیح می دهم به جای آیین میترایی ، اصطلاح آیین مغان را برای آن به کار ببرم، از بین نرفت و بخشهایی از آن در همان شکل تداومی یا بازتولید در قالبی تازه به دوره بعدی انتقال یافت. این را گفتم تا نقطه آغاز تحولات بزرگ سیاسی و به تبع آن دینی را به مرکزیت کرماشان نشان دهم. خوب می دانید که پس از آن

، سخن از آیین های مزدایی و زردشتی و مانند آن است و همچنین دگرگونیهای سیاسی موجود از هخامنشیان تا ساسانیان که وارد آن نمی شوم. تنها به ساسانیان به عنوان نقطه عطف بزرگ بعدی اشاره می کنم.

ببینید ساسانیان چهارصد سال حکومت کردند. چهار قرن پیاپی شوخی نیست. درست است پایتخت اصلی ساسانیان تیسفون بود، اما پایتخت دوم و تابستانی آنها کرماشان بود و در طول سال شاهان ساسانی بین بغداد وکرماشان در حرکت بودند و عمق استراتژیک و منطقه اصلی ساسانی در شرق دجله ، ایلام و کرماشان امروزی بود. راه بغداد به خانقین و از آنجا به کرماشان را راه ساسانی می دانستند. کرماشان فرهنگی دراین تعبیر یعنی فرهنگ ساسانی. کرماشان و در معنای عام آن جبال یا زاگرس مرکزی یعنی فرهنگ ساسانی. معمولا پایتخت و نزدیک ترین نواحی به پایتخت نماد یک حکومت هستند. پرسش این است که چه منطقه ای بیشتر از کرماشان و شرق دجله یا زاگرس به ساسانیان نزدیک بود؟ در روز سقوط ساسانیان و آمدن اعراب مسلمان در همه این نواحی ما با صفت کردی و ساکنان کرد برای شهرهایش روبرو هستیم و بیشترین مقاومت هم از طرف ساکنان این منطقه صورت گرفت.به نظرم باید درباره نسبت ساسانیان با کرد بیشتر پژوهش شود.

جنگ جلولا در ۱۶ هجری و جنگ نهاوند یا فتح الفتوح در ۲۱ هجری بود. زاگرس به محوریت کرماشان پنج سال مقاومت کرد. ببینید انتقال سخت قدرت سیاسی اینجا هم درهمین منطقه رخ داد. چیز عجیبی است. پس از اسلام هم شکست امویان از عباسیان در همین منطقه بود. پیروزی سلجوقیان و نابودی دولتهای کردی و سرانجام متوقف شدن حرکت امپراتوری عثمانی به سمت شرق درهمین جا بود.

نتیجه این که کرماشان موزه تحولات وجابجایی های قدرت سیاسی و دینی است. کرماشان موزه تاریخ سیاست و دین در این سرزمین است.

بحث گذشتن راه ابریشم از کرماشان وچهار راه ارتباطی بودن این منطقه را دیگر ورود نمی کنم که داستان پیچیده ای است. به راستی حضور و حرکت صدها فاتح و سلطان و خلیفه و شاه و همراهان و یارانشان در کرماشان و به تبع آن صدها دین و زبان و فرهنگ از این منطقه از عجایب تاریخ است. عجیب تر از آن بقای زبان و فرهنگ کردی در این سرزمین پس از این همه دگرگونی است. من کرماشان فرهنگی را این گونه می فهمم.من در عجبم که با این همه تغییر و تحول ، زبان و

فرهنگ کردی چگونه در این چهارراه فرهنگی و تمدنی هنوز باقی مانده است. باقی ماندن زبان و فرهنگ در نواحی کوهستانی و حاشیه ای و دور از دسترس چندان سخت نیست. قضیه در جایی مقل کرماشان مهم است و من به احترام این تاریخ و این مردم سر خم می کنم.

**تفکر انتقادی-** موضوع دیگر که بصورت کلی برای بسیاری محل پرسش است، قرائتی است که از سنگ نوشته و کتیبه بیستون می شود.پرسش این است که آن پادشاهی که با افتخار در کتیبه دیده می شود کی است و آن افرادی که به پای این پادشاه افتاده اند که هستند؟ آیا آن ها پادشاه ها و امیران کرد مناطق کردی هستند؟ از لحاظ تاریخ تحقیقی و درست، ما چه چیزی درباره کتیبه بیستون می دانیم؟

د.شمس: کتیبه بیستون با حجاری های بیستون دو موضوع متفاوتند؛ هرچند بخشی از کتیبه شرح آدمهایی است که تصویر آنها در حجاری ها کشیده شده است.

موضوع کتیبه بیستون تلاش داریوش هخامنشی برای مشروعیت بخشی به قدرت خود است. داریوش در کتیبه بیستون برای اثبات خود از مادها و کوروش و فرزندانش مشروعیت زدایی می کند. نام کوروش هرگز در کتیبه نمی آید و تمام تلاش داریوش معرفی خود به نام شاه پارسی است که قدرت را از ماد گرفته است. کتیبه بیستون مانیفست انتقال قدرت از ماد به پارس است و قهرمان این کتیبه و این انتقال هم داریوش است. او با افتخار از سرکوب همه شورشهای حامیان ماد در ارمنستان و بابل و پارس و پارت و ماد می گوید.

با وجود این تمرکز حجاری ها بیشتر بر سرکوب رهبران ماد است که توسط داریوش اسیریا کشته شدند. در رأس آنها گوماتا است که داریوش او را (برزیا) یا بردیای دروغین می داند، اما امروزه به کمک تحقیقات جدید روشن است که او دروغین نبوده و از قضا داریوش درباره هویت او دروغ گفته است. گئوماتای مغ که در حجاری بیستون نقش بر زمین شده جامه پارسی پوشیده است، در حالی¬که فرورتیش و چیسن تخمه ساگارتی، پوشاک مادی دارند. داریوش در حجاری بیستون، پای راست خود را بر گئوماتا نهاده است که یک پا و دستانش به آتش کشیده شده‌اند. پشت سر گئوماتا تصویر ٨ تن از سران حامی او و تیگراخائودا فرمانروای اقوام سکایی دیده می‌شود که کلاه نوک تیزی بر سر دارد. دستهای همه آنان از پشت بسته است و با زنجیری بلند به هم پیوسته‌اند. در این تصویرها داریوش از سویی

فرزند کوروش و از سوی دیگر رهبران ماد را تحقیر می کند و با تبختر و غرور پیروزی و برتری خود را به رخ همگان می کشد.

پس از گوماتا رهبر بعدی ماد که داریوش در بند ۲٤ کتیبه بیستون از او یاد می کند فرورتیش است. او می گوید: مردی مادی به نام فرورتیش در ماد برخاست . او چنین به مردم گفت: من خشثریته از تخمه اووخشتره هستم آنگاه سپاه مادی کاخ به من نافرمان شد و به آن فرورتیش پیوست. او در ماد شاه شد. او توانست با حمایت مردم به پادشاهی ماد برسد... من فرورتیش را در «هگمتانه به دار آویختم. صاحب منصبان او را اعدام کردم هر چهل و هفت تایشان را کله‌هایشان را در همدان از باروی دژ آویزان کردم. در بند ۳۳ کتیبه بیستون هم از شورش مردی از تخمه هووخشتره به نام چیتران تخمه یا چیس تخمه سخن رفته است. او از اهالی سرزمین ساگارتی به مرکزیت اربیل و ناحیه شرق دجله و زاگرس مرکزی بود. داریوش سپاهی را به فرماندهی تهماسپادا (Taxmspavda) مادی به جنگ این رهبر ماد فراهم فرستاد. او چیسن تخمه را اسیر کرد و نزد داریوش برد . داریوش هم او را در اربیل به دار آویخت و به این ترتیب بر سراسر ماد مسلط شد. گروهی از ناراضیان مادی را هم به ارمنستان و گروهی دیگر را به سواحل خلیج فارس و مکران تبعید کرد. .

**تفکر انتقادی-** بعد از ورود اسلام، کرماشان بعنوان یک «شهر» که محل تلاقی بسیاری از اتفاقات سیاسی و آیینی و نظامی است، در کجای تحولات اجتماعی، سیاسی و فرهنگی می ایستد.آیا اساسا می توانیم قالب امروز شهر کرماشان را از سده های آغازین ورود اسلام بعنوان مرکز تحولات سیاسی، اجتماعی در نظر بگیریم یا باید از مراکز دیگر هم نام ببریم؟

**د. شمس:** شرق دجله تا کرماشان امروزی یعنی حوزه اصلی قلمرو ساسانی هرگز عرب نشین نبود. اعراب پس از اسلام وارد این سرزمین شدند. آنچه که امروز کُرد فیلی نامیده می شود، چه در قلمرو عراق و چه ایلام ساکنان کهن این حوزه جغرافیایی، فرهنگی و تمدنی بوده اند. نام فهله/پهله که اشارتی است به دوران پارتی/ اشکانی و در چهار قرن حکومت ساسانیان این نام وجود داشت. این، همان سنت تداومی است که گفتم. ساسانیان ، اشکانیان را برانداختند، ولی نام و هویت و فرهنگ آنها در قالب دیگری تداوم یافت؛ به نوعی که بعدها در دوره اسلامی قلمرو اصلی

ساسانیان را بلادالفهلوبین نامیدند و زبان مردم آنجا را زبان فهلوی. یاقوت حموی به نقل از شیرویه بن شهریار می نویسد که سرزمین فهلویان (بلاد الفهلوبین ) شامل همدان ، ماسبذان {در استان ایلام امروزی} ، قم ،ماه بصره (نهاوند) ،ماه کوفه (دینور) و قرمسین (کرماشان ) است . هم او می نویسد که زبان پهلوی زبان شاهان ایران بود که در مجالس خود به آن سخن می گفتندهمچنین به سنت هزری و فلسفی عصر ساسانی سنت فهلوی می گفتند و حکمای اشراق از ممشاد دینوری تا شیخ شهاب سهروردی و عین القضات همدانی در تاریخ به «فهلویون» یا «خسروانیون» مشهور بودند و برخی نویسندگان آنان را بازمانده و میراثدار«مغان» می دانستند که از دوران ماد صاحب اختیار دولت و مردم باستان بودند. خسروانیون هم منسوب به ساسانیان بودند. جالب آن است که در حوزه شعر و ادب هم فهلویات و خسروی یا خسروانی ها را داریم که تداوم اشعار هجایی بازمانده از دوره پیش ازاسلام است و آنها هم منسوب به همین دیار فهله هستند.وقتی شمس قیس رازی می گوید

لحن اورامن و بیت پهلوی / زخمه رود و سماع خَسروی" کاملاً اشاره به این سنت ترکیبی دارد. امروز هوره ها بازمانده اورامن ها یا اورامه ها هستند که به قول شمس قیس خوش ترین لحن فهلویات بودند.همین الان هم در میان مویه های کردهای فیلی این عبارت برای جوانان رعنا و مبارز به کار می رود و در دوره صدام خیلی کاربرد داشت.

صد نام خدا لو کیانیه ...

لوشأن شوکت خسروانیه

این که سعی می شود هویت فیلی با والیان فیلی پشتکوه که از پیشکوه لرستان آمدند تعریف شود خطایی تاریخی است. حقیقت آن است که والیان فیلی لرستان خود از دل سنت فهلوی بیرون آمدند و فیلی عمان فهلی است و منسوب به دیار فهله.

کرماشان هم که در منابع عەرەبی قرمیسین است در نخستین منابع عەرەبی بخشی از بلاد فهله و به عنوان شهری کردی معرفی شده است. البته طبیعی است که درسده های نخست اسلامی اعراب مسلمان از نظرسیاسی حاکم بودند و نظام فرهنگی آنها هم مسلط بود. دهها قبیله عرب به این منطقه مهاجرت کردند و ساکن شدند. ما دانشمندان کرماشانی، دینوری و .... زیادی داریم که دهها کتاب دینی به زبان عەرەبی نوشته اند. همچنین به سبب قرار گرفتن کرماشان در چهارراه ارتباطی شرق- غرب و شمال – جنوب ، مردم غیر کرد یا عجم که به عنوان «الفرس» نام

آنها در منابع عەرەبی آمده است در آن می زیستند. کرماشان و محموعه فرهنگی اطراف آن به ویژه دینور از نظر فرهنگی نماد هویت فهلوانی عصر ساسانی بود و همه آن عناصری که گفتم یکجا در کرماشان وجود دارند. کرماشان سده های نخست اسلامی تنها با هویت کردی و برخی عناصرفارسی و عەرەبی ساکن در آن شناخته می شود. از نظر مذهبی هم در کرماشان به آیین اسلام اعم از شیعه و سنی و نیز آیین خرمدینان که شاید نسبتی با یارسانهای کنونی داشته باشد، اشاره شده است.

**تفکرانتقادی-** چندین میرنشین کرد مانند«عنازیان»و«حسنویان» پس از آمدن اسلام در ایلام و کرماشان حکومت کرده اند.ما چقدر درباره آنها می دانیم و آیا خدمتی برای فرهنگ و زبان کُردی انجام داده اند.از لحاظ دیوانی، زبان این حکومت ها به کدام گویش کردی نزدیک بوده است؟

**د.شمس:** ما با استناد به نوشته های مورخان دوران اسلامی می دانیم که آل حسنویه به مرکزیت دینور از طایفه کرد برزکان و عنازیان از طایفه شازنجان(زنگنه) بودند و در کنار دو طایفه دیگر از جمله جورقان(گوران) و جاوان(جاف) پیکربندی اصلی طایفه ای کرماشان و اطراف را تشکیل می دادند. طبق گفته صریح مسعودی مورخ و جغرافیدان سدۀ چهارم قمری زبان همه آنها هم بی هیچ پیشوند و پسوندی، کردی بود. مسعودی می نویسد: "و لکل نوع من الاکراد لغة لهم بالکردیه" . تصریح مسعودی به زبان کردی و کردی بودن زبان طوایف کرد از جمله گوران و ذکر همین موضوع در دیگر منابع سده های میانه تردیدی باقی نمی گذارد که سخن از دوگانه کرد وگوران برای آن زمان، برساخته ای ذهنی و حاصل برداشت غیر تاریخی از منابع است.جالب آن است که سه قرن پس از مسعودی، ابن فضل الله عمری نیز وقتی از قبایل اکراد نام می برد، می نویسد:" اولهم الکورانیه" و گوران را نخستین و مهم ترین طایفه کرد می داند. با وجود این دربار و دیوان دولتهای حسنویه و عنازی به زبان عەرەبی بود و هیچ اثر کردی هم در زمان آنها تدوین نشد. این که گفته می شود آثار بهلول ماهی و شاه خوشین و برخی دیگر از بزرگان یارسان در قرن چهارم نوشته شده است، صحیح نیست، زیرا هیچ نسخه خطی از چنین اثاری وجود ندارد. کلامهای این بزرگان شفاهی بوده و دهان به دهان نقل شده و همه در یکی دو سدۀ اخیر مکتوب شده اند و بنابراین نمی توان آنها را متعلق به آن دوره دانست.

به این ترتیب به لحاظ خدمت به زبان و ادب کردی ما چیزی از این دو دولت و

دو سلسله نمی بینیم؛ اما از نظر هویتی نقش این دو سلسله در احیای هویت کردی در کرماشان و به طور عام زاگرس مرکزی و شرق دجله و آباد کردن این نواحی بسیار مهم است. از نظر فرهنگی دولت حسنویه نخستین دولت غیر عەرەبی بود که در کردستان آن روز و قلمرو زاگرس کنونی توسط کردهای بومی آنجا تشکیل شد. این دولت نقش زیادی در خارج کردن منطقه از سیطره اعراب و احیای هویت فرهنگی و زبانی دیرین داشت. توضیح آن که اعراب مسلمان پس از تصرف تیسفون پایتخت ساسانیان قلمرو اصلی آنها را در شرق دجله که خاستگاه و جغرافیای عنازیان بعدی است، تصرف کردند و قبایل عرب را در آنجا اسکان دادند. این جغرافیای استراتژیک و حاصلخیز و نزدیک به کوفه و بصره در دوران امویان و عباسیان به یکی از مهم ترین سکونتگاههای مهاجمان و مهاجران عرب تبدیل شد؛ تا جایی که در دوره عباسی و با انتقال پایتخت به بغداد بسیاری از خلفای عرب به تقلید از ساسانیان اقامتگاههای تابستانی خود را در این مناطق قرار دادند.

دولت حسنویه و بعدها عنازیان بر شهرهایی درشرق دجله و زاگرس، یعنی قلمرو اصلی دولت ساسانی حکم می راندند که دردوره ساسانیان جزو آبادترین نواحی کشور بود. با وجود این چون بیشترین مقاومت دربرابر اعراب در همان جغرافیا صورت گرفت و بیشترین جنگهای خوارج و خرمدینان با دولتهای اموی و عباسی و همچنین سقوط امویان به دست عباسیان در آن جا بود، بیش از هر جای دیگری ویران شد. شاهان حسنویه در حدود ٥٠ سال حکومت خود این جغرافیای ویران را به نوعی آباد کردند که شهره خاص و عام شد. دولت حسنویه نخستین دولت غیر عەرەبی بود که پس از سه قرن سلطۀ اعراب، توسط کردهای بومی منطقه در زاگرس و به قول حمدالله مستوفی در کردستان آن روز شکل گرفت. یکی از مهم ترین وجوه تمایز آل حسنویه با فرمانروایان قبل و بعد خود اهتمام آنها به ترمیم خرابی های گذشته، شهرسازی، راه سازی و بسیاری اقدامات عمرانی و تمدنی دیگر بود. در قلمرو آل حسنویه شهرهای شهرزور، دزدان، صامغان، قرمیسین، دینور، کنگاور، اسدآباد، نهاوند، روذراور، الشتر، بروجرد، آریوجان(ایوان) ، شاپورخواست(خرم آباد)، سیروان، صیمره، ماسبذان، دسکره و چند شهر دیگر وجود داشتند که بدر بن حسنویه در همه آنها سکه های طلا و نقره خود را ضرب کرده است. بدر توجه زیادی به کشاورزی و باغداری و آباد کردن اراضی بایر داشت و روایتهای بسیاری

از اقدامات او در این حوزه در منابع آمده است. بدر همچنین راههای تجاری را آباد و امن کرد و برای تسهیل و تسریع ارتباطات در مسیر رودخانه های بزرگ لرستان، همدان، کرماشان، ایلام، شهرزور و هورامان دهها پل بزرگ مانند پل کشکان، کلهرت، پردیور، صیمره، بیستون، و ... ساخت یا آنها را بازسازی کرد. او مساجد، کاروانسراها ، آب انبارها و بازارهای بزرگی ساخت. جغرافیدانان دینور، پایتخت حسنویه را دارای بازارهای بزرگ و مساجد باشکوه دانسته اند و مقدسی گفته است که شهری به آن تمیزی و پاکی را در هیچ جا ندیده است.

نقش عنازیان را هم در حفظ هویت فرهنگی این منطقه در دوره دیلمیان و بعد سلجوقیان نباید نادیده گرفت. اگر آل حسنویه در احیای هویت کردی این منطقه و به حاشیه راندن اعراب حاکم نقش مهمی داشت ، نقش اصلی عنازیان به عنوان جانشینان حسنویه حفظ هویت بومی آن در برابر دیلم و ترک پس از سال ٤٠٥ قمری است. از این زمان تا سال ٤٤٧ق دیلمیان و پس از آن ترکان سلجوقی در بغداد و منطقه حاکم بودند؛ اما عنازیان توانستند دولت خود را حفظ کنند و در این منطقه همچنان تا اوایل قرن ششم که جانشینان کرد آنان، یعنی اتابکان لر قدرت گرفتند، حکومت کنند. در نتیجه وجود آنهاست که امروزه هم این ناحیه یکی از یکدست ترین حوزه های زبانی و فرهنگی کرد است.

**تفکر انتقادی-** نام کرد در روند تاریخی خود تا چه حدودی در مناطق کردی گستردگی داشته و مردم مانند یک هویت فرهنگی از آن بهره گرفته اند؟

**د.شمس:** چنانکه پیشتر هم گفتم هویت شهر این منطقه کردی است و حتی نویسنده ای مانند ابوعلی مسکویه در وصف دولت آل بویه به رهبری رکن الدوله در ری می گوید که دولتش« مقرونة بدولة الاکراد» ، یعنی دولت آل بویه دیلمی همسایه دولت اکراد یعنی دولت حسنویه بود. عنازیان هم در نوشته های مورخان عرب به کرد شهرت داشتند. شاعری به نام ابن نباته سعدی(متوفای۴۰۵ق/۱۰۱۰م) که معاصر ابوالفتح بن عناز است، پس از جنگ او با اعراب بنی عقیل هجویه ای برایش می سراید و در آن به دفاع تمام قد از هویت برتر عه‌ره‌بی از منظر دینی و تحقیرهویت کردی عناز می پردازد:

فقولا له [ابن عناز] لا وفق الله رأیه
متی صبرت کردالاعاجم للعرب

نکته مهم دیگر این که یکی از منابعی که نخستین بار نام ولایت کردستان و حدود اداری آن را آورده حمدالله مستوفی است. او در کتاب نزهة القلوب مرکز این ولایت را بهار در نزدیکی همدان و به روایتی در نزدیکی ایلام کنونی می داند و می نویسد که در این ولایت ١٦ شهر مهم از جمله الیشتر، دینور، سلطان‌آباد چمچال، شهرزور، قرمیسین (کرماشان)، قصراللصوص (کنگاور)، هرسین، حلوان کرند قرار داشته‌اند. ملاحظه می شود که همه این شهرها در دیار فهله یا همان شرق دجله و زاگرس مرکزی به مرکزیت کرماشان قرار دارند. به بیان دیگر کردستان اصلی در نظر حمدالله مستوفی کرماشان و دیگر شهرهای زاگرس مرکزی هستند.

**تفکر انتقادی-** چرا این نام در برخی مناطق کم رنگ شده و به ویزه پس از صفویه و قاجار برخی ایلات در کرماشان و لرستان بر روی هویت ایلی خود تاکید می کنند.

**د.شمس:** تاریخ تکوین هویت ایلی در منطقه به خیلی قبل از دوره صفوی و قاجار بر می گردد. جامعه کردی در دوران تکوین تاریخی اش به سبب خصلتهای جغرافیایی اش جامعه ای ترکیبی با محوریت، خاندان، ده–دژ و شهر بوده و قبیله در آن امری تبعی و امتدادی و تحمیل شده بوده است. وجود کوهستان و دشتها و سواحل رودخانه ای متکی به کوهستان نوعی کوچ فصلی و طبیعی را با حفظ خاستگاه اصلی در این جغرافیا به دنبال داشت که از هر نظر با کوچ نشینی ایلات ترک و عرب متفاوت بود. از سوی دیگر کرد بیش از هر چیز با جغرافیا و خاکش پیوند داشت، در حالی که ایلات کوچ نشین با خون و تبار خود و صد البته دامها و حیوانات سر راهشان مرتبط بودند. نامهای قبایل کوچ نشین که بیشتر آنها همان نامهای حیوانات یا توتمهای قبیله ای هستند و فقدان چنین عناوینی در میان کردها بیش از هر چیز تفاوت ساخت هویتی کرد را با قبایل ترک و عرب نشان می دهد. افزون بر آن، این که هیچ یک از اصطلاحات ایل، قبیله، طایفه، عشیره و ... معادلی در زبان و فرهنگ کردی ندارند، دلیلی دیگر برای تأیید این رویکرد است. آنچه که در منابع تاریخی به عنوان قبایل کرد نام برده شده در اصل ساکنان جغرافیایی با مشخصه ای خاص ، اهالی یک روستا یا فرزندان و نوادگان خاندانی بوده اند که به نام نیای خود یا مشخصه اجتماعی آن نامگذاری شده اند. با ساکن شدن قبایل عرب در کردستان پس از ورود اسلام سنت "ولا" در جامعه کردی نضج گرفت و اهالی هر روستا یا شهر به موالی و زیردستان یک قبیله خاص عەرەبی مانند ازد، عنزه،اسد و ... تبدیل

شدند. با استحاله قدرت سیاسی و قبیله ای اعراب در کردستان در سده چهارم هجری نامهای قبیله ای آنها هم به حاشیه رفت، اما ساختارهای قبیله ای باقی ماند و در قالبهای تازه کردی بازتولید شد. با وجود این ظهور سلسله های کرد با همان ساختارهای جامعه کردی نشان داد که فرهنگ قبیله ای اعراب نتوانسته است هویت تاریخی جغرافیایی جامعه کردی را در خود استحاله کند.

مسعودی در قرن چهارم در کتابش فصلی با عنوان قبائل الاکراد و انسابهم دارد؛ اما باید دقت کرد که قبیله در ذهن او با واقعیت قبیله در کردستان کاملاً متفاوت است. تاریخنگاران عرب آن زمان و نویسندگان ناآگاه به تاریخ کرد در این زمان سعی دارند هویت سازندگان سلسله های کردی را به قبیله(از سنخ قبایل کوچ نشین عرب یا ترک) منتسب کنند، اما واقعیت آن است که ذکر قبیله در منابع عه‌ره‌بی تنها یک برساخته فرهنگی گفتمان حاکم عه‌ره‌بی است که هویت و ساختاری متفاوت از کرد را در درون خود جای داده است. برای نمونه، برزکان (موسسان آل حسنویه) نه نام قبیله ای از سنخ عرب، بلکه اهالی مکانی به همین نام (جای بلند)، روادیان(موسسان روادی) به معنای بزرگان و گرانقدران یا همان اشرف الاکراد(اشاره به تبار مادی) و مروانیان از طایفه بوختی(بوخت اشاره به شهر بوهتان/بوختان یا بوتان امروزی) بوده اند.

با هجوم ترکمانان سلجوقی و نابودی ساختار خاندانی، ده - دژی و شهری در کردستان و فرار بیشتر ساکنان به کوهستان به تدریج ساختار قبیله ای ترکمانان در کردستان رشد یافت. تداوم هزار ساله حکومتهای ترکی جز در مقاطع کوتاهی مانند ایوبیان و زندیه در قلمرو کردی سبب شد که این ساختار قبیله ای در جامعه کردی تثبیت شود و به عنوان بخشی از واقعیت تاریخی این جامعه درآید.

این که چرا قبیله گرایی در نطقه در دولتهای صفوی و قاجار تقویت شد، پاسخ روشن است : چون خود آنها دولتها قبیله محور و برآمده از قبیله بودند و به ویژه در دوره قاجار قبیله گرایی تقویت شد و کشور را قبیله ها اداره می کردند.در دوره های بعد هم تقویت قبیله و ساختارهای قبیله ای، استفاده از یک قبیله علیه قبیله دیگر و گاه حتی ملت سازی از برخی قبیله ها همیشه نسبت مستقیمی با منافع دولتها داشته است که خود بحثی جدا و مفصل است.

*** مدیر بخش مطالعات کردی مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی**

دۆسیەی ژمارە:

# زمانی کوردی و فەرهەنگنووسی

ئامادەکردنی/ سەرنووسەر

*** لەبارەی دۆسیەی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسییەوە:**

زمانی کوردی هەر لە فەرهەنگۆکی (نۆبارا بچووکان)ی شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی تا دەگاتە چاپی(فەرهەنگی خاڵ)ی شێخ موحەمەدی خاڵ و (فەرهەنگی زمانی کوردی)ی ئاورەحمانی زەبیحی نەمر، هەر لە(فەرهەنگی مەهاباد)ی گیوی موکریانی، فەرهەنگی(دەریا)ی ڕزگار کەریم، تا (هەمبانەبۆرینە) ی هەژاری موکریانی، فەرهەنگی(کوردی – عەرەبی – فارسی)ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، فەرهەنگی(کانی)ی محەمەد ساڵح، کۆفەرهەنگی مامۆستا کەماڵ جەلال غەریب کە خاوەنی ئەو هەموو فەرهەنگە بەنرخانەیە وەک (فەرهەنگی زانیاری، فەرهەنگی زانیاریی وێنەدار، فەرهەنگی زانیاری و فەرهەنگی ئەستێرەزانی، فەرهەنگی زانستیی هەرەگەورەی «کەماڵنامە»، کەڵەفەرهەنگی ڕووەکە ئاوەکییەکان، فەرهەنگی وێنەداری مەعدەنەکان، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی)، هەروەها مامۆستای پایەبەرز جەماڵ عەبدول، کە خاوەنی فەرهەنگەلی وەک (فەرهەنگی زیوار، فەرهەنگی کیمیا، فەرهەنگی شەوکار، فەرهەنگی گەورە و تایبەتمەندی کیمیا، ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، فەرهەنگی کیمیای ئەندامی، فەرهەنگی کیمیای فیزیایی، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکان، فەرهەنگی زاراوە پیترۆڵییەکان)، دەبێت شانازی بەو زانا پایەبەرزانەمان بکەین کە لەو ڕێبازە زانستییەدا توانییان خزمەتی گەورە بە زمانە شیرینەکەمان بکەن.

دیارە بەم دواییەش جۆرێکی تری فەرهەنگسازی سەریهەڵداوە، وەک (ڤەژین لینکس) کە فەرهەنگسازیی کۆمپیوتەرییە، وێڕای چەندان فەرهەنگی ئابووری و زانستی و کشتوکاڵی فەرهەنگنووسی بەتواناو بە ئەزموون.

هەر وەکو لە ژمارەکانی پێشووتری گۆڤارەکەماندا ئاماژەمان پێکردبوو، کە لە هەر ژمارەیەکی نوێدا هەوڵ دەدەین دۆسیەیەکی تایبەت بە پرسگەلی زمانی کوردی لەسەر تەوەرەیەک بکەینەوە، کە لانی کەم ئەگەر نەتوانین لە شێوەی توێژینەوە یان وتار ئەو زانیارییانە بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست، ئەوا ئەمجارەش لە شێوەی تەوەری پرسیار و وەڵام، ڕووبەڕووی چەند نووسەرێک و فەرهەنگناسیکی بە ئەزموون بکەینەوە، کە لەو بوارەدا پسپۆر و شارەزان و خاوەنی بەرهەمی چاپکراوی فەرهەنگەکانیانن، جگە لەوە ئەوەی کە بەشێک لەو

تویژەرو نووسەرە هیژایانە هەر بە شیوەی وتار و لیکۆڵینەوە وەرامیان داینەوە، دیارە بەشیکیش تەوەرەکان کە لە شیوەی چەند پرسیاریک بوون لەم دۆسیەیەدا لای ژمارەیەک لەو نووسەرانە وەرام دراونەتەوە و لەو دۆسیەدا بڵاوکراونەتەوە.

چەمکگەلی کتێبی فەرهەنگ، یان فەرهەنگنووسین، فەرهەنگناسیی، فەرهەنگزانیی، یان لە هەر سەرچاوەیەکی ئەلیکترۆنی کە وشەکانی زمانێک (یان زیاتر لە زمانێک) بە شێوەی ئەلفوبێ بخاتە لیستی وشەکانیانەوە، جۆرەکانیان دەناسێتەوە، واتاکانیان لێکدەداتەوە یان وشە هاوتاکانیان بە زمانێکی جیاواز پێشکەش دەکات، بە گشتی زانیاری لەسەر بێژەکردن و ڕەگ و بەکارهێنانیان دەدات. بە پێی ئەم پێناسەیە، فەرهەنگ پێویستە وشەسازیی زمانێک بە ڕێکوپێکی ئەلفوبێ پیشان بدات، جۆرەکانی وشەکان ڕوون بکاتەوە، بنەچە و بنەماسازییان (ئیتمۆلۆژیا) دیار بکات، بێژەکردنی وشەکان پیشان بدات، واتا و پێناسەیان ڕوون بکاتەوە، هاوواتای وشەکان دابین بکات، ئەگەر ڕەگەز لە زمانەکەدا هەبوو، ئەوا پێویستە ئاماژە بە ڕەگەزی وشەکە بکات، هەروەها بە ڕستەی نموونەیی کاراسانی بۆ خوێنەران و بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکە بکات.

بێگومان ئەمە بۆ فەرهەنگێکی تاک زمانی گونجاوترە، بەڵام لە فەرهەنگی دوو زمانە یان فرەزماندا ڕەنگە ئاماژە بە بنەماسازی وشەکان (ئیتیمۆلۆژی) نەکرێن، ئەمە پەسەندکردنی چەمکی فەرهەنگەکەیە، جگە لەمانە دەبێت گەشەپێدەری فەرهەنگەکە بڕیاری دابێت سەبارەت بەوەی کە فەرهەنگەکە بۆ کێ و چی دەنووسرێت، و ئامانج لێی چییە و هتد..

وەک دەزانرێت فەرهەنگ چەندان جۆری هەیە، لەبارەیانەوە بە وردی ناچمە سەریان، بەڵام تەنانەت باسکردنی چەند دانەیەکیش لە پێناو ڕوونکردنەوەدا باش دەبێت، لە ڕووی ژمارەی زمانەکانەوە فەرهەنگی تاکزمان و دووزمان و فرەزمان هەیە؛ لە ڕووی ئەلفوبێ یان نائەلفوبێییەوە، فەرهەنگی ئەلفوبێ و فەرهەنگی چەمکەکان(فەرهەنگی بابەتیی)هەیە؛ لە ڕووی جۆری وشەسازییەوە کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، فەرهەنگی گشتی(فەرهەنگی زمانی باو، فەرهەنگی زمانی نووسراو)، فەرهەنگی زاراوە (فەرهەنگی زاراوە و شێوەزار، فەرهەنگی بەراوردکاری)، فەرهەنگی هاوواتا، و دژەواتا، فەرهەنگی توخمە بیانییەکان، فەرهەنگی وشەی بیانی، فەرهەنگی مێژوویی هەیە (فەرهەنگەکان کە بایەخ بە قۆناغێکی دیارکراو

دەدەن، فەرهەنگی پێناسەکان)، فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی، فەرهەنگی زاراوەکان (فەرهەنگی بوارە تایبەتمەندەکان)، فەرهەنگی قوتابخانە، فەرهەنگی ئیدیۆم و پەند، فەرهەنگی ستایلیستی، فەرهەنگی هونەرمەندان و نووسەران/دەقەکان، فەرهەنگی ئەو وشانەی کە بە شێوەیەکی هەڵە بەکارهێنراون، فەرهەنگی پێچەوانە (فەرهەنگەکان کە بەپێی دواپیت ڕیزکراون)، فەرهەنگی توخمە نوێیەکان و هتد.

دوای ئەوەی خوێنەر شێواز و ئامانجی خۆی دیار کرد و چ جۆرە کارێک دەکات و سنوورێک بۆ خۆی دادەنێت، دەتوانێت بە هەستکردن بە ئارامی دەست بە کارەکانی بکات. چ جۆرە فەرهەنگێکە لە ڕووی زمانەوە، بابەتەکە چییە و ئامانجی ئامانج کێیە، لە بنەڕەتدا چوارچێوەیەکی ڕوون دەدات بە خەڵک. بۆ نموونە ئەو فەرهەنگانەی کە ئامادە کراون فەرهەنگی دوو زمانەن، ئێمەش سەرنجمان لەسەر ئیتیمۆلۆژیای وشەکان نەبووە و سنوورێکمان بۆی داناوە.

زمانی نووسین پێویستی بە سێ پایەی سەرەکی هەیە: ئەلفوبێ، ڕێزمان و فەرهەنگ. ئەم سێ پایە بنچینەی زمانی نووسین پێکدەهێنن. کەواتە، زمانی نووسین هەم زمانێکی هاوبەشە و هەم زمانێکی ستانداردە، هەروەها فەرهەنگەکە ڕێنماییە بۆ بەکارهێنەرانی زمان، بەو پێیەی یارمەتیدەرە لە ڕێنووسی وشە و مانای وشەکاندا، هەروەها بناخەی زمانی ستاندارد لەم بوارانەدا باشتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمێک لە بواری زمانی نووسیندا.

بە کورتی ڕێنمایی و خزمەتی پێکهێنانی زمانی نووسراو دەکات، هەروەها ئەم فۆرمەی زمانیش بڵاودەکاتەوە، پێویستە باسی دوو لایەنی زمان بکەین؛ زمانی زارەکی و زمانی نووسین، لە زمانی نووسیندا ستانداردێک هەیە، بەڵام لە زمانی قسەکردندا ئەمە وا نییە. لە زمانی قسەکردن و شێوەزارەکاندا جیاوازی هەیە لە بێژەکردنی هەمان وشەدا و ڕەنگە هەمان وشە لە ڕووی مانادا واتای جیاوازی هەبێت.

ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە، دیوەکەی تریش بارودۆخی خودی زمانی کوردییە. بۆیە هێشتا ڕوون نییە کە مرۆڤ بە چ پێوەرێک ڕایدەگەیەنێت کە وشەیەک ناوچەییە و سنووری ئەمە چییە، یان باشتر بڵێین چۆن دیاریان بکات. ئەگەر ستانداردێکی هاوبەشمان هەبوایە، هەموو جۆرە فەرهەنگێک ئامادە بکرایە، فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی لەبەردەستدا بوایە، هێڵێکی ڕوون لە نێوان زمانی ستاندارد

و وشە ناوچەییەکان دەبوو، یەکسەر مرۆڤ دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو وشە و چەمک و زاراوانە لە زاریکەوە هاتوون، ناوچەیین و زۆر باو نین لە زمانەکەدا.

پێموایە ئەم پێوەر و پێوانانە بە تەواوی ڕوون و بێ دوودڵی نین و ئێستا پێویستە هەموو وشە و ئیدیۆم و پەندەکان کۆبکەینەوە و بیانخەینە ناو فەرهەنگەکانەوە و تۆماریان بکەین. بۆ ئێمە گرنگترە سەرەتا وشەکانی وشەسازی دەستنیشان بکەین و دواتر کار بۆ ستانداردکردنی بکەین.

**سەبارەت بە دۆسیەی گۆڤارەکەمان لەسەر پرسی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسی، کە لەم تەوەرانەدا پێکدێت، ڕووبەرووی ژمارەیەک لە نووسەر و فەرهەنگنووسانمان کردنەوە :**

- بنەماو کۆڵەگەکانی نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگنووسی چین؟
- تاچەند فەرهەنگنووسی خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟
- وشەو زاراوەی خۆماڵی و ناوچەگەریی تا چەند سوودی دەبێت بۆ زمانێکی پێوەری کوردی؟
- ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟
- تاچەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زارو بنزار و دەڤۆکە کوردییەکاندا بەهرەمەند بووە؟
- تاچەند فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لەفەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەنەند بوونە؟
- پێشنیارو ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی؟

بەڕێزان((د.ئەحمەد ئەحمەدیان، د. هیوا عەساف، ئەمین گەردیگلانی، مستەفا غەفوور، سەلاح پایانیانی، غازی حەسەن، سەحەر موعیزی، فەتحی مەلا عەلی، رەحمان جەوان، قەندیل شێخبزینی، سەربەست قادر حەمە، کازم عەباس زەندی، عەبدولوەهاب شێخانی، موحەمەد ئونجو- زانا فارقین- باکوور) بە خۆشحاڵی و شانازییەوە بەشداری دەوڵەمەندی دۆسیەکەیان کردین.

# بنەما و کۆڵەکەکانی فەرهەنگنووسی

د. ئەحمەد ئەحمەدیان

**کەڵک وەرگرتنی فەرهەنگنووس لە«جەستەی زمانی زمانی (Linguistic corpus):**

جەستەی زمانی: بریتییە لە سەرجەم ئەم نووسراوانەی وا لە مەودای زەمەنی لانی کەم ٢٠٠ساڵی ڕابردوو لە پانتایی زمانی کوردیدا هاتووەتە بەرهەم و لە ڕێی کەمپیۆتێرەوە و وەک دێیتابەیسێک کەڵەکەکراون و لە ئیشی زمانەوانیدا وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو کەڵکی شیاو و پێویستی لێ وەردەگیرێ، بەتایبەت لە فەرهەنگنووسیدا، بۆ هەڵێنجانی سەر وشەکان، ماناکانیان، نموونە و وێنە و شاهید، بۆیە ئەم ماوەکەیەمان ٢٠٠ ساڵ دیار کردووە کە مێژووی پەخشاننووسیی کوردی ئەوپەڕەکەی دەگاتە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا. هەرچەند جەستەی زمانی دەکرێ لەخۆگری نموونە و وێنەی دەقی شێعری کوردیش بێ، بەڵام سەرەتی بە پەخشانی کوردییە. هەروەها جەستەی زمانی دەکری لەخۆگری دەقی بەرهەمی زارەکیش بێ، بەڵام ئەم دەقە زارەکییانەی کە نووسراونەتەوە و بە چەشنی نووسراوە بڵاوکراونەتەوە. هەڵبەت بۆ نووسینی «فەرهەنگی زارەکی»، دەکرێ لە وێنە و نموونەی دەقی زارەکیی تۆمارکراوی دەنگیش کەڵک وەرگیرێ، هەر ئەم جۆرەی کە کاک سەلاح پایانیانی بۆ نووسینی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» کەڵکی لەم دەقە تۆمارکراوە دەنگییانە وەرگرتووە.

کەڵک وەرگرتنی فەرهەنگنووس لە ئیشی بەردەوامی ڕاوێژکارانە و مەیدانی(جیا لە کەڵک وەرگرتن لە جەستەی زمانی): ئیشی مەیدانی و ڕاوێژکارانە، بریتییە لەوەی کە دانەری فەرهەنگ، زۆربەی هەرە زۆری باژێڕ و ناوچە و دەڤەر و شارۆچکە و گوند و دێهات و تەنانەت کوێستان و هەواری سەر بەم لق و بەشەی کە فەرهەنگەکەی تێدا دادەنێ، تەقاندبێتەوە و تەگبیر و ڕاوێژ و گوتوبێژ و هەڵسوکەوت و دەمەتەقەی تایبەتی زمانەوانانەی دەگەڵ چین و توێژ و پیشە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە، وەک: ڕەنگڕێژ، خمگەر، هەوڕگەر، تەونگەر، بگێڕ، لێفەدروو، زیندروو، کورتاندروو، سەڕڕاج، ئاسنگەر، جۆڵا، کەڵاشکەر، ناڵبەند، باغەوان، وەرزێر، ئاژەڵدار، عەللاف، خەڕڕاج، هەللاج، چێودار، شایەر، حەکایەتخوان، شوان، سەپان، گاوان، شۆفێر، میرزا، تاجر، قوتابی، خوێندکار، مەلا، دەروێش، کووتاڵفرۆش، کووتاڵدروو، وەستا، بەننا، مێعمار، ئەندازیار، پزیشک، سیاسەتوان، نووسەر، وەرگێڕ، پێداچۆرەوە، بەڕێوەبەر، کابان، ئاشپەز، پەرەستار، فیتەر، دەرمانساز، ددانساز و....کردبێ.

ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕادە و ڕێژەی«سوودبەخش بوون و ولامەدەربوون»(practicality& efficiency=) و «بەوەجبوون»(validity=)

و «جێمتمانەبوون»(reliability=) و «یەکترگرتنەوە»(relevance=)ی ئەم بەرهەمانە تا ئاستێکی ئێجگار زۆر بەرز، بەرز دەکاتەوە و بەڵگەمەندیان دەکات.

ڕاپەڕاندنی پڕۆژەی فەرهەنگنووسی بە چەشنێکی پێشکەوتووانەی «گرووپی-دابەشکارانە.

ئەوەی ڕاستی بێ ئیشی فەرهەنگنووسیی لە دونیای پێشکەوتوو و مۆدێرندا، بەبێ ئەملاولا و هەڵاواردن، وەک «ئیشێکی گرووپی» کە بەپێی «دابەشکاری پسپۆڕانە» دێتە بەرهەم، سەیر دەکرێ. تێکڕای پڕۆژەکانی فەرهەنگنووسی لە سەردەمی مۆدێرندا، هەر لە سەرەتای دەستپێکەوە تا دوایین قۆناغی کۆتاییپێهاتنی پڕۆژەکە، وەک ئیشێکی گرووپی و تاقمی و دابەشکارانە دەستنیشان دەکرێ.

بە پێچەوانەوە، گەر بە چاوێکی وردبینانەوە سەیری ئەم پڕۆژە فەرهەنگنووسییانە بکەین کە بەرهەمی ئیشی تاقەکەسین، تێکڕای ئەم ئاسەوارانە، بەدڵنیایەوە، کەلێن و کەلەبەر و کەم و کوڕی بەرچاویان تێدا دەبیندرێ، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم کەم و کوڕی و کەلێن و کەلەبەرانە، دەرکەوتەی ملنەدانی فەرهەنگنووسەکان بە «ئیشی گرووپی» و « دابەشکاریی پسپۆڕی». بۆ وێنە بەشی ئاوانووسی و فۆنێتیکی فەرهەنگ دەبێ بە ئەستۆی کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارە بخرێ، هەروەها بەشی «ڕێزمان» و « نووسینی چەشنی مۆرفۆلۆژیکیی سەروشەکان» دەبێ لەلایەن کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارە بنووسرێ. تاریفنووسی و لێکدانەوەی مانای سەروشەکان دەبێ لە لایەن کەسی شارەزا و لێهاتووی ئەم بوارە جێ بەجێ بکرێ. هێنان و نووسینی نموونە و وێنە و شاهید، لە پەخشان و شێعری کوردی(یان هەر زمانێکی دی کە فەرهەنگەکەی تێدا دەنووسرێ)، لە لایەن کەسی تایبەت و شارەزاوە ڕاپەڕێندرێ و هەروەها تا دوایی.

وێنەیەک لە ئیشێکی سەرکەوتووی بواری فەرهەنگنووسیی کوردی باس دەکەم، کە هەرچەند لەسەرەتادا پڕۆژەیەکی تاقەکەسی بوو، ناچارکاتێک پتر لە یەک لە سێی پڕۆژەکە ڕاپەڕیبوو، فەرهەنگنووس، پەنای بردە لای مامۆستایەکی زمانزان و زمانناس و ڕێزمانزان، تا یارمەتی بدات و ئەم کەلێن و کەلەبەرەی بۆ پڕبکاتەوە؛ ئەم پڕۆژە سەرکەوتوویە، پڕۆژەی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»ە

کاک سەلاح پایانیانی، دانەری ئەم بەرهەمە گەورە و بەپێز و سەرکەوتوویە، لە بەرگی ١ هەتا بەرگی ٦، خۆی بە تاقی تەنیا، ئەم ئیشە تاقەت پڕووکێنەی ڕاپەڕاند،

بەڵام لە بەرگی حەوتەم هەتە بەرگی پانزدەی ئەم فەرهەنگە کە دوایین بەرگی ئەم پڕۆژە گەورەیەیە، دەستی یارمەتی بۆ مامۆستای زمانزان و زمانناس و ڕێزمانناس، مامۆستا عەزیز ئالی درێژ کرد هەتا بەشی مانالێدانەوە و بەشی ڕێزمانی سەروشەکان و بەشی ڕەچەڵەکناسیی ئەم سەروشانەی پێویستییان بە لێکدانەوەی ڕەچەڵەکناسییانە هەیە، هەروەها بەشی« بەکارهێنانی کردەیی» (practical usage=) لەم فەرهەنگەدا وەستۆ گرێ. هەر بەپێی ئەم داواکارییە، مامۆستا عەزیز ئالی نووسین و لێکدانەوەی تێکڕای ئەم بەشانەی لە بەرگی ٧ هەتا بەرگی کۆتایی واتە بەرگی ١٥ وەئەستۆ گرت و ئەم چەند بەرگە بە چەشنی « ئیشی گرووپی» و «دابەشکاری پسپۆڕانە» هاتەبەرهەم و چاپ و بڵاوبووەوە. هەر ئێستا بەرگەکانی ١ هەتا ٣ی ئەم فەرهەنگەش، لەلایەن مامۆستا عەزیز ئالی یەوە، سەرلەنوێ پێداچوونەوەی گۆرینی بۆ کراوە ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەیە. بەرگی ٤ هەتا ٦ی ئەم فەرهەنگەش، هەر بەم زووانە تێکڕای ئەم پێداچوونەوە و لێ زیادکردن و چاکسازی کردنەی بۆ دەکرێ و هەر بەزوویی، ئەوانیش چاپ و بڵاو دەبنەوە. بەمجۆرە فەرهەنگی زارەکیی موکریان، وەک ئاسەوارێکی زۆر بەپێز و بەهێز و وڵامدەر و کارا و دەوڵەمەندی زمانەوانی، کە بەرهەمی ئیشی گرووپی و دابەشکاری پسپوڕانەیە، لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، وەک فەرهەنگێکی شێوازمەند و سەرکەوتوو و پێشکەوتوو و سەردەمیانە دەمێنێتەوە.

٤- کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکارێکی پسپۆڕ لە بواری تایبەتیی «فەرهەنگنووسی»(Lexicography=)، لە دەسپێک/جەنگەی پڕۆژەی فەرهەنگنووسیدا هەتا کۆتایی پڕۆژەکە: فەرهەنگنووسی، وەک فیلد و بوارێکی ئاکادێمیک، لە دونیای سەردەمدا سەیر دەکرێ و پسپۆڕی تایبەتیی ئەم بوارە دەتوانێ گەلێک ڕێچارە بۆ فەرهەنگنووس بدۆزێتەوە، بۆ ئەم گرێ و گرێپووچکانەی وا لە مەودا و ڕێبازی دوورودرێژی فەرهەنگنووسی دا تووشی دەبێ؛ هەروەها دەتوانێ گەلێک ڕێنومایی کردەیی و ڕواڵەتی و کاکڵتەوەر و فۆڕمێک نیشان فەرهەنگنووس بدا کە هەر هەموویان گەلێک بەکەڵک و پێویست و سوودبەخشن بۆ دانانی فەرهەنگێکی سەردەمیانە و کارا و وڵامدەر و سەرکەوتوو و بەوەج.

لێرەدا بۆ نموونە تەنیا یەک وێنە و نموونەی کردەیی تایبەت باس دەکەم کە خۆم وەک پسپۆڕێکی تایبەتیی بواری فەرهەنگنووسی، لە مەودای نووسینی فەرهەنگێکدا،

یارمەتیدەر و ڕاوێژکاری فەرهەنگنووس بووم و لە دەرەنجامدا بەرهەمەکە وەک نموونەی فەرهەنگێکی شێوازمەند، دەرکەوتووە و وەک ئاسەوارێکی سەرکەوتوو و سەردەمیانە، نرخێندراوە: «فەرهەنگی ڕەنگەکانی پازار»، لە نووسینی خاتوو سەحەر موعێزی کە ٩ بەرگی گەورەیە و وەک هەوەڵ فەرهەنگی ڕەنگەکانە لە زمانی کوردیدا لە ئەژمار دێ؛ لە جەنگەی نووسینی ئەم فەرهەنگەدا، نووسەری فەرهەنگ داوای ئەوەی لە من کرد کە وەک پسپۆڕی بواری فەرهەنگنووسی، ڕاوێژکاریی ئەم پڕۆژەیە وەئەستۆ بگرم. کاتێک داوای فایلی ئامادەکراو و نووسراوی فەرهەنگەکەم کرد، تا سەرنجی بدەمێ و بزانم ئاخۆ جێگەوپێگەی ئەم پڕۆژەیە لەم ئاستەدا هەیە کە خۆی پێوە ماندوو بکردرێ تا لە داهاتوودا دوای ڕاوێژکاریی زانستی و پێداچوونەوەی پسپۆڕی تایبەتی بواری فەرهەنگنووسی، لە سەرچەشنی «فەرهەنگ» زۆر نزیک ببێتەوە. دوای سەرنجدا بە فایلی ئامادەکراوی فەرهەنگی گۆرین، دیتم ئەم توانست حاشاردراوەی لەو بەرهەمەدا هەیە و دەکرێ دوای ڕاوێژی زانستی و پێداچوونەوە، وەک «فەرهەنگ» سەیر بکردرێ و کەڵکی شیاوی لێ وەرگیرێ؛ هەر بەم پێیە، ماوەی چەندساڵ و بە دەیان کاتژمێر، ڕاوێژکاری زانستی و شێوازناسانەی پسپۆڕانەم پێشکەشی ئەم پڕۆژەیە و نووسەری ئەم بەرهەمە کرد، لە بابەت: و دەنگنووسی، مانانووسی، پۆلێنبەندی زانیارییەکان و زۆر بوار و ڕەهەندی گەورە و بچووکی تر. دوای ئەم هاریکاری و ڕاوێژکارییەم، هەوەڵ سەرکەوتن کە بۆ ئەم پڕۆژە گەورە ٩ بەرگییە بە خەڵات هات، مزگێنیی چاپی ئەم فەرهەنگە لە لایەن ئاکادێمیای کوردی لە هەولێر بوو؛ بۆچی چاپی ئەم فەرهەنگە لە لایەن ئاکادێمیا، بە سەرکەوتنێکی گەورە لە ئەژمار دێ بۆ ئەم فەرهەنگە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە کە ئەم فەرهەنگە، بەم قەوارە گەورەیەوە کە هەیەتی و ٩ بەرگی گەورە و زەبەلاحە، هیچ چاپەمەنییەکی کەرتی تایبەت (بەشی ناحوکوومی و خوسووسی) ئامادەی چاپی ئەم بەرهەمە نەبوو و نەیاندەوێرا ڕووبەڕووی ئەم ڕیسکە گەورەیە ببێتەوە و تێچوویەکی ئاوا زۆر و زەوەند لەم پڕۆژەیەدا بخەوێنێ! هەر بۆیە چاپ و بڵاوبوونەوەکەی تەنیا و تەنیا ئیشی دەزگایەکی کەرتی گشتی وەک ئاکادێمیای کوردستان بوو، کە بە خۆشییەوە، لە لایەن لیژنەی پسپۆڕی بواری فەرهەنگنووسیی ئاکادێمیا پەسەند کرا و چاپ و بڵاوکرایەوە و هەر زۆر زوو هەر هەموو بەرگەکانی ئەم فەرهەنگە تەواو بوو و نایاب بوو و بڕیار وایە سەرلەنوێ و بەزوویی چاپ بکرێتەوە.

یەکێک لە ڕێچکە و ڕێبازەکانی دابینکردن و مسۆگەرکردنی و سەقامگیرکردنی زمانی یەکگرتوو لە هەر وڵاتێک، دانان و نووسینی فەرهەنگە. دیارە لەم بەستێنەدا و لە پلەی هەوەڵدا، ئەوەی کە گرنگایەتی هەیە دانانی فەرهەنگی گشتیی یەک زمانەیە. ئەوەی ڕاستی بێ دانان و نووسین هەموو چەشنە فەرهەنگێک، یارمەتیدەرە بۆ سەقامگیر بوون و گەشە و نەشەی زمانی یەکگرتوو، بەڵام دەور و پێگەی فەرهەنگی گشتیی یەکزمانە، لە تێکڕای چەشنەکانی تری فەرهەنگ پڕبایەختر و گرنگتر و هەستیارترە. نۆڕمەکانی زمانی و زمانی باو و ڕەگەز و توخمەکانی زمانی یەکگرتوو، لە ڕێگەی فەرهەنگی زمانەوە ڕەوایی و «مشروعیت»یان پێ دەدرێ و گەشە دەکەن و نێو جومبوورەی جەماوەری بەردەنگی ئەم فەرهەنگانەدا پەرە دەستێنن. کەوابوو جێی خۆیەتی کە بایەخی لە ڕادەبەدەر بدرێ بە ئیشی تۆمارکردنی شێوازمەند و زانستییانەی سەروشەکان و هەروەها دانان و مانالێداونەوە سەروشەکان و تۆمارکردنی شێوازی دروستی گۆکردنی سەروشەکان، کە جاری وا هەیە چەندان جۆر گۆ دەکرێن، بەپێی ناوچە جیاجیاکانی بەکارهێنانی ئەم سەروشەیە. هەروەها دەبێ بایەخێکی زۆر بدرێ بە ڕێنووس لە نووسین و تۆمارکردن سەروشەکان و ماناکانیان، چون زمانی یەکگرتوو، یەکێک لە پێشمەرجەکانی ڕێنووسی یەکگرتووە. دەی ئێنجا گەر تەواوی ئەم سازدەرانەی فەرهەنگ، شێوازمەندانە و زانستییانە و بەپێی بنەماکانی فەرهەنگنووسی و بنەماکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتی-لە بابەت بایەخدان بە توخمەکان و ڕەگەزەکانی زمانی یەکگرتوو لە دانان و نووسینی فەرهەنگ- چێ بکرێن و تۆمار بکرێن، زۆر ئاشکرایە کە ئەم چەشنە فەرهەنگە دەورێکی حاشاهەڵنەگر و بێ جێگرەوی دەبێ لە ڕەواییپێدان و پەرەپێدانی زمانی یەکگرتوو لە نێوان حەشیمەتی زۆر و زەوەندی بەردەنگانی بەکاربەرانی فەرهەنگەکە. ئەوە پتر باسی فەرهەنگی یەک زمانەی کوردی-کوردی بوو، کە گرنگایەتیی پتر لە چەشنەکانی دیکەی فەرهەنگ، لە بابەت پەرەپێدانی زمانی یەکگرتوو. بەڵام چەشنەکانی دیکەی فەرهەنگیش گرنگایەتیی تایبەتی خۆیان هەیە لەم بارەوە، بۆ وێنە لە فەرهەنگی دوو زمانەی ئینگلیسی-کوردیدا، دەبێ هاوتا و هەمبەری واتایی سەروشە ئینگلیسییەکان، بە پێی بایەخدان بە ڕەگەز و توخمەکانی زمانی یەکگرتووی کوردی بنووسرێ، هەم لەباری گۆکردن، هەم لەباری ڕێنووس، هەم لەباری لایەنی بەکارهێنان و پڕاگماتیسمی زمانییەوە؛ کە ئەمانە ڕەچاو کران، ئەودەم ئاوا فەرهەنگێک، دەبێتە هۆکاری پەرەپێدان و ڕەواییپێدانی

هەرچی پتری زمانی یەکگرتوو لە نێوان بەکارهێنەرانی ئەم فەرهەنگە و دواتریش بڵاوبوونەوەی لە نێو نووسراوە و دەقی تۆمارکراوی ئەم بەکارهێنەرانە؛ هەروەها بە هۆی ئەوەوە کە فەرهەنگی دووزمانە پتر لە لایەن وەرگێڕەکان و بۆ ئیشی وەرگێڕان کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئەم چەشنە فەرهەنگانە دەبنە هۆی برەوپێدانی زمانێکی ڕوون و ڕەوان و پاراو و پێوەر و ستاندارد و زاووزێکەر و وەچەهێنەر و ئافرێنەر لە نووسراوەی وەرگێڕدراوی ئەم تاقمە لە بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکە؛ بە وتەیەکی تر و لە لایەکی ترەوە، ئاوا فەرهەنگانێک، وەرگێڕ دەگێڕنەوە لە بەکارهێنانی زمانێکی ساختە و داتاشراو و ویشک و میکانیکی و نەزۆک و ئەستێور لە نێوان پڕۆژەکانی وەرگێڕانیاندا.

کەڵک لێ وەرگرتن لە لە فەرهەنگەکان، لە لایەن جومبوورەی جەماوەری بەردەنگان و بەکارهێنەران، بەتایبەت فەرهەنگە پڕرمێن و پڕتیراژە یەکزمانییە گشتییەکان، هەر جۆرێک نووسرابن و سازدەرەکانیان بە هەر شێوازێک جێ بەجێ و تۆمار کرابن –چ شێوازمەند و زانستییانە، چ ناشێوازمەند و نازانستییانە- دەبێتە هۆی پەرەپێدان و ڕەوایی‌پێدانی ئەم چەشنە لە زمان کە فەرهەنگەکەی پێ نووسراوە، دەی کەوابوو، چ باشتر و بەکەڵکتر، کە ئەم فەرهەنگانە لە سەر بنەماکانی فەرهەنگنووسی و پێوەرکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتی چێ بکردرێن و بنووسرێن، تا ببنە هۆکاری پەرەسەندن و ڕەوایی‌پێدانی زمانێکی پێوەر و ستاندارد و یەکگرتووی ڕاستەقینەی جێ‌متمانە و باوەڕپێکراو و کارا و زانست-پێوەر.

لە بابەت سوود و کەڵکی وشە و زاراوەی خۆماڵی و ناوچەیی، بۆ زمانی پێوەری کوردی، دەبێ بڵێین، دەور و نەخشی ئەم وشە و زاراوانـە، پتر پڕکردنەوەی ئەم بۆشایی و کەلەبەرەیە کە لە کاتی دانـان و ڕۆنانی هەمبەری واتایی بۆ تێرمە زانستییەکان تووشی دەبین. واتە کاتێک لە بوارێکی زانستی وەک فەلسەفە یان زانستە کۆمەڵایەتییەکان یان کیمیا و فیزیا و کارەبا و...وشەیەک یان زاراوەیەکی پڕبەپێستی تێرمە زانستییە بیانییەکە نادۆزینەوە، ئەم وشە وزاراوە ناوچەییانە، کە ڕادەیەکی زۆر مانا لەخو دەگرن وداگر و هەڵگری باری مانایییەکی فرەڕەهەندی ئاوان کە دەکرێ وەک هەمبەر و هاوتای زوریک لە تێرمە زانستییەکان کەڵک و سوودیان لێ وەرگرین. گەر سەیرێکی فەرهەنگەکانی مامۆستایان جەماڵ عەبدول و کەماڵ جەلال غەریب بکەین کە لە گۆڕەپانی دانانی فەرهەنگی زانستی‌دا، چەندین بەرهەمی شاکاری

بێوێنە و شاز و تۆکمە و تەکووزیان خولقاندووە، ئەم ڕاستییە پتر خۆ دەردەخا و ڕوون دەبێتەوە.

جیا لەم بوارەی باسکرا، هەروەها لە بواری وەرگێڕانی دەقی پیرۆزیش، سوود و کەڵکی ئەم وشە و زاراوە خۆجێیی و خۆماڵی و ناوچییانە، بە ئاشکرایی دەردەکەوێ. بۆ ئەم بابەتە، سەیری وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز لە لایەن مامۆستا هەژار بکەن، ئەودەم دەبینن کە مامۆستا هەژار چەندە وەستایانە و مامۆستایانە، کەڵک و سوود و بەهری شیاو و گونجاو و پڕبەپێستی لە ڕادەیەکی زۆر وشە و زاراوەی ناوچەیی و خۆجێیی وەرگرتووە بۆ ئەوەیە دەقی وەرگێڕانەکەی پێ بڕازێنێتەوە و پێی بخەملێنێ و وەرگێڕانەکە بکاتە دەقێکی پێوەر و ستاندارد بۆ چێکردنی زمانێکی یەکگرتووی شیاو و شایان لە لایەن بەرەی داهاتوو و وەچەکانی دواڕۆژ

ئەوانەی فەرهەنگی دووزمانەی گشتیی بیانی-کوردی(بۆ وێنە: فەرهەنگی گشتیی ئینگلیسی-کوردی) دادەنێن بە چندین مەرج دەتوانن خزمەت بە زمانی کوردی بکەن:

١. هاوتاکان و هەمبەرە واتاییەکان، بە زمانی یەکگرتوو و پێوەر و ستانداڕد و لەسەر ڕێبازێکی زانستی نووسرابن نەک بە زمانێکی ناوچەیی و لۆکاڵی؛

٢. لە پەنا هەر سەروشەیەک، یەک یان چەند «هاوتای وشەیی» تۆمارکرابێ و بەپێی فرەپاتەبوونی لایەنی بەکارهێنانیان ڕێز کرابن؛ فەرهەنگ نووس دەبێ لە تۆمارکردنی«هاوتای ڕستەیی» و« مانالێدانەوەی چەندڕستەیی» خۆ بپارێزێ. چون تۆمارکردن و دانانی «هاوتای ڕستەیی» و «مانا لێدانەوەی چەندڕستەیی»، ئیشی فەرهەنگنووسی تاکزمانەیە نەک دووزمانە.

٣. هەستیاربوون لە بابەت ڕێنووسی بەکارهاتوو لە فەرهەنگ، کە ڕێنووسێکی ستاندارد بێ، چون وەک باس کرا، پێشمەرجی زمانی یەکگرتوو، ڕێنووسی یەکگرتوو و ستانداردە.

٤.چەشنێک لە گۆکردنی وشەکان(هەمبەر و هاوواتاکان) تۆمار بکردرێ، کە گۆکردنی ستاندارد و یەکگرتوو لە ئەژمار بێ، با بەچەشنێکی ڕێژەییش بێ؛ نەک چەشنی گۆکردنی ناوچەیی و لۆکاڵی.

٥. لە جەستەی زمانی کەڵک وەرگیرابێ،واتە بۆ وێنە ئەگە فەرهەنگەکە، فەرهەنگی گشتیی ئینگلیسی-کوردی یە، دەبێ دانەری فەرهەنگ تێکڕای بەرهەمی وەرگێڕدراوی ئینگلیسی بە کوردیی وەرگێڕانی ناودار و شارەزا و زمانزان و

پسپۆڕی وەک دوکتۆر عەزیز گەردی و دوکتۆر ئازاد حەمە شەریف و ....ی خوێندبێتەوە و لەگەڵ دەقی سەرەکیی وەرگێڕداروەکانیشیان بەراوردی کردبێ، تا بیدۆزێتەوە کە بۆ فلان وشە و زاراوەی ئینگلیسی، چ هەمبەر و هاوتایەکی کوردی داندراوە، لە لایەن ئەم وەرگێڕە خامەڕەنگین و زمانزانانەوە؛ ئەودەم دەکرێ جیا لە دانان و تۆمارکردنی هەمبەر و هاوتای داندراو لە لایەن ئەم وەرگێڕانە، هەروەها ئاماژە بە ئەم ڕستە وەرگێڕدراوە کوردییانەش بکا لە فەرهەنگەکەیدا، وەک شاهید و وێنە و نموونە.

٦.پێداچوونەوە و ئیدیتی کۆتایی فەرهەنگەکەی بسپێرێ بە مامۆستایەکی زمانپاراو و زمانزان و زماناناس و پسپۆڕ لە بواری وەرگێڕان کە هەم بەرهەمی وەرگێڕانی داهێنەرانە و تۆکمە و تەکووزی هەبووبێ و هەم لە بواری زانستی زماناناسیش دا خاوەن بەرهەم بێ؛ بە تایبەت لە یەکێک لەم بوارانەدا خاوەنی بەرهەم بێ: بواری فەرهەنگنووسی(=Lexicography) یان زاراوەناسی(= Terminology) یان وشەناسی(=Morphology) یان وشەڕۆنان(=Word formation)یان ماناناسی(=Semantics).

گەر کەسێک نەبوو کە هاوکات هەم وەرگێڕێکی لێهاتوو و شارەزا و زمانزان بێ و هەم پسپۆڕی خاوەن بەرهەم لە یەکێک لەم ٥ لقە لە زماناناسی، ئەو کات دەبێ ٢ کەسی جیاواز پێداچوونەوە بۆ فەرهەنگەکە بکەن.

بەڵام گەر فەرهەنگی دووزمانیی بیانی-کوردی(بۆ وێنە: ئینگلیسی-کوردی) دەرەنجامی وەرگێڕان لە ڕووی فەرهەنگێکی تاکزمانە(بۆ وێنە: ئینگلیسی-ئینگلیسی) بێ، ئەودەم کەمترین کەڵک و سوود و بەهرەی بۆ زمانی کوردی دەبێ، چون لە بنەڕەتدا شێواز و مێتۆدی دانانی فەرهەنگی تاکزمانە و فەرهەنگی دووزمانە(یا چەندزمانە) جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە؛ لە فەرهەنگی تاکزمانەدا، کاتی ماناکردنەوەی سەروشەکان، فەرهەنگنووس، بە نووسینی «هاوتای ڕستەیی» یان «مانالێدانەوەی چەندڕستەیی» ئیشەکە ڕادەپەڕێنێ، چون بەردەنگی فەهەنگی تاکزمانە کەسانێکن کە زمانی زگماکی خۆیان هەر ئەم زمانەیە کە سەروشەکانی پێ نووسراوە، کەوابوو ئەوان پێویستیان بە هاوتای تاک وشەیی نییە، بەڵکوو دەبێ سەروشەکەیان بۆ مانا بکرێتەوە، جا یان بە ڕستەیەک یان بە چەندڕستە. بەڵام لە فەرهەنگی دووزمانە(یان چەند زمانە)، فەرهەنگنووس، دەبێ بۆ مانالێدانەوەی

سەروشەکان، «هاوتای تاکوشەیی»یان بۆ بنووسێ، چون زمانی سەروشەکان، زمانی سەرەکی و زگماکیی بەردەنگ و بەکارهێنەری فەرهەنگەکە نییە، کەوابوو دەبێ لەڕێگەی هاوتایەکی تاکوشەیی لە زمانی خۆیدا، تێبگەیێنی کە، ڕێک ئەم سەروشەیە، ماناکەی دەبێتە ئەم تاکوشەیە لە زمانی هەمبەردا.

کەوابوو، ئەم فەرهەنگە دووزمانی(چەندزمانی)یە بیانی-کوردیيانەی لە ئاکامی پێواژۆی وەرگێڕانەوە بەرهەم دێن، کەمترین کەڵک و بەهرەیان دەبێ بۆ زمانی کوردی. جاری واهەیە، فەرهەنگەکە، بەرهەمی پێواژووی وەرگێڕانیشە ئاماژە بە ئەم ڕاستەقینەیە نەکراوە، ئیدی ئەودەم نە تەنیا، کەڵک و سوودی بۆ زمانی کوردی ئێجگار کەمە، بەڵکوو ئەمانەتپارێزیش نەکراوە و سەر لە بەردەنگ و بەکارهێنەریش دەشێوێ چون وەک فەرهەنگێکی ڕەسەن بانگەشەی بۆ کراوە کە بەرهەم و ئاکام و دەرکەوتەی وەرگێڕان نییە، وەک فەرهەنگی فارسی-کوردی زانستگای کوردستان، کە وەرگێڕدراوی: «فرهنگ معاصر فارسی، غلامحسین صدری افشار، انتشارات فرهنگ معاصر»ە کە فەرهەنگێکی تاکزمانەیە و بەداخەوە ئاماژە بەم ڕاستەقینەیە نەکراوە بۆتە هۆی چەواشەکاری و پاشاگەردانی و هەروەها سەرلێ شێواندنی بەردەنگان و بەکارهێنەرانی ئەم ئاسەوارەی وا بەرهەمی کۆپی‌نووسی و لەڕوونووسینەوەیە، بەبێ ئاماژە بە سەرچاوەی سەرەکی.

ئەوەی کە ئاخۆ زمانی کوردی فەرهەنگی گشتگیری هەیە و تا چ ڕادەیەک ئەو زمانە بەهرەمەند بووە لە فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زار و بن‌زار و لەهجەکان؟ گەر مەبەست لەم پرسیارە، هەبوونی یەک فەرهەنگی تایبەتیی گشتگیری کوردی بێ، دیارە وڵامەکە بەداخێکی زۆرەوە وڵامەکە «نەرێ» و «هیچ»ـە! بەڵام ئاواش نییە کە لەم بابەت و بوارەوە هیچ حەول و دەولێک نەدرابێ، بۆ وێنە فەرهەنگی کوردستانی گیو موکریانی، کە بۆ تێکڕای سەروشەکان، شوێنی جوگرافیایی بەکارهێنانیانی تۆمار کردووە ودیارە ئەوە ئیشێکی ئێجگار هەستیار و دژوارە و پێویستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە و پرسیار و ڕاوێژێکی بەرین و بەربڵاو هەبووە، هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر. گەر لە لایەکی دیکەوە سەیری ئەم بوارە بکەین، فەرهەنگەکەی زەبیحی(=قامووسی زەبیحی)، هەرچەند ناتەواوە و دووبەرگی چاپ و بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەوەی کە تێکڕای وشەهاوردەکان(=وشەی«دخیل») ی تۆمار کردووە و وەک زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکان کە زۆرترینی ئەم

وشەهاوردانەیان سڕیوەتەوە و بە ملکی زمانی کوردییان نەزانیوە، دیسان دەکرێ بڵێین ئەم قامووسی زەبیحی‌یەش، هەنگاوێکی شیاوی بەرەو دانانی فەرهەنگی گشتگیر-لە مانای ڕاستەقینەو بەربڵاوی«گشتگیر»دا-هەڵێناوەتەوە. هەڵبەت دواتر، فەرهەنگی هەرمان، لە نووسینی عەلی نانەوازادەش هەر بەم ڕێچکە و ڕێبازەدا هەنگاوە هەڵێناوەتەوە، کە بەداخەوە ئەویش ناتەواوە و تەنیا لەخۆگری چوار پیتی«ئەلف»، «ب»،«پ» و «ت»یە(قامووسی زەبیحی لەخۆگری دوو پیتی«ئەلف» و «ب»یە).

فەرهەنگی «هەنبانەبۆرینە» و «خاڵ»یش لە ڕادەیەک حەولیان‌داوە وشە و زاراوەی زۆرێک لە ناوچەکانی کوردەواری تۆمار بکەن و لەم پێناوەدا بە چەشنێکی ڕێژەیی خوار-مامناوەندی سەرکەوتوو بوون.

زۆر بە خۆشییەوە، نووسینی فەرهەنگی زانستی بۆ زمانی کوردی، بەپێی ئەوەی مێژوویەکی ٦٥ساڵەی هەیە، لە باری بارستایی و چەندییەتەوە لە ئاستێکی شیاو و دڵخۆشکەر دایە؛ بەڵام لە ڕووی چۆنایەتیی دانانی فەرهەنگ و شێوازمەندییەوە، زۆر سەرکەوتوو و دڵخۆشکەر نییە.

مێژووی سەردەمی فەرهەنگنووسیی کوردی دەریدەخا کە هەوەڵ کەسایەتی کە مشووری لە دانانی فەرهەنگی زانستیی کوردی خواردووە، خوالێخۆشبوو پڕۆفیسۆر جەماڵ نەبەزە کە ٦٥ ساڵ لەمەوبەر بە دانان و نووسینی فەرهەنگی زانستیی کوردی ڕچەشکێنی ئەم بوارە سەردەمیانە بووە. پڕۆفیسۆر جەماڵ نەبەز کە هەوەڵ کەسایەتیی کوردزمانە، لەم بوارەدا هەنگاوی پڕبایەخ و زانستییانەی هەڵێنابێتەوە، ٦٥ ساڵ لەوەپێش ئەم بەرهەمانەی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە: ١. نامیلکەی «هێندێک زاراوەی زانستی»، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ١٨ لاپەڕە، نزیکەی ٣٠٠ وشە و زاراوەی زانستی تێدایە؛ ٢. «فەرهەنگۆکی زانستی»، هەولێر، ١٩٦٠، نزیکەی ٣٠٠٠ زاراوەی زانستی تێدایە؛ ٣. کتێبی« سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی مادە»، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٠؛ ئەم کتێبە ٣٢٠ لاپەڕەیە و لەبارەی بابەتی فیزیایە و ١٥ لاپەڕەی پێشەوەی، فەرهەنگۆکێکی کوردی-عەرەب-ئینگلیسی یە و، نزیکەی ٦٠٠ وشە و زاراوەی زانستیی فیزیا و بیرکاری تێدایە. ئێمەی کورد، کە باسی زاراوەی زانستی دێتە ئاراوە، لەپێش هەموو کەس دا دەبێ منەتبار و پێناودار و پێزان و قەدرناسی پڕۆفیسۆر جەماڵ نەبەز بین، چونکە یەکەم شاسوارێکی لەم

گۆڕەپانە حەستەمە دا ڕچەی کوتابێ و ڕچەشکێنی ئەم بوار و گۆڕەپانە بووبێ، مامۆستا جەماڵ نەبەز بووە.

لەبابەت بواری تیئۆریک و بیردۆزانەی زاراوەسازیشەوە، هەوڵ و تەقەللای بێوێنەی مامۆستا مەسعوود محەممەد، ناکرێ لەیاد بکرێ کە لەم پێناوەدا بە نووسینی زۆر وتار و بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و لە هەمووشیان بەرچاتر کتێبی شاکاری« زاراوەسازی پێوانە»، ڕاژە و خزمەتێکی بێمیناکی بە بابەتی زاراوەسازیی زانستیی کوردی کردووە. هەروەها زمانناسی هەڵکەوتە و پسپۆڕ و لێزان و بەمشوور پرۆفیسۆر حەسەن کامیل بەسیر بە نووسینی چەندین وتاری ئاکادێمیک و شێوازمەند و زانستی و هەروەها کتێبی«زاراوەی کوردی»، لایەنی تیئۆریک و بیردۆزانەی زاراوەسازیی زانستیی زمانی کوردی، ئەوەندەی دی دەوڵەمەند کرد و پەرەی پێدا. پرۆفیسۆر ئەوڕەحمان حاجی مارف، به نووسینی کتێبی «وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا»، ئەوەندی دیکە ڕێگەخۆشکەر و ڕێپیشاندەر و هاریکار بوو لەم مەیدانەدا، بۆ تاوتوێ کردنی لایەنی دەرهەست و تیئۆریکی بابەتەکە.

دوا بەدوای ئەو هەوڵ و تەقەللایانە، ٢ فەرهەنگنووسی لێزان و لێهاتوو و مشوورخۆر و پەیجۆر و دڵسۆز هەرکام بە دانان و نووسینی چەندن فەرهەنگی زانستیی زمانی کوردی، دواکەوتنی مێژوویی فەرهەنگنووسیی زانستیی زمانی کوردییان قەرەبوو کردەوە و ڕۆحێکی نوێیان وەبەر فەرهەنگنووسیی زانستیی زمانی کوردی نایەوە؛ ئەم گەورەپیاوە ماندوویینەناس و دڵسۆز و پەیجۆر و مشوورخۆرانە بریتین لەم دوو کەسایەتییە پایەبەرزەی مێژووی فەرهەنگنووسیی کورد:

١. مامۆستا کەماڵ جەلال غەریب، کە بەرهەمەکانی لە بواری فەرهەنگنووسیی زانستی ئەمانەن:

١.فەرهەنگی زانیاری، بەرگی یەکەم، ١٩٧٤، عەرەبی-کوردی، سلێمانی، چاپخانەی کامران؛ فەرهەنگێکە لەبارەی وشە و زاراوەی زانستییەوە، لە بابەتی پزیشکی و نەخۆشی و گیاندار و ڕووەک و کیمیا و فیزیا و ئەستێرەوانی و بیرکاری و جوغرافیا و هتد، ٤١٦ لاپەڕەیە و، نزیکەی ٨٦٠٠ وشە و زاراوەی زانستی تێدایە. بە یارمەتیی کۆڕی زانیاری کورد لەچاپ دراوە؛

٢. فەرهەنگی زانیاریی وێنەدار، ١٩٧٥، فەرهەنگێکی زانستیی وێنەدارە، لە عەرەبییەوە

بۆ ئینگلیسی و کوردی، زاراوەکانی لە بابەتی زۆربەی زانستە تاقیکارییەکان‌دا تێدایە، ٩٥ لاپەڕەیە و، نزیکەی ١٦٠٠ وشە و زاراوەی زانستیی تێدایە؛

٣. فەرهەنگی زانیاری، ١٩٧٩، بەرگی دووەم، لەسەر ئەرکی کۆڕی زانیاری کورد چاپ کراوە، ٤٠٠ لاپەڕەیە و، نزیکەی ٨٠٠٠ وشە و زاراوەی تێدایە؛

٤. فەرهەنگی زانیاری، ١٩٨٣، بەرگی سێیەم، ٣٧٠ لاپەڕەیە و، نزیکەی ٧٤٠٠ وشە و زاراوەی تێدایە؛

٥. فەرهەنگی ئەستێرەزانی، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی/عەرەبی-کوردی-ئینگلیسی، ٢٠٠٤، دەزگای سەردەم، لەخۆگری نزیکەی ٢٠٠٠ وشە و زاراوەیە؛

٦. فەرهەنگی زانستیی هەرەگەورەی «کەماڵنامە»، ١٧٢٠ لاپەڕە، نزیکەی ٥٠،٠٠٠ وشە و زاراوەی زانستی لەخۆگرتووە، سلێمانی، چاپخانەی ڕێنوێن، ٢٠٠٢؛

٧. کەڵەفەرهەنگی ڕووەکە ئاوەکییەکان، کوردی-عەرەبی-ئینگلیسی، سوید، کتێبی هەرزان، ٢٠٠٢؛

٨. فەرهەنگی وێنەداری مەعدەنەکان، بەدرخان، ٢٠٠٢.

هەروەها مامۆستا کەماڵ جەلال غەریب، کتێبێکی زۆر تەکووز و کەم‌وێنەی لە بارەی لایەنی تیئۆریک و بیردۆزانەی زاراوەسازیی زانستی نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە، لەژێر ناوی: « پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، سلێمانی، ١٩٨٧».

٢. مامۆستا جەماڵ عەبدول، کە بەرهەمەکانی لە بواری فەرهەنگنووسیی زانستی ئەمانەن:

١. فەرهەنگی زیـوار، نزیکەی ٧٠٠٠ زاراوەی فیزیا و کیمیا و بیرکاری و زیندەوەرناسی قۆناغی زانستگای لەخۆ گرتووە،ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ١٩٩٥؛

٢.فەرهەنگی کیمیا، چاپی هـەوەڵ: ١٩٩٨، چاپی دووەم:١٩٩٩، یۆنسکۆ چاپی کردووە، نزیکەی ١٧٥٠زاراوەی کیمیای گشتییە،ئینگلیسی-عەرەبی- کوردی؛

٣. فەرهەنگی شـەوکار، فەرهەنگی گـەورە و تایبەتمەندی کیمیا، لەخۆگری ١٨٠٠٠ زاراوە، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ١٩٩٨؛ ٤.ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، بەرگی هەوەڵ،١٩٩٩، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی؛

٥. ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، بەرگی دووەم، ٢٠٠١؛ ٦. ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، بەرگی سێیەم، ٢٠٠٥؛ ٧. ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، بەرگی چوارەم، ٢٠٠٥؛ ٨. ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، بەرگی پێنجەم، ٢٠١٠؛ ٩. ئینسایکلۆپیدیای کیمیا، بەرگی شەشەم، ٢٠١٢؛

١٠.فەرهەنگی کیمیای شیکاری، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ٢٠٠٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم؛

١١. فەرهەنگی کیمیای ئەندامی، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ٢٠٠٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم؛

١٢. فەرهەنگی کیمیای فیزیایی، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ٢٠٠٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم؛

١٣. فەرهەنگی ڕاگەیاندن، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ٨٤٢ لاپەڕە، فەرهەنگێکی شیکاری-وەسفی‌یە، ٢٠٠٦؛

١٤. فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکان، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١١؛ ١٥. فەرهەنگی زەویزانی، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، ٢٠٠٧؛

١٥. فەرهەنگی زاراوە پێترۆڵییەکان، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣.

هەروەها مامۆستا جەماڵ عەبدول، دەیان کتێبی دەرسیی کیمیا و فیزیا و بیرکاری و زیندەوەرناسی و گیانەوەرناسی و تەندوروستیی مرۆڤ و...هتد، بە شێوازی تاکەکەسی یان لیژنەیی، بۆ وەزارەتی پەروەرد نووسیوە و ئەم کتێبانە هەموویان بوونەتە وانەی دەرسی و لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وەک وانەی دەرسیی دەخوێندرێن.

هەروەتر مامۆستا جەماڵ عەبدوڵ کتێبێکیشی لەژێر ناوی «بەرکوڵێکی زانستی زاراوەسازیی کوردی» نووسیوە، کە لە بابەت باس و لێدوانی تیئۆرێکی ئەم بوارەدا، جێی سەرنجە.

هەر لەبابەت زاراوەی زانستی لە زمانی کوردی‌دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە ژێر سەردێڕی«پڕۆژەی فەرهەنگ»، لەژێر چاوەدێری فەرهەنگنووس، ئەکرەم قەرەداخی و بە سەرپەرشتیاریی گشتیی ئەم کەسایەتییە ناسراوە زانستییە، نزیکەی ٢٠ فەرهەنگێکی چاپ و بڵاوکردووەتەوە؛ ئەوەی جێی سەرنجە تێکڕای ئەم فەرهەنگانەش، هەر وەک زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکانی تری ئاماژەپێکرا و نێوبراوی پێشوو، فەرهەنگەلێکی سێ‌زمانەی «ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی»ن! ؛ بۆ نموونە بەشێک لەم فەرهەنگانە ناو دەبەین(پێشووتریش، لەنێو بەرهەمەکانی

مامۆستایان کەماڵ جەلال غەریب و جەماڵ عەبدول، هێندیک لەم فەرهەنگانەی سەر بەم پڕۆژەیەمان نێو هێناون):

١. فەرهەنگی فیزیا، نەوزاد عومەر محێدین، ٢٠٠٢؛

٢. فەرهەنگی فەلسەفە، ڕۆشنا ئەحمەد، ٢٠٠٣؛

٣. فەرهەنگی ڤێترینەری، دوکتۆر فەرەیدوون عەبدوسەتار، ٢٠٠٣؛

٤.فەرهەنگی شیر و شیرەمەنی، دوکتۆر خالید خاڵ(کوڕی مامۆستا شێخ محەممەد خاڵ، زانا و ڕووناکبیر و فەرهەنگنووسی ناوداری کورد)، ٢٠٠٣؛

٥. فەرهەنگی جوگرافیای سروشتی، جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٣؛

٦.فەرهەنگی وەرزش، عاسی فاتیح وەیس، ٢٠٠٤؛

٧.فەرهەنگی بیرکاری، نەوزاد عومەر محێدین، ٢٠٠٥؛

٨. فەرهەنگی توێکاریی مرۆڤ، د. ئومێد فایەق و دوکتۆر هادی محەممەد، ٢٠٠٩.

لە دواییدا بۆ، وەک وێنە و نموونە، ژمارەیەکی تر لە فەرهەنگەکانی ئەم بوارە، واتە فەرهەنگی زانستیی کوردی ناو دەهێنین:

١.فەرهەنگی شانۆیی، ئینگلیسی-کوردی، کامەران سوبحان، ئینستیتووتی کەلەپووری کورد، ٢٠٠٤؛

٢.ئینسکلۆپێدیای/[فەرهەنگی] ئابووری، عەڕەبی-ئینگلیسی-کوردی، فەیسەڵ دەباغ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١؛

٣.فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئینگلیسی-فارسی-کوردی، فەرشید شەریفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧؛

٤. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، کوردی-ئینگلیسی و ئینگلیسی-کوردی، محەممەد مەحموودی و بەختیار سەجادی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢؛

٥.فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی، ئینگلیسی-کوردی-فارسی، د. بەختیار سەجادی، ماڵی وەفایی، ٢٠٢٢؛

٦.فەرهەنگی زانستی سیاسی، کوردی- فارسی-ئینگیسی،ئەحمەد شەبانی، زانستگای کوردستان، ١٣٨٨هـ؛

٧. فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان[=زانستە مرۆڤییەکان]، کوردی-ئینگلیسی، د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٥؛

٨. فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن و کارگێڕی و قوتابخانەیی، ئینگلیسی-کوردی-عەرەبی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥؛

٩.فەرهەنگی تەکنۆلۆژیای زانیاری، ئینگلیسی-کوردی، زانستپەروەرانی کورد، لەخۆگری١٧٢١ وشە و زاراوەی زانستی، چاپی دووەم ٢٠١١، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن ئاکادێمیای کوردی؛

١٠. فەرهەنگی ئەندیک، ئینگلیسی-کوردی، ٥٤٩٠ وشە و زاراوە، کشتوکاڵ، گیانەوەران، حەسەن حەمەد ئەندێکی، ٢٠١٢.

پێش ئەوەی کە بەشی دووهەمی ئەم پرسیارە وڵام بدەمەوە، کە باسی فەرهەنگی یاسایی بەجودا پرسیوە و جیای کردووەتەوە لە فەرهەنگی زانستی، جێی خۆیەتی چەندین فەرهەنگی تری زانستی نێو بهێنم کە بە بڕوای من، بە چەشنێکی ڕێژەیی(نەک موتڵەق و ڕەها)، شێوازمەندتر و زانستییانەتر نووسران لە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشوو:

١. فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی-عەرەبی-ئینگلیسی، پرۆفیسۆر ئەورەحمان حاجی مارف، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤؛

٢. فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ئینگلیسی-عەرەبی-کوردی، دوکتۆر تالیب حوسێن عەلی، هەولێر، ئاسۆی پەروەردەیی، ٢٠٠٥؛

٣. فەرهەنگی حوجرە، زاراوەی پەروەردی کلاسیکی کوردی، کوردی-کوردی، محەممەد ئەحمەدیان، سەقز، چاپەمەنیی خانی، ١٤٠٣ هـ(تەنیا فەرهەنگی تاکزمانەی زانستیی کوردی].

بەڵام لە بابەت فەرهەنگی زاراوەی یاسایی، هەر وەک خاوەنڕایان و خوێندەواران و زانایانی کوردی بواری یاسا دەزانن، هەوەڵ بەرهەم و زانستیترین بەرهەم و شێوازمەندترین بەرهەم لەم بوارەدا فەرهەنگی قانوونی، عەرەبی-کوردی-فەرەنسی-ئینگلیسی، لە نووسین و دانانی کەسایەتیی زانا و ناوداری کورد پرۆفیسۆر نووری تاڵەبانییە، کە پێداچوونەوەی هاوتا کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە لە لایەن شاعیرو کوردیزانی ناوداری سەردەم مامۆستا ئەحمەد هەردی جێبەجێ کراوە، هەروەها پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی ڕاوێژکار و یارمەتیدەری ئەم بەرهەمە دانسقە و تەکووزە بووە. هەوەڵ چاپی ئەم فەرهەنگە ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن دەزگای ئاراس لە هەولێر و لە ٢٣٨ لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە؛ چاپی دووهەم لە لایەن مەکتەبی بیر و هوشیاری لە

سلێمانی، لە ٢٠٠٦ و لە ٣١٩ لاپەڕەدا؛ دوایین چاپی تا ئێستا: چاپی شەشەم، ساڵی ٢٠١٤، لە بەیرووت چاپ بووە.

پرۆفیسۆر نووری تاڵەبانی بە وتەی خۆی لە ساڵی ١٩٧٤ هەتا ساڵی ١٩٩٩، بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ سەرقاڵی دانانی ئەم فەرهەنگە بووە.

لە بابەت زاراوەی یاسایی چەندین فەرهەنگی تر نووسراون کە بەشێک لەمانە بریتین لە:

١.فەرهەنگۆکی یاساپارێزی، عەرەبی-کوردی، ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر، چاپی چوارەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری یاساپارێزی، ٢٠٠٦؛

٢. زاراوەی یاسایی، ئامادەکردنی لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٤؛

٣.فەرهەنگ و پێناسی زاراوەکانی یاسا و شەریعەت، عەرەبی-کوردی- ئینگلیسی، ٢ بەرگ، جەلیل حەمە زیاد و سەرکەوت سلێمان، هەولێر، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٦؛

٤. فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، کوردی-ترکی، محەممەد وەسمان، ٢٠١٤، هەولێر.

لە کۆتایی ئەم بەشە و لە کۆتایی باس و لێدوان لە بابەت دانان و نووسینی فەرهەنگی زاراوەی زانستی بە زمانی کوردی، جێی خۆیەتی یادێکیش بکەین لەم هەمووە هەوڵ و تەقەللا و مشوورخۆری و خەمخۆری و بەدواداچوونە زانستییانەی کۆڕی زانیاری کورد لە حەفتاکاندا؛ لەم هەمووە پرۆژە زانستییەی بواری زاراوەسازیی زانستیی، کە بەرهەمی زانست و توانست و بڕشت و لێهاتوویی و دڵسۆزی و مشوورخۆریی کۆڕی زانیاری کوردە، تەنیا بۆ وێنە و نموونە ئاماژە دەکەین بەم چەند لیستەیە لە زاراوە زانستییەکانی بوارە جیاجیاکانی زانست کە لە ژمارەکانی یەک بەدوای یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد دا چەندین لیستە و سەدان زاراوەی پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردیان بڵاوکردەوە و ڕادەستی بەردەنگان و خوێنەران و خوێندکارانی تامەزرۆ و ئۆگر ئەم بوارانە کرد.

**ڕاسپاردەکان بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی:**

١. دەبێ لیژنەیەکی زمانزان و زماناس، کە پێشینەی چالاکی لە بابەت ئیشەکانی سەر بە بواری فەرهەنگنووسی‌یان هەبووبێ، جیا یان فەرهەنگێکیان نووسیبێ یان پێداچوونەوەیان بۆ چەند فەرهەنگێک کردبێ یان ڕاوێژکاری چەند فەرهەنگێک

بووبن، ئەوانە بە سەرپەرشتیاریی زماناسێکی پسپۆڕ لە بواری فەرهەنگنووسی و بە چاوەدێری و ئیسپانسێری ماڵیی ڕێکخراوە و دەزگایەکی زانستی-حوکوومی، وەک ئاکادێمیای کوردستان، دەستبدەنە ئەم ئیشە گەورە و هەستیار و گرنگ و پیرۆزە.

٢. دەبێ لیژنەی نووسەرانی ئاوا فەرهەنگێک لە تێکڕای بەشە جوغرافیاییەکانی کوردستان پێکهاتبێ، واتە دەبێ بۆ وێنە بۆ نووسینی فەرهەنگی گشتگیری سۆرانی، ئەم نووسەرانە لە مەهاباد و بۆکان و سەردەشت و شنۆ و پیرانشار و نەغەدە و سەقز و بانەوە هەتا سنە و دیگولان و کامیاران و مەریوان و دیواندەرە و هەتا جوانرۆ و بەشی سۆرانی ئاخێوی سەرپێڵی زەهاو، هەروەها لە سلێمانی و کۆیە و قەڵادزێ ڕا هەتا سۆران و گەرمیان و هەولێرەوە، لەخۆ بگرێ.

٣. سەرەتا و لە قۆناغی هەوەڵ دا، دەبێ ئیشەکە بکرێتە چوار بەش و چوار کەرتی جیاواز و سەربەخۆ: ١.فەرهەنگی گشتی و گشتگیری سۆرانی؛ ٢. فەرهەنگی گشتی و گشتگیری کورمانجی؛ ٣. فەرهەنگی گشتی و گشتگیری هەورامی؛ ٤. فەرهەنگی گشتی و گشتگیری گۆرانی-کەلهوڕی. گەر ئەم دابەشکارییە ئەنجام نەدرێ، پڕۆژەکە لەڕادەبەدەر زەبەلاح و ئیدئالیستی و خەیاڵی دێتەبەرچاو و بە ئاکام و ئەنجام ناکات؛ هەر وەک ئەم پڕۆژەیەی کە نزیکەی ٢٠ساڵە لە لایەن ئاکادێمیای کوردستانەوە ناسێندراوە و پەسەند کراوە و ئیشی لەسەر دەکرێ و تێچووی لێ خەرج دەکرێ، بەڵام وەک ئاکام و دەرکەوتەی ئەم پڕۆژەیە، تەنانەت پەڕتووکێکی ١٠٠ لاپەڕەییشمان نەدیوە و کەس چاوی پێی نەکەوتووە!

٤. دەبێ پێش دەستپێکردنی بە نووسینی ئاوا پڕۆژەیەکی گەورە و زەبەلاح و فیتەر و گرنگ، جەستەی زمانی(Linguistic corpus=) داگر و گشتگیر، جیا جیا، بۆ هەر کام لەم چوار زاراوە سەرەکییە دابین بکردرێ. دیارە ئەم ئیشە هەرەوەزێکی نەتەوەیی گەرەکە کە لەپێشەوە، تێکڕای خاوەن گۆڤارەکان و سەرنووسەرانیان هەروەها دەزگا کەلتووری و ڕۆشنبیرییە گرنگەکانی وەک بنکەی ژین کە ژمارەیەکی زۆر و زەوەند لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بووژاندووەتەوە و سەرلەنوێ چاپ و بڵاویکردوونەتەوە، هەروەها چاپەمەنیی وەک ئاراس و سەردەم(کە یەکێک لە پڕۆژە زمانەوانییە هەستیار و گرنگەکانی بریتییە لەوەی کە ژمارەیەکی نزیک ٢٠ فەرهەنگی زانستی چاپ و بڵاو کردووەتەوە) و زۆر بنکە و دەزگا و شوێن شوێنی تریش هاوکار و هاریکاری پێکهێنانی ئەم جەستە زمانییە بن لە ڕێگەی لەبەردەستنانی ئەم

جەستە کەڵەکەکراوە زمانییە وا لەبەردەستیان دایە و هەروەها زانیاریی پێویست و داتای پێویست بەم پڕۆژیەیە. دیارە ئەم چەند دەزگا و بنکە و شوێنەم وەک وێنە و نموونە هێنایەوە، دەنا ڕادە و ڕێژەی ئەم بنکە و ڕێکخراوە و چاپەمەنی و گۆڤارانە، لە هەزار و دووهەزار و سێهەزار تێدەپەڕێ! ئینجا بۆ پۆلێنکردن و ڕیزبەندی بەپێی سەرەتی و فانکشنی سەرەکی(computing) و تەتەڵەکردن و هەڵاوەژاردنی ئەم داتا و زانیارییانە، کەڵک لە پسپۆرگەلێکی بواری کەمپیوتێر وەرگیرێ، کە لە نێو ئەوان‌دا، لانی کەم یەکێکیان پسپۆڕی بواری زمانناسیی کەمپیوتێری بێ.

٥. لەگەڵ ڕێکخراوەی ئاکادیمیای وڵاتانی هاوسێ و دراوسێ، هاوسێ و دراوسێ هەم لەباری جوغرافیایی و هەم لەباری زمانەوانییەوە، وەک ئێران، کە لەمێژە سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی ئاوا پڕۆژەیەکی زمانەوانیی گەورە و گشتگیرن، ڕاوێژ و تەگبیر بکردرێ و داوای هاوکاری و هاریکاری بکردرێ. فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبیاتی ئێران، ماوەی ٤٠ ساڵە، بە سەرپەرشتیاریی گەورە فەرهەنگ نووس و وشەناس و زمانناسی ئێرانی، پڕۆفیسۆر عەلی ئەشرەف سادقی، سەرقاڵی نووسین و دانانی پڕۆژەی هەرە گەورە و ٤٠ بەرگیی:«فرهنگ جامع زبان فارسی»یە و تێکڕای ئیش و کارەکانی تەواو بووە و شەش-حەوت ساڵێکە خەریکن بەرگ لەدوای بەرگ، چاپ و بڵاوی دەکەنەوە و تا ئێستا لەم ٤٠ بەرگە، ٤ بەرگی چاپ و بڵاوبووەتەوە.

٦. نووسین و دانانی فەرهەنگێکی گشتیی گشتگیری زانستی و شێوازمەند و وڵامدەر، پڕۆژەیەکی لەڕادەبەدەر کاتگر و تێچووخۆرە کەوابوو، پێویستی بە دوو دیاردەی سەردەمیانەی زانستی-ڕۆشنبیری و ئابووری-ماڵی هەیە: ١. سەبر و خۆڕاگری و لەخۆبڕدوویی و لێبووردەییەکی زۆر لە نێوان تێکڕای نووسەران و یارمەتیدەران و هاوکارانی زانستیی ئەم پڕۆژەیە، بەتایبەت کەسایەتیی زمانناسی سەرپەرشیاریی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیە و هەروەها ڕێکخراوەی سەرەکیی کە ئیشی دابینکردنی پێداویستییەکانی زانستیی-تەکنیکی ئەم پڕۆژەیەی لە ئەستۆ گرتووە؛ ٢. دابینکردنی پێداویستییەکانی ئابووری-ماڵیی پڕۆژەیەکی ئاوا گەورەی تێچووخۆری درێژخایەن، لە لایەن دەزگا/وەزارەتی حوکوومیی پێوەندیدار، بۆ وێنە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

دەبێ لە تێکڕای وشەدان و فەرهەنگۆک و قامووس و فەرهەنگ و ئینسایکلۆپێدیای نووسراو و چاپکراوی کوردی، چ فەرهەنگە گشتییەکان و چ فەرهەنگە پسپۆڕی و

تایبەتمەندەکان و چ فەرهەنگە ناوچەییەکان و چ ئینسایکلۆپێدیا جیاجیاکان، وەک بەشێک لە جەستەی زمانیی داگر و گشتگیری زمانی کوردی کەڵک و سوود و بەهرەی شیاو و شێوازمەندانە وەربگیرێت؛

٨. دەبێ لە نێو لێژنەی نووسەرانی فەرهەنگی گشتی و گشتگیری کوردی، پسپۆڕی لێهاتووی زمانزان لە لقە جیاجیاکانی زانست، بەتایبەت زانستە مرۆڤییەکان، هەبن و وەک ڕاوێژکار بۆ دانانی هاوتای گونجاوی زاراوە زانستییەکان(ئەم زاراوانەی کە هەر چەند سەر بە لقێک لە زانستن، بەڵام لە نووسینی زمانی پێوەر و لە ئاخافتی زمانی ڕۆژانەدا، تەنانەت لە نووسینی «زمانی زانستیی پێوەر»دا، بەکار دەهێندرێن و ڕادەی فرەپاتەییان لە سەروویە) پرس و ڕایان پێ بکرێ و تەگبیریان لەگەڵ بکردرێ؛

٩. بۆ نووسینی بەشی «مانالێدانەوە»(=definition)ی تێکڕای سەروشەکان_ دیارە بەپێی ئەوەی باسی فەرهەنگی گشتی و گشتگیری کوردی بە کوردی دەکەین، دەبێ مانالێدانەوە بە شێوازی ڕستەیی بێ نەک تاک وشە)_، دەبێ تەنیا و تەنیا لە ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ وشە کەڵک وەرگیرێ نەک پتر؛ ئەم ٢٠٠٠ یان ٣٠٠٠ وشەیەی وا بۆ مانالێدانەوەی سەروشەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ دەبێ، فرەپاتەترین و بەکارهاتووترین وشە بن، بەتایبەت لە نووسینی زمانی فەرمی و پێوەر، تەنانەت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیشدا؛ دۆزینەوەی ئەم ٢٠٠٠ هەتا ٣٠٠٠ وشەیە کە فرەپاتەترین و بەکارهاتووترین و پڕتیکراترترین وشەی زمانی کوردین(=the most frequent lexicons)، بەپێی توێژینەوەیەکی هەستیاری زمانەوانی-ستاتیکی مسۆگەر و دابین دەکرێ. دوای دۆزینەوەی ئەم ٢٠٠٠ هەتا ٣٠٠٠ وشە فرەپاتەیە، دەبێ ئەم وشانە لە بەشی پاشکۆی فەرهەنگەدا، بە پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێی کوردی تۆمار بکردرێن و لە پێواژۆی مانالێدانەوەی سەروشەکان دا تەنیا و تەنیا لەم ٢٠٠٠ هەتا ٣٠٠٠ وشە فرەپاتەیە کەڵک وەرگیرێ؛

١٠. چون دانان و نووسینی فەرهەنگی گشتیی گشتگیر ماوەیەکی ئێجگار زۆر دەخایەنێ، کەوابوو دەبێ دوابەدوای کۆتایی هاتنی پرۆژەکە( لە ماوەی لانیکەم ٢٠ ساڵ و لانیزۆر ٤٠ ساڵ)، پێداچوونەوەیەکی بەربڵاوی سەرلەنوێی بۆ بکردرێ، بەپێی ئەوەی کە زمان دیاردەیەکی تەواو داینامیک و پڕلە ئاڵوگۆڕ و بگۆڕ و سرک و زیندوویە و بەردەوام دەگۆڕدرێ و ماکە و دیاردەی زمانیی نوێباو و وشە و

زاراوەی نوێی دێتە ناوی و ماکەی کۆنباو فڕێ دەدا یان لە ماناکانیان دا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەدی دەهێنێ؛

١١. بۆ بەشی ڕەچەڵەکناسیی سەروشەکان، دەبێ لە ڕاوێژ و هاریکاری و هاوکاریی پسپۆڕی خوێندەواری زمانناس و زمانزانی ئەم بوارە تایبەتە کەڵک وەربگیرێ، واتە لە کەسانێک کە دوکتۆرای زمانە ئێرانییەکان و زمانە کەوناراکانیان هەبێ و ئۆگری ئیشی فەرهەنگنووسی بن و توانستی زمانزانیی کوردیی ئەوان لە ئاستێکی بەرزدابێ و توانایی خوێندنەوەی بێگرێوگۆڵی «دەق/text»ــی سانسکریت و پەهلەوی و ئەوێستایی و لاتین و هیندی و تورکی و عەرەبییان هەبێ، دیارە تەنیا ئەو کەسانەن کە پێیان دەگوترێ: «Etymologist»(=ڕەچەڵەکناس) و دەبێ لەم بوارە هەستیار و «زانستی-لێکۆڵینەوەیی» و «زمانەوانی-مێژوویی»یەدا کەڵکیان لێ وەرگیرێ؛ بە واتایەکی تر، نابێ و ڕێگەپێدراو نییە بۆ بەشی ڕەچەڵەکناسیی فەرهەنگی کوردی گشتیی گشتگیر کەڵک وەرگیرێ لە کەسانێک کە تەنیا لە ڕووی فەرهەنگەکانی ئەم زمانانەوە، کەم و زۆر، زانیاریگەلێکیان کۆکردووەتەوە کە بەڵگەمەند و جێی متمانە نین و زانیارییەکانیان تەنیا لە ئاستی «وشەی ناو فەرهەنگەکان»دا قەتیس ماوە و کەمترین توانستی خوێندنەوە دەق و بەراوردکردن و لەبەریەک ڕاگرتنی دەقەکانی ئەم زمانە کەونارایانە و هەڵێنجانی مانای ڕاستەقینە و جێمتمانە و بەڵگەمەند و زاوەڕپێکراو و بەراوردکارانەی وشەکانی نێوان ئەم دەقانەیان نییە ؛ ئەم کەسانە بە زاراوەی:«Philologist»(=وشە-دۆست) نێودێر دەکرێن. دیارە پلەی خوارووتری ئەم جۆرە کەسانەش کە تەنیا لە ڕووی چێشکە و سەلیقەوە سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕیشەی وشەکانن و پێیان دەگوترێ:«False-Etymologist»

(=ڕەچەڵەکناسی درۆیین)، ئەوان ئیدی ببڕا و ببڕا جێی باس نین و نابێ بە هیچ شێوەیەک کەمترین کەڵکیان لێ وەرگیرێ و بچووکترین ئیشیان پێ بسپێردرێ.

**پڕۆفایڵ: دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان**

- ساڵی ١٩٧٣، لە شاری مەهاباد لەدایکبووە؛ ساڵی ١٩٩١، دیپلۆمی لە زانستە ئەزموونی_تاقیکارییەکان وەرگرتووە.

- ساڵی ١٩٩٧، بەکالیوریۆسی فێرکاریی زمانی ئینگلیسی، لە زانستگای تەورێز وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٢، ماستەری زمانناسی لە زانستگای عەللامە تەباتەبایی

تاران وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٢٢، دوکتۆرای زمانناسی لە زانستگای زەنجان(علوم و تحقیقات)، وەرگرتووە.

_ماوەی ٣٢ ساڵ مامۆستای زمانی ئینگلیسیی قوتابخانە دواناوەندییەکان بووە لە مەهاباد. هاوکات ٢٣ ساڵ مامۆستای زمانی ئینگلیسی بووە لە زانستگای ئازادی مەهاباد، زانستگای پەیامی نووری مەهاباد و زانستگای پەیامی نووری بۆکان و زانستگای عیلمی_کاربوردی مەهاباد.

_ پتر لە ١٠٠ وتاری زانستی_لێکۆڵینەوەیی و پتر لە ٤٠٠ یادداشت، کورتەیادداشت و وتاری ڕۆژنامەوانی لە بوارەکانی زمانناسی، فەرهەنگنووسی، کتێبناسی، کەسایەتیناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوو، وەرگێڕان و ، بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیسی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە.

_بۆ ماوەی ٥ساڵ لە کاناڵی تەلەڤیزیۆنی ناوەندی مەهاباد، نووسەر و کارناس و پێشکەشکاری بەرنامەی فەرهەنگی و زمانەوانی و ئەدەبیی«گوڵستان» بووە کە بینەر و بەردەنگێکی ئێجگار زۆری هەبوو.

_ هاوکاری کردووە و پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی کردووە، لە دانانی چەندین پرۆژەی فەرهەنگنووسی گەورەی کوردی بە کوردی و کوردی بە فارسیدا، لەوانە: فەرهەنگی ڕەنگەکانی پازار لە ٩ بەرگدا؛ فەرهەنگی مەڕداری؛ فەرهەنگی حوجرە؛ فەرهەنگی زارگوتنی فارسی بە کوردی.

_ پێداچوونەوەی زانستی کردووە بۆ پتر لە ٢٠ کتێب لە بابەتەکانی مێژوویی، ئایینی، کەلتووری، زمانەوانی.

# گرنگی و گرفتی فەرهەنگسازیی کوردی

د. هیوا ئەحمەد عەساف

## چەمکی فەرهەنگ و جۆرەکانی:

فەرهەنگ کتێبێکە کۆمەڵێک وشەی زمانێک یان چەند زمانێک لەخۆدەگرێت و بەپێی ئەلفبای زمانی سەرەکیی فەرهەنگەکە ڕیزکراون و واتاکانیان بە هەمان زمان یان بە زمانی تر بەرامبەریان نووسراون. زۆر جاریش زانیاریی تری وەکو (چۆنیەتیی گۆکردن، دۆخی ڕێزمانی، مێژووەکەی، وێنە ...) لەگەڵیدا دەنوسرێت یان دادەنرێت.

فەرهەنگ چەند جۆرێکی هەیە و لە سەر بنەمای جیاواز وشەی تێدا کۆدەکرێتەوە و ڕوونکردنەوەی لەسەر دەدرێت. هەندێک فەرهەنگ گرنگیی بە مێژوو و بنەڕەتی وشە و گۆڕانکارییەکان لە وشەدا دەدات. هەندێکیش فەرهەنگی بەرامبەرین، کە واتای وشەکان بە زمانی تر دەنووسێت. یان فەرهەنگی هاوواتا، کە واتای وشە بە وشەی تری هەمان زمان دەنووسێت. یان فەرهەنگی ئیدیەم ..هتد. لەسەر بنەمای ناوەڕۆک؛ دەکرێت فەرهەنگ گشتی بێت و وشەی هەموو بوارەکانی زمانێک کۆبکاتەوە، یان لەسەر بنەمای کێڵگە و بواری واتایی وشەکان کۆدەکاتەوە، وەک فەرهەنگی سیاسی یان پزیشکی ...هتد. لەسەر بنەمای زمان دەکرێت فەرهەنگ بە یەک زمان بێت، واتە ئەو وشانەی دەروازەیان بۆ کراوەتەوە و ئەوانەشی کە بەرامبەر بە وشەکە نووسراون، هەر بە هەمان زمانن، وەک فەرهەنگی (خاڵ)ی (شێخ موحەمەدی خاڵ) لە زمانی کوردیدا. یان دەکرێت دوو زمان بێت وەک فەرهەنگی (دەریا)ی (ڕزگار کەریم)، کە فەرهەنگێکی (عەرەبی – کوردی)یە، یان فەرهەنگی (کوردی – فارسی)ی (هەمبانەبۆرینە)ی (هەژاری موکریانی). یان زیاتر لە دوو زمان بێت وەک فەرهەنگی (کوردی – عەرەبی – فارسی)ی (عەلائەدین سوجادی). یان بە دوو زاری جیاواز بێت وەک فەرهەنگی (کانی)ی (ژووروو – ناوەڕاست)ی (محەمەد ساڵح). بەم دواییەش جۆرێکی تری فەرهەنگسازی سەریهەڵداوە، ئەویش (فەرهەنگسازیی کۆمپیوتەری) یە، کە فەرهەنگی کۆمپیوتەری بەرهەم دەهێنێت. ئەو جۆرە فەرهەنگە لە سەر کۆمپیوتەر کاردەکات و واتای وشەکان و شیکردنەوەیان لە کۆمپیوتەردا داتاکراون. یان بەکارهێنەران لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە زانیارییەکان بەدەست دەخەن.

## دانەی فەرهەنگی:

بە دانـەی فەرهەنگی دەگوترێت لێکسیم(Lexeme). لێکسیم ئاماژەیە بۆ بچووکترین یەکەی تایبەتی واتایی. ئەو یەکانەن، کە لە فەرهەنگدا لە دەروازەی

تایبەت و سەربەخۆدا ڕیزکراون. لە بەرامبەر لێکسیمدا لیما(Lemma) هەیە، کە بە سەرەوشە ناودەبرێت و ئەو فۆرمە سەرەکییەیە، کە هەندێک جار لە سەرەتای دەروازەی فەرهەنگدا دادەنرێت. کۆمەڵێک فۆرمی جیاوازی فەرهەنگی دادەپۆشێت، کە لەو فۆرمە سەرەکییە دەکەونەوە. واتە هەر لیمایەک دەکرێت چەندان لێکسیمی جیاوازی لێ ببێتەوە، بۆ نموونە وشەی (خواردن) لە فەرهەنگدا لیمایەکە، چەندان فۆرم بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک خواردی، دەخوات، خواردبا، خۆراک، بخۆر ... کە هەریەک لەوانەیە لێکسیمێکن.

جگە لە وشە، هەروەها ئیدیەمیش بە جۆرێکی تری لێکسیم دادەنرێت، کە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت و واتاکەی لەواتای کەرتەکانییەوە پێشبینی ناکرێت، فەرهەنگی تایبەتی بۆ دادەنرێت، وەک ئیدیەمەکانی (زمانلووس، دڵتەڕم، چاوپیس، دڵگەرم، دڵیان بە یەکەوەیە ...).

هەندێک فەرهەنگ دەروازە بۆ مۆرفیمی بەند یان پیتەکانیش دەکاتەوە و پێناسەیان دەکات، وەک، ا: پیتی یەکەمە لە ئەلفبای زمانی کوردی، م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک...هتد.

## بنەماکانی فەرهەنگسازی:

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین فەرهەنگسازی زانستە و کاری فەرهەنگنوسییش هەروا کارێکی ئاسان نییە، لەبارەی ئەو کەسەی فەرهەنگ دادەنێت، پێویستە فەرهەنگنووس شارەزاییەکەی باشی لە زمانەکەدا هەبێت، بە هەموو زار و شێوەزار و کلتووری نەتەوەکەوە. ئەگەر زمانی ڕوونکردنەوە زمانێکی تر بێت، بە هەمان شێوە پێویستی بە شارەزایی باش لەو زمانەشدا هەیە. هەروەها دەبێت فەرهەنگنووس شارەزایی لە کاری فەرهەنگنوسی و زانستەکەدا هەبێت. هەروەها شارەزایی لە ئاستی دەنگ و ڕێزمان و واتای زمانەکە هەبێت، بۆ نموونە لە ئاستی واتادا ئاگاداری پەیوەندییە واتاییەکانی وەک (هاوواتا، دژواتا، هاوبێژ، فرەواتا ... )بێت، دەبێت بزانێت وشەی (مانگ) بە واتای مانگی ئاسمان(قمر) و مانگی ساڵ(شهر) فرەواتایە و یەک دەروازەی بۆ دەکرێتەوە، بەڵام وشەی (تیر) بە واتای (ڕم، تیری تیرکەوان) و (خەست) دوو وشەی جیاوازی (هاوبێژ)ن، بە لای کەمی دوو دەروازەیان بۆ دەکرێتەوە. جگە لەوە کاری فەرهەنگنووسی پێویستی بە پشوودرێژی و بەردەوامی هەیە.

بەگشتی چەند پێوەرێک بۆ دانانی فەرهەنگ دانراون، پێویستە فەرهەنگنووس ڕەچاویان بکات، ئەوانیش تایبەتن بە کۆکردنەوەی وشە و زاراوەکان، چۆنیەتیی ڕیزکردنیان، چۆنیەتی و چییەتیی ئەو زانیارییانەی ڕوونکردنەوە لەبارەی دانە فەرهەنگییەکانەوە دەدەن، وەک:

-دیارکردنی دانەی فەرهەنگی: سەرەتا پێویستە فەرهەنگنووس دیاری بکات، کە فەرهەنگەکە چ جۆرە کەرەستەیەک لەخۆدەگرێت؛ وشەی گشتی، زاراوە، ئیدیەم، مۆرفیمی بەند...هتد.

-دەروازەی فەرهەنگی: پێویستە فەرهەنگنووس دیاری بکات لەسەر چ بنەمایەک دەروازە بۆ دانە فەرهەنگییەکان دەکاتەوە؛ دەروازە بۆ لێکسیم دەکرێتەوە یان لێما، جگە لە وشە دەروازە بۆ کەرەستەی تر دەکرێتەوە؟ ...هتد.

-بنەمای ڕیزکردن: پێویستە دیاربکرێت؛ دانە فەرهەنگییەکان لەسەر چ بنەمایەک ڕیزکراون؛ ئەلفبا، کێڵگەی واتایی، ڕیزکردنی ڕێزمانی، ڕیزکردنی بناغەیی ... یان بنەمایەکی تر.

-ئامانج: پێویستە دیاربکرێت؛ ئامانجی سەرەکیی نووسین و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگەکە چییە؛ ڕوونکردنەوەی واتایە، چۆنیەتیی گۆکردنە، ڕۆنان و پێکهاتەی ڕێزمانییە؟

-گشتگیری: پێویستە فەرهەنگ ژمارەیەکی زۆری وشە و دانەی فەرهەنگی لەخۆی بگرێت.

-وردی: پێویستە فەرهەنگ بە شێوەیەکی ورد زانیارییەکانی تایبەت بە وشەکە تۆمار بکات، وەک (چۆنیەتیی خوێندنەوە، پێکهاتەی ڕێزمانی، واتا و بەکارهێنانە جیاوازەکان ...).

-زمان و ڕێنووس: پێویستە فەرهەنگ بە زمانێکی سادە و ئاسان بنووسرێت، هەروەها پەیڕەوی بنەماکانی ڕێنووس بکات و یەک بنەما بەکاربێنێت، تاکو دۆزینەوەی وشەکان ئاسان بێت، چ بە شێوەی کاغەز بێت یان ئەلیکترۆنی.

-ڕیشەناسی: وا باشترە فەرهەنگ لە ڕووی ئیتمۆلۆجییەوە ڕیشە و مێژووی وشەکە دیاربکات، بۆ نموونە ئەوە دیاربێت وشەکە لە کۆندا لە زمانی تر وەرگیراوە یان نا.

-هێمالۆجی: بەکارهێنانی هێما و پشبەستن بە هێما یەکێکە لە بنەماکانی کاری فەرهەنگنووسی، ئەمەش لە پێناوی کورتبڕی و ئابوریکردن لە زمان و لە کەرەستەی بەکارهاتوو.

## گرنگیی فەرهەنگ بۆ زمان:

دەکرێت گرنگیی فەرهەنگ لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

-گرنگترین ئەرکی فەرهەنگ پاراستنی وشەکانی زمانە لە لەناوچوون.

-دەتوانرێت فەرهەنگ وەک هۆکارێک بۆ چەسپاندنی شێوەی زمانی ستاندارد بەکاربهێنرێت. بەوەی وشە و زاراوەی بواری فەرمی و شێوەی ستانداردی زمان لە فەرهەنگێکدا کۆبکرێتەوە. ئەمەش لەپێناوی دوورخستنەوەی بەکارهێنەران لە سەپاندنی ڕای کەسی و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی شێوەی ناوچەیی لە باری فەرمیدا.

-بە سوودوەرگرتن لە فەرهەنگ دەتوانرێت زمانی ستاندارد بە وشە و زاراوەی زار و شێوەزارەکان دەوڵەمەندبکرێت و کەلێن و کەموکوڕییەکان پڕبکرێتەوە، بۆ نموونە لە زاری ناوەڕاست وشەی (گەورە) بەرانبەر وشەی (کبیر)ی عەرەبی دەوەستێت، بۆ وشەی ( عظیم) سوود لە وشەی (مەزن)ی زاری سەروو وەرگیراوە.

-فەرهەنگ یارمەتیی بەکارهێنەران دەدات بۆ (زانینی واتای وشەکان، چۆنیەتیی گۆکردنیان، زانینی یاسای پێکهاتنی وشەکان، زانینی مێژووی وشەکان، شارەزابوون لە ڕێنوس، هاندانی خۆفێرکردن، فراوانبوونی فەرهەنگی مێشکی قسەکەران...).

## گرفتەکانی فەرهەنگسازیی کوردی:

هەر کە باسی فەرهەنگسازی دەکرێت دانانی فەرهەنگێک بۆ هەموو وشەکانی زمان خەونی هەر کەسێکە، کە خەمی نەتەوەکەی بێت. جێکردنەوەی هەموو وشەکانی زمانێک، کە لە هەموو زار و شێوەزارەکاندا هەیە، هەروەها وشەی بێگانە لە زمانەکەدا، وشەی زمانەکە لە قۆناغەکانی پێشوودا...، لە دووتوێی جۆرێکی فەرهەنگدا دەبێت، کە پێی دەگوترێت (فەرهەنگی گشتی). لە زمانی کوردیدا فەرهەنگی لەو جۆرەمان نییە، زۆرتر (فەرهەنگی زاری)ی تایبەت بە زارەکانمان هەیە، وەک فەرهەنگی (وشەنامە)ی (جەمال حەبیبوڵڵا)، کە (هەورامی- زاری ناوەڕاست)ە. هەروەها هەموو جۆرەکانی تری فەرهەنگ هەر تایبەت کراون بە زارێک، وەک فەرهەنگی جووتزمانیی (هەنبانە بۆرینە) ی (هەژار موکریانی)، (فەرهەنگی وێنەدار)ی (کەمال جەلال غەریب)...هتد، کە هەموویان وشەی یەک زار ڕووندەکەنەوە. دانانی فەرهەنگێکی گشتی بۆ زمانی کوردی، کە جێی هەموو زار و شێوەزارەکانی تێدا ببێتەوە، چەند گرفت و لەمپەرێکی هەیە، وەک:

-بوونی ژمارەیەکی زۆری زار و، جیاوازیی زمانیی زۆر لەنێوان زارەکاندا، بۆ نموونە زاری سەروو لەگەڵ زاری گۆران(هەورامی) زۆر لێک جیاوازن، ئەمە لە لایەکەوە کێشەی ئەوە دروست دەکات، کە دانەری فەرهەنگ دەبێت هەموو زارەکان باش بزانێت، تاکو وشەکان بدۆزێتەوە و تۆماریان بکات. لە لایەکی ترەوە تۆمارکردنی وشەی هەموو زارەکان لە فەرهەنگێکدا قەبارەی فەرهەنگ زۆر گەورە دەکات. فەرهەنگەکە پڕدەبێت لە وشەی هاوواتا بەپێی زارەکان، بوونی وشەی هاوواتاش لە زماندا پەسندنییە، چونکە دەبێتە بارگرانی بۆ قسەپێکەران و بۆ منداڵ و بۆ ئەوانەی دەیانەوێت فێری زمانەکە بن. بۆیە کۆکرنەوەی ژمارەیەکی زۆری وشەی هاوواتا خزمەتێکی ئەوتۆ بە زمان ناکات.

-گرفتێکی تر، کە هەر پەیوەندیی بە زارەکانەوە هەیە، ئەویش تێکەڵبوونی شیوەی ستاندارد و شێوە زمانی ئاخاوتنە لە فەرهەنگدا. کاتێک فەرهەنگ وشەی زارە جیاوازەکانی زمانێک لە خۆی کۆدەکاتەوە، ئەوا وشە و زاراوەی شێوەی ستانداردی زمانەکە و وشەکانی زارە جیاوازەکان تێکەڵ بە یەکتر دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی بەکارهێنەران، مەگەر وشەی زارەکان لە فەرهەنگەکەدا دیاری بکرێن.

-بوونی زاری جیاواز لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی دروستکردنی دەوروبەری کلتوریی جیاواز، ئەمەش کێشەی جیاوازی واتایی دێنێتەئاراوە و گرفت بۆ (فەرهەنگی گشتی) دروست دەکات، بۆ نموونە جیاوازیی واتای وشەی (زەلام) لە کوردستانی عێراق و لە کوردستانی ئێراندا. هەروەها واتای ئیدیەمەکان زۆر جار وابەستەی ناوچەی دیاریکراون.

-نەبوونی یەک شێوەی ستاندارد یان زمانی نوسین بە هەمان شێوە کاری فەرهەنگسازی دەباتەوە ناو ململانێی بابەتی زمانی ستاندارد لە کوردستاندا. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت یەک فەرهەنگ بە ناوی فەرهەنگی زمانی ستانداردی کوردی بخرێتە بەردەم قسەپێکەران و فێرخوازانی بیانی.

-گۆڕانی بەردەوامی زمان لە ئاستی فۆرم و واتا، کیشەی ئەوە دروست دەکات، کە فەرهەنگی گشتی بەردەوام پێویستی بە نوێکردنەوە دەبێت.

*** زانکۆی سەلاحەدین– کۆلیژی پەروەردە**

## ئەمین گەردیگلانی:
# فەرهەنگ بناغەی سەرەکیی هەموو زمانێکە

*** بنەما و کۆڵەگەکانی فەرهەنگ نووسی چیین؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** فەرهەنگ خۆی بناغە و بنێشەی سەرەکی هەموو زمانێکە و زمانێک فەرهەنگی نەبێ و کەسانی پسپۆڕی ئەو بوارە هەوڵی بۆ نەدەن، دەبێ گومانت لە زیندوو بوونی ئەو زمانە هەبێت. فەرهەنگیش دەبێ شاکلیلی هەموو و زاراوە و ئیدیۆم و ڕێکەوەند و پەند و ... بێت. ساڵ بە ساڵ دەستکاری بکرێت و لێی زیاد بکرێت و وشە نوێ و دروستکراو و داتاشراوەکانی ئەو زمانە لە خۆ بگرێت. چونکە زمانی زیندوو بەردەوام لە حاڵی زاوزێدایە و تەنانەت خەڵکی ڕەشۆکی و ئاسایی وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمی تازە دروست دەکەن.

وڵاتانی سەربەخۆ و خواپێداو فەرهەنگستانیان هەیە و سەدان کەس لەو شوێنە کاردەکەن و هەوڵ بۆ گەشەکردن و دروستکردن و کۆکردنەوەی وشە و پەند و ئیدیۆمی زاراوەکان دەدەن و تەنانەت ئەو وشانەی لە زمانی باوی ڕۆژانەدا کاراییشیان نەماوە، کۆیان دەکەنەوە و وەک پاشەکەوتی زمانی ڕایان دەگرن و لە داهاتوودا بۆ شتێکی تر و مەبەستێکی تر کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

لە باشووری کوردستان سەردەمێک کۆڕی زانیاری هەوڵی باشی ئەدا و زۆر خزمەتی بەرچاوی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی کرد. بەڵام ئەمڕۆ بە داخەوە ئەگەرچی دەرەتان و بوارەکەش لەبارترە و کوردستانەکەمان نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە و دەکرێ بۆ خزمەت بە فەرهەنگ کار بکرێ، بەڵام سەد مەخابن بەرپرسان دڵسۆزییان بۆ زمانەکەمان نییە و ناوەندێکی وەکوو ئەکادیمیای کوردی ناوی گەورە و شاری

وێرانه و هیچ شتێکی دیار نییه و تا ئێستا کارێکی بەر چاوی بۆ فەرهەنگ و زمانی کوردی نەکردووە. هێشتا هەوڵ نەدراوە کەسانی زمانزان و زمانناس و لێزانی ئەو بوارە وەک گرووپێکی سەربەخۆ دامەزرێنن و ئەرکی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیان بخەنە ئەستۆ. لای ئێمە کارەکان هەر بە شێوەی تاکە کەسین و کەسانی دەروەست و دڵسۆزی زمانی کوردی هەرکەس بە پێی توانا و لێهاتوویی خۆیان هەوڵیان داوە و زۆر فەرهەنگی باش و ناوازە نووسراون. زۆربەی وشە و زاراوەکان کۆ کراونەتەوە و کراونەتە فەرهەنگ، بەڵام بە هۆی زۆربوونی زاراوە و بن زاراوەی زمانی کوردی هێشتا زۆری هەوڵ و چالاکی دەوێت و پێویستە کەسانی لێزان لە هەموو دەڤەر و ناوچە و گوند و شارەکان کۆبکرێنەوە و ئەرکی ئەو کارەیان بخرێتە ئەستۆ. پێویستە حکوومەتیش پشتیوانییان لێبکات. چونکە پیر و بەساڵاچووەکانمان کە سەرچاوەی فەرهەنگن لە گوند و دەڤەرە لاپەڕ و دوورەکان دەژین و ساڵ بە ساڵ کۆچی دوایی دەکەن و ئەو خەزێنە بەنرخانە لەگەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵ. کەوایە پێویستە هەموو ئەو فەرهەنگانەی تا ئێستا نووسراون، وەک سامانی گەلەکەمان بناسرێن و بکرێنە یەک فەرهەنگی گشتی و زانستی و کەسانی پسپۆڕ و لێزانی ئەو بوارەیان بۆ کۆ بکرێتەوە و بە شێوەی هەرەوەزێکی گشتی فەرهەنگێکی باش و زیندووی ئەمڕۆیی لەسەر بنچینەی هەموو فەرهەنگەکان دامەزرێ و ئەو فەرهەنگانەی پێشوو بکرێنە بناغەیەکی پتە و تۆکمە. دەبێ فەرهەنگەکەش زانستی بێت و وشەکان ببنە خاوەنی پێناسەی خۆیان و چاوگ و ڕیشە و ناو و ئاوەڵناو و جۆری لە کارکردنیان دیاری بکرێت. چونکە زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی تا ئێستا نووسراون زانستی نین و زیاتر وشەدان و خەرمانی وشەن.

*** تا چەندە فەرهەنگ خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** هەروەک لە پێشدا گوتم فەرهەنگ بناغەی سەرەکی هەموو زمانێکە و بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی کە زارو بنزاری زۆرە، دەبێ فەرهەنگێکی گشتی هەبێت و ئەو فەرهەنگەش هەموو زارەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. فەرهەنگستانێکی زانستیی دەسەڵات پێدراویش وشە و دەستەواژە و ڕێکەوەندەکان دەستنیشان بکات و داوا لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و ڕاگەیێنە گشتییەکان بکرێت، کەڵک لەو وشە دیارکراوانە وەربگرن. ئەگەر نەیانکرد بە پێی یاسا جەریمە بکرێن. هەتا ئەوەش نەکرێ زمانەکەمان خاوەنی هەزاران فەرهەنگیش بێ هەر ئاوا پڕ تێکەولێکە دەبێت و هەرکەس بە ڕەبەی خۆی دەیپێوێ و قەت نابینە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو.

*** وشە و زاراوەی خۆماڵی و ناوچەیی تا چەندە سوودی دەبێ بۆ زمانی پێوەری کوردی؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** زمانی هەموو گەلانی سەر گۆی زەوی لە زاراوە و بن زاراوە و تەنانەت زمانی وڵاتانی دراوسێ و بیانی پێکهاتووە و هیچ زمانێک نییە تەنیا خاوەنی یەک زاراوە بێت و بووبێتە زمانێکی پێوەر و دەوڵەمەند. زمانی کوردیش بە هۆی فرە زاراوە بوونیەوە خاوەنی ئەو تازیاری و پتانسیەلەیە زمانییەیە و ئەگەر حکوومەت پشتیوانی لێ بکات و دەرفەت و هەلی بۆ بڕەخسێنێ و ڕێگای پێ بدات، بێگومان ئەو وشە و زاراوە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگانە، کۆلکەزێڕینەیەکی جوان و پڕ لە ڕەنگاڵەی لێ دروست دەبێت و دەبێتە پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو گەشەکردن و بە جیهانی بوونی زمان و فەرهەنگەکەمان.

*** ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** ئامادەکردن و وەرگێڕانی فەرهەنگی بیانی ڕەنگە بۆ ئەو کەسانەی کاری وەرگێڕان دەکەن و هەروەها بۆ دۆزینەوەی هاوتای وشەکان قازانجی هەبێت، یان بۆ دۆزینەوەی هاولف و هاوتای وشەکان و کۆکردنەوەیان کەڵکی هەبێت، بەڵام بۆ چوارچێوەی فەرهەنگی گەلەکەمان ئەو کەڵکەی نییە کە فەرهەنگێکی خۆماڵی و کوردی بە کوردی هەیەتی.

*** تا چەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتیگیر بۆ هەموو زار و بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** هەر وەک لە پێشدا گوتم، فەرهەنگ زۆر نووسراوە و تێکەڵاوێکن لە هەموو زار و بنزارە ناوچییەکان، بەڵام چونکە کاری تاکەکەسین و فەرهەنگنووسەکە نەیتوانیوە هەموو ناوچە و دەڤەرەکان بگەڕێ، دەستی پێیان ڕانەگەیشتووە و توانای ئەوەشی نەبووە بە وردی بە شار و گوندەکاندا بگەڕێ. هەر بۆیە فەرهەنگەکان هیچیان بێ کەمایەسی نین و نەیانتوانیوە هەموو سەر وشە و بن وشەکان و بە تایبەت وشە کلیلییەکان بدۆزنەوە و بیخەنە سەر خەرمانی فەرهەنگەکەیان.

*** تاچەندە فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لە فەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەمەندبوونە؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** تا ڕادەیەکی باش کارکراوە و فەرهەنگی زانستی نووسراوە، لە

ناخی دڵەوە دەستخۆشی بە فەرهەنگنووسە خۆشەویستەکان دەڵێم. بەڵام هێشتا ئەو فەرهەنگە گشتیگیرە بەرفراوانەی کە بتوانێ هەموو وشەکانی زار و بنزاری کوردی لە خۆ بگرێت نەنووسراوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵات و کەمتەرخەمیی ئەو نیمچە دەسەڵاتەی هەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی دەسەڵاتی لە پشت نییە، بەڵام بە شێوەی تاکە کەسی و خۆبەخشانە کاری زۆر گەورە کراوە و فەرهەنگی زۆر باش خراوەتە سەر خەرمانی زمانی کوردی. بۆ یەکەم جاریش قامووسەکەی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی کە بەڕاستی فەرهەنگێکی زانستییە، لە لایەن کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نووسراوە و لەژێر سێبەری کۆڕی زانیاریدا بووە. بەو هیوایەی ئەکادیمییای کوردیش درێژەپێدەری ئەو ڕێگایە بێ. قامووسەکەی زەبیحی ئەگەر هەمووی بمایە و نەفەوتایە بناغەیەکی باش بوو بۆ فەرهەنگی کوردی، بەڵام ئەویش تەنیا پیتی (ئا)و (بێ)ی لە بەر دەستدایە و ئەوانی دیکەی هێشتاش نەزانراوە چی بە سەر هاتووە. گێژەڵووکەی دەسەڵاتی ڕەشی ئەو سەردەمە لوولی دا و لەو گەنجینە بەنرخەی بێبەش کردین. ئێستاشی هیوادارین ڕۆژێک ئەو فەرهەنگە بدۆزرێتەوە و ماڵی زمان و فەرهەنگی کوردی ڕووناک بکاتەوە و چاو و دڵی گەلی کوردی پێ ڕوون بێتەوە. چونکە زۆر وشە و زاراوەی ئەو سەردەمە هەن ئێستا لەبیر چوونەتەوە.

* **پێشنیار و ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتیگیربۆ زمانی کوردی؟**

**ئەمین گەردیگلانی:** پێشنیارم ئەوەیە حکوومەت گرنگی بە فەرهەنگنووسیی کوردی بدات و گرووپێکی لێزان و پسپۆڕ کۆ بکاتەوە و یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسوودەیی و دڵگەرمییەوە ناوچەکان بگەڕێن و وشە و زاراوەکان تۆمار بکەن و هیچ زار و بنزارێک لە قەڵەم نەکەوێ. لەبارەی یاساییشەوە ئەو دەسەڵاتە بە گرووپەکە بدات کە بتوانن داوا لە هەموو ڕاگەیێنە گشتییەکان بکەن ئەو وشانە بەکار بێنن کە زمانی پێوەر و یەکگرتوو و داڕێژراوی ئەو گرووپە پەسەندی کردوون. ئەو دەسەڵاتەشیان پێبدرێ کە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و تی ڤی و ڕاگەیێنە گشتییانەی سەرپێچی دەکەن بە پێی یاسا جەریمە بکرێن. دڵنیام هەتا ناوەندێکی دەیان کەسی و پسپۆڕی زمان و فەرهەنگ بۆ فەرهەنگنووسی دانەمەزرێ و حکوومەت پشتیوانییان لێنەکات نابینە خاوەنی فەرهەنگێکی زانستی گشتیگیر.

# مستەفا غەفوور:
# کۆڵەکەی فەرهەنگنووسین وەك کەرەستە وشە، زاراوە، ئیدیۆم، پەند، ئامرازەکان و هەر یەکەیەکی زمانی و زمانناسییە

*** بنەما و کۆڵەگەکانی فەرهەنگ نووسی چین؟**

**مستەفا غەفوور:** سەرەتا پێویستە بزانین مەبەست چ جۆرە فەرهەنگێکە، فەرهەنگ، وشەنامە، فەرهەنگی وشە و زاراوە (vocabulary، فەرهەنگی وشە و زاراوەی زانستەکان، ئەمڕۆکە ئەم فەرهەنگانە لە کتێبخانەکان و ناوەندی رۆشنبیریدا زۆرن، بەڵام زۆربەیان کامڵ و تۆکمە نین، کە توانیبیتیان تێکڕای پێداویستی بوارەکاکانی تایبەت بە خۆیان پڕ بکەنەوە، هۆکارەکەشی کەمتەرخەمی ئەکادیمای و بەشی زمانە لە زانکۆکانی کوردستان، ئینجا ئەو بەرهەمانەی لە ئارادان تەنیا هەوڵی تاکەکەسین، لە کاتییێکدا لە نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگدا کە پرۆژەیەکی زانستی و ڕۆشنبیرییە، کاری هەرەوەز و هەمەلایەنەی گەرەکە.

سەبارەت بە فەرهەنگی زمان تا ئێستا هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار، فەرهەنگی زمانی کوردی ئاورەحمانی زەبیحی، فەرهەنگی گیوی موکریانی و چەند فەرهەنگۆکی تر لە کتێبخانەی کوردیدا دەست دەکەون. وەک فەرهەنگی مانای وشە لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی» کە زۆرن و هەریەکەیان بە پێی ناوەرۆک و ئاستی خۆی کەم تاکورت سوودیان بە بواری زمانی کوردی گەیاندووە. پرۆسەکە وەک کاری تاک هەر بەردەوامە، بەڵام لە ئاستی پرۆژەی زانکۆیی وەک فەرهەنگەکانی، ویبستەر. ئۆکسفۆرد، کابریج. دافیدسۆن، کریستاڵ... هیچ بەرهەمێک نییە و هیچ هەوڵێکیش لە ئارادا نییە.

له بواری زمان و زمانناسیدا، فەرهەنگی وشەی کوردی، لێکدانەوەی مانای وشەکان و چۆنییەتی بەکارهێنان، دۆزینەوەی بنەچە و ڕەچەڵەکی وشەی کوردی، زۆر کەمن یان هەر نین، ئەگەر هەشبن بە بواری ئەکادیمی و فلتەری زانستیدا تێنەپەڕیون، لەبەرئەوە دەشێ هەڵەی زانستییان تێدا بێ، ناکرێ بە بنەما وەربگیرین و وەک سەرچاوە بەکار بهێنرین.

ئاشگرایە بنەماو کۆڵەکەی فەرهەنگنووسین وەک کەرەستە و پێداویستییەکان: وشە، زاراوە، ئیدیۆم، پەند، قسەی نەستەق، ئامرازەکان و هەر یەکەیەکی زمانی و زمانناسییە. بۆ ئەمەش وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد چەند فەرهەنگی کوردی بۆ کوردیمان هەیە» کە پتر مانای بەرامبەری وشەیان داناوە. چەند فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردیمان هەیە وەک: ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا ـ جەلال مەحمود عەلی، فەرهەنگی ئیدیۆم ـ عەبدولوەهاب شێخانی و هیتر کەسانی تر ئامادەکراون. پەندە کوردییەکان لە لایەن چەندان کەسەوە لە بەرهەمی جیاجیادا کۆکراونەتەوە، وەک پیرمیرد، فەرهنگی زاراوەی زمانناسی ئاورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی د. کەمال میراودەلی، فەرهەنگی زاراوە فۆنۆلۆجییەکان ـ فیلیب کار کە لە لایەن ڕەوەند سباح و دوو کەسی تر وەرگێردراوە بۆ کوردی، واتە لێکدانەوەی زمانناسی چەند وشە و زاراوەی بواری فۆنۆلۆجییە.

لە ڕاستیدا فەرهەنگ نانووسرێ، بەڵکو ئامادە دەکرێ، چونکە کەرەستەکان بەردەستن و کۆکردنەوە و هێندێک وردەکارییان پێویستە لەگەڵ Lexicology فەرهەنگناسی و lexicography واتە زانستی فەرهەنگسازی. ئەو فەرهەنگانەی نووسراون (مەبەست فەرهەنگی کوردی بۆ کوردی) و بونەتە بنەمای وشە و زاراوەی کوردی، فەرهەنگی زەبیحی، فەرهەنگی مامۆستا گیوی موکریانی، هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار، بۆیە دەڵێم نووسراو، چونکە زەبیحی وشە و زاراوەکانی دوای زەحمەتێکی زۆر لێرە و لەوێ کۆکردۆتەوە و دایڕشتوون، دواتر مامۆستا گیو هەمان هەوڵی داوە، مامۆستا هەژاریش دوای تەمەنێک هەوڵ و کۆشش هەمبانە بۆرینەی نووسیوە، ئەم سێ کەڵە فەرهەنگنووسە وێدەچێ سوودیان لەیەکتر وەرگرتبێ و بنەمایەکیان بۆ فەرهەنگی زمای کوردی داڕشتووە و ئەوانەی دواتر هاتوون بە سوود وەرگرتن لەو فەرهەنگانە فەرهەنگی تری وشەی کوردییان داڕشتووە، بۆیە کاری ئەو فەرهەنگنووسانەی دواتر هاتوون پتر ئامادەکارییە و هەریەکەیان مەڵۆی خۆی خستۆتە سەر ئەو خەرمانەی

بۆیان بەجێماوە. دیارە لەمەودواش پرۆسەکە هەر ئاوا دەڕوات، ئەوە نەبێ کاک ئاسۆ کەریم بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ئەو وشانەی لە هەمبانە بۆرینەدا نەهاتوون یان ئەو وشانەی هاتوون و بە مانای تر لێکدراونەتەوە جیاواز لەو مانایەی بنزاری دەشتی هەولێر، لەگەڵ ئەو وشانەی لە هەمبانە بۆرینەدا بنەچەیان هەڵەیە، پشتڕاستکراونەتەوە و لە فەرهەنگێکدا بە ناوی فەرهەنگی سیارکۆی کردوونەتەوە.

کەواتە بنەمایەکی تری نووسین یان ئامادەکردنی فەرهەنگ، پیشوەخت شارەزایی تەواوی زمانەکەیە بە هەموو دیالێکت- زار و بنزارەکانییەوە، وشە و زاراوە و پەند و ئیدیۆمەکانی کە لای زمانناسان باڵاترین ئاستی فیربوونی هەر زمانێک شارەزایی و زانینی ئیدیۆم و پەندەکانییەتی، ئینجا شارەزایی زمانناسی بە هەموو بەش و ئاستەکانییەوە، etymology ریشەناسی نیشانەناسی و تیۆرییەکانی زمانناسی.

*** تا چەندە فەرهەنگ خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟**

**مستەفا غەفوور:** فەرهەنگ بەشێکە لە زمانناسی و بە بنەمای هەر زمانیک دادەنرێ، هەر هەڵەیەکی فەرهەنگی دواتر درەنگ یان زوو لە زماندا ڕەنگەداتەوە.

بە بڕوای من دۆزینەوەی وشەیەک، زاراوەیـەک، تەنانەت تاکە کەرەستەیەکی ئاوێتەکردن و داڕشتنی وشە خزمەت بە زمان دەکات، چ بگات بە فەرهەنگ. هەموو فەرهەنگێک بۆ هەر بوارێک و لە هەر بوارێکدا بێ خزمەت بە زمانی یەکگرتوو دەکـات» بەمەرجێک بە ئاڕاستەی زمانی یەکگرتوو بنووسرێ. مەبەست ئەوەیە هەر وشە و زاراوەیەک کە لەو فەرهەنگەدا جێگای دەکرێتەوە پێویستە کوردی بێ، کوردێنرابێ واتە پێویستی ناچاری کردبین ئەو وشەیە قەرز بکەین. وشەش کاتێک قەرز دەکرێ کە لە زمانەکەماندا هاوتای نەبێ یان هیچ وشەکمان نەبێ ئەو ئەرکە هەڵبگرێ. ئەگەر بتوانین ڕستەیەک دەستەواژەیەکی گونجاو دابڕێژین بتوانێ ئەو ئەرکە هەڵبگری باشترە لەوەی وشەیەکی بیانی بۆ قەرز بکەین، چونکە نابێ لە بیرمان بچێ ئێمە لە قۆناغێک داین زمانەکەمان ناسنامەی مانەوەمانە، هەر مەترسییەک هەر کەموکوڕییەک لە زمانەکەماندا بێتە ئاراوە ناسیۆنالیزمی نەتەوەییمان لاوازتر دەکات.

دیارە فەرهەنگی زمانێک بە وشە و زاراوەی هەموو زار و بنزارەکانی دەوڵەمەند دەکرێت، بۆ ئەمەش دەبێ پشکنینی تەواو بۆ ئەو وشەیە بکرێ، شوێنی بەکارهێنانی، زار یان بنزارەکەی، پانتایی بەکارهینانی، ژمارەی بەکاربەرانی، پێویستی بەکارهێنانی،

راستی و دروستی خوێندنەوە و نووسینی، هەڵسەنگاندنی فۆنێتیکی واتە گۆکردن و ئەو دەنگانەی لە گۆکردنیدا بەشدارن، کە دەنگی ڕەسەنی زمانی کوردین یان نا؟ لە مەحەکدانی بە پێی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەمان، ئەو کەس یان خێڵەی سەرچاوەکەیەتی؟ بۆ قەرزکراوە و لە چ ڕێگەیەکەوە قەرزکراوە و دەیان پرسیاری پشکێنەرانەی تر. لادانی فەرهەنگی واتە کۆکردنەوەی وشە و زاراوەکانی زمانێک بێ پرنسیپ و ڕێکارەکانی فەرهەنگنووسین، تێکەڵکردنی بە وشەی بیانی و ئەو وشە و زاراوە دارێژراوانەی لە ڕەسانەیەتی و بنەچەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، هەروەها ئەو وشە و زاراوانـەی بەکەمی لە زارێکدا بەکاردێن و لە زارەکانی دیکەدا نین و ئاخێوەرانی تر لێی تیناگەن، یان بەشێوەیەک دارێژراون بۆ هەموو دیالیکتەکان نامۆن، ئەوانە زمان بەرەو ئاقارێکی دوور لە زمانی یەکگرتوو ئاڕستە دەکەن. بۆ نموونە کە نووسیت ڕایەخ (شتێک کە ڕادەخرێ) دەبێ لە هەموو زارو بنزارەکانی تردا هەبێ و بە فراوانی بەکاربرێ واتە وشەی هەموو بوارەکانی نووسین و ئاخاوتن بێ، ئەگەر بە فۆنیمێک یان هێزی سەر بڕگەش جیاوازی بێ، ئاساییە ببێتە وشەیەکی ڕەسەنی فەرهەنگی، بەڵام ئەگەر وشە و زاراوەی تریش لە دیالێکتەکانی تردا بۆ وشەی ڕایەخ هەبوون بەکارهینانیان کەمتر یان سنووردار تر و مانایان پڕ بە پێستی وشەی ڕایەخ نەبوو، ناکرێ بکرێنە سەر وشە و پێویستە بە شێوەیەک ئاڕاستەی خوێنەر بکرێ، لە دەقی نووسینی بنزاری خۆیدا نەبێ بە کاری نەهێنێ، چونکە بەرجەستەکردنی ئەو وشانە بۆ شارەزابوون لە بنزاری ناوچەیەک ئاساییە و بۆ تێکڕای ناوچەکانی تر نامۆن، لە بەرامبەردا وشەی هاوبەش و ئاشناتری هاوتای ئەو وشەیە لە دیالێکتەکانی تردا هەیە، کەواتە بەرجەستەکردنی زیان بە ئاراستەی زمانی یەکگرتوو دەگەیەنێ.

***وشە و زاراوەی خۆماڵی و ناوچەیی تا چەندە سوودی دەبێ بۆ زمانی ستاندارد-پێوەری کوردی؟**

**مستەفا غەفوور**: وشە و زاراوەکانی خۆماڵی و ناوچەیی بەشێکی زۆری زمانی پەتین، واتە زمانی ڕەسەنی کوردین، زادەی کار و پیشە و هزری کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی ئەو ناوچەیەن و کەمتر لە سنووری کارو پیشەیان تێدەپەڕێ. هەر ناوچەیەکیش بە کار و پیشەی تایبەت بە ژینگەی خۆیەوە سەرگەرم بووە، کشتوکاڵ، مەڕداری، چیوداری، ئاشەوانی، هەر پیشەیەک تەنانەت عەشق و خۆشەویستیش وشە و زاراوەی خۆی ئافراندووە. لە ڕێگای پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە و

ئاڵوویری کاڵاکانی پێداویستی یەکتر، ئەو وشە و زاراوانە گوازراونەتەوە. لێرەوە ناکرێ دوو گوندی نزیک یەکتر یەکێکیان بە پیمەڕە بڵێ خاکەناز و ئەویتریان بڵی قازمە و هەردووکیان بە وشەی ڕەسەنی کوردی دابنرێن.

لە ڕووبەریکی فراوانتردا تێکەڵاوییەکە زۆرتر و پەیوەندییەکان فراوانتر و زمانی ناوچەکە دەوڵەمەندتر بووە. ئەو شوێنانەی دەستی بێگانەی پێنەگەیشتووە، زمانەکەی وەک خۆی خاوێن و پارێزراو ماوتەوە. بە پێچەوانەوە ئەو شوێنانەی بە داگیرکاری و شێوازی تر دەستی بێگانەی پێڕاگەیشتووە کەوتۆتە ژێرکاریگەری زمان و تەنانەت کلتووری داگیرکەر. لەبەرئەوە بۆ سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی ئەو ناوچانە دەبێ بە پارێزەوە توێشوی زمانیان لێوەربگیرێ، واتە بیسلەمێنین تایبەت بەکار و پیشەی ئەو ناوچەیەن یان نەخێر. مانای نییە ناوچەیەک کاری تەونکردن بێ، وشەی کار و پیشەسازی بێگانەی تێدا بێ، تەنانەت ئەگەر وشەکە زۆر کۆنیش بێ و لە زمانی بەساڵاچوان وەرگیرابێ. ئەوە ناڵێم لە ناوچەیەکی دراوسێی وەریگرتبێ. بۆ نموونە پیمواوابێ شرینقە و حەکیم یان دۆختۆر کوردی پەتین.

لەلایەکی تر، زمانی پەتی یان ڕەسەنی ئەو ناوچانە یەکێکە لە بنەماکان و ئەو سەرچاوانەی زمانی ئەمڕۆی کوردییان لەسەر بونیادنراوە. بە بەرەو پێشچوونی مرۆڤ و کۆمەڵگە، سەرچاوەی تریش سەریانهەڵداوە و وشە و زاراوەی تر بە پێی پێوانە و قەرزکردن و داڕشتنی زارەکی، هاتوونەتە ناو زمانی پەتی. بەڵام ئەوەی سەرەکییە و لە هەموو بارودۆخێکدا دەشێ وەک خۆی بمینێتەوە فۆنیتیک» وشەسازی و سیستمی ڕستەسازی ئەو زمانە پەتییەیە، کە پێوەرن بۆ لە محەکدان و تاوتویکردنی هەر وشە و زاراوەیەک. لە بیرمان نەچێت لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، گەلێک ناوچە هێشتا بەبەریانەوە ماوە بە وشە و زاراوەی تر بە زمانەکەمان ببەخشن و دەوڵەمەندی بکەن.

***ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟**

**مستەفا غەفوور:** بە پێی بۆچوونی زانایانی زماناس، فێربوونی هەر زمانێکی بیانی خزمەت بە ئاخێوەر و خودی زمانەکەی دەکات. جگە لەوەی ڕێگە خۆش دەکات زانیاری لە ڕێگەی زمانێکی ترەوە وەربگرێ، دەتوانێ پەی بە یونڤێرساڵە زمانییەکان بەرێت، بزانێ زمانە ڕەسەنەکەی خۆی سەر بە چ خێزانە زمانێکە و ڕایەڵکەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو خێزانە زمانە و جیاوازی لەگەڵ زمانەکانی تردا چییە.

یونڤیرساڵە زمانییەکان ئەو کاتاگۆری و ڕێسا و ڕێکارانەن لە زۆربەی نەک هەموو زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن. ڕاستە فەرهەنگێک بە تەنیا ناتوانێت فێرخوازی زمانێک فێری زمان بکات، بەڵام سەرەتایەک و ڕێگە خۆشکەرە بۆ فێربوونی زمان. کۆمەڵێک فەرهەنگی زمانی بیانی کە ئێستا لە باشووری بە شێوەیەکی بەرچاو چاپ و بڵاوکراونەتەوە، سوودێکی تر بە خوێنەر و دواتر بە زمانی کوردی دەگەیەنن. بۆ نموونە وشەیەک لە فەرەنسیدا مانایەکی پڕ بە پێستی خۆی لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام کە دەکرێ بە ئینگلیزی یان فارسی یان عەرەبی، ئەوسا لە mental dictionary واتە لە فەرهەنگی زەینی خوێنەردا وێنایەکی پتر دروست دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە بە پێی شوێنی خۆی مانایەک بۆ وشەکە بدۆزیتەوە، بۆیە تێکڕای ئەوانەی فرەزمانن لە وەرگێرانی فەرهەنگ و بابەتی تر بۆ سەر زمانی کوردی، سەرکەوتووترن لەو فەرهەنگنووسانەی جگە لە زمانەکەی خۆیان هەر ئەو زمانە دەزانن لێیەوە وەردەگێڕن.

***تاچەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتیگیر بۆ هەموو زار و بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە؟**

**مستەفا غەفوور:** هێشتا شتێکی گشتگیری لەو بابەتە لە ئارادا نییە و من وەک خۆم هەستم پێنەکردووە، تەنانەت فەرهەنگی دیالێکتەکان بۆ خودی خۆیان و وەرگێڕانیان بۆ سەر دیالێکتەکانی تریش لە ئارادا نییە، ئەگەر ببێ یارمەتی نووسەر، ئەدیب، خوێنەری دیالێکتەکانی تر دەدات بە ئاسانی فێری دیالێکتەکانی تر ببن. ڕاستە نابێ کەسێک کورد بێ و شارەزای دیالێکتەکانی تر نەبێ، بەڵام بارودۆخی پارچەکانی کوردستان و پیلانی دوژمنان وای کردووە، دیالیکتەکان پتر بە لای زمانی دەسەڵاتدا بشکێنەوە، کرمانجی سەروو بە تایبەتی لە باکووری کوردستاندا پتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی تورکی، وێڕای ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕێنووسی لاتینی دەنووسن، ئەمەش لێکتیگەیشتنی زەحمەت و لێکنزیکبوونەوەی کەمتر کردووە. کاریگەری زمانی فارسی لەسەر دیالیکتی لوری و کەلهوڕی وایکردووە ئاخێوەری دیالیکتەکانی تری کوردی بە ئاسانی تێی نەگەن.

وەرگێران بۆ دیالیکتەکانی تر هەنگاوێکی سەرەتا و ڕێخۆشکەر دەبوو بۆ فەرهەنگێکی گشتگیر و بۆ هەموو زار و بنزارەکان. هەنگاوی دواتر ئەستەمترە، چونکە کارێکی ئاوا سادە نییە، دەبێ ببێتە پرۆژە، ئەگەر نەڵێم چەند دامەزراوەی

زانکۆیی و ئەکادیمی تێدا بەشدار بن لانیکەم دەبێ کۆمەڵێک پسپۆر و شارەزا و ئەکادیمی زمانزان قۆڵی لێهەڵماڵن ڕێکارێک دابڕێژن و کاری بۆ بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی تێچووی زۆرە، درێژخایەنە، بەرپرسیارییەتییە، ترسی دەمارگیری ئاخێوەری دیالێکتەکان هەیە، ئاڕاستەی بەسەربەخۆکردنی زاری گۆران و کرمانجی سەروو لە ئارادایە، دەسەڵات ئاوڕی لێناداتەوە. جگەلەوەی دەسەڵات ئامادە نییە تێچووی پڕۆژەیەکی ئاوا بگرێتە ئەستۆ و ئەم ئەرکە نەتەوەییە بسەپێنێت، دوور نییە هێندێک شارەزا و پسپۆریش بە نیازی دەسکەوتی مادی بەشداری پڕۆژەکە بکەن.

ئەگەر پڕۆژەیەکی ئاوا جێبەجێ بکرێ، دەبێتە بنەمایەک بۆ زمانی ستاندار و زمانناسی و مێژووی زمانی کوردی، جگە لەوە پانتای ئەو پاشاگەردانییەی لە زمان و نووسینی کوردیدا هەیە کەمتر دەبێتەوە و بە پێی دەرهاویشتەکانی ئەو پڕۆژەیە» هەنگاوێکی تر بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی دەنێین» بەو مانایە ڕێخۆشکەرێک دەبێ بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە.

***تاچەند فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لە فەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەمەندبوونە؟**

**مستەفا غەفوور**: بەو پێیەی فەرهەنگنووسین بەشێکە لە زمانناسی و خودی فەرهەنگ بنەمایەکی زمانە: فەرهەنگی زانستیش یارمەتیدەرێکی گرنگی ئەو زانستەیە بۆی نووسراوە، فەرهەنگنووسی دەبێ زمانناس و فەرهەنگنووسی فەرهەنگی زانستی سەرەڕای ئەو زمانەی پێی دەنووسی دەبێ شارەزای زانستەکەش بێ.

هەر فەرهەنگێک لەهەر بوارێکدا و بۆ هەر لایەنیکی رۆشنبیری و زانستی بنووسرێ، خزمەت بە فەرهەنگنووس و زمانی کوردی دەکا، بەڵام لای ئێمە زۆربەی بەشە زانستییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، فەرهەنگنووسین ماناکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو وشە و زاراوانەن تا ئیستا بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بوون، فەرهەنگی زانستی ئەو بوارانە تەنیا بۆ ئەوە بووە لە خوێندن بەو زمانانە، وەک پرۆسەیەکی بە کوردیکردنی خویندن، ڕزگارمان بێ، نەک لێکدانەوەی وشە و زاراوەکان و ڕادەستکردنی زانیاری پتر، یان فەرهەنگی زانستی کوردی بۆ کوردی. ئەگەر بە نموونە بواری یاسا و دادوەری وەربگرین، دەبینین پتر دۆزینەوەی مانای ئەو وشە و زراوە و دەستەواژانەیە لە بواری یاسا و دادگاییکردن و پرۆسەکانی دادوەری بەکاردەبرێ. واتە کوردانْدنی بواری یاسایە، ڕادەستکردنی زانیاری یاسایی نییە.

بەو پێیە نووسین و ئامادەکرن تەنانەت وەرگێرانی فەرهەنگیش دارشتن و دۆزینەوە وشە و زاراوەیە، نەیتوانیوە رووبەرێکی بەرفراوانی زمانناسی بگرێتەوە، بنەچە، پێناسە، شێوازی سەرهەڵدان و.. ڕاستە زمانی کوردی زمانێکی باڵای ئەدەب و نووسینە، لە دۆخی ئێستایدا زمانی سیاسەتە، زمانی زانستە مرۆییەکانە، تا ڕادەیەک زمانی فەلسەفەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی هێشتا ئەوەندە گەشەی نەکردووە، هەر زانستێک ببێتە خاوەنی زمانی خۆی، فەرهەنگەکان ئاستی وەرگێران و پێناسەی وشە و زاراوەکانیان تێنەپەڕاندووە، نەک هەر ئەوە تەنانەت تەنانەت خاوەنی ستایلی ئەو زانستەش نین، واتە هێشتا زمانی یاسا و دادگەری زمانی پرۆتۆکۆڵی نییە، کە نابێ هیچ وشە و زاراوەیەکی تێدابێ، مانای شاراوە یان میتافۆری هەبێت، چونکە هەر بڕیارێکی دادوەری گرێبیستێکە و ئەگەری تری نییە. بە هەمان شێوە زمانی زانستە ئەزموونییەکانیش هیشتا شوێنەواری زمانی ڕەشۆکییان پێوە دیارە، زاراوەکانیان نەبوون بە هێماو ئاماژەی زانستی ڕووت، هێشتا کاری ئەوتۆ نەکراوە هەر زمانە وشە و زاراوە و ستایلی تایبەت بە خۆی هەبێ.

هۆکاری تریش ئەوەیە تا زمانی یەکگرتوو قۆناغی کامڵبوونی خۆی نەبڕێ، هەوڵەکان بۆ فەرهەنگی تۆکمە و زمان و فەرهەنگی تایبەت بە زانستەکان» ئەگەر نەڵیم نەزۆک ئەوا بی گومان نیوەچڵ و کەم بەرهەم دەبن.

*** پێشنیار و ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتیگیر بۆ زمانی کوردی؟**

**مستەفا غەفوور:** ئەمە کاری تاکە کەسیک نییە، پرۆژەیەکی گەورە و درێژخایەنە، چونکە دوای تەواوبوونیشی، پێداچوونەوەی بەردەوام و پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی دواتر ئاشکرا دەبن، پێوەزیادکردنی وشە و زاراوەی نوێ و داهێنراوە زمانییەکانی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆ ئەمەش دەبی ئۆرگان یان دامەزراوەیەک دابمەزرێ یان دەسنیشان بکرێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، زمانزان، پسپۆڕان و ئەکادیمییەکان، فەرهەنگ نووس و ئەدیب و نووسەرانی بەرجستە کۆبکاتەوە، پرۆژەکە بکات بە نەخشە ڕێگای خۆی، دەستی بڵاو بێ بۆ هانان و هاوکاری ستافەکە و هەوڵ و ماندووبوونی بەهەمدارانی زمان و زمانناسی، ئیتر لە هەر شوینیک و لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێ، بەردەوام کۆڕ و کۆنفڕانس و سیمینار ئامادە بکات. بوجەی ساڵانەی بۆ تەرخان بکرێ هەموو دەسەڵاتی پرۆژەکە بە ستافەکە بدرێ. بەڕای بەندە ئەمە ئەرکی ئەکادیمای زمانی کوردییە، ئەگەر هەوڵی جدی لەگەڵ بدرێ و دەرگاکانی دەسەڵاتی زمانی کوردی بۆ بکرێتەوە دەتوانێ بەم ئەرکە هەڵبستێ.

# ڕێکار ئەحمەد:
# فەرهەنگ بۆ ئەوەیە کە زارەکان بەسەر بکاتەوە و وشەی هەموان وەربگرێت

**زمان و زار: بنەماو کۆڵەگەکانی نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگنووسی چین؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** هەر لە کۆنەوە، نووسینی فەرهەنگ بە زانست و هونەر دانراوە، ئەمڕۆ فەرهەنگنووسینیش زۆر بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت، هەروەها کۆمەڵگەکانیش لە ژێر کاریگەری پێداویستی سەردەمدا دەگۆڕێن، یان ڕەوشێکی نوێ ئاسمانی ڕەوتی کۆمەڵگە دادەپۆشێت و زانستی سەردەم بەرەو پێشەوە دەبات، ئیدی وشە و پەیڤسازیش پەرەدەسێنن. ئێمە ڕووبەڕووی چەندین وشە دەبینەوە؛ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پانتایی بەرفراوانی وشەسازی زمانەکە، هەر فەرهەنگێک تەنیا بەشێک لە وشەکان لەخۆدەگرێت. لەم نێوەندەدا نووسینی فەرهەنگی گشتگیر بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی بەناوبانگ دەبێت. ڕاستییەکەی بنەمای فەرهەنگسازی لە کۆکردنەوەی پەیڤ، ڕێکخستن و پێشکەشکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بە وشەسازی زمان سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش لە پێناسەکردنی وشەکان، پشکنینی بێژەکردن، ڕێنووسی بەکارهێنان و خستنەڕووی نموونەی بەرچاو، بەرجەستە دەبن. ئامانجی سەرەکی نووسینی فەرهەنگ، لە پێدانی زانیاریی دروست و شێوازی بەکارهێنانی پەیڤدا خۆی دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی سوود لەم زانیاریانە وەربگرێن. لە لایەکی دیکەوە فەرهەنگسازی، وەک دیسیپلینێکی زمانەوانی، بەدواداچوون بۆ شێوازەکانی نووسین و کۆکردنەوەی وشە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان دەکات، هەروەها پێیوەندییەکی نزیکیشی بە بوارەکانی دیکەی وەکوو وشەسازی و نووسینی ئینسایکلۆپیدیادا هەیە. دەتوانن بنەمای فەرهەنگسازی لەمانەدا چڕ بکرێتەوە:

**یەکەم:** کۆکردنەوەی وشە، شێوازی چێکردن و سازکردنیان، پێشاندانی نزیکایەتیان لەگەڵ وشەگەلی زمانەکانی دیکە.

**دووەم:** ڕێکخستنی وشەسازی، واتە ڕیزکردنی وشەکان بە پێی ئابێی کارپێکراو، واتە بە شێوەی بابەتیی، یان بە شێوەی سازکردن و ڕێکخستنی پەیڤەکان.

**سێیەم:** زانیاری بەخشین، واتە زانیاری ورد و تەواو سەبارەت بە هەر وشەیەک پێشکێش بکات، لەوانەش پێناسەی پەیڤ، بێژەکردنی وشە، چۆنیەتی نووسین و شێوازی بەکارهێنانی خودی واچەکە.

**چوارەم:** بەکارهێنانی دروست، واتە لە شوێنی گونجاودا زانیاری ڕێک و ڕەوان پێشکێش بە خوێنەر و بەکارهێنەر بکات، بۆئەوەی بە دروستی لێی تێبگەن و بەکاریبهێنن.

**پێنجەم:** ڕەهەندی جیاوازی پێوەند بە وشە؛ واتە پێوەندی دروست لە کارلێکەری پەیڤ و نووسینی لە بوارەکانی دیکەی پەیوەست بە زمانەوانیدا.

**زمان و زار: تاچەند فەرهەنگنووسی خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** ئەگەر بنەماکانی فەرهەنگسازی بە شێوەیەکی دروست لە بەرهەڤکردن و نووسینی فەرهەنگدا دەکارکران، هەر بەو شێوەیەش لە سروشتی بنەماکان کۆڵرایەوە، ئیدی ڕاستەوخۆ لە خزمەتی زمانی پێوەردا تەواو دەبێت. واتە ئەگەر فەرهەنگنووسین بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی نووسین بوو، ڕاستەوخۆ بە دوای چارەی کرداریدا دەچێت و ڕێنوێنی دروست پێشکێش دەکات. بەو هۆیەشەوە ڕێ بۆ زمانی پێوەر خۆش دەکات، چونکە فەرهەنگسازی ڕێساکانی زمان هەڵناتەکێنێت، بەڵکو شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ وشە و هەڵسوکەتی زمان بەڕێوە دەبات. بێگومان پێکهاتەی کولتووری و ئەدای فەرهەنگنووسی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێیوەندییان بە پێکهاتەی زمان و ئەدای ئاخێوەرانیەوە هەیە. فەرهەنگ بۆ ئەوەیە کە زار و بنزارەکان بەسەر بکاتەوە و وشەی هەموان وەربگرێت و بەرهەڤیان بکات، بۆ ئەوەیە کە پەیڤە هاوواتاکان لەگەڵ یەکدی بەراورد بکات، ڕێی هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ نووسەر و ئاخێوەر بکاتەوە. واتە فەرهەنگ ڕۆڵی مامۆستای نووسین دەبینێت، ئیدی کار بۆ یەکگرتوویی زمان دەکات.

**زمان و زار: وشەو زاراوەی خۆماڵی و ناوچەگەریی تا چەند سوودی دەبێت بۆ زمانێکی پێوەری کوردی؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** وشەی و زاراوەی خۆماڵی، بۆ بنیاتنانی زمانی پێوەر وەک بەردی بناغە و کەرستەی سەرەکی سوودمەندن؛ هەندێک وشە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا بەهرەمەندە، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەدا هاوواتایان نییە، یان هاوواتاکەیان لەسەر زاران خۆش نییە، بۆیە دەتوانرێت لە نووسینی زمانی پێوەردا سەرپشک بکرێت. زمانی پێوەر بۆ ئەوەیە کە

زۆرترین ژمارەی خەڵک سوودی لێوەربگرن و لێی تێبگەن، بەڵام کاتێک وشەیەکی خۆماڵی لە نێو سنوورێکی بەرفراوان وندا بووبێت، دەکرێت وشەی خۆماڵی زار یان بنزارێکی دیکە سەرپشک بکرێت. زاری هۆرامی و بنزاری هەولێری لەم بوارەدا زۆر دەوڵەمەندن و وشەی ڕەسەنیان پاراستووە، دەکرێت لە ڕەهەندی زمانی پێوەردا سەرپشک بکرێن. بۆ نموونە وشەی ئاڵنگاری لە زاری هۆرامی وەرگیراوە، لە جێی وشەی تەحەدی عەرەبی و چالشی فارسی دەکار دەکرێت و بۆشاییەکەی پڕ کردۆتەوە؛ هەروەها وشەی بەرزەفت لە بنزاری هەولێرییان وەرگیراوە، زۆر بە ئاسانی شوێنی تەحەکومی عەرەبی و کۆنترۆلی (Control) ئینگلیزی پڕ کردۆتەوە. ئەگەر ئەم شێوازە پێڕۆ بکرێت، پێویستمان بە هیچ وشەیەکی بیانی نابێت و زۆریش لە بەرژەوەندی گەشەی زمانی کوردیدا دەبێت.

**زمان و زار: ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** ئەوانەی فەرهەنگی بیانی بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن، وێڕای ئەوەی کە پێویستە شارەزایی باشیان لە هەردوو زمانەکەدا هەبێت، دەبێت ئاگایان لە دابونەرێت و پەندی پێشینانی هەردوو زمانەکە هەبێت. مخابن هەندێک کەس فەرهەنگی زمانی بیانی وەردەگێڕن، دەستیان بەسەر زمانی زگماکی خۆیاندا ناشکێت، بۆیە وەرگێڕانەکەیان کاست دەبێت و کێماسی زۆری تێ دەکەوێت. وەرگێرانی فەرهەنگی بیانی لە بوارەکانی زانستی، تەکەنەلۆژیا و وشەی هاوچەرخ، لە ڕاژەی زمانی کوردیدان ، بەڵام ئەویش مەرج و شەرتی خۆی هەیە؛ بۆ نموونە ئەوەی شانی خۆی وەبەر ئەو بارە دەدات ،دەبێت زمانزان و زماناناس بێت، واتە شارەزایی لە وشەسازی و وشەدروستکردندا هەبێت. وەرگێڕان هەر ئەوە نییە کە وشەی بیانی وەکوو خۆی بە ڕێنووسی کوردی بنووسیت. وەرگێڕان ئەوەیە کە وشەی نوێ بۆ زمان زیاد بکرێت. ئەگەر فەرهەنگنووس یان ئەوانەی فەرهەنگی بیانی بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن، خۆیان ماندوو نەکرد و وشە بیانیەکەیان وەکو خۆی گواستەوە، نەک هەر خزمەت بە زمان ناکات، بەڵکو زیانێکی گەورە بە زیان دەگەیەنێت.

**زمان و زار: تاچەند زمانی کوردی لەفەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زارو بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** مخابن هەتا ئێستا فەرهەنگێکی لەم بابەتەمان نییە. فەرهەنگ و وشەدان دوو واتای جیاوازیان هەیە. زۆربەی ئەوانەی هەن، وشەدانن. ڕاستییەکەیشی ئەو کەسەی وشەدان ئامادە دەکات، ڕۆڵی بێستانڕن کایە دەکات، هەرچی وەبەر دەستی بکەوێت،

له پاشۆلی دەهاوێت و لاپەڕەکانی پێ زیاد دەکات. من نالێم خزمەت ناکات، بەڵام ئەم کارە جیاوازی لەگەڵ فەرهەنگنووسیندا هەیە. فەرهەنگنووس دەبێت وشەکان پەڕە بکات، هەڵیانوەشێنێتەوە و لێزانانە دەستووری وشەسازی پێڕۆ بکات، چونکە ڕەوا نییە بە کەسێک بگوترێت فەرهەنگووسن کە تەنیا وشەکان بەرهەڤ دەکات؛ هەرچەندە لە شوێنی خۆیدا خزمەت بە زمان دەکات و پەیڤەکان لە مردن ڕزگار دەکات، یان نۆژەنیان دەکاتەوە، بۆیە دەکرێت وەک ئامادەکاری وشەدان ناونووس بکرێت.

**زمان و زار: تاچەند فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لەفەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەمەند بوونە؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** هەندێک کاری سەرەتایی هەن و بە شێوەیەک هەنگاویان بۆ هەڵگیراوەتەوە، بەڵام مخابن وەکوو پێویست نەڕەسیون. بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر سەعدی بەرزنجی و دکتۆر نوری تاڵەبانی لە ڕووی یاساییەوە هەن، بەڵام تژی نین و پڕاوپڕ لە کاست و کێماسین. هەروەها هەندێک کاری سادەی بەناو فەرهەنگی زانستی و سیاسی هەن، مخابن وەرگێڕانەکەیان وەکو پێویست نییە، لە زۆر بواردا لنگاوقوچ بۆ وشەکان ڕۆیشتوون. فەرهەنگی زانستی سیاسی کە ئەحمەد شەبانی نووسیویەتی، ئەگەرچی لە زانکۆی کوردستان چاپکراوە، بەڵام وەکو پێویست نییە و لە زۆر جێدا سەرچیغ بۆ وشەکان ڕۆیشتووە. بە بڕوای من دەبێت دەستەیەک زمانزان و زانستپەروەر ئەم کارە بە لووتکە بگەیەنن.

**زمان و زار: پێشنیارو ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** بۆ نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر کە پەیڤی هەموو زار و بنزارەکان کۆبکاتەوە و شێوازی سازکردنیان سەرڕاست بکاتەوە، من پێشنیار دەکەم و وا بە باش دەزانم کە دامەزراوەیەک بەو کارە هەڵبستێت و ئەرکەکە بە ژمارەیەک زمانزان، پسپۆڕ و شارەزا بسپێرێت. ئەم کارە بەلەز و پەلەپڕوزێ ئەنجام نادرێت، وا دەخوازێت کە پرس و ڕاوێژ بەو شارەزایانی دیکەش بکرێت، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە زارێک یان بنزارێکدا شارەزایی باشیان هەیە. وێڕای ئەوەی کە لە فەرهەنگدا واتای وشە پەڕە دەکرێت، دەبێت لە نێو ڕستەشدا بەیان بکرێت، بەتایبەتی وشەی فرەواتا، ئەگەر لە نێو ڕستەدا نەبن، بزر دەبن. بە بڕوای من ئەو فەرهەنگانەی لەلایەن تاکە کەسێکەوە دەنووسرێن، بۆشاییەکە پڕ ناکەنەوە. هەرچەندە ڕۆژ دوای ڕۆژی ژمارەی ئامادەکارانی وشەدان زۆرتر دەبن، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەوانە تەنیا پەیڤی وشەدانی دیکە دەگوازنەوە، یان چنگەڕنێ لە بێستانی دیترالدا دەکەن و ڕەوسەی وشەدان و فەرهەنگەکان گەورەتر ناکەن.

# سەلاح پایانیانی:
# دەزگایەکی تایبەتی بۆ دانانی فەرهەنگی جامیعی زمانی کوردی دابنرێ

فەرهەنگ چەشنی جۆربەجۆری هەیە و دانانی هەر چەشنە فەرهەنگەش کەرستە و ڕەوشتی تایبەتیی خۆی پێدەوێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، فەرهەنگنووس دەبێ بەر لە دەست پێکردنی کارەکەی ئەم چەند پرسیارەی لە خۆی کردبێ و وەڵامی ڕوونی دۆزیبێتەوە بۆیان:

١) ئامانجی ئەم فەرهەنگە چییە؟ بە وتەیەکی ڕوونتر ئەم فەرهەنگە دەیەوێ چ خزمەتێکی زمانی بخاتە ڕوو؟

٢) بەردەنگی ئەم فەرهەنگە چ کەسانێکن و ئەو کەسانە دەبێ چ زانیاریگەلێکیان بدرێتێ و بە چ زمان و ڕەوشتێک.

٣) چوارچێوەی ئەم فەرهەنگە لە باری ناوەرۆکەوە چەند و چۆنە و دەبێ چ شتگەلێک بگرێتەوە و لە چ شتگەلێک دەبێ خۆ ببوێرێ.

٤) کەرستە یا دەیتای موعتەبەر و ڕەسەنی ئەم فەرهەنگە دەبێ چۆن و لە چ سەرچاوگەلێک هەڵگوازرێ.

لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، چەند فەرهەنگنووس، بە تایبەتی، خاڵ، گیوی موکریانی و هەژار، بە دانستە هەوڵیان داوە، فەرهەنگەکەیان وشە و زاراوەی زوربەی دیالێکت- زارەکانی زمانی کوردی لە خۆیدا کۆبکاتەوە. ئامانجی ئەم فەرهەنگنووسانە ئەوە بووە کە هەموو ئەو وشەو و زاراوانە بکرێنە کەرستەی زمانێکی هاوبەشەکی (موشتەرەک) و ئا بەم جۆرە ڕێگە بۆ پێکهاتنی زمانی ستانداردی کوردی خۆش بێ. بێگومان هەوڵی ئەم فەرهەنگنووسانە، بێسوود نەبووە، چونکە لەمێژە گەلێک

لە وشە و زاراوەی لقە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی کە لەو فەرهەنگانەدا تۆمار کراون، ڕێگەیان کەوتۆتە ناو گەلاڵەی دوو زاری ستانداری کوردیی سۆرانی و کورمانجییەوە و لە چوارچێوەیەکی هەراودا بە کار دەهێنرێن و کەسیش بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەم وشە یا ئەو زاراوەیە سەر بە کام لقی زمانی کوردییە. کەوابوو بەڵێ فەرهەنگ دەتوانێ تا ئەندازەیەک لە ڕەوتی پێکهاتنی زمانی ستانداردی کوردیدا شوێندانەر و کاریگەر بێ.

وشە و زاراوەی هەر کامە لە زار و بنزارەکانی زمانی کوردی، بەشێکن لە سامان و دارایی زمانی کوردی و پێویستە بپارێزرێن و تۆمار بکرێن. تەنانەت ئەگەر باسی زمانی ستانداری کوردیش لە ناوا نەبێ، ئەمە ئەرک یا پێویستێکی نەتەوەییە و دەبێ بە چاوی خەباتێکی نیشتمانی بۆ پاراستنی زمان و کولتوور و ناسنامەی کورد تەماشای بکرێ. بە نیسبەت زمانی ستانداری کوردیشەوە، بەڵێ، وشە و زاراوەی مەڵبەندە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی، نەک هەڕەشە نین بۆ زمانی پێوەر، بەڵکە بۆیان هەیە (لە باشوور بە مانای «ئیزنی هەیە» دێ) و دەتوانن، زمانی ستانداردی کوردی تەیارتر و تواناتر بکەن.

ئەگەر مەبەست لە وەرگێڕانی فەرهەنگێکی بیانی، بە تایبەتی فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوە بێ کە هاوتاگەلی لەبار و پڕ بەپێست بۆ ئەو وشە و زاراوە تەکنیکی و زانستییانە پێشنیار بکرێن، کە لە زمانی کوردیدا نین، بێگومان ئەم کارە بۆی هەیە (دەتوانێت بۆی هەیە لە باشوور بۆتە «ئیزنی هەیە» زمانی کوردی دەوڵەمەندتر و بەهێزتر بکات.

سێ فەرهەنگی خاڵ، کوردستان و هەنبانەبۆرینە، سەرەڕای ناتەواوی و عەیبەکانیان، توانیویانە بەشێکی بەرچاو لە وشە و زاراوەکانی لقە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی بگرنە خۆ، بەڵام تا ئێستا زمانی کوردی فەرهەنگێکی گشتگیری ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە کە هەموو داراییە وشەیی و زاراوەییەکانی زمانی کوردیی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە.

ئەگەر مەبەست دانانی ئەم چەشنە فەرهەنگانە بێ، دەبێ بڵێم من لە زەمینەی نووسین یا هەڵسەنگاندنی فەرهەنگگەلی زانستی و حوقووقیدا، شارەزاییم نییە، بەڵام وەک بزانم ئەو فەرهەنگە کوردییانەی تا ئەمڕۆ لەم دوو زەمینەیەدا دانراون یا تەرجەمە کراون، کەموکووڕییان زۆرە و نەیانتوانیوە بۆ گەلێک لە زاراوە زانستی

و حوقووقییەکان، هاوتای لەبار و دەقیق پێشنیار بکەن. بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە دانەرانی فەرهەنگگەلی گشتیی زمانی کوردی، لە نووسینی فەرهەنگەکانیان‌دا، تا چ ڕادەیەک کەڵکیان لە فەرهەنگگەلی زانستی و حوقووقی وەرگرتووە، دەبێ بێژم بە داخەوە زۆر کەم. گەلێک وشە و زاراوەی زانستی و حوقووقی هەن کە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا بە کار دەهێنرێن و دەبوو لە فەرهەنگە گشتییەکاندا تۆمار بکرێن، کەچی فەرهەنگنووسەکانمان لایان لێ نەکردوونەتەوە.

پێشنیارێکی قورسم هەیە کە لەوانەیە بە خەیاڵپڵاو لە قەڵەم بدرێ، ئەویش ئەوەیە کە جێی خۆیەتی لە هەرێمی کوردستاندا دەزگایەکی تایبەتی بۆ دانانی فەرهەنگی جامیعی زمانی کوردی و ڕێزمانی گشتیی زمانی کوردی ( بە هەموو جیاوازییە ناوچەییەکانییەوە) دابنرێ و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پڕۆژەیە بوودجەی تایبەتی تەرخان بکرێ و کوردیزانەکانی پسپۆڕی سەر بە هەموو مەڵبەندەکانی زمانی کوردی بانگهێشتن بکرێن.

**٭سەلاح پایانیانی**

توێژەر و فەرهەنگنووسی ناسراوی کورد، لە ٢٠ی خاکەلێوە (٩ی نیسان) ی ساڵی ١٩٧٨ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە، ئێستا بەڕێوەبەری سەرای هێمنە (بە فارسی: سرای هیمن) لە مەهاباد. پایانیانی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە بێوچان شانی وەبەر توێژینەوە و فەرهەنگنووسیی زمانی کوردی داوە و کۆشێک بەرهەمی بەپێزی پێشکەش کتێبخانە و نەتەوەی کورد کردووە، فەرهەنگی زارەکیی موکریان یەک لەو پڕۆژە بەنرخانەیە کە لە سایەی کاری مەیدانی و کۆکردنەوەی داتا لە ماوەی ئەو بیست وپێنج ساڵەدا سەری گرتووە و ئێستاش نەپساوەتەوە و وەک زنجیرە پیت بە پیت دوابەدوای یەک چاپ دەکرێ.

**بەرهەمەکان بەپێی ساڵی چاپی یەکەم:**

کانی مرادان (کۆمەڵێک بەند و باوی فۆلکلۆری کوردەواریی)، ٢٠٠٢

فەرهەنگی زارەکی موکریان - بەرگی یەکەم (پیتی ئـ)، ٢٠٠٧

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی دووهەم (پیتی ب)، ٢٠١٠

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی سێهەم (پیتی پ)، ٢٠١١

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی چوارەم (پیتی ت)، ٢٠١٢

ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان - بەرگی یەکەم، ٢٠١٣

ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان - بەرگی دووهەم، ٢٠١٣

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی پێنجەم (پیتی ج - چ)، ٢٠١٤

ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی ژنان، ٢٠١٤

فەرهەنگی جلوبەرگ و خشڵی ژنانی موکریان (بە هاوکاریی لەیلا نوورانی)، ٢٠١٤

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی شەشەم (پیتی ح - خ)، ٢٠١٦

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەشی خورد و خۆراک، ٢٠١٨

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی حەوتەم (پیتی د)- ٩٦٦ لاپەڕە، ٢٠١٩

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی هەشتەم (پیتی ڕ-ز-ژ)- ٨٦١ لاپەڕە، ٢٠١٩

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی نۆیەم (پیتی س)- ٧٩٤ لاپەڕە، ٢٠٢٠

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی دەیەم (پیتی ش-ع-غ ـ ف)- ٩٥٧ لاپەڕە، ٢٠٢٠

بەرهەمەکان بەپێی ساڵی چاپی یەکەم:

کانی مرادان (کۆمەڵێک بەند و باوی فۆلکلۆری کوردەواریی)، ٢٠٠٢

فەرهەنگی زارەکی موکریان - بەرگی یەکەم (پیتی ئـ)، ٢٠٠٧

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی دووهەم (پیتی ب)، ٢٠١٠

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی سێهەم (پیتی پ)، ٢٠١١

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی چوارەم (پیتی ت)، ٢٠١٢

ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان - بەرگی یەکەم، ٢٠١٣

ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان - بەرگی دووهەم، ٢٠١٣

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی پێنجەم (پیتی ج - چ)، ٢٠١٤

ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی ژنان، ٢٠١٤

فەرهەنگی جلوبەرگ و خشڵی ژنانی موکریان (بە هاوکاریی لەیلا نوورانی)، ٢٠١٤

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی شەشەم (پیتی ح - خ)، ٢٠١٦

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەشی خورد و خۆراک، ٢٠١٨

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی حەوتەم (پیتی د)- ٩٦٦ لاپەڕە، ٢٠١٩

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی هەشتەم (پیتی ڕ-ز-ژ)- ٨٦١ لاپەڕە، ٢٠١٩

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی نۆیەم (پیتی س)- ٧٩٤ لاپەڕە، ٢٠٢٠

فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەرگی دەیەم (پیتی ش-ع-غ ـ ف)- ٩٥٧ لاپەڕە، ٢٠٢٠

# غازی حەسەن:
# فەرهەنگسازی بریتییە لە کارێکی زانستی

**زمان و زار: بنەماو کۆڵەگەکانی نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگنووسی چین؟**

**غازی حەسەن:** بۆ ئەوەی بنەماکانی فەرهەنگنووسی دیار بکەین، سەرەتا پێویستە پێناسەی فەرهەنگ و ئینجا نووسینی فەرهەنگ بکەین. لەوەش بگەین فەرهەنگ چۆن دەنووسرێت و پێویستە چ ڕێباز و ئامانجێک پەیڕەوە بکەین.

لەم سەردەمەدا نووسینی فەرهەنگ بۆتە یەکێک لە ئەرک و کارەکانی بواری پەروەردە و دامەزراوە زانستییەکان، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم ئەمڕۆ ئەم بوارە بۆتە زانستێکی سەربەخۆ و گەلێک دەوڵەت و دامەزراوەی مەزنی زانستی پاڵپشتی دەکەن. سوود لە زمانەوانی گشتی و زمانەوانی کارەکی وەردەگرێت.

پێناسەی ئەمە زۆر بەکورتی و پوختی بریتییە لە کارکردن لەم بوارەی فەرهەنگ بەرهەم دەهێنێت. لەهەمان گاڤدا بریتییە لە تەکنیک و پیشەسازیی (دروستکردن و بەرهەمهێنانی خودی فەرهەنگەکە). لەلایەک پشت بە تیۆرەکان دەبەستێت و لەبواریکی دیکەشدا بەکردەوە ئەو کارانە دەکات، کە دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی خودی فەرهەنگەکە و ئەو شێواز و ئامانجانەی بەکار دەهێنرێن.

لە پێناسەکردنی فەرهەنگ و کاری فەرهەنگنووسی دەبێت ڕەچاو دوو شتی گرنگ بکەین، کە بە پراگماتیکی پەیوەندی بە بەکارهێنان، یان زمانی کارەکییەوە هەیە، ئەوانیش:

**یەکەم:** واتاسازیی، مانای سروشتی و دیار و ناسراوی شتەکانە.

**دووەم:** ئەو مانایانە کە پەیوەندییان بە ژینگە و دەوروبەری بەکارهێنانی وشەکانەوە هەیە.

**سێیەم:** لە ئاستی وشەسازیی پێویستە شارەزاییەکی تەواو هەبێت. ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی دەرکەوتنی وشەکان و توانا و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئاستەکان و شوێن و کات و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر وشەدا دێن، سەرباری مانا و مەبەست و شێوازی بەکارهێنانی خودی وشە و داڕشتنەوە

کەواتە بێ ناسین و پێناسەکردنی ئەم بوارانە ئاسان نییە فەرهەنگسازییەکی زانستی و سەرکەوتوو بەرهەم بهێنرێت.

هەندێک وای پێناسە دەکەم کە فەرهەنگسازی بریتییە لە کۆی وشەکانی زمانێک کە لەبەردەستی قسەکەرانی زمانەکەیە و وشەسازیش بە کۆی ئەو وشانە دادەنرێت کە قسەکەرێکی دیارکراو لە دەوروبەر و دۆخێکی تایبەتدا بەکاری دەهێنن، یان بەکاریان هێناوە. بە واتایەکی دیکە فەرهەنگ بە واقیعی زمان دادەنێت. تاکوو دەگاتە ئەوەیە (جۆرج ماتۆری) بڵێت: «دەتوانرێت کۆمەڵگە بە پشتبەستن بە وشەسازی زمانەکەی شی بکرێتەوە، فەرهەنگسازیش زانستێکی کۆمەڵایەتییە، یان زانستی زانستە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە دەکات، کە ئامرازە زمانەوانییەکانی تێدا بەکاردەهێنن، ئەوانیش وشەکانن».

بۆیە دەتوانم بێژم فەرهەنگسازی بریتییە لە کارێکی زانستی و دامەزراوەی زانستی وەکو کردەی بەرهەمهێنان و دروستکردن ئەنجامی دەدات و بەگشتی مامەلە لەگەڵ وشە لە دید و ڕوانگە و پێکهاتە و مێژوو و بەکارهێنان و مانا و مەبەستی بەپێی دەوروبەری تایبەت بەپێی تیۆر و ڕوانگەی زانستی دەکات.

بۆیە گاڤێک لەبارەی زمان و فەرهەنگ بدوێین، ناتوانین بێ ئاخاوتن لەبارەی دیرۆکی پەیڤ و مانا و مەبەست و بەکارهێنانی زمان (پەیڤەکان) هیچ ئامانجەکی سەرکەوتوو بەدەست بهێنین.

**زمان و زار: تاچەند فەرهەنگنووسی خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟**

**غازی حەسەن:** زمان بنەما و ستراتیژە بۆ دەوڵەتداری و زمانی یەکگرتوو وەکو سوپا و بنەمای ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر بنەما و پێکهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی دەوڵەت هەیە.

ئێمە کە دەرهەقی فەرهەنگ دەئاخڤین، نابێت ژبیر بکەین کوو، بزڤڕینە سەر بیرۆکە و تیۆری (LEXICOLOGY) زانستی فەرهەنگسازی و (LEXICOGRAPH

بەرهەمهێنان و دروستکردنی فەرهەنگ. ژ بەرهەندێ کوو سەرنج لەم دوو بنەمایە دەدەین، تێدەگەین، کە فەرهەنگسازیی چ بایەخ و پێگە و گرنگییەکی لەسەر پاراستن و پەرەپێدان و فراوانبوونی زمان هەیە. ژ بەر چی؟ چونکە زانستی فەرهەنگسازیی، یان گوتنی شتەکان لە زماندا، باس لە پێکهاتە و دابەشبوون و ڕۆنان و هاوبەشی و جیاوازی و گوزارشتی دەستەواژەکان و زاراوەکان و فرە مانایی و مەبەست و هێز و دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی پەیڤ و بەکارهێنانیان لە ڕوانگەی جیاوازە هەیە.

ئەمانەش دەبنە مایە و دەستەمایە بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی زمان، زمان وەکو دەوڵەتە پشت بە چەندان بنەما و بوار و هێز و پەیوەندیی و بەکارهێنان و مردن و ژیانەوە هەیە.

دەوڵەت پێویستی بە دارشتن و بەرهەمهێنانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و بەرنامەی خزمەتگوزاری و یاسا و ڕێسا و سوپا و ئاشتی و جەنگ.. تاد هەیە، دەوڵەت پێویستی بە گوتار و ئاخاوتن و لێدوان و بەکارهێنانی زمان هەیە، خودی زمانیش، ئەوجا فەرهەنگسازیی هەمان شتە، پێتڤی بە ژمارەیەک یاسا و ڕێسا، کەرەستە و ڕێباز و تەکنیک و بەرهەمهێنان و لێکدانەوە و دۆزینەوە و مێژووناسی وشە و گۆڕانکارییەکانی نێو خودی وشە و دەرکەوتن و توانەوەیان هەیە. زمان خزمەتی پەیوەندییەکانی نێوان تاک، دەوڵەت و تاک، دەوڵەت و دەوڵەتی دیکە .. تاد دەکات، فەرهەنگیش بەهەمان شێوە خزمەتی خودی زمانەکە و پەیوەندی بە زمانەکانی دیکەوە دەکات، خزمەتی بەکارهێنەرانیان بەپێی دەوروبەری تایبەتی دەکات.

زمانێکی یەکگرتوو، خزمەتی یەکبوون و پاراستنی یەکێتی نەتەوەش دەکات، کورد کە دەوڵەتی نییە، زمانێکی یەکگرتووی نییە، کەچی لە زۆربەی سەردەمە سەختەکان، لە ڕۆژگارەکانی لەناوبردنیان، زمانەکە پاراستوونی و بەهۆی مانەوەی زمانەکە ئەوانیش ماونەتەوە. لەبەر ئەوە دەوتانین بێژین فەرهەنگێکی سەرتاسەری کورد، خزمەتێکی مەزنی خودی زمانەکە و نەتەوەش دەکات.

**زمان و زار: وشەو زاراوەی خۆماڵی و ناوچەگەریی تا چەند سوودی دەبێت بۆ زمانێکی پێوەری کوردی؟**

**غازی حەسەن:** دوای ساخکردنەوەی ڕیشەی وشەکان و ڕەسانەیەتی ئەو پەیڤ و زاراوە و دەستەواژانەی بەکارهێنراون، کاریگەری ئەرینی دەبێت، لە فراوانکردن و

دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ. زمانی کوردی کە خودانی چەندان زار و بنزارە، گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو یەک زار و بنزاریشدا دوور نییە، تایبەتمەندیان بە بەکارهێنانی زمان و فرەوشە و فرەمانا دابێت، ئەمەش نیشانەیە بۆ دەوڵەمەندی زمانەکە، نەک لاوازی و سستی، من پێم وایە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی ئەم وشانەی لە نێو زماندا هەیە، بەشێواز و دەنگ و ئاوازە و مەبەست و مانای جیاوازە، یان بەکارهێنانی هەندێک پەیڤ، کە لە زارەکانی دیکەدا نییە، دەکرێت وەکو بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگسازی کوردی بەکاربهێنرێت.

هەر زمانێک وشە و زاراوەی زۆر بێت، هێزی زمانەکە لە چۆنیەتی پەیوەندیکردن و گەیاندنی مەبەست فراوانتر دەبێت، بۆیە نابێت لە بوونی زار و بنزار و شێوە ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی و گروپی جیاواز بترسین، دەبێت لەوە بترسین کە زمانێکی یەکگرتوو، فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردیمان بەهەموو زارەکان نییە.

**زمان و زار: ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟**

**غازی حەسەن:** بە سەرەتا لەم ڕوانگەیەوە وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە بدەمەوە، کە بریتییە لە سوودەکانی کردەی وەرگێڕان، چونکە کردەکە بریتییە لە دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان کەلتوورێک و کەلتوورێکی دیکە، لەبارەی فرهەنگسازیشەوە هەمان شتە. من قسە لەسەر سەرکەوتن و خراپی وەرگێرانەکە ناکەم، بەڵام دەکرێت بۆ پرۆسەی فێربوون و دەوڵەمەندکردنی کەلتوور و بەراورد و لەیەکچوونی وشەکانی دوو زمانی جیاواز و چۆنیەتی بەکارهێنانیان سوودی زۆر لەم فەرهەنگانە وەرگیرێت.

کێشە ئەم وەرگێڕان و ئامادەکردنانە پەیوەندی بە لاوازیی مەعریفی زمانەوانی کەسی کارگەری نێو فەرهەنگەکە و سەرپێی کارکردن و کاری تاکەکەسییەوە هەیە. من پێم وایە کارکردن زۆر باشترە لە کار نەکردن، با هەندێکیان لاواز و جێگەی سەرنج و ڕەخنەش بن، ئەگەر لە تەنیا وشەیەکی نەناسراودا هاوکاریمان بکات و تەنیا یەک شتمان بۆ ساخ بکاتەوە کە خزمەتی پەرەپێدانی فەرهەنگسازی زمانەکەمان دەکات، واتە کارێکی سوود بەخشە. با هەموو کەسێک بەپێی ئەو توانایەی لەم بوارە هەیەتی کار بکات و لە دیماهیشدا دامەزراوەیەکی زانستی کار بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی فەرهەنگی زمانی کورد بکات.

جارێکی دیکە دەڵێم، خراپترین بەرهەم، باشترە لە شتێکی بەرهەم نەهێنراو، کارەکانی ئەم بوارە، هەتا ئەو لێکۆڵینەوانەی لە زانکۆکان لەبواری فەرهەنگسازی کراون، مایەی ڕەخنەن و کەموکورتیان تێدایە، فەرهەنگە کوردییە وەرگێڕدراوەکان لەهەندێک شوێن شێواون، نادروستن، بەڵام دەکرێت وەکو کارێکی ئەرێنی سەیریان بکرێت. ڕەنگە هەڵەی ئەم جۆرە بەرهەمانە بەرەو شتێکی ڕاست و دروستمان ببات و بیرمان بهێنێتەوە، لەڕو لاوازیی و هەڵە و لنگشکستییەکەی لەکوێیە و چۆن چارەسەر دەکرێت. بۆیە دەبێژم، با هەر کەس کار بکات، لەدیماهیدا ئەڤ تشتێن کوو دروستن دەژین و خزمەت دەکەن و پەرە بە بوارە گشتییەکە دەدەن.

**زمان و زار: تاچەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زارو بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە؟**

**غازی حەسەن:** ئەگەر بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، هێشتا بەهرەمەند نەبووە. دیارە ئەمەش هۆکاری زۆرە، لە دەمێکدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان کە پەرەیان بە دابەشبوون و دەسەڵات دانە دوو لەهەجە و پتری زمانی کوردی کردووە، لەهەمان گاڤیشدا بینەر و بەکارهێنەرانی ئەم کەناڵانە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاشنا و شارەزای بەکارهێنانی وشەی زارە جیاوازەکان بەتایەتی سۆرانی و کرمانجی بوون.

بەڵام کە قسە بێتە سەر فەرهەنگسازیی، ئەوە دەتوانین بێژین هیچ. چونکە دامەزراوە زانستییەکانمان خودانی هیچ فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی نین، کە ئەمەش نەبێت، واتە ئەم خزمەت و نزیکی و کارتێکردنە هێشتا دەرنەکەوتووە،

پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان گروپە زمانییەکان و گروپە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و بازرگانی لەنێوان دەڤەرەکان و هۆز و عەشیرەت و ئینجا پەیوەندی سیاسی نێوان تاکی کورد لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەڕووی سیاسییەوە لەنێوان هەموو پارچەکانی کوردستان، دەرفەتێکی نوێی بۆ ئەم فەرهەنگسازییە بەرهەمنەهێنراوە دروستکردووە.

واتە دەتوانم بڵێم، پەیوەندی تاکی کورد و خاوبوونەوەی سنوورە دەستکردەکان دۆخێکی ئەرێنی بۆ پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگسازی زمانی کوردی پێکهێناوە، لەهەمان گاڤیشدا کاریگەریی خراپی حزبایەتی و دابڕینی ناوچە ودەڤەکەرەکان لە ئەنجامی هەژموونی حزبایەتی کاریگەرییەکی نەرێنی خراپی پێکهێناوە و فەرهەنسازیی یەکگرتووی کوردی تووشی ئیفلیجی کردووە.

**زمان و زار: تاچەند فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لە فەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەنەند بوونە؟**

**غازی حەسەن:** بەداخەوەم کە قسە لەسەر زانست، یان هەر کارێکی زانستی بکەین، بەهۆی شێواندنی بنەماکانی زانست بەهۆی خراپی و لاوازی توێژینەوە زانستییەکان لە زانکۆکان، تووشی گومان و گریمانەیەکی خراپ دێین، ئەم گومانە لەجێگەی خۆیەتی چونکە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆتە قوربانی بڕونامەی بێ بەها، زۆربوونی بڕوانامە لەهیچ سەردەمێکدا نیشانەی گەشەکردنی بواری زانستی نییە، بەپێچەوانە ئەمە گومانی زۆرتری لەسەر خودی زانست و زانکۆ دروست کردووە.

بەڕوە پیشکەشکردنی ماجستەر و دکتۆرا، ڕێزنەگرتن لە تاقیکردنەوەی زانستی و دەرچوواندنی ئەوانەی دەرنەچوون، یان لەپێناو بەدەستهێنانی داهاتی دارایی، زۆرترین ژمارەی قوتابی وەربگیرێت، زانکۆ ئەهلییەکان و گزی و واسیتە و بەکارهێنانی پێگەی دەسەڵات بۆ کۆکردنەوەی خاڵ لەپێناو وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا، ڤایرۆسی کوشتنی زانست و متمانە و پێشکەوتنیان کووشتوە.

لەبواری فەرهەنگسازیش بڕوام وایە هەمان دەرد و نەخۆشی و پەتا هەیە، کە بەشێکیان پەیوەندی بە خودی زانکۆ هەیە، بەشێکی دیکەشیان بەستراوەتەوە بە کردەی چاپ و بڵاوکردنەوە بێ ئەوەی لیژنەی پسپۆر و تایبەتمەندی خودان توانای زانستی بیان بینێت، چاپ و بڵاودەکرێنەوە.

ئێمە دەزانین لە چاپبوونی هەر کتێبێکدا، دەتوانرێت چەندان وشەی کوردی بدۆزینەوە، کە لەبواری تایبەتمەند بەکاردەهێنرێن و دەتوانرێت بخرێنە نێو فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی، ئەمە لەکاتێکدا دەبێت، کە بەرهەمە چاپکراوەکە کەسانی پسپۆڕی پێداچوونەوە و ساخکردنەوەیان بۆ کردبێت. زانست لە زانستی بەکارهێنانە.

کە بەرهەمەکان پێڕەوی بوار و یاسای بەرهەمهێنانی زانستیان نەکردبێت، واتە ئاسان نییە فەرهەنگنووسانی کورد، لەم بوارە بەهرەمەند بووبن، کورد لەسەردەمی کۆمۆنەی سەرەتایی دایە، لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی زمان، کارەکان، لەپێناو مانەوەیە، نەک پەرەپێدان و گەشەپێدانی زانستی. وەکوو گوتم، بەرهەمە چاپکراوەکان کێشەی بە شێوازی گوندی ئاخاوتن و بە شارکردنی نووسینیان

هەیە. شارنووسەکان وشە و پەیڤ دوور لە بنەمای زانستی بەرهەم دەهێنن و دەملاچکەی بیانییەکان و زمانە باڵاکان دەکەنەوە، شتی دروستکراوی قەپۆز شکاویان یەکجار زۆرە، گوندیی نووسەکانیش بە دواکەتوو وەسف دەکرێن. فەرهەنگووسی کورد لەنێوان دەملاچکەی شارنووسی زمان قۆپاندنەوە و شێواندن و تۆمەتی دواکەتووی جووتیاری و کشتوکاڵی دەبێت بڕیارێکی زانستی بدەن و ڕێگە دروستەکە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی فەرهەنگی زمانی کورد بدەن.

**زمان و زار: پێشنیارو ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی؟**

**غازی حەسەن:** ئاسان نییە، من پێشنیار بۆ فەهەنگسازی زمانی کوردی بکەم، بەڵام دەتوانم ئاماژە بە هەندێک هەنگاوی گرنگ بکەم، لەوانە:

**یەکەم:** ڕاگەیاندن فێربکرێن، چۆن لە ڕێگەی زمانێکی هاوبەش لەنێوان زارە جیاوازەکان فەرهەنگی زمانەکە بپارێزن. بایەخ بە زمانی پەتی و ڕەسەنی کورد بدەن، و دوور ببکەونە لە وشە دارشتنی دوور لە زانست، یان بەکارهێنانی وشەی بینانی وەکو پۆز لێدان بەسەر خەڵکی ئاسایی هەژار و لات.

**دووەم:** فەرهەنگسازیی بە دەستە و دامەزراوەی هاوبەش و بە کۆمەڵی زانستی پێکدێت، نەک تاکەکەس و ناوچەیەک و گروپێکی کۆمەڵایەتی دیارکراو.

**سێیەم:** فەرهەنگ سەرجەم بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤ و پرسە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆیی وئایینی و گیانەوەر و دارودرەخت و باخچە و کشتوکاڵ و پیشەسازیی .. تاد دەگرێتەوە.

**چوارەم:** زانستی فەرهەنگسازی پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو، کۆمیۆتەر و ئەلەکترۆنی، بوارەکانی دیکەوە هەیە، واتە زانستێکی دابڕاو نییە، لە زانستەکانی دیکە.

**پێنجەم:** لەبیری نەکەین بی بەستنەوەی زانستی فەرهەنگسازی بە زانستەکانی وەکوو: زانستی مانا و هێما و نیشانەکان، ڕێزمان و دەنگسازیی و زاراوەسازیی و وشەسازی و مێژووی وشە و گۆڕان و مردن و دەرکەوتنی وشەی نوێ لە نێو زمانەوە هەیە. بێ ئەمانە دروستکردنی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زانستی و هاوبەش و هەمەلایەنی زمانی کورد لە کێشە و کەموکورتی دوور نابێت.

بۆیە دەتوانم بڵێم زانستی فەرهەنگسازیی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زانستی وشە و یەکەی زمان و گەشەکردن و فراوانبوون و ئاشنابوون بە هۆکارەک مێژوویی و هەنووکەییەکان و ئەو دیاردە و ئامانجە زمانەوانیانەوە هەیە، کە لە کۆمەڵگەی زمانەکە ڕوو دەدەن.  بۆیە لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگدا دەبێت ڕەچاوی یاسا و ڕێسا زانستییەکانی ئەم دیاردانە بکرێت، کە کاریگەریان بە سەر زمانەوە هەیە.

# سەحەر موعیزی و فەرهەنگی پازار

ئا: حەسەن خەلیلپوور

«سەحەر موعیزی»، لە دایکبووی سالّی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١زایینی) شاری سنە، پلەی خوێندنی لیسانسی حقووق و ئەرشەدی ئەدەبیاتی تەتبیقی. ماوەی ٢٢ ساڵە لە حەوزەی ئەدەبیات لە بواری شێعر و داستاندا کار دەکات. هێشتا دەرفەتی ئەوەی نەبووە چیرۆکەکانی بڵاو بکاتەوە. کاری نووسینی فەرهەنگی ڕەنگەکان (پازار) ی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە دەست پێکردووە، بەڵام بە شێوەی ئەکادمیک ١٣ ساڵی خایاندووە، سەحەر موعیزی ١٠ کتێبی ئەلێکترونیکی بە شێوەی کتێبی دیجیتاڵی وەرگێڕاوەتە سەر ١٠ زمانی تر. نەرمامێرێکی کایە و فێرکاریی ئەلفوبێی زمانی کوردی داڕشتووە، کایەی کامپیۆتێری کە ئەویشی بە ١٠ زمان وەرگێڕاوەتەوە. کتێبی «ڕێنووسی ئەوین»ی نووسیوە بۆ ژن و پیاوگەلێک کە سەوادی نێهزەتی سەوادئامووزییان بووە، واتە ئەوانەی بەشداری خوولی نەهێشتنی نەخوینەوارییان کردووە، یان هەر هیچ سەوادی خوێندن و نووسینیان نەبوو بە زمانی فارسی و پێیان خۆش بوو زمانی کوردی فێر بن.

کتێبێکی تر؛ کتێبی فێرکاریی منداڵانە بۆ ژینگەپارێزی بە ناوی کتێبی «ئەژی» نووسیوە. بەرهەمە شێعرەکانی چاپ نەکراون.

بە پێی بایەخی فەرهەنگی ڕەنگەکان بۆ فەرهەنک و زمانی کوردی هەیەتی، بە پێویستمان زانی ئاوڕێک لە ماندوو بوونەکانی سەحەر بدەینەوە و لە زمانی خۆیەوە لەو ڕەنجە فەرهادییە بدوێ؛ ئەوجار ئەوە شیرینە کوڵینگی بە دەستەوە دەگرێ، نەخشێ دەخوڵقێنێ بۆ هەرمانی نەتەوەکەی. ئیتر شیرین هەر تەشی ناڕێسێ.

**-پێشینەی هەوڵەکانت وا نیشان دەدەن باڵت بۆ هەموو لایەک کوتاوە، چلۆن بوو لە نێو کارەکانتدا لە سەر تەواوکردنی فەرهەنگەکەت ساخ بوویەوە؟**

* ئەو لق و قۆناغانە جگە لە شێعر و فەرهەنگنووسینەکە، ئی سەردەمانێکن کە جیددی کاری فەرهەنگنووسینەکەم دەست پێنەکردبوو. کاری فەرهەنگەکەم کە دەست پێکرد، ئیتر دڵنیابووم ئینسان ناتوانێ چەند لق بگرێتە دەستەوە. بینیم زۆرتر حەزم لە بواری فەرهەنگنووسینە، بۆیە خۆم لە سەر فەرهەنگنووسین ساخ کردەوە؛ جارجارێکیش بە پێی حەز و خواستی خۆم شێعر دەنووسم.

**-بە لای هەندێ کەسەوە فەرهەنگنووسی کارێکی زۆر دژوار نییە، ئایا تۆش بەر لە نووسینی فەرهەنگەکەت هەر وات بیر دەکردەوە؟**

بە دەم کۆکردنەوە و نووسین لەگەڵ چ چەشنە گرفتێک بەرەوڕوو بووی؟

* پێشتر فەرهەنگێک بە ناو فەرهەنگی ڕەنگم نەدیتبوو کە چاپ بێ، بەڵام لەم کۆتایانەدا کە فەرهەنگەکەی من تەواو بوو و ئامادەی چاپ بوو، وتیان فەرهەنگێک هەر لەو ساڵانە بە ناو «فەرهەنگی ڕەنگ»ی عەبدولوەهاب شێخانی لە هەولێر لە باشووری کوردستاندا چاپ بووە. ناردم ئەو فەرهەنگەیان بۆ هێنام، پێم وا بێ وشەنامەیەکی سێ سەد لاپەڕە، ناوی ڕەنگەکانی لە نێو شێعری شاعیراندا هێنابۆوە. تەمەشام کرد ئەویش بەڕاستی چەند دانە ڕەنگی تیابوو کە من نەمنووسیبوو، شایەد بێژم چەند ڕەنگ، باش نازانم؛ بەڵام زۆر نەبوون. ڕەنگەکان چونکو سەیری هەر کامم دەکرد پێشتر من کۆم کردبوونەوە، بەڵام هێندێ لە ڕەنگەکان هەبوون شەبەنگی ڕەنگەکان، ڕەنگە سەرەکییەکان بوون کە من نەمنووسیبوون، جیا لەوە لەم دوایانەدا کە کتێبەکە ئامادەی چاپ بوو، مامۆستا «ئاکۆ جەلیلیان»یش ئاگادار بوو کە فەرهەنگی ڕەنگم کۆکردووەتەوە، پەیامی بۆ ناردم کە منیش سێزدە لاپەڕەیەک ڕەنگم هەیە کە نووسیومە، تایپیشی کردبوو، ویراستاریش، ئەو سێزدە لاپەڕەیە بێ هیچ چاوەڕوانییەک و بێ ئەمە من بناسن، تەنانەت بزانن چ کارێک ئەکەم، زەحمەتیان کێشا، گەورەییان نواند، ئەو سێزدە لاپەڕە ڕەنگیان بۆ ناردم وە لەوەش کەلکم گرت بەڕاستی.

بەر لەوەی دەست پێبکەم، ئاگاداری گیروگرفتی فەرهەنگنووسیی بەڕاستی نەبووم، دواتر کەڵکەڵەیەک بوو لە دڵمدا وشەی ڕەنگەکان و شرۆڤەکانم کۆ دەکردەوە، دەفتەر

بە دەفتەر کۆم دەکردەوە تا سەردەمێک پێم وا بێ ساڵی هەشتا و نۆ بوو یا هەشتا و هەشت، بردمە خزمەت کاک «جەلال مەلەکشا» کە دوو دانە لە دەفتەرەکان، کە سەیری کرد، وتی  ئەمەی نووسیوتە خۆی فەرهەنگێکە، وتی فرەترە دەفتەرەکان؟ وتم بەڵێ. ئەوەندە دەفتەرە، وتی تایپی کە و بە دوایا بڕۆ و دەستی لێهەڵمەگرە؛ ئەمە فەرهەنگێکە خەریکی تۆ فەرهەنگ دەنووسی. ئەوکاتە بوو کە بەڕاستی زانیم چی دەکەم. پەس بە دوای کەڵکەڵەی خۆمدا دەچووم ئەو کەڵکەڵە کە پێمخۆش بوو ناوی ڕەنگەکان چوون کەسێک هەیە کۆلیکسوون جەم ئەکاتەوە، کۆلیکسۆنی فلاّن شت، پێمخۆش بوو.

دەفتەری ڕەنگەکانم هەم بێتو سەردەمانێک وەکوو کتێب نەک فەرهەنگێکی بەم شێوە وەکوو چۆن بڵێم وشەنامەیەک شتێکی ئاسایی چاپی بکەم. ئیتر کە دوایی هاتم نێو بوارەکەوە، دیم ئەوەنەی کە بیری لێ دەکەمەوە؛ بەڕاستی بەحرێکە دونیای فەرهەنگ نووسیون و دەبێ بە شارەزاییەوە هەنگاوی تێدا هەڵگری.

پێشتر ئەو شارەزایەش کە ئەو ڕادەی شارەزایی، چۆن شارەزایی تەواوم نەبوو ئەو ڕادەی شارەزاییش کە سەبارەت بە نووسینی فەرهەنگ بووم، لە تاوتووێ کردن و خوێندنەوەی فەرهەنگەکانی تر لە زمانی کوردیدا و فەرهەنگە فارسییەکان و فەرهەنگی ئاکسفۆردیش تەمەشام دەکرد کە مێتۆدی نووسینەکەیان چۆنە، بە چ شێوەیەک ئەنجامیان داوە، هەوڵم ئەدا تا ئەو ڕادەیەی نزیکی بکەمەوە بۆ ئیستانداردگەلێک کە دەشێت و دەکرێت، بەڵام قەبارەکەی کە ئێستا بەو شێوەیە دەرهاتوو من تا ئەو ڕادەیەم نەگەیاندبوو باری ستانداردی کارەکە کە بۆ نموونە فۆنیتیک ئای، پی، ئەی (آ، پی، ای) یەکەی بۆ دانێم، ئینجا حاڵاتی فەرانسییەکەی لە نێو دوودانە ئسلێشا دایبنێم چونکوو پێشتر بۆ نموونە لە نێوان پەرانتێزا دامنابوو، دوایی کە مەشوەرەتم دەگەڵ دوکتۆرا کرد شتەکە جوانتر بوو، باشتر بوو. هەموو ئەو شتانەم ڕێپلێکس کرد، پەڕاتێزەکان بە ئێسلاش ئینجا بابەتگەلیک کە قەبارە و مێتۆدی نووسینی فەرهەنگەکە دەربخا.

لەوێ دوکتۆر ئەحمەدیان زۆر بە گەرمی پێشوازی لە کارەکەم کرد یانی بەڕاستی ڕۆچنەی هیوایەکی لە دڵما کردەوە. وتی زۆر باشە، نموونەی بۆم بنێرە کە من ڕێنوێنیت بکەم کەچی باشە و چی باش نێ. نموونە کارەکەم بۆی هەنارد، ئەڵبەتە بە ستریسێکی زۆرەوە کە دوکتۆر پەسندی بکەن، پەسندی نەکەن  نموونەی کارەکەم

نارده خزمەتیان، زۆریان پێخۆش بوو، زۆر حەزیان کرد، ڕێنوێنیگەلێکیان کرد زۆر کاریگەر و بەنرخ و بۆ ئەوەی کە مێتۆدی کارەکەم بە شێوەیەکی ئیستاندارد و زانستی پێش بڕوات، بۆ نموونە من بێژە کردنی سەروشەکانم بە کوردی لاتین نووسیبوو، دوکتۆر فەرموویان کە باشترە بیکەیتە فۆنتێکی نێونەتەوەیی (بین المللی) هەر ئەو ئای پی (آ پی ای) ئەیە. ئینجا بۆ سەروشەکان وتم بۆ هەر وشەیەک سەروشەیەک من شناسنامەکەم هێنابوو کە بۆ نموونە ڕەنگی کاڵە لە ئیلاما کۆکردووەتەوە، ڕەنگی ڕەشی قەترانی ئێژن کاڵە، ئاماژەم پێکرد و وتی کاری باشت کرد و هەر ئەوە دانێ. ئینجا پرسیارم لێکرد کە ئەگەر بمهەوێ کە ئەم کۆدگەلە کە بۆ ڕەنگەکان دامناوە کۆدی ئاژەڵە، کۆدی ڕەنگی سروشتە، ڕەنگ پێستی مرۆڤە، قژە، جلوبەرگە، ڕەنگی تەونە، بەنە قاڵێ ئەم کۆدانە چۆن دابنێم؛ ڕینوێنی کردم کە وەکوو کۆدێک دایبنێم و لە سەرچاوەکەدا بەتەواوی جەدوەلەکەی بۆ دانێم ئەڵبەتە پێشتر ئەو کارم کردبوو، بەڵام  چڕوپڕتر دوکتۆر پێمی وت لە حاڵەتی کوللیدا ئەتوانم بڵێم باری مێتۆدی فەرهەنگەکە زۆر بە قەرزداری دوکتۆر ئەحمەدیان ئەزانم چونکو بەڕاستی کەسێک نەبوو. من پێشتر مامۆستا ئاکۆم نەدەناسی و پێوەندیم دەگەڵیان نەبوو، نەمدەزانی کە ئەو فەرهەنگەکەی خۆی چۆن دادەڕێژێت و لە سەر چ بەرنامەیەکی دەینووسێ، دواتر ئەو فایلەی من جەدوەلم لە سەری دانابوو، تایپیستەکان لە سەر ئەو جەدوەلە کاریان بۆ ئەکردم، ئەمە لە باری نووسینی فەرهەنگەکەوە بوو،

جێیەتی سپاسی ئەو کەسانە بکەین کە یارمەتیان داوی. لە سەرەتای بەرگی یەکی فەرهەنگەکەتدا باست لەو کەسانە کردووە کە دەستی یارمەتیت بۆ لایان درێژ کردووە، ئەگەر دەگونجێ باسی ئەو بەشە لە ئەزموون و تەجرەبەکەت بکە.

لە پێشەکی کتێبەکەمدا نووسیومە، بیست و وردێک، نازانم نووسیوومە بیست و چوار بوو، بیست و شەش تاقم دابەش کردبوو. ئینجا لە نێو هەر ناوچە و خێڵێکا جاری وا هەبووە ڕەنگەکان خێڵ بە خێڵیش لە نێو بنزارێکدا تەنانەت کەلک وەرگرتنیان جیاواز بوو. بۆیە هەوڵم ئەدا لە نێو خێڵەکانیشدا ورد بمەوە تا بگاتە شێوەزار و بنزارەکە، وە لە نێو هەر بنزارێکدا بێژین من ئەو چەند تاقمە سەرەتا خۆم بە کەسێکەوە چۆن بڵێم دالووسکا ئەکرد، خۆم لەگەڵ کەسێکدا ئاشنا ئەکرد، ئینجا ئەو کەسە وەکو ڕۆشەناییەک، وەکوو ڕۆچنەیەک تا دەکەوتە بەر دەستم هەوڵم ئەدا لە ڕێگای ئەو کەسەوە دانە دانە تاقمەکان بۆخۆم جیا کەمەوە. ڕەنگرێژە،

تەونگەرە، چێوارە، مەیتەروانە، کۆتربازە، چووزانم جلدرووە، نەققاشە، نووسەرە، کەسێکە بەساڵاچوویەکە، زانا بێت لە باری زانیاریی فۆلکلۆریکەوە و زۆر بابەتی تر ئەو کەسانم جیا دەکردەوە؛ دەستنیشان ئەکرد، ئینجا کە دەستنیشانم ئەکردن، ئەگەر ڕێگەی سەفەر کردن بوایەت لەگەڵ دایکمدا سەفەرم ئەکرد بۆ لای، ئەو کەسگەلە لە فڵان ناوچە کە پێشتر بەر لەوە بڕۆم هەموویانم دەستنیشان کردبوو. دەڕۆیشتمە و و لەو چەند ڕۆژەی کە لەو سەفەرەدا بووم هەوڵم ئەدا کارەکانم ئەنجام بدەم. ئەڵبەتە پێشتر باسیشم کردووە کە پرسیارنامەم داڕێشتبوو. چۆن بۆخۆتان ئەزانن پرسیارنامەیەک بۆ کاری فەرهەنگ نووسین لە ئارادا نیٚ. ئینسان بیهەوێت بەتایبەت بۆ ئەو کارەی من، بۆ کارەکانی تر ئاگادار نیم زۆر، بەڵام بەو کارەی پرسیارنامەیەک بێژین ڕێگە ڕۆشەنکەرەوەیەک نەبوو کە پێشانم بدا ئەبیٚ چی بکەم. بۆیە بۆخۆم سیٚ جۆرە پرسیارنامەم داڕێشتبوو، پرسیارەکانم هەڵدەگرتوو لەگەڵ هەندێک بابەتی ترا کە ئەڕۆیشتم پرسیارم ئەکرد و دێتاکانم کۆ ئەکردەوە، زانیارییەکانم کۆکردنەوە، بێژم ئەگەر بمهەویٚ هەر وا بێژم کە ڕەوتەکە چۆن پێش چووە، بەڕاستی سەختە بووم کێشە و گرفتی زۆرم بۆ هاتووەتە ئاراوە، دەرفەتی زۆر خۆشیش بوو لە کەنارا، بۆ نموونە ئەمن وەختێک ئەچووم بۆ گوندی باڵەک لە ئیلامدا، لە پیرەکانم ئەپرسی هەر لەوێوە پیرەمێرد یا پیرەژنێک لەگەڵ من و دایکم ئەکەوت، ئەمانی برد بۆ بانەمروت. لە بانەمروت ئەو کەسانەی کە ئەیناسی دانە دانە دەرکەی ماڵەکەی لێدا ئەیهێنانە دەرەوە یا ئەمە ئەڕۆیشتین ماڵەو پرسیار و لێکۆڵینەوەکانمان ئەکرد زۆر بە خۆشی کارەکە بەڕێوە چوو. لە هەندێک شوێنیشدا کە پێمخۆش نیٚ، ناو ببەم خۆیان جیا لە کورد ئەزانی، بە دوو شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مندا ئەکرد. شێوێکیان کە دەگەڵ پێیان خۆش بوو موتاڵەعەیان بوو خوێندنەوەیان بوو لەسەر ڕەگ و ڕیشە و مێژووی خۆیان پێیان خۆش بوو کە زمانیان خەریکە وشەکانیان خەریکە لە نێو فەرهەنگی کوردیدا تۆمار ئەکریٚ، بەڵام بەپێچەوانە دەستی دیکە بێڕێزی زۆریان پێئەکردم، بیٚ حورمەتی، بیٚ حورمەتەکانیان تەنانەت زەبەت ئەکرد و لەم کۆتایانەدا کە فەیسبووکیش بوو تەنانەت دەیانئەکردە ئیستووری، کە فڵان خاتوون هاتووە زمانەکەی ئێمە وەکوو زمانی کوردی دابنێتوو ئێمە وامان لێکرد و وامان پێگووتوو، بیٚ حورمەتیمان پێکردووە. تاڵی و تەڵخی زۆری بوو. خۆشی زۆریشی بوو، بەڵام بەگشتی بڵێم ڕادەی زۆری کەسەکان زۆر بە دەممەوە هاتوون

بەتایبەت لە نێو تاقمی ئەو کەسگەلە کە خۆم هەڵمبژاردوون زۆر بە دەممەوە هاتوون، ئەوەشتان پێبێژم خۆشترین بیرەوەرییەکانی من لە نێو خەڵکا بووە. لە نێو چینی ئاکادیمیکا نەبووە، چینی ئاکادمێک بەداخەوە زۆربەیان ئەو چالاکییەی منیان پێ خۆش نەبوو، چون زۆربەشیان کە نا، بەڵام زۆر کاریگەر بوون لە سەر کارەکەم بە باری نەرێنییا، بەڵام خەڵک زۆر بە شێوازێکی خۆشەویستانە و بە شێوازێکی زۆر دڵسۆزانە بە پێشوازمەوە ئەهاتن تەنانەت ئێستەش کە کتێبی ڕەنگەکان چاپ بووە، ئەو کەسگەلە کە ژمارە یا ئێکانتی منیان هەیە شتێک کە ئەیبیسن پێوەندی بە ڕەنگەوە هەیە ئێستەش بۆمی ئەنێرن. ئێستەش ڕەنگگەلی تازە ئەبینمەوە و یادداشتی ئەکەم بۆ پێداچوونەوەی فەرهەنگی پازار کە دواتر ئەگەر پێداچوونەوەکەم کە بەڕێ کرد و پێداچوونەوەم لە سەریا هەبوو، پێ زیاد کەم.

لێکۆڵینەوەی مەیدانی بەتایبەت لێکۆڵینەوە لە شێوەی گشتیدا، بەڵام لێکۆڵینەوەی مەیدانی بەتایبەت و بەتایبەت بۆ ژن کەسێکی سەبوور و پێستئەستووری پێویستە بەڕاستی، چونکوو کێشە و گرفتگەلێکە ڕەنگە بۆ پیاوێک لە سەفەرەکاندا چ باری ماڵییەوە زۆر شتی تر بۆ پیاوێک بێتە ئاراوە ئەوە ڕوونە لە پێش چاو گشتمان، بۆ ژن ئەو کێشە و گرفتگەلە زۆرە، فرە زۆر، کێشە و گرفتەکان فرەترە.

بۆیە لە سەفەرەکانا ئەیبینن، من هەموو سەفەرێ دایکمم دەگەڵە، هەموو سەفەرێک عەکسەکانم دیارن، جلی شپرزە و تا کەمەر تەپوتۆز و قوڕ و دوای ئەوە لەگەڵ خەڵکا هەڵساوم دەگەڵ خەڵکا دانیشتووم، دەگەڵیان وەرزێریم کردووە، لەگەڵیان کەشاوەرزیم کردووە، دەگەڵیان پا وەپایان تا کارەکەم تەواو بوو شوانیم کردووە، بەفرم ماڵیوە، پێوەنم کردووە و لەبەر ئەوەی من وەک خۆیان بزانن لەگەڵ وان ڕاحەت بن و وەکوو دۆستێک وەکوو ڕەفیقێک پێکەوە دانیشین، بدوێن لە دوورەوە ژێستێک نەگرم وەکوو نووسەرێکا بۆشاییەک بکەوێتە بەینمان و لە نێوانمانە دیوارێک دروست بێ و ڕووم لێبکەن نەتوانن ئەو جۆرە کە هەیە قسەم لەگەڵا کەن و بدوێن بۆیە پا وە پایان ڕەنگە پا وە پا زۆرترش ئەوانم لە زۆربەی کاتا ئەوانم داناوە گوشییەکەم لەبەر دەمیان داناوە وتوومە تۆ پرسیارەکانی من وەڵام بدەوە، من ئیشەکەی تۆ ئەکەم، ئێستا ئاوی دێراوە، کۆکەنی کردووە و چووزانم پێوەنی کردووە، بژاری کردووە یونجەی کۆ کردووتەوە، باقەی کێشاوەتەوە، هەر کارێ تۆ بڵێی لەگەڵیانا کردوومە، ئەوەی کە لە تواناما بووە، وەلی مەسەلەن چوومەتە لای کۆتربازێک، ئیتر نەمتوانیوە هاوکاری

بکەم چۆن ئەوەی بەڕاستی بە من نەدەکرا، بەڵام هەر کارێک کە لە توانامدا بووبێت لەگەڵیانا کردوومە کە وەکوو خوشکێک، وەکوو کچێک، وەکوو دۆستێک، وەکوو هاوڕێیەک سەیرم بکەن و زۆر دەگەڵما ڕاحەت بن و بتوانن ئەوەی لە جانتایان هەبێ، بێ ڕوو کردن و بێ ڕووودەرواسی باسی بکەن و کارەکەم بەرەو پێش بڕوات.

**بە پێی ئەوەی کە خەڵکی ناوچەی سنەی، وێدەچێ وشەکانی ئەو ناوچەیەت پتر کۆ کردبێتەوە، دەتوانی دیاری بکەی کام ناوچەی کوردستان لە باری ڕەنگەوە دەوڵەمەندترە؟ هەر وەها دەستت بە کام شوێنی کوردستان ڕانەگەیشتووە؟**

* پازاریش جگە لەوەی کە ناوی ڕەنگەکان لە شێوەزار و بن زارەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەتر ئەرمنستان و قەفقاز هەوڵم داوە کەلێنی تێنەکەوێ تا ئەو جێیەی بۆم ئەکرێ، بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەی ئێوە، ڕۆژهەڵاتی کوردوستانە. بەڵێ هەر لە سنەوە دەستم کرد و سنە تا بانە سنە تاکوو ناوچەی موکریان، سنە تا کرماشان و ئیلام و ئەو شارانەی کە بە زاراوە، بە شێوەزاری پاڵەیی ئاخافتنیان هەیە، ئینجا تا خۆی و ماکۆ و کوردەکانی خوراسان و خێڵەکانی عەمارلوی شماڵی ئێران کە لە گیلانا ئەژین. ئینجا لۆرەکان هەر لە باشووری ئێرانەوە هەتا دێتەوە ئیلی بەختیارییەکان هەتا دێتە لۆڕی گەورە و لۆڕی بچووک هەتا نەجەفئاوای ئیسفەهان و هەتا دێتەوە خودی لۆرستان، دەوڵەمەندیی ڕەنگەکان لە نێو ئەڵبەتە ناوچەی هەورامان و ژاوەڕۆ و هەندێک شوێنی ترم لە بیر چوو. چونکوو ئێستا دەوڵەمەندی ناوی ڕەنگەکان لە نێو شێوەزارەکانا، شێوەزاری کرمانجی ژوور بۆ ناوی شەبەنگی ڕەنگەکان بەڕاستی دەوڵەمەندە. ئینجا شێوەزاری سنەیە و بەتاییەت لە بنزاری لەیلاخێکەیدا وە شێوەزاری کەلهوڕی بۆ ڕەنگی ئاژەڵ و بەن و ڕێس زۆر دەوڵەمەند بوون، ئینجا ڕەنگی سروشتی بڵێین سۆرانی بۆ ڕەنگی سروشتی بەڕاستی دەوڵەمەندە و بابەتەکانی تر هەر وا بە ڕێژەی کەم و زیاد هەر هەن، بەڵام ئەمانە زۆر زەق و بەرچاوترن .

**بۆ سەبت و تۆمارکردنی بێهەڵەی وشەکان چیت کردووە؟ ئایا پیتە ئارامییەکەی ئێستا(ی) کوردی پێی دەنووسین وەڵامدەر بوو؟ بە پێی قسەکانت وا دیارە هەندێ لە نووسەران و چالاکانی بواری ئەدەبی کوردی زۆریان ئیهتمام بە کارەکەی ئێوە نەداوە، دەکرێ بفەرمووی هەڵوێست و ئیستدلالی ئەوانە چ بوو؟**

* تۆمار کردنی وشەکان کە فەرمووتانە من هاوکات هەم زەبتم ئەکرد و هەم ئەوانەی کە پێویست بوو، تازە و نوێ بوون لەبەر ئەوەی کە یا دەنگەکە لە ناو نەچێ یا باشتری لێ تێبگەم هاوکات ئەمنووسی، نەک هەموو بابەتی، سەروشەکان و هەندێ بابەتێ کە زۆر زەق بوون.

**لە هەندێ شێوەزارەکانا وەکوو هەورامی، کەلهوڕی، تەنانەت بنزارەکان وەکوو بنزاری لەیلاخی ئەمە هەندێ پیتمان هەیە کە لە نێو ڕێنووسی یەکگرتووکان هەیە وەکوو پیتی ( ....) ( ...) ئەم پیتانە نین، بەڵام هەوڵم داوە لە نێو فەرهەنگەکەدا داینێم.**

* بەڕاستی من ئەو بیرەوەرێ خۆشەی کە لە خەڵک هەمە لە تاقمی ڕۆشەنبیر و نووسەر و قەڵەمبەدەست ـ ئەڵبەتە نە هەموویان، چۆن بەپێچەوانەوە کەسگەلێکیش هەبوون کە لە کارەکە تێگەیشتوون و زانیان کارەکە چێ و شارەزا بوون لە کارەکە، زۆریان پێخۆش بوو بەردەوام هانیان دام و هەر بە هاندانەکەیان گەورەترین هاوکارێک بوو کە لەگەڵ منا کردوویانە. ـ بەداخەوە لە ناو خۆمان کاری گرووهی دانەکەوتووە، بۆ هەر لا و لایەنێک ئەچی داخوازی کاری گرووهی ئەکەی، پێیان خۆشە ئەو کارە خۆیان بیانکردایە نەک ئەوەی هاوکار بن لەگەڵ کەسێکی ترا، لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی کارەکانا بەرهەمی کەم ئەخولقێت. ئەگەر فەرهەنگنووسێک، فەرهەنگ ئەنووسێ بەس بڕی یەک دوو شێوە، یەک دوو جۆر کار و چالاکێکە، دوای ئەوە بەڕاستی ئیتر هێز و توانای تەمەنی پێوە نامێنێ چونکوو کارەکە کاری تاکەکەسی دەردێت، کاری گرووهی نێ، گرووهێک بێن شان بن لە شانی یەکتر و بتوانن لە ماوەی کەمترا بەرهەمی باشتر و زۆرتر بخووڵقێن.

چووزانم! نازانم! بەداخەوە، هەر نە لە قۆناغی ئەنجامدانەکە، بڕواتان هەبێ لە قۆناغی تەواو بوون و چاپ کردنەکەشدا بە دەگمەن ئەتوانم بێژم بە ئەندازەی قامکەکانی دەستم ڕەنگە کەمتریش لە نێو قەڵەم بەدەستەکانا ئەمن پیرۆزبایم بۆ هات، تەنانەت بەڕواڵەتیش پێشانیان نەدا کە پێیان خۆشە ئەو فەرهەنگە چاپ بووە!! بە هەرحال ئینسان کێشە و گرفت و ناخۆشی زۆری بە ڕێگەوە؛ ئەمنیش جۆرێکی تر.

لەم بارەوە باس زۆرە پێم خۆش نێ ناوی کەسایەتییەکان ببم بەڵام بە هەر حاڵ وەکوو ئاماژەیەک پێم خۆش بوو زۆرتر باسی لێ نەکەم هەر ئەوەندە.

بڕواتان هەبێ خەڵک هەبوو ئەوەندە بە دڵئاوالآیەوە ئەوەندە بە باوەشی گەرمەوە کە باسی پرۆژەکەم بۆیان ئەکرد پێشوازیان ئەکرد، بۆ نموونە لە گوندی بانەمروی ئیلامەوە پیرەمێرد لەگەڵ من کەوتوو منی بردووە، بۆ نموونە من باس ئەکەم منی بردووە بۆ گوندی باڵک لەوێ کەسێکی پێم ناساندووە کە ئەو بابەتەی من لە سەری شارەزایی بووە، لەگەڵ من و دایکم هاتوون تا کۆتایی کارەکە لە وێ بوون و بەردەنگیان بۆ کۆ کردوومەتەوە و ئەوەی لە چەنتەیاندا بوو کەم و زیاد پێیان وتووم. خۆیان نەیانزانیوە خەڵکی دیکەیان بۆ کۆ کردوومەتەوە. ئێستێش هەر زۆربەیان لە پێوەندی لەگەڵما ئەگەر بابەتێکیان دەس کەوێت کە بزانن من پێم خۆشە و بۆ کارەکەی من ئەبێت  تەلەفوونم بۆ ئەکەن، بۆ منی ئەڵێن وەکوو دڵسۆزێ کە ئەوانیش پێیان خۆش بێت بابەتەکان نەفەوتێت، پارێزەری لێ بکەن، ئەسڵەن زۆر حیس و حاڵێکی خۆشە، زۆر پێکەوەبوونێکی خۆشە دەگەڵ خەڵکا کە چلۆن بە هاناتەوە دێن، چۆن دێنە پیرتەوە پێیان خۆشە قەدردانی لە کارەکە ئەکەن پێیئەزانن وە هەروەتر منیش لە بەرامبەر دڵسۆزی ئەوانە پێئەزانم و قەدری ئەزانم.

**کارێکی ئاوا بەربڵاو و گرینگ بێگومان پێویستی بە ویراستار هەیە، لە ناسنامەی پازاردا ناوێک لە ویراستار نابینی، هۆیەکەی چییە؟**

* چونکە خۆم لە باری ماڵێوە بەڕاستی بێژم پشت و پەناهێکم نەبوو و تەواو کات و ساتم بۆ فەرهەنگە دانابوو. خۆم و مناڵێک، خۆم و کوڕەکەم پێکەوە ئەژین. ئینجا بەڕاستی هەر ئەوەم بۆ کرا  بتوانم خەرجی تایپیستەکان بەم. هەر چەند بەو تاپیستگەلەش کە بەتایبەت ناوم لێیان برد سپاسیان لێ ئەکەم، ئەوان هاوکاریان لەگەڵ کردم، هەزینەی تایپیان لێوەرنەگرتووم. هەزینەی ویراستارێکەشی زۆر زۆر بوو، هەر بەڕاستی بۆم نەدەکرا هەر جارە خۆم ویراستارییەکەم ئەنجام ئەداوە، ئینجا لەم کۆتایانەدا ویراستارێک، بەڕێزێک هەر وا کورت، هەڵەبڕی ڕێنووسەکەی هەر وا ئەنجامیدا بۆم. هەر چەند بە هەزینەوە ئەنجامی دا، بەڵام هەر ڕەنگە، نا، دڵنیام هەڵەی تێکەوتوە. بەداخەوە وایە، ویراستارێکەی بەس هەر خۆم بووم! هەر لەبەرێکەوە فەرهەنگەکە دەنووسرا، تایپ دەکرا، جارێ دوو جار، سێ جار چەند جار پێدائەچوامەوە و ویراستاریم ئەکرد. وەڵڵا کەس دەست ئەکەوت، بەڵام هەزینەکەی پێم نەئەکرا.

**لە ناوی ڕەنگە سادەکان (تێکەڵاوەکان)دا ئایا سیفەتەکانی خۆت لێت زیاد کردوون یان بەڕاستی لە نێو خەڵکدا هەر ئاوا گۆ دەکرێن.**

* بۆ ئەو ناوە تەرکیبیگەلە، نموونەی ڕەنگەکان یان شتەکان، پرسیارنامەکانم بە سێ شێوە دارشتبوو. سەرەتا کە بۆخوم ئەڕوام، ئەکەوتمە لێدوان، کە چ ڕەنگگەلێکتان هەس و ئەمانە، ئەوەی کە لە زێهنیان دابوو سەرەتا بۆیان ئەوتمەوە ئەمنووسێوە. ئینجا یەکێ لە پرسیارنامەکان بەو شیوە بوو کە شکۆی فیزیکی ڕەنگەکانم لە ناو وێنەدا بۆیان بردبوو بە پای ئەوە ئەیانوت فلان ڕەنگە. ئەوە مەسەلەن پەمەی کاڵە، ئەوە چووزانم تەلایی بۆرە، دانە دانە ئەیانوت. بە پێی شەبەنگی ڕەنگەکان، دانە دانە لە ڕووی وێنەکان ئەیانوتەوە بۆ من. ئینجا پرسیارنامێکی تریشم بەم شێوە بوو دەقیقەن مەسەلەن ئەمپرسی ئێستە کە لە لای ئێوە سوورەتی، مەسەلەن ئێژن لاکیی بە ڕەنگێ کە لێڵ بێ ئێژن بۆر، ئێژن گول، ئێژن چڵکن، ئێژن پیس، ئایا سوورەتێک کە کەدر بێ، سوورەتێک کە لێڵ بێ، ئێوە سوورەتی چڵکنی پێئێژن. سوورەتی بۆری پێئێژن. ئینجا سوورەتی فلان شتی پێئێژن. لە تەنیشتی سفەتەکانم ئەهێنا تەنیشتی لە پرسیارنامەکان پرسیارم لێ ئەکرد، یا ئەیانوت ئەرێ واشی پێئەڵێین یا ئەیانوت نا ئێمە مەسەلەن سوورەتێ کە وا بێ، پێی ئێژین لاکی، بۆرەلوو، یا ئێژین لایکێک کە گول، لایکێک کە چڵکن، ئا بەو شێوە لە لێدوانەکە لەو سفەت و مەوسووفیانە بۆ دەرئەخستم. ئەیانوت مەسەلەن بۆ فلان شت کە فلان ڕەنگە، مەسەلەن هەر ئەو ئاڵتوونەی داڕووشاوە. قەشەنگ لە بیرمە خانمێک کە قەیتان سووخمەکەی تەلای بوو تەلایەکەی کاڵەوە بوو، ڕۆش ڕۆشی چەو بوو ئاوا کە بەرەو بۆر چوو، ئەو وتی بۆ نموونە ئاڵتوونێ کراسی منە، ئاڵتوونی ڕەنگەکەی داڕۆشاوە واتە ڕەنگەکەی کاڵەوە بوو. ڕەنگەکە بۆر بۆ، کۆنە بۆ، ئا بەو شێوە لە لێدوانەکانا سفەت و مەوسووفەکانیان بە کار ئەبرد و منیش ئەمنووسێوە بەڵێ.

**وای بۆ دەچم ئەو کەسانەی کە یارمەتییان داوی، دەبێ زۆربەیان ژن بن، دەکرێ باسی دەوری ژن لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو سەروشە (مدخل)بکەی کە لەو فەرهەنگەدا کۆ بووەتەوە.**

* بەردەنگەکانی من هەم ژن بوون هەم پیاو بوون. من کاتێ ڕەنگی ئاژەڵەکانم کۆ کردووەتەوە، چوومەتە لای کێوار و شوان و مەیتەرەوان و کۆترباز و ئەمانە پیاو بوون. زۆربەیان لە شوانەکانا ڕەنگە، تۆزێ جیاوازیان بێت، بەڵام زۆربەیان پیاو

بوون. بەڵام تەونەگەر و ڕەنگڕێز و ڕەنگرێزی ئەوەندەی لە لای ژنا باو بوو لە ناو پیاو کەمتر لە ڕەنگ ڕێزیا تەنانەت ئێمە ژنمان زۆر بوو، ڕەنگی جلوبەرگ و سروشت و ڕەنگی خاک تەنانەت لە کوردەواریا ئەگەر هەموو سروشت بسڕینەوە ئەمن هەمیشە وتوومە لە ڕووی خاک تەمەشای ڕەنگەکان کەین. هەموو ڕەنگێک ئەتوانین بڵێین زۆربەی ڕەنگەکان لە ناو خاکی کوردەوار.یا دەبینرێنەوە. تەنانەت خاکەکەش ئەوەندە لە باری ڕەنگەوە دەوڵەمەندە، بەڵێ ژن وردبینترە بۆ ڕەنگ ئەو جۆرەش کە ئەڵێن شەبەنگی ڕەنگەکان ئەو جۆرەی کە ژن دەیبینێ لە چاوی پیاودا دیار نیێ. هەر واش بوو بۆ نموونە کاتێک کە پرسیار لە پیاوێک ئەکەی وەڵڵا من جیا لە چوار ڕەنگ، فڵان و فڵان و فلان هیچی تر نازانم. کەچی ئەیانزانی ئەهاتیتە ناو لیدوانت چۆن بێ دەست و پێ ئەکرد و ئینجا پرسیارنامەکان ئەهێنا پێشەوە، ئەوانیش لێیان ئەزانی لەو شتەی کە خۆیان زۆر تەسەوریان ئەکرد و خۆیان پێیان وا بوو نازانن. ئەوانیش باش بوون، بەڵام بە گشتی ژنەکان لە باری بەتایبەت چونکوو جلوبەرگیان زۆرتر ڕەنگی تێکەڵە و لەگەڵ ڕەنگەکانا ڕووبەڕوو ئەبنەوە، ڕەنگەکانیان زۆر وردتر باسی ئەکەن. باسی شەبەنگی ڕەنگەکان، ڕەنگێ کە بەرەو کاڵی بڕوا، ڕەنگێ بەرەو بۆر بوون و پیس بوون بڕوا، ڕەنگێ بەرەو گەشاوە بوون بڕوا، ڕەنگێ بەرەو زەق بوون بڕوا، ڕەنگێ بەرەو مات بوون بڕوا. ئەمانە لە شەبەنگەکانیانە سیفەتگەلی جوانیان بۆ دەکار ئەبرد کە بتوانن شێوازی ڕەنگەکە بۆ من دەربخەن کە مەبەستیان چییە و ئەو جۆرە ناوبردنە کە گەرەکیان بوو لە ڕێگەی سفەتێکەوە ئاوەڵناوێکەوە گەرەکیان بوو شێوازی فیزیکی ڕەنگەکە بۆ من بنوێنن، وە باسی کەن بۆ من وێنای بکەن هەر بۆخۆی ئەوە ناوی ڕەنگێکی تازە کە خۆدئاگا یا ناخودائاگا بۆیان ئەوتمەوە.

لە زۆربەی کاتەکە کە وێنەی ڕەنگێکیان ئەکرد و ئەو ڕەنگەیان بۆ دەرئەخستم بۆ نموونە ئەیوت ڕەشێکگولوودا ڕزیاگبوو هەر ئەو ڕەشێ داڕیزاکە بۆخۆی وێنەی ڕەنگەکەی بۆ ئەکردم واتا ڕەشێک کە کاڵەوە بوو پرتووکیاگ یا ڕەشێک ئەیوت مەسەلەن ڕەشێک گول و پیس، هەر بۆخۆی ڕەشەگولەکە ڕەشیگول، ڕەشیپیس، ئەوە خۆی زۆر جوان باری فیزیکی ڕەنگکە، باری وێنای ڕەنگەکەی بۆ دەرئەخستم. ڕەنگە ئەو فەردە جارێکی تر ئەو ناوەی بەکار نەبردبێت. لە باس کردن لە ڕەنگێک، ڕەنگە هەر باو بێت و بە کاریشی بردبێ، بەڵام لەو حاڵەدا کە تەوسیفەکەیان بۆ من ئەکرد و وێنای ڕەنگەکەیان دەرئەخست، دانانی ئەو سفەتانە ئەو ئاواڵناوانە بۆ دەرخستنی

ڕەنگەکە بۆخۆی ناوێک بوو کە تێفی ڕەنگێکی بۆ دەرئەخستم و من خێرا یادداشتم ئەکرد و ئەمدیت دروستە. لە نەتیجە لە باری ڕێزمانییەوە چ لە باری کۆکردنەوەکە بێت، بۆ من ڕەنگێک دەربخەن و پێشانی بدەن و من تەجەسووسمی کەم هیچ کێشەیەکی تیا نیَ و من ئەمنووسیێوە.

**چۆن نەپرژایە سەر شێوەی بەکارهێنانی سەروشەکان لە ڕستەدا، ئایا ئەوەت بە پێویست نەزانیوە؟**

**وەڵام:** وشەکان و ناوی ڕەنگەکان ئەوەی لە نێو فەرهەنگی زارەکی بەیت و حەیران و مەتەڵ و کینایە و لیچار و گۆرانی و ئەوانە هەبووبێت بە کاریان بردبێت و بیستبێتم و گێرابێتەوە بۆم نووسیون. تەنانەت لە نێو فەرهەنگی نووسراوەشدا لە نێو کتێبە نووسراوەکانە ئەوانەی بەر دەستم کەوتوون و لێکۆڵینەوەم لێیان هەبوو، شەبەنگی ڕەنگەکانیش بە گشتی ئیتر وەکوو ڕستەیەکی ئاسایی کە بۆ هەموو وتوویانە بە فڵان شت ئەمە ئێژین. ئیتر ڕستەکە زۆر دووبارە ئەبۆوە و بەس ناوی ڕەنگەکان لێیدا جیاواز بوو، هەر لە بەر ئەوە بۆ هەموویانم دانەنا، بەڵام ئەوانەی کە لەنێو فۆلکلۆردا ئەو بەیت و حیکایەت و ئەو شتانە لەنێو فەرهەنگی نووسراوەدا لەنێو کتێبە نووسراوەکاندا هەبوو، ئەوانەم وەکوو مێسال بۆیان داناوە.

**وەڵام:** بەڵی هەموو ئەوانەی دیاری کراون، ئەوە ڕەنگگەلەکە تایبەتە بە ڕەنگی ئاژەڵ، کۆدیەک لە لایان دانراوە، بۆ نموونە کۆدی دوانزدە لە پاڵ یەکدا دەڕۆیتە دەسپێکەکە، وێنەی ئاژەڵەکەم داناوە کە دوانزە ئاژەڵی ڕەشبەڵەکە ئاوەیە، بۆ ڕەنگی ئاژەڵیش، بۆ ڕەنگی پێست و موو و قژ و خاک و سروشت و ئەوانە لە تەنیشتیان نووسراوە کە بە فڵان ڕەنگ بۆ فڵان شت بە کار ئەبریَ. تەنانەت بۆ فڵان پارچە و کاڵا بەکار ئەبرێت، لە لەلایانا نووسراوە ئەگەر ئەو تایبەتمەندیَ نەنووسرابێت بەس ناوەکە لەگەڵ شرۆڤە و کوودی ئینگلیسی ڕەنگە بێت. ئەوە ئیتر بە شێوەی گشتی بۆ هەموو شتیَ ڕەنگە بە کار ئەبرێت.

**وەڵام:** ڕەنگەکان بە گشتی کۆدێک لە لایانە بۆ نموونە؛ پەمبەیی ئاڵ چەندانە پیت و ژمارەی ئینگلیسی لە لا هەیە. ئەوە کۆدێکە ئەگەر بڕۆینە دەسپێکەکەی لە ئەو کوودە تەمەشای بکەین. شێوازی فیزیکی ڕەنگەکەش کە چ نوع پەنبەی ئاڵێکە لە کەنارکۆدەکە هێنراوە، ئینجا لە گووگەڵا لە هەر کوێنێک سیرچی بکەن ئەو کوودە بهێنن لە گووگڵا ئەیهێنێت کە ئەو کۆدە مەبەست ئەو ڕەنگەیە. ( تەواو).

# پێشنیار بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی

فەتحی مەلاعەلی مودەریس

شاردراوە نییە کە جیهان بە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە و مەترسیدار و مێژوویی تێدەپەڕێت، قۆناغێک پەیوەندی بە گشت کار و چالاکییەک و مەیدانێک و بوارێک هەیە، بە ئاستێک کە پێشبینی دەکرێت مرۆڤایەتی وەک بوونەوەرێکی ژیری هەزاران ساڵە کە خەریکی بونیادنان و دروستکردنی شارستانیەتە، خودی مرۆڤ خۆی دووچاری مانەوە و نەمانەوە دەبێتەوامی ئەو قۆناغە کە دوو مەودای زەمەنی و مەکانی لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

ئەو بارودۆخەی ئێستا بێگومان سەرەتای گۆڕانکارییە کتوپڕەکانە لە بواری زانستی ژیری دەستکرد و تەنیا زاناکان لە هەڕەشە و مەترسی تێگەیشتنیان بۆ هەیە، کە لەوانەیە ببێتە جێگرەوەی ژیری مرۆڤ، ئینجا ئێمە بە گرنگی دەزانین شرۆڤەیەکی بابەتیانە پێشکەش بە زمانی فەرهەنگسازی و دانانی فەرهەنگ بکەین لەبەر ئەوەی زمان و زارەکان و دەربڕینەکان وشەکان ڕستەکان وەک کەرەستەی خاوی هەر سیستەمێکی دانانی بنەماکانی چیپسی ئەلیکترۆنین، کە توانای هەڵگرتن و عەمبارکردن یاخود (خەزن)کردنی ئەو کەرستەی هەبێت بۆ ئەوەی ژیری دەستکرد بەکاریان بهێنێت بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک لەلایەن ئەو ئامێرەی بەکاری دەهێنین.

ئامێرەکان توانای ئەو کارەیان نییە بە بێ خەزنی زانیاری لەسەر زانستەکان و بوارەکانی ژیان بەبێ دابەزاندنی ئاپەکە وەک (deep seek ) یاخود(Chatgpt) کە ئەو شێوازەی بەرنامانە هەڵبەتە بە خێراییەکی بێسنوور هەڵدەستن بە دواگەڕان بۆ وەرگرتن و بەکارهێنانی سەرچاوەکان و فەرهەنگەکان .

لێرەوە دانانی فەرهەنگی زمان بە ڕێگای دیجیتاڵ ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە پاراستن و ناساندن و بڵاوکردنەوەی زاراوەکان و شێوازەکانی دەربڕین و ڕستە و وشەکان و ناوەکان لەسەر ئاستی جیهان و بڵاوبوونەوەی بۆ هەر بەکارهێنەرێک لە ئێستا و داهاتوودا. مەبەست لەو پێشەکییە هەوڵدانی خاوەن کارامە و تواناکانە لە دانان و نووسینی فەرهەنگ بە زمانی کوردی شان بەشانی نەتەوەکانی تر، کە دەزگاکان و ناوەندە ئەکادیمییەکانیان بودجە و تواناکانیان بۆ ئەو ئەرکە نەتەواتییە و زانستی خستۆتە گەڕ.

لە دیدگای ئێمەوە وەک خاوەن یەکەم فەرهەنگی تایبەتمەند بۆ دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە ژێر ناوی (فەرهەنگی ڕاوێژیار) کە تاکو ئێستا دووجار

چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە ٢٠١٨ / ٢٠٢٢ ، لەو ڕوانگەوە وەک خاوەن ئەزموونێکی چل ساڵە لە کاری زمانەوانی و نووسین و چاپکردن دەتوانین بابەتەکە خاڵبەندی بۆ بکەین وەک ئەولەویەت چ هەنگاوێک پێوستە ئەنجام بدرێت یاخود ڕاسپاردەکان کامانەن کە ببێتە مایەی دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر و سەردەمییانە بۆ زمانی کوردی؟

-یەکەم هەنگاو کە پێویستە ئەنجام بدرێت : حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانێک دەربکات بۆ زانکۆکان و ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و کەسایەتیە بەهرەمەندەکان بۆ سازدانی کۆڕبەندێکی گشتی بۆ دانانی فەرهەنگی زمانی کوردی.

-فەرمانەکە وەک هەنگاوی دووەم مەودایەکی دیارکراوی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کۆڕبەندەکە یاخود کۆنفراسەکە کە تێیدا لیژنەیەکە کارا و ئەزموندار ئەندامیەتی بکەن بۆ دانانی بەرنامەی کۆنفراسەکە.

-مەبەستی بەرنامەکە تەنیا دانانی فەرهەنگێکی گشتگیری کوردی بێت و نەچێتە وردەکاری جیاوازی دایلێکت یاخود جیاوازی بیروبۆچوونەکان.

-لەکاتی ئەنجامدانی کۆنفراس دەستەیەک لە تواناکان و مامۆستایان و شارەزایان پێک بهێنرێت کە کاتی دیارکراوی بۆ دابنرێت بۆ بەدیهێنانی پرۆژەکە بە دوو شێوازی:

١-شێوازی تەقلیدییەکەی دانانی فەرهەنگ و بودجەی تایبەت بۆ چاپکردن.

٢-شێوازە دیجیتالی کە تایبەتمەندی خۆی دەبێت و تواناکان و کۆمپانیای تایبەت بە ئای تی و ژیری دەستکرد ( Artificial Intelligent ) ئەرکە سەرەکییەکە لە ئەستۆ بگرن.

-ئەرکە قورسەکە لێرەوە دەست پێدەکات، واتە: هەر بڕیار و دەرەنجامێک دێتە ئاراوە پێویستە بە پراکتیکی کاری بۆ بکرێت و کاری پێ بکرێت لە گشت ناوەندەکانی خوێندن قۆناغ بە قۆناغ.

-بێگومان ئەو دەستەیە کەرەستە سەرەکی و بنەڕەتییەکەیان بەردەستە وەک فەرهەنگانی چاپکراو و باوەڕپێکراو و دانانی ئەو سەرچاوانە لە چوارچێوەیەکی زانستی نوێ و داخل کردنی بۆ نێو داتابیس و ئامێرەکان کە لە قۆناغی داهاتوودا لەژێر دەستدا بێت و بە سانایی لەلایەن هەر کەسێکدا بەکار بهێنرێت و ئینجا ئەو کەسە هەر ئاستێکی خوێندنی هەبێت.

-ئاماژەکان سەبارەت بە داهاتووی زانستەکان و بوارەکانی تەکنەلۆجیا و وەرگرتنی زانیاری و سەرچاوەکانی زانیاری دەچێتە چوارچێوەی ژیری دەستکرد،

جا لێرەوە گرنگی پێدان و هەوڵ و کۆششەکان پێویستە یەو ئاڕاستەیە بێت کە نەتەوەی کورد و چینی ڕۆشنبیران و بیرمەندەکانیان لەسەر ئاستی ئەو پیشکەوتنە دا بن کە جیهان دوا هەنگاوی جیهانگەڕایی تێپەڕدەکات و دەچیتە ویستگەیەک بەدەر لە هەموو پیشبینیەکان و ئەندێشەی مرۆڤ.

دوای ئەوەی ئەولەویەت و خاڵبەندی ئەو قۆناغەمان شیکردەوە بە شێوەیەکی کورت، بە گرنگی دەزانم پرسیارێک ئاڕاستەی خۆم و خوێنەر و هەر کوردێکی دڵسۆز بۆ خاک و نیشتمان و داهاتوویەکەی بکەم :

ئەگەر هاتوو ئەو هەنگاوانە لەبەر هەر هۆکارێک ئەنجام نەدرا، ئایا بە مەنتیقی دەزانرێت هیچ جولەیەک و دەستپێشخەریەک نەکرێت؟

ئەو پرسیارە دەبێت خاوەن ئەزموون و توانا و کارامەیی زمانەوانی وەڵامی بدەنەوە بە دەستکردن بەو پرۆژەیە هەر دەزگایەک و ناوندێکی ئەکادیمی و تەنانەت دەستپێشخەری تاکە کەسی وەک ئەوەی خۆمان هاتە ئەنجام دان بە دانانی فەرهەنگی ڕاوێژیار بۆ دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکان بە سێ زمان ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی ).

هەوڵی تاکەکەسی لەبەر نەبوونی ڕۆتین و فرەچەشنی لە بڕیاری نەگەیشتن بە یەک بۆچوون لە کاتی ئێستادا ئاسانتر و خێراترە، بەڵام ئەو هەوڵە دەبێت لایەنی دووەمی لەگەڵدا بێت وەک بە دیجیتاڵکردنی فەرهەنگەکە بە شێوازێکی پوخت و دروست.

# ڕەحمان جەوان
# لە ئەدەبیاتی کوردیدا فەرهەنگی گشتگیری زمانی کوردیمان نییە

لە ڕێکەوتی ٩ی ژوئێنی ٢٠٢٥ی زا. بڕێک پرسیار لە لایەن سەرنووسەری گۆڤاری زمان و زارەوە ئاراستەی بەڕێز کاک ئەمین گەردیگلانی کرابوون و نووسەر داوای جواب و شرۆڤەی لە هەمبەر کاری فەرهەنگ فەرهەنگنووسی لە بەڕێزیان کردبوو، جەنابی کاک ئەمینیش گەورەیی فەرمووە و ئەم پرسیارانەی ئاراستەی من کرد و داوای وەڵامی لە من کردبوو. ئەگەرچی من خۆم لەم بڕوایەدام کە گەورەیی و زانایی و ژیری کاک ئەمین لە ئاستێکی زۆر بەرز و بێهاوتادایە و وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ ئەو، کارێکی نە زێدە دژوار و گرینگە و وەک ئاوی خواردن واسە، بەڵام ئەم خواستەی کاک ئەمین جگە لە مەزناتی جەنابیان، هیچی تری تێدا شک نابەم. منیش بەو پەڕی سوپاس لە کاک ئەمینی عەزیز، بە پێی زانست و زانیاری کورت و کەمدەسەڵاتی وێم، وەڵامیان دەدەمەوە.

***بنەما و کۆڵەکەکانی نووسین و ئامادە کردنی فەرهەنگنووسی چین؟**

- هەر وەک ئاگاداران لە نێو کوردیشدا وەکی هەر نەتەوەیەکی دەر و دراوسێ و تەنانەت دوور، کاری نووسین و کتێب خولقاندن و زانست پێگەیاندن هەر لە کۆنەوە بووە و بێ بڕانەوەش درێژەی هەیە. جا با نووسین لە بواری شێعر و پەخشان و چیرۆک و پەند و مەتەڵ بێ یا فەرهەنگ و فەرهەنگنووسین، هەر کام لەم بوارانەدا وەستای قابیلی خۆی دەوێ و خامەی ڕەنگی پێ گەرەکە. هەموو لقێکی نووسینێ لە جێی خۆیدا و بۆ خوێنەری خۆی بەکەڵکە و تەنانەت کوتە کاغەزێکیش بێ، هیچ نەبێ

دەکرێ بابەتێکی لێ هەڵکڕێنێ و سوودی لێ وەرگری. من خۆم وەک کەسێکی کە مێژوویێکی دوور و درێژم لە سەر فەرهەنگ و نووسینی فەرهەنگگەلی جۆراوجۆر خەرج کردووە و تەمەنێکم لێ ڕابـواردووە، پێم وایە تا مرۆڤ هەست بە کەم و کەسری و نوقسان لە بوارێکدا نەکات، ڕەنگە دەس بۆ خامە نەبات و لە مێشکی خۆی نەنووسێ و ئەسەرێکی ئەدەبی نەیێتە خولقاندن و نووسین. زۆربەی نووسینەکان بە پێی نیاز و پێداویستی خولقاون و گووراون. جا نیازەکان دەکرێ لەم بارەوە لێکدانەوەی وشە و مانا کردنەوە بێ، یا فەرهەنگی لێکدانەوەی ناوچەیەکی تایبەت یا زاراوە و لەهجەیەکی زمانی بێ، یا زمانێکی زانستی تایبەت بێ. بۆ وێنە لە ناو کورد و ئەدەبیاتی کورددا، گەلێ فەرهەنگی (کوردی ـ کوردی) و (کوردی ـ عەرەبی) و (عەرەبی ـ کوردی) یا (فارسی ـ کوردی) و یا پێچەوانەکەی و یا زمانەکانی بیانی دی، نووسراون و دەنووسرێن. دیارە هەر کات کە دەتەوێ فەرهەنگێک بنووسی، دەبێ نەزر و نیازێکی تایبەتت لەم کارە لە دڵ و دەروونـدا ببێ، چوارچێوە و قەراغێکی بۆ دیار دەکەی و ئەم فەرهەنگ و وشەدانانەی کە لەم بارەوە، لەوەپێش نووسراون، کۆیان دەکەیتەوە و لێکیان دەدەیتەوە و کەموکووڕی و نوقستانی ئەوان دەخەیتە بەرچاو، تا بزانی ئەگەر تۆ ئەو کارە بکەی، چ کەلێنێکی تازە لەم بارەوە پڕ دەکەیتەوە و جیاوازی کارە نوێیەکەی خۆت دەگەڵ کارەکانی پێشوو دەبێ دە بەر چاو بگیرێ.

بۆ نووسینی هەر فەرهەنگێکی زمانی، کۆڵەکە و ئەستوونی سەرەکی سەرچاوەی نووسراوەی پێشوون، ئەو زمانەی کە بۆ ئەو فەرهەنگە دیار دەکرێ، ئەو دەڤەر و ناوچەی کە کارەکەی لێ بەڕێوە دەچێ، ئەو شەخس و کەسایەتییانەی کە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، ئەو هەلومەرجەی کە کارەکەی تێدا دەکرێ، و ڕەنگە هۆکاری دیش هەبن کە کاریگەریان بە سەر نووسینەوە هەبێ. بۆ وێنە ئایا مەبەست چ جۆرە فەرهەنگێکی زمانی بێ، ئایا تایبەتی دەڤەرێکی خاس و زار و لەهجەیەکی ناوچەیەکی بەرتەسکە یا چەند دەڤەر و ناوچە لە خۆ دەگرێ؟

هەموو ئەم پرسیارانە دەبێ ڕوون بکرێنەوە و کەرەستەی پێویستی بۆ دەسنیشان بکرێ و جا ئەوسا کاری نووسین دەس پێ بکات.

چەندان فەرهەنگی کـوردی، کـوردی لەوەپێش نووسریاگن: فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی گیوی موکریانی، هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار، فەرهەنگی مەردووخ، کارەکانی کاک ماجد ڕۆحانی لە زانستگای کوردستان و .... هەر کام لەمانە بە پێی

هەلومەرجی زەمانی خۆی کراون و سەرچاوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە و هەر کام لە گۆشە نیگای نووسەر و ژێدەری خۆی تەماشای مانای وشەی کردووە و لێی ڕوانیوە و هەمووشیان سوود و قازانجی خۆیان بووە و هەیە.

فەرهەنگی وەرقول و وشە کە فەرهەنگێ هەورامی - سۆرانین، پێوەندی هەیە بە شێوەزاری هەورامی و سۆرانییەوە. فەرهەنگی مەرگ و ژی بادینی - سۆرانی، ڕاستەو ڕاست گرێدراوە بە شێوە زاری زمانی بادینی و سۆرانی و هەتا دوایی. فەرهەنگی «کوڵکە زێڕینە»، کە وشەگەلی بادینی بۆ شێوەی سۆرانی لێک داوەتەوە، لە هێندێ شوێندا وێنە و نموونەی پەند و مەتەڵ و شێعری شاعیرانی وەک مەلای جزیری و فەقێ تەیران و چەند سەرچاوەیەکی دیکەمان کۆ کردۆتەوە، لە چوارچێوەی خۆیدا جێی سەرنج و بایەخە. لەم جۆرە میسالانەمان زۆرن و کاتی پتری پێ ناگرین.

***تا چەند فەرهەنگنووسی خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟**

– هەر وەک ئیشارەتمان پێدا، کۆی زمانی کوردی بە هەموو شێوەزار و بنزارەکان، وەکی کۆشک و تەلارێکی مەزن دەچێ کە هەر کام لە هۆدە و ژوور و دەر و دیوار و خشت و ئاجووری، دەکرێ بە لقێکی زمانی کوردی یا شێوە زارێکی زمانی کوردی بشوبهێندرێ، جا هەرچی تەلاری ئێمە مەزنتر و ڕازاوەتر بێت، دیارە پەل هەڵاویشتنیشی فرەتر و وشە و کەلیماتی زۆرتر و بەربڵاوتر لە خۆ دەگرێ و بەرەو زمانی یەکگرتوو زیاتر نزیک دەبێتەوە.

دیارە کاتێ کە ئێمە قسە لە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکەین، ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ و زەمان و بواری خۆی پێ نیازە، ڕەنگە بەم زوانە نەگەینە ئامانج و ڕێگەی ئەو هەوارە فرە سەخت و هەوراز و لێژ و هەڵدێرە و چەتوونە. بەڵام نەکردەنی و نەشودەنی نییە و ڕۆژێک دێ و دەبێ هەموو کورد بە گشتی لە گوفتمان و گۆتن و ئاخاوتنی ناوچە بەربڵاوەکانی کوردستان بە گشتی تێبگەن و پێی پێبگەن.

***وشە و زاراوەی خۆماڵی و ناوچەگەری تا چەند سوودی دەبێت بۆ زمانێکی پێوەری کوردی؟**

– ڕوون و ئاشکرایە وەکی باس کرا هەر فەرهەنگ و قامووسێک کە دەنووسرێ، بە پێی نیاز و پێویستی و هەلومەرجی ناوچە و دەڤەری خۆی و ئەو سەرچاوە و چاڤکانی و خەڵکانەی کە وتووێژیان دەگەڵ دەکرێ، کۆ دەکرێتەوە و دەچێتە ناو

دووتوێی فەرهەنگەوە و سبەی ڕۆژ دەبێتە کتێب و بە هەموو شار و شارۆچکە و دێهات و خاکی وڵاتدا بڵاو دەکرێتەوە و ئەمەش گەلێ سوودی لە سەر پەرە پێدانی وشەی ناوچەیی دەبێ و لە لێکدانەوە و تێگەیشتن و فامین زۆر کاریگەری لە خۆی بەجێ دێڵێ.

***ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یا ئامادەی دەکرێن، تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟**

– ئێمەی کورد زۆر بە ناشکوری دەڵێم، کەسێکین کە لە مێژوودا غەدر و زۆر و تادامان لێ کراوە و خاک و وڵاتمان بە سەر چەند وڵاتی بێگانەدا دابەش کریاگە و بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەمە ڕاستی و حەقیقەتێکی ڕوون و ئاشکرایە و دەبێ دەگەڵی بسازێین و بسووتێن. ئەم تێکەڵی دەگەڵ نەتەوەی تورک، عەرەب، فارس، ئەگەرچی لایەنی زیانی گەلێ گەلێ زۆرە، بەڵام لە بواری زمانی دەکرێ بە چاوێکی دی تەماشای بکەین و لێی بڕوانین. بۆ وێنە کوردستان خاکێکی بەرفرە و بڵاو دابەش دابەش و زۆرە. ئەمەش وای کردووە کە لە ناو کورددا زاراوەگەلی جۆراوجۆر و شێوەزاری گوفتمان و پەیڤینی ناوچەیی تا بڵێی زۆر بێ. بۆ وێنە کاتێ باسی شێوە زاری سۆران دەکەی، هەر لە مەهاباد و شنۆوە دێتە خوارێ و تا سەقز و دیواندەرە و سنە و سلێمانی و هەولێر و ... هەمووی وەک سۆران لێکحاڵی دەبن و کەسێک گرفت و کێشەی زمانی ئەوتۆی نییە. بەڵام هەر ئەم سۆرانەش جاری وایە خۆی لە ناو خۆیدا بە شێوەی سەیر و سەمەر، جیاوازی کەلامی و گوفتمانی و شێوەی دەربڕین و ئەدا کردنی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانی کورد. خاڵێکی دیش لەم بوارەدا جێی سەرنجە، ئەویچ لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ زمانی هاوبەش و زمانی جیاوازمان هەیە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی زمانی دێتە ئارا و ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زەنگینی زمانی کوردی.

***تا چەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زاراوە و بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە؟**

– لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا تا نهۆ گەلێ فەرهەنگ نووسراون، بەڵام هیچ کامیان ناکرێ ناوی « فەرهەنگی گشتگیری زمانی کوردی» لێ بنرێ. چون بە پێی ناوەکەی

فەرهەنگی گشتگیر دەبێ هەموو زارەکان و بنزار و قسە و قسەڵۆکی ناو گەڕەک و تاخی هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستان بە هەر چوار یا پێنج پارچەکەی لە خۆ بگرێ، کە تا ئێستا شتی وا نەکراوە و کەس نەبووە بەردێکی وا چەند تۆنی و چەند سەد تۆنی هەڵبگرێ و ڕەنجێکی ئاوا بداتە بەر شانی خۆی.

***تا چەند فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لە فەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەمەند بوونە؟**

- من کە خۆم چەندان فەرهەنگم لە سەر بابەت و ناوەڕۆکی جۆراوجۆر کۆ کردۆتەوە و کارێکی فرەم لەم بوارەدا کردووە، بە دەلیلی ئەوەی کە خۆم بواری ئەدەبی و ئەدەبیاتی زمانی کوردی یا فارسیم نەخوێندووە، لەگەڵ وشەی « فەرهەنگی زانستی یا یاسایی» زۆر نزیکیم نییە و نازانم بە چ فەرهەنگێک دەڵێن زانستی یا یاسایی؟ بەڵام بە پێی تێڕوانینی خۆم زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکانی لە بواری دەستووری و ڕێزمانی کەم و کووڕی‌یان تێدا دەبینرێ و ئەم بوارەیان دە بەرچاو نەگرتووە.

***پێشنیار و ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی؟**

- شتێک لە دڵمدا هەیە ئەگەر بیدرکێنم دەترسم بچێتە بواری تاریف و پەسند و شتی واوە، جا خوداش دەزانێ و خۆم پێی لێ دەنێم کە هەرگیز ئەم بوارەی باسەکە لە دڵی مندا نییە و نابێت. بۆ نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر دەبێ کۆڕێکی زۆر باڵا و دەسەڵاتدار و دەسڕۆیشتووی ئەدەبی ئەم ئەرکە ڕابپەڕێنێ و بە ئەنجامی بگەیەنێت. ئەم ئیشە کاری تەنیا کەس و تاقە فەرد نینە. چۆن هەر وەک عەرزم کردن ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ و ڕەنگە بە دیجلە و فوراتیش خۆش نەکرێ.

بەڵام وەک تەجروبەی خۆم، من کارێکی وام کردووە کە دەکرێ ناوی لێ بنێی « فەرهەنگێکی نیوە گشتگیری زمانی کوردی»، بۆ وێنە من چەند فەرهەنگێ کە لە بواری شێوەزاری سۆرانیدا نووسراون، هەموو کۆ کردوونەوە، هەمووم تێکەڵ کردوون، ئەمە خۆی لە خۆیدا فەرهەنگیی زۆر نایابی سۆرانی لێ کەوتۆتەوە و هەم لە بواری سەرواژە و کەلیمات و هەمیش لە بواری مانای لێکدراوە، گەلێ فەرق و جیاوازی دەگەڵ تەک تەکی ئەوانەی پێش خۆی هەیە. لە سەر شێوە زارەکانی: بادینی، هەورامی، لەکی و کەلهوڕیش هەر ئەم کارەم کردووە و ناوم لێ ناوە «

فەرهەنگی نەورۆز». ئەم فەرهەنگە هەمە چەشن و هەمە زاراوە و گشتگیرە بە پێی پتر لە (٢٥٠ ) سەرچاوەی فەرهەنگ و دیوانی شێعری شاعیران و کتێبی پەند و بەیت و بالۆرەی پیرە پیاوان و پیرێژنان، تا نهۆ (١١٥٠٠) لاپەڕەی لێ نووسراوە و کارەکەیچ بەردەوامە و درێژەی هەیە. ڕەنگە سەیر بێ بڵێم کە وێنەی لە ناو کورددا تا ئێستاش نەکراوە و نەبووە. بەشی زۆری فەرهەنگەکان لە (١٠٠٠) لاپەڕە تێپەڕ نابن، لە شەست بۆ حەفتا هەزار سەرواژە پتر نین. من ئەم ڕادەیەم گەیاندووە بە ( ٣٠٠ ـ ٤٠٠ ) هەزار سەرواژە و لە هەر ڕووپەڕێکی دا پتر لە بیست وێنەی شێعر و پەند و مەتەڵ و قسەی قەدیمی و نموونەی نووسراوەی بۆ سەلماندن بەکار براوە. دەکرێ بڵێم ئەوەی کە نەمر دێهخودا بۆ فارسەکانی کردووە و ٣٢ بەرگ فەرهەنگی بۆ کۆ کردوونەتەوە، منیش لە جێی خۆیدا وەها کارێکم کردووە و بە تاقی تەنێ، پتر لە ٢٥ ساڵە خەریکی وەها ئیشێکم. بەو هیوایەی ڕۆژێک چاپ و بڵاو بکرێتەوە و ڕێخۆشکەر بێ بۆ نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیری زمانی کوردی.

# ڕۆڵی فەرهەنگ
# لە زماندا

قەندیل شیخبزینی

یەکێک لە پێویستی و گرنگییەکانی زمان فەرهەنگە. فەرهەنگ گەنجینەی وشە و زاراوەی زمانە. هیچ زمانێک بێ فەرهەنگ نابێت، بە واتایەکیتر بۆ هەر زمانێک فەرهەنگ بارخان و ئەنباری ئەو تێرم و واژانەیە کە هەڵگری واتای ئەو زمانەن. فەرهەنگی هەر زمانێک بە گوێرەی دەوڵەمەندی و خزمەتی کە بە وشە و واژەی ئەو زمانە کراوە دەگۆڕێت یانیش جیاوازە. دۆخی سیاسی، مێژوویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی هتد.. ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینین لە دەیس و فۆڕم یان چوارچێوەی فەرهەنگی هەر زمانێکدا.

زمانی کوردی بەو قوڵاییەی لە ڕووی مێژوویی و فرەزاری و ژینگەی کۆمەڵایەتی کە هەیەتی، دۆخی جیاواز و تا ڕادەیەکیش ئاڵۆزی هەیە. لەو سەدساڵەی ڕابردوو کە جوگرافیای جیهان دابەشکرا بە سەر فۆڕمی دەوڵەت–نەتەوە و کوردیش وەکو یەکێک لە گەورەترین و دیارترین نەتەوە، بێبەش کرا لە سەروەری دەوڵەت و سەردەستی و خۆزادی خۆی، بە پێچەوانەوە دابەشی سەر چوار دەوڵەتی دروستکرا کرا، ئەو دۆخە پارچەکردنە و ژێردەستیەی کورد، پێش هەمووشت کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر توانەوە و ئاسیملەکردنی زمانەکەی بە شێوەی جیاواز لە هەر پارچەیەکدا. ئەم دۆخی پارچەکردن و سیاسەتی توانەوەی شوناس و زمانی کوردی لە ناو سێ زمانی جیاواز و ژینگە و کەلتوری جیاوازی عەرەبی و فارسی و تورکیدا، هەروەها سیاسەتی ئینکاری کردن و قەدەغەکردنی زمان و شوناسی کوردی، وەکو نەتەوەیەکی خاوەند خاک و جوگرافیا، هەم زمانی کوردی ناچالاک و پاسیڤ کرد، هەم بووە هۆی ئەوەی زارەکانی کوردی زیاتر لە یەکتری بێگانە بن و پەیڤ و تێرمەکانی لێک جیاواز و دوور بکەونەوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆکارێک کە فەرهەنگی کوردی پەرش و بڵاو بێت و تا ڕادەیەکی زۆریش نایەکتا بن.

**ڕەنگە پرسیاری یەکەم ئەوە بێت کە چی بکرێت باشە؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە من و هیچ فەرهەنگنووس یان زمانناسێکیش نەتوانێت بە ڕەهایی وەڵامێکی «نوقتە سەری دێر» بڵێت، ئەوەی هەیە بۆچوون و تێڕوانینی کەسییە بۆ ڕەهەندەکان و فرە لایەنکانی ئەم وەڵامە. بە دیدی من وەکو فەرهەنگنووس و ئاگادارێک لە بواری زماندا، دەبێت دەیس و فۆڕمی کارکردن لە زمانی کوردی و فەرهەنگنووسی کوردیدا، چوارچێوەیەکی جیاواز و ژینگەیەکی جیاوازی هەبێت. لە هەموو زارەکانی کوردیدا و بە تایبەت لە زاری سۆرانی و کورمانجیدا، فەرهەنگی زۆر نووسراون و بە چاپ گەیشتوون. بەڵام کەمتر کاری ئەکادیمی و فەرهەنگی زانستی بوونە. ئەگەر ڕێم بدەن من زیاتر لە

فەرهەنگ، ناوی دەنێم «وشەنامە یان وشەدان» ئەمەش لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی کەمتر تیا بەدی دەکرێ و زیاتر کۆکردنەوەی وشە و واژە(تێرمەکان) بوونە. لە لایەکیترەوە کارەکان زیاتر تاکەکەسی و گرێدراوی زەمان و مەکانی خۆی بوونە. ئێمە وەکو فەرهەنگی کوردی دەبێت چەند بوار هەن ڕەچاویان بکەین و سوود لەو ستاندارد و فۆڕمە تازانەی بواری فەرهەنگنووسی ببینین کە لە جیهان و دونیای نوێگەریدا هەیە. جگە لەوە دەبێت ڕەچاوی پاشخان و بارخانی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی بە هەموو زارەکانیەوە بکەین، کە بەم شێوەی لای خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین.

١- بۆ نووسینی فەرهەنگ لە چوارچێوەی تاکەکەسی دەربچێت و کاری کۆمینال (دەستەجەمعی) بێت، واتا ناوەندێکی ئەکادیمی یان زانستی کاروەری بێت.

٢- کەسانی فەرهەنگنووس پێویستە هەم شارەزای زمانی کۆنی کورد بن و هەم شارەزای زارەکانیتری کوردی بن.

٣- پێویستە فەرهەنگنووس شارەزای زانستی زمان بێت، لە فۆنۆلۆژی تا مۆرفۆلۆژی، سەمانتیک و پراگماتیک هتد.. واتا ناکرێت بێ شارەزایی تەواو لەو بوارانە، فەرهەنگ بنووسێت و کارێک بکات لە چوارچێوەی ئەکادیمی و زانستیدا جێیەک بگرێت.

٤- پێویستە ڕەچاوی لایەنە زانستییەکانی فەرهەنگنووسی بکات و لەو چوارچێوەیەدا ئۆرگانیز و ئانالایز و ستانداردیزی بکات. واتا چوارچێوەی ئەکادیمی هەبێت.

٥- سود وەرگرتن لە وشە و تێرمە کۆنەکان و فۆرمیزەکردنی بۆ واتە و مەبەستی نوێ لە زمانی نوێدا، زیندوو و چالاک بکرێنەوە.

٦- بە پێچەوانەی تیئۆرییە کۆنەکان، پێویستە تاک فەرهەنگی، دابەش بکرێتەوە سەر هەموو ڕەهەند و بوارە جیاجیاکاندا، واتا هەر بوارێک فەرهەنگی خۆی هەبێت وەکو: فەرهەنگی تێرمەکانی ئابوریی، سیاسیی، سەربازیی، پزیشکیی، هونەری، فەلسەفی، زانستی، ئەدەبی، پیشەسازی، بیناسازی، بازاڕی، ئەلیکترۆنی هتد...

٧- ئەم خاڵەیان من زۆر بە گرنگی دەزانم ئەویش ئەوەیە کە بۆ هەر واتا و مەبەستێک، هێز و واتای ئەو وشە یان تێرمە رەچاو بکرێت، کە ئاستی زمان و مەبەستەکە بڵند و تێر دەکات، ئینجا ئەو وشە یان تێرمە کوردی یان بیانی بێت گرنگ نییە، واتا ئەو بیرکردنەوە هەڵەیە وەلا بنرێت کە دەبێت ئەو وشە یان تێرمە هەر کوردی، ئەگەر چی واتا و مەبەستەکەش تێر نەکات و ئاستی زمانیش بڵند ڕانەگرێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر وشە یان تێرمێکی بیانی مەبەست و واتاکە تەواو و تێر دەهێنێتە گۆ، سەدبار باشتر و گرنگترە لە وشە یان تێرمە کوردییە کە ئاستی واتا و مەبەست تێر ناکات. بەڵام خۆ ئەگەر وشە یان

تێرمە کوردییەکە واتا و مەبەستەکەی تەواو و تێر کرد، ئەوا هەزار بار لە لە وشە بیانیەکە باشترە.

٨- یەکێکیتر لە تایبەتمەندیەکانی فەرهەنگ، وشەسازی و تێرمسازییە. زمان بە گشتی پرۆسەیەکی داینامیکییە، زەمەن و سەردەمی نوێ، پێشەکەوتن و وارکەوتنی ژیان، ئەرکێکیتر دەخاتە سەر زمان کە ئەویش تێرمی نوێیە. هەڵبەت لە چاوچێوەی دەزگای ئەکادیمی و زانستیدا.

٩- لە تەک وشەسازی و تێرمسازیدا، سود لە وشە و تێرمە ناکوردیاکنیش ببینرێت بە تایبەتی لە بوارە تازەکاندا.

١٠- لە ژیانی مۆدەڕن و شارژیانیدا، تێرمی کورت و جوان، وشەی ئەستیک و باو، ڕۆڵێکی گرنگ لە سەر دەروون و خواستی ئاخێوەر دەبینێت و گرنگە لە ستانداردکردنی وشە و واتادا، ئەم خاڵە بە هەند وەربگیرێت و زۆریش گرنگ ببینرێت.

١١- بێژنگکردن و داینامکزەیی زمان یەکێکیترە لە ئەرکەکانی فەرهەنگی، واتا وەکو هەموو زمان زیندووەکانی جیهان، لە زەمەن و پێوستییەکانی ڕۆژگار، تێرمەکانیش گۆڕانکاریی بەردەوامیان تێدابکرێت و کەسانی زۆر زمانناس و زانستکار لەو بوارەدا کاروەر بن.

١٢- ئەگەر ئەمە وەکو خاڵی کۆتایی دابنێم، زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد کە تا ئێستا خاک و زمان و جوگرافیا پارچەکراوین و بێدەوڵەتین، هەوڵ بدرێت تێرمەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، ستاندارد و یەکتا بکرێن. ڕەنگە زمانی ڕاگەیاندن کە زۆر چالاک و ڕۆژەڤە و هەروەها ئاسان و کردارییە، وەکو هەنگاوی دەستپێک یەکتا و ستاندارد بکرێت. واتا ڕاگەیاندنێکی، بینراو، بیستراو یان خوێنراو، لە هەر زار یان پارچەیەکی وڵاتدا بێت، یەک تێرم و وشە دەکاربێت. بە گشتی ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد و ئاماژەمان پێدان، ڕەنگە چەند وشە و مەبەستێکی سەرەتایی بن بۆ کارێکی گەورەتر و ستراتیژێکی قوڵتر کە زۆر گرنگە لەمڕۆوە دەستی پێبکەین. هەڵبەت هیچ کارێک و بە تایبەتی بواری زمان، بە بێ ئیرادەی حکومەت و ستراتیژی دەسەڵات ناکرێت و پایەدار نابێت، بۆیە زۆر گرنگە دڵسۆزان، زمانناسان و حکومەت پێکەوە لە خەمی دەردێکی گەورە و قەدەرێکی ئەساسی کورد وەکو نەتەوە و کوردستان وەکو جوگرافیادا بن. چونکە لە سەردەمی چەند ساڵی داهاتوو و هایپەر مۆدێرندا، تەنها شتە کوالیتییەکان لە مەیدانەکاندا دەمێننەوە، زمانی کوردی بەم بێکەسی و دابڕاوییەی لە کارایی ژیانی زانستی و نوێگەریدا، ڕەنگە توشی خەتەری و قەدەری نەخوازراو ببێتەوە کە تاکە هۆکاری ئەو قەدەرەش تەنها و تەنها خۆمان بین.

*** فەرهەنگنووس و ئەتیمۆلۆگ**

# بنەما و کۆڵەکەکانی نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگنووسی چین؟

سەربەست قادر حەمە

**و/ بنەما و کۆڵەگەکانی فەرهەنگنووسی شارەزاییە لە زانستی فەرهەنگنووسی، داڕشتنی بەرنامە و ڕێبازێکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی دانەکانی زمان و دواتر پۆلێنکردنیان بۆ پۆلە جیاجیاکانی وشە و زاراوە، هەروەها دیاریکردنی بواری بەکارهێنانی هەر وشە و دەستەواژەیەک بە پێی ئەو دۆخ و دەوروبەرەی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە بەکاریدەهێنێت، پاشان لێکدانەوەی واتایی بۆ هەریەک لە دانەکانی زمانەکە و هەڵسەنگاندنیان بە مەبەستی چالاکبوون و بەکارهێنانیان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا.**

زمانە زیندووەکانی دنیا فەرهەنگنووسی وەکو کۆگایەک بۆ پاراستنی دانەکانی زمان بەکاردەهێنن، زمان ئەگەر تەنها لە شێوەی ئاخاوتندا بمێنێتەوە ساڵانە و بە پێی تێپەڕبوونی کات لەگەڵ لەدایکبوون و هاتنەناوەوەی وشە و دەستەواژەی نوێدا، وشەگەلێکی لێدەمرن و دەچنە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووەوە، لێرەوە گرنگیی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسینمان بۆ دەردەکەوێت، کە هۆکارێکە بۆ زیندوومانەوەی دانە جیاوازەکانی زمان و کۆگاکردنیان بۆ ئەوەی هەر کاتێک ئاخێوەری زمانەکە پێویستی پێیان بوو، چ بەمەبەستی توێژینەوە، چ بۆ سودلێبینینیان بەمەبەستنی داڕشتن و هەڵهێنجانی وشە و دەستەواژەی نوێ، بتوانێت بگەڕێتەوە سەریان.لە گرنگترین بنەماکانی نووسنی فەرهەنگ، بە پێی توانا بەسەرکردنەوەی هەموو ئەو فەرهەنگانەیە، کە تایبەت بە زمانێک نووسراون، جا چ فەرهەنگی وەرگێڕدراو بێت لە زمانێکی ترەوە، یان فەرهەنگی لێکدانەوەی واتا لە هەمان زماندا، فەرهەنگەکانیش چ کۆن بن، چ نوێ هەریەکە و گرنگیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، نووسەری فەرهەنگ نابێت تەنها پشت بە فەرهەنگەکان ببەستێت و بەس، چونکە زۆر دانەی زمان هەیە، بە تایبەت ئەو دانانەی لە ناوچە دورە دەستەکاندا بەکاردێن، یان ئەو دانانەی ناچالاک و کەمبەرکارهاتوون، دەکرێت لە فەرهەنگەکاندا تۆمارنەکرابن، بۆیە گرنگە لە کاتی نووسینی فەرهەنگدا ئەوپەڕی وردەکاریی لە کۆکردنەوەی زۆرترین دانە و زۆرترین واتادا بکرێت، چونکە هەر دانەیەکی زمان مرد، یان شوێنبزر بوو، بە ئاسانی نایەتەوە گۆڕەپانی بەکارهێنن و سودلێبینین.

پاشان بەراوردکردنی هەر دانەیەکی ناو فەرهەنگەکان بە دانە چالاک و زیندووەکانی سەر زمانی ئاخێوەرانی زمانەکە، بۆ دڵنیایی لە ڕاستێتی وشە، دەستەواژەکان و بوار و مەودای بەکارهێنان و، دڵنیایی لە واتا ڕووکەش و قووڵەکانیان، چونکە بەشێکی زۆری وشە و دانەکانی زمان زیاتر لە واتایەک و زیاتر لە بوارێکی بەکارهێنانیان هەیە و، ئەگەر کەسی شارەزا بە کارامەیی و سەلیقەیەکی تەواوەوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات، ئەوا لە جیاتی سود، زیان بە کارەکە دەگەیەنێت

**پ/ تا چەند فەرهەنگنووسی خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات؟**

**و/** بێگومان فەرهەنگنووسی و بوونی فەرهەنگێکی یەکگرتووی گشتگیر لە باشترین خزمەتەکانە بە زمانی یەکگرتووی کوردی، چونکە هۆکارێک دەبێت بۆ پێکەوەبەستنەوەی لایەنی زمانی، کۆمەڵایەتی، ژیاری و ڕۆشنبیریی خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان.

بمانەوێ و نەمانەوێ دوای دابەشکردنی کوردستان و داگیرکردنی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، تاکە بەستەرەوەی هەموو پارچە و ناوچەکانی کوردستان، چ کوردستانی گەورە بێت، چ ئەو ناوچە و کۆمەڵانەیشی، کە پەڕاگەندەی وڵاتانی تری جیهان بوون، زمانەکەیە و، تاکە ئامرازی لێکتێگەیشتن و ناسنامەی ناسینەوەی هەموو تاکەکانی ئەو گەلەیە، کە هەموو تایبەتمەندییە مرۆیی و نەتەوەییەکانی کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی گۆڕین و لەناوچوونەوە، جگە لە زمانەکەی، کە هەرچەندە ئەویش لە ژێر چەپۆکی شاڵاوێکی نادیدەگرتن و پەراوێزخستنندایە، بەڵام تا ئێستا توانیویەتی شان بە شانی زمانە چالاک و زیندووەکانی جیهان هەنگاوبنێت و خۆی نوێ بکاتەوە.

کەوابوو فەرهەنگنووسی، بە تایبەت ئەگەر فەرهەنگێکی گشتگیر و یەکگرتوو بێت و تایبەتمەنی و شەقڵی وشە و دەستەواژەکانی هەموو ناوچەکانی تێدا لەبەرچاوبگیرێت، دەبێتە گەورەترین خزمەتێک بۆ پاراستنی زمانی کوردی بە هەموو زار، شێوەزار، لکەزار و بنزارێکانییەوە، لە هێرشی وڵاتانی ستەمکار و داگیرکەری کلتور و ئەدەب و ڕۆشنبیری.

زمان چەندە پارێزراوتر بێت، نەتەوە، خاک و نیشتمان پارێزراوتر دەبن، ئەوەی بە درێژایی مێژوو کوردی هێشتووەتەوە پاراستنی خاکەکەی نەبووە لە داگیرکردن، بەڵکو پاراستنی زمانەکەیەتی لە کاریگەریی زمانەکانی تر تا ئاستی تواندنەوەی، چونکە ئەگەر کورد زمانەکەی لەناو زمانەکانی تردا بتوایەتەوە، هەرچەندە خاکەکەیشی داگیرنەکرایە، لە ڕێگەی تیاچوونی زمانەکەیەوە، هەستی نەتەوایەتی و شوناسی سەلماندنی کۆنێتیی لەدەستدەدا و، ئێستا دەمێک بوو وەک زۆرێک لە وڵاتانی داگیرکراو، ناسنامەی خۆی ونکردبوو.

**پ/ وشە و زاراوەی خۆماڵی و ناوچەیی تا چەند سودی دەبێت بۆ زمانێکی پێوەری کوردی؟**

**و/** هیچ وشەیەک نییە لە زماندا بێکەڵک بێت، جا وشەی کۆن بێت، یان نوێ، هەموو وشەکانی زمان بە هەموو زار، بنزار و شێواز و ناوچەکانەوە دەکرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی زمانەکە و پاڵفتەکردنی زمانەکە لە وشەی بێگانە و وشەی تازە داتاشراوی ناڕوون.

بۆ نمونە لەم ساڵانەی دواییدا دەیان وشە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، کە نەتوانراوە بەرامبەر هیچیان وشەی کوردی دابنرێت، لە ڕێگەی سودبینین لە وشەی هەموو زار، بنزار و ناوچەکانەوە دەکرێت وشەی جوان، ڕەسەن و پڕواتا بۆ هەر وشەیەکی نوێ و تازەباو دروستبکەین، نەک ڕاستەوخۆ لە زمانی بیانییەوە وەریبگرین.

زارەکانی زمانی کوردی داشکراون بەسەر چوار زاری سەرەکیدا، هەریەکە لەم زارانە خاوەنی چەندین شێواز، لک و بنزارە، کە تەنها کەسانی گەڕیدە و گەشەیاری بە سەلیقە دەزانن دنیای فەرهەنگە زیندوو (زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە)ەکەی زمانی کوردی، چ فراون و دەوڵەمەندە، چونکە هیچ ناوچە و کەنارێکی ئەم وڵاتە نابینیت، لە ئامراز، وشە، ڕستە و واتادا خاوەنی تایبەتمەندیی خۆی نەبێت.

ئەوانەی دەگەڕێن و بە وردی ئاخاوتنی خەڵکی ڕەسەن و خاوەن سەلیقە دەپشکنن، دەزانن کورد خاوەن چ سامانێکی نەتەوەییە، کە تا ئێستا نەتوانراوە سود لەم سامانە پڕ گەوهەرە وەربگیرێت، بۆ پێکەوەنانی زمانێکی تەواو دەوڵەمەند بە وشە و زاراوەی ڕەسەن و ڕوون و لەبار.

زمان سروشتێکی خودکار و بەرهەمهێنی هەیە، واتە لەگەڵ هەموو کات و سەردەمێکدا دەتوانێت خۆی بگونجێنێت، بەڵام بەداخەوەم، کە ئاخێوەرانی زمانەکە ناتوانن وەکو پێویست سود لە تایبەتمەندی و خۆشبەدەستەوەهاتنی زمانەکە وەربگرن و ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی بە هۆی پێشکەوتن و داهێنانە نوێیەکانەوە دێنە کایەوە، پڕبکەنەوە و، وەکو باوانی ڕەسەنمان سود لە وشە ماک و ڕەسەنەکانی زمانەکە وەربگرن بۆ داتاشین و هەڵهێنجانی وشە و دەستەواژەی نوێ بەرامبەر بەو وشانەی لەگەڵ بەرهەم، بیر، کاڵا و پێویستییە نوێیەکاندا دێنەناو زمانەکەوە.

تۆ بڕوانە باوانی ئێمە، هەرچەندە بە پێی پێوەری نوێ خاوەن ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەکی ئەوتۆ نەبوون و لە ناچەیەکی بەرتەسک و داخراودا ژیاون، بەڵام بە دنیابینی و زەینڕوونیی خۆیان سەدان و هەزاران وشە و دەستەواژەی کوردیی وایان داڕشتووە، تا ئێستا و بۆ تا هەتایەیش بەکاردەهێنرێن و دەتوانن خۆیان بگونجێنن، بەبێ ئەوەی لە خۆیان دامابن و پەنایان بۆ وشەی بگانە بردبێت.

بە دەگمەن دەبینیت وشە و زاراوەیەکی کۆن مۆرکی زمانێکی تری پێوە بێت، یان ناڕوون و لاسەنگ بێت، کەچی بەشێکی زۆر لەو وشە و دەستەواژە نوێیانەی دروستکراون، هەرچەندە لەلایەن کەسانی شارەزای بوارەکەیشەوە داتاشراون، کەچی

هەموان وەکو یەک دانیان پێدا نانێن، ئەمەیش هۆکاری زۆرن، کە هەندێکیان بۆ بیری تەسکی ناوچەگەرێتی و خۆخۆریی دەگەڕێتەوە.

**پ/ ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن، یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟**

**و/** ئەوانەی فەرهەنگی بیانی وەردەگێڕن ئەگەر بتوانن لە ڕێگەیەوە وشە کۆن و ڕەسەنەکانی زمانی کوردی چالاک و زیندووبکەنەوە، بێگومان خزمەتێکی زۆر باش دەکەن، بەڵام ئەگەر کارەکەیان تەنها لە چوارچێوەی وشەداتاشین و بەکارهێنانەوەی وشەی سواودا بێت، ئەوە بێگومان نەک خزمەت، بەڵکو زیان بە زمانەکەیش دەگەیەنن.

هەر زمانێک خاوەن ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندیی خۆیەتی، لە وشەڕۆنان، داتاشین، هەڵێنجان و نوێکردنەوەدا، کەوابوو مەرج نییە هەموو وشەکانی زمانێک لە زمانێکی تردا هەبن، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، کلتور، ژینگە، سروشت و زۆر لایەنی تر کاریگەرییان لەسەر زمان و دانەکانی زمان هەیە، بەم پێیەیش بە پێی ئەو خاڵانەی سەرەوە زمانەکان تایبەتمەندی وەردەگرن و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لەیەکناچن، بۆیە وەرگێڕانی فەرهەنگی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی، بە شێوەیەکی گشتی و لە هەموو ڕوویەکەوە خزمەت بە زمانی کوردی ناکات، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت، کە هەندێک لەو وشە و دەستەواژانەی لە زمانەکەی خۆماندا نییە و پێویستمان پێیانە، وەربگێڕدرێن، بۆ نمونە وشە زانستییەکان، بە مەرجێک لەگەڵ تایبەتمەندیی و سروشتی زمانەکەماندا بگونجێت، یان ئەگەر شیاوی وەرگێڕانیش نەبوون، بە هەمان واتای خۆی و بە ملکەچکردنی بۆ لایەنی دەنگسازی و شێوازی گۆکردنی زمانی کوردی وەربگیرێت و سودی لێببینرێت.

وەکو دەیبینین ئێستا لە پەرتووکخانەی کوردیدا ژمارەکی زۆر فەرهەنگی وەرگێڕدراو هەن، بەڵام ئەمانە هێندەی بۆ کاری وەرگێڕان و فێربوونی زمانی بیانی سودیان لێدەبینرێت، هێندە بۆ بەهێزکردنی زمانی کوردی سودیان لێنەبینراوە، هەروەها هێندەی فەرهەنگەکانی لێکدانەوە و شیکردنەوەی وشە و دەستەواژە کوردییەکان (کوردی – کوردی) خزمەتیان بە زمانەکە نەکردووە، چونکە ئەم فەرهەنگانە کۆکراوەی وشەی زمانێکی بیانین و لەسەر بنەمای زمانەکە خۆی دانراون و لە وەرگێڕانیاندا پێوستە بابای وەرگێڕ زۆر ورد و شارەزا و بەتوانا بێت، ئەگینا، سودێکی ئەوتۆ بە زمانی کوردی ناگەیەنێت.

**پ/ تا چەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زارو بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە؟**

**و/** ئەوەی تا ئێستا هەیە بە شێوەیەکی گشتی کاری تاکەکەسییە، نەیتوانیوە هەموو سنور و ناوچەکان ببڕێت و فەرهەنگێکی گشتگیر پێکبهێنێت، بەداخەوە تا ئێستا نەتوانراوە سود لەو هەموو توانا مرۆییە و ئەو هەموو خەڵکە شارەزایە وەربگیردرێت بۆ نووسین و دانانی فەرهەنگێکی گشتگیری کراوە، کە بتوانێت هەموو ناوچەکان و هەموو تاکەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و بە کراوەییش بهێڵرێتەوە، بۆ ئەوەی ساڵانە وشە و دەستەواژەی نوێی بۆ زیادبکرێت، تا بتوانێت لەگەڵ هەموو کات و سەردەمەکاندا خۆی بگونجێنێت.

سەرباری هەبوونی دەیان فەرهەنگی جۆراوجۆر، کە خزمەتێکی گەورە و فراوانی بابەت و بوارەکەیان کردووە، بەڵام هێشتا ئەو ڕۆژە نەهاتووە، کە کورد ببێتەوە خاوەنی فەرهەنگێک، کە بتوانێت هەموو پارچەکانی کوردستان و هەموو تاکە کوردزمانەکان پێکەوە ببەستێتەوە، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەوڵی نووسینی فەرهەنگی گشتگیریش هەیە، بەڵام ئەم کارە لەبەر زۆریی تێچووەکەی، تەرخانکردنی کاتی زۆر و دۆزینەوەی کەسانی پسپۆڕی بوارەکە تا ئێستا نەکەوتووەتە سەر پێ و وەکو خۆی ماوەتەوە.

فەرهەنگنووسین لە ئاستی باڵا و دەوڵەتیدا پێویستە کاری تێدابکرێت، چونکە نووسینێکی گشتگیری وا، کە بتوانێت هەموو زار و شێوەزارەکان کۆبکاتەوە بە کەس و دووکەس و ساڵ و دوان ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە دەیان پسپۆڕ و خەڵکی شارەزا و لێکۆڵەری بەتوانا هەیە، کە بتوانن لە ژێر چاودێرییەکی وردی میری و بە نەخشە و پلانێکی درێژخایەنەوە، کار بۆ کۆکردنەوە و لێکدانەوەی هەموو وردەکارییەکانی زمانەکە بکەن و، وشە و دانە زمانییەکان ببەنەوە سەر ڕەسەن و بواری واتایی خۆیان و، هەموو بوارەکانی بەکارهێنانیان دیاریبکەن، پاشان لە ڕێگەی هەر وشەیەکەوە، ئەو وشانەیش کۆبکەنەوە، کە لێیەوە دروستکراوە، یان هەڵهێنجراوە.

بە کەم سەیرکردنی ئەو فەرهەنگانەی ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا هەن و نووسراون، کارێکی بێویژدانانەیە، بەڵام تا نەبنە کاری گەورە و لایەنە نیشتمانی و نەتەوەییەکەیان تێدا لەبەرچاونەگیرێت، ناتوانن کێبڕکێی فەرهەنگە جیهانییەکان بکەن.

بەشێک لە زمانە چالاک و زیندووەکانی جیهان، خاوەنی فەرهەنگی زۆر فراوان و گشتگیرن و ساڵانە و بە پێی پێویست وشە و دەستەواژەیان بۆ زیاددەکەن، پێویستە فەرهەنگ پێ بە پێ لەگەڵ تەمەنی زمانەکەدا تەمەنی هەڵکشێت و باڵابکات، چونکە بابەتێکی پەیوەستە بە زمانەکەوە و بۆ خزمەت و پاراستنی زمانەکە دانراوە، وەنەبێ فەرهەنگی ئەو

زمانانە بە ماوەیەکی کەم نووسرابن، بەڵکو بەری ڕەنجی چەندین ساڵە و دەیان کەسی پسپۆڕی بوارەکەن، کە خۆیان و ژیانیان تەرخانکردووە بۆ کاری فەرهەنگنووسی و توێژینەوە و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی بچوکترین دانەکانی زمانەکە.

**پ/ تا چەند فەرهەنگنووسانی کورد و زمانی کوردی لە فەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەمەند بوونە؟**

**و/** فەرهەنگەکان بە شێوەیەکی گشتی بە هەموو بوارەکانییەوە خزمەتێکی ئێجگار گەورەیان بە زمانی کوردی و پاراستنی زمانەکە لە زۆر لایەنەوە کردووە، هەرچەندە فەرهەنگەکان لە ئاستی پێویستیشدا نەبن، بەڵام ناکرێت ئەو هەوڵانە لەبەرچاو نەگیرێن و ددانی خێریان پێدا نەنرێت، چونکە هەریەکە و بە پێی بوارەکەی خۆی خزمەتی بە زمانەکە و ئەو کەسانە کردووە، کە لە بوارەکەدا کاردەکەن.

بەراورد بە بوارەکانی تر بە تایبەت بوارە زمانەوانی، وێژەیی و گشتییەکان، فەرهەنگە زانستی و یاساییەکان کەمترن و نوێن، بەڵام گۆڕەپانەکەیان بە چۆڵی نەهێشتووەتەوە و ژمارەیەک فەرهەنگی زۆرباش لە بوارەکانی یاسا و زانستە جیاجیاکاندا نووسراون، هۆکاری کەمیی فەرهەنگ لەم بوارانەدا بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئەم ساڵانەی دوایی و، تا ئێستایش ئەو زانستانە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخوێنرێن و، شارەزایانی بوارەکەیش کەمتر گرنگییان بە دانانی فەرهەنگی تایبەت بەو بوارانە داوە، زیاتریش پشتیان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بەستووە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان.

هۆکارێکی تریش بۆ کەمیی خەمخۆری بوارەکە و گرنگینەدانی پلە یەک بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە لە خوێندنی ئەو بوارانەدا، بەو بیانووەی گوایە ئەوانە بواری زانستیین و کورد زاراوە و چەمکی تایبەتی بەو بوارانە کەمە.

هەرچەندە ئەمە بەشێکە لە ڕاستی، بەڵام پاساوێکی بیانووبڕیش نییە بۆ ئەوەی کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر فەرهەنگی تایبەت بەم بوارانەی نەبێت، چونکە هەم زانستەکان گرنگییەکی ئێجگار زۆریان پێدەدرێت لەناو کورددا و، هەمیش زمانی کوردی لە ئاستێکی باڵای چالاکی و زیندوێتیی وادایە، بتوانرێت فەرهەنگی تایبەت بەم بوارانەی پێبنووسرێت و، شان بە شانی زمانەکانی تر ببێتە خاوەن فەرهەنگی زانستی و یاسایی.

**پ/ پێشنیار و ڕاسپاردەتان چییە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی؟**

**و/** هیچ تاکێکی مەرد و خاوەن ویژدان نییە ئاواتی هەبوونی زمان، فەرهەنگ و

کلتورێکی گشتگیر و دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەبێت، بەڵام ئەوەی وەکو ڕاسپاردە و پێشنیار دەکرێت لەم بارەیەوە بخرێتەڕوو داواکارییەکە لە لایەنی میری بە دابینکردنی بڕێکی گونجاوی دارایی بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر، فرە لقوپۆ، بەستنی دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی تایبەت بەو بوارە، ڕاسپاردنی کەسانی پسپۆڕ و خەمخۆری زمان و بوارەکە، لە هەمان کاتدا لەسەر هەر تاکێکی خاوەن زمانەکەیشە، بە تایبەت خەمخۆران و پسپۆڕانی بواری زمان و فەرهەنگنووسی، کە چیتر هەوڵەکانیان لە کاری تاکەکەسیدا بە فیڕۆنەدەن و لە دەوری یەک کۆببنەوە بۆ هاریکاریکردنی یەکتر بە مەبەستی نووسینی فەرهەنگێک، کە تەواوی تاکەکانی ئەم نیشتمانە و نەوەکانی داهاتوو سودی لێببینن.

دوای دەستپێکردنی پرۆژەیەکی گەورە و گرنگی نەتەوایەتیی لەم شێوەیە، پێویستە بابەتەکە بکرێتە وانەی بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکاندا، یان بەشی تایبەت بە فەرهەنگنووسی و ڕەچەڵەکناسی بکرێتەوە و وانەی تایبەت بەم بوارە دابنرێت، لە هەمانکاتدا هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان زانکۆکاندا بهێنرێتە کایەوە تایبەت بەم بوارە، بۆ ئەوەی بتوانرێت سود لە کادری پسپۆڕی هەموو ناوچەکان و هەموو بوارەکانی مێژوو، ڕەچەڵەکناسی، وێژە، زمان و زانستەکان وەربگیردرێت و، بەدەر لە شارچێتی و ناوچەگەری، هەموان بتوانن ئەسپی خۆیان لە خزمەتکردنی بوارەکەدا تاوبدەن.

بەداخەوەم زانکۆکانی کوردستان لە زۆر بواردا نەیانتوانیوە هەماهەنگیی یەکتر بکەن و بەشێکی زۆریان هەر باوەڕیان بە یەکترییش نییە، ئەم متمانە نەبوون و جیاوازییەیش بە گشتی لە کارەکانیاندا دیارە و لەم ساڵانەی دواییشدا کارەکە بە جۆرێک زەقکراوەتەوە، کە خوێندکاری ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر زۆر بە کەمی دەنێردرێت، ئەمەیش کارێکە هەم ناوچەگەرێتی تۆختر دەکاتەوە، هەم دابڕان لە نێوان شار و ناوچەکانی کورستاندا دروستدەکات و، هەم کەلێن دەخاتەناو فەرهەنگی ئاوەزی و شێوازی ئاخاوتنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە، کە خۆی بۆ خۆی گەورەترین و زیندووترین فەرهەنگی زمانەکەیە و، بەم شێوەیە ڕەفتارکردن لەگەڵیدا لە کارە دوژمنکارانەکانی وڵاتانی هەرێمی و ناوچەکە کەمتر نییە.

## کازم عەباس زەندی:
# بنەما و کۆڵەگەکانی فەرهەنگنووسی

کازم عەباس زەندی: ڕاستییەکەی فەرهەنگنووسی لەبنەڕەتدا خولیاو بەهرەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی و هەبوونی زانیاری و زمانزانیشی دەوێت، بۆیە دەبێت ئەم سیفەتانە لە کەسی دانەردا هەبێت، ئینجا بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن ئەو کەسە نەخشەو ڕێزبەندی بۆ وشەکان دابنێت و ڕوونکردنەوە بۆ بنەما ڕێزمانییەکان بنووسێت، تا کۆڵەگەکانی فەرهەنگنووسی لەکارەکەیدا دەربکەوێت .

دانانی فەرهەنگ لەلایەن دوو چینەوە بەرهەم دەهێنرێت، چینی یەکەم خەمخۆرە تاکە کەسییەکانن، ئەوانەن کە بۆ خزمەتکردنی زمان، خۆیان بە بەرپرس دەزانن، چینی دووەم کۆمەڵەو دەستە بژێرەکانن، کە بەیەکەوە یان لەڕێی دەزگایەکی تایبەتەوە هەمان کاری تاکە کەسیەکان ئەنجام دەدەن، بەمەش هەردوو چین کار بۆ یەک مەبەست دەکەن، کە خزمەتکردنی زمانە، چونکە زمان بەگرنگترین کۆڵەگەی نەتەوەکەیان دەزانن، بۆیە هەوڵ دەدەن بە نووسین و تۆمارکردن، وشەو زاراوەکان بپارێزن و لە فەوتان و لە لەبیرکردن ڕزگاریان بکەن، هەر بەمەش نەوەکانی داهاتوو لە دەوڵەمەندی زمانەکەیان ئاگادار بکەنەوە، چونکە وەک ئەرشیفەک، وەک وشەدان و گەنجینەیەکی پڕداهات لە فەرهەنگ دەڕوانن، ئەمەش وادەکات هەردوو چین جێبەجێکردنی ئەم کارە بە ئەرکەکی پیرۆز بزانن .

لە چاخە کۆنەکاندا نووسینی فەرهەنگ بەو چەمکەی ئێستا بۆ زمانەکان نەبووە، بەڵکوو لەڕێی نووسینەکی ئەدەبی، کە ڕەنووسکراوەو لەسەر تاتە قوڕینەکان جێهێلراوە، وشەی زمانی هەندێ لە هۆزو کۆمەڵگاکان بۆ ئێمە ماوەتەوە، ئەمەش

وایکردوە لەدواتردا ئەم نووسینانە ڕۆڵی فەرهەنگ بۆ ئەو زمانانە ببینن، بۆ نموونە داستانی گلگامش بۆ زمانی سۆمەرییەکان، کە بەتێپەڕینی سەردەمەکان مردووەو تـواوەتـەوە، بـەڵام لەئێستادا لەڕێی ئەم داستانەوە وشەکانیان لەنێو زمانەکاندا دەناسرێتەوە، یەکەم فەرهەنگی کوردیش، کە بە دەست و خەتی نووسەرەکی کورد دانرابێت، بە ناونیشانی نەوبەهارە(١٦٨٣ز) کە فەرهەنگەکی عارەبی بە کوردییە، لە دانانی هۆزانڤان ئەحمەدی خانییە(١٦٥٠- ١٧٠٧)، ئەو کاتەش خانی مەزن ئەم کارەی بێ پاداشتکردوە، چونکە دڵسۆزو خەمخۆری زمان و نەتەوەکەی خۆی بووە، ئینجا لەدوای ئەو مێژووەوە چەندان نووسەری تر، فەرهەنگیان بەشێوەو بەقەبارەی جیاواز، لەڕووی ژمارەی وشەکانەوە دروستکردوە، کە تائێستا بەردەوامی هەیە، یەکەم فەرهەنگیش کە بەدەستی بیانییەک نووسرابێت گارزۆنی ئیتاڵی بوو(١٧٨٧ز) کە فەرهەنگەکی کوردی بە ئیتاڵییە، ئینجا لەدواتردا نووسەری تریش لە نەتەوەکانی دیکەدا وشەی کوردییان لە نێو فەرهەنگەکانیاندا تۆمارکردووە، لەمەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە هەریەکە لەم نەتەوانە مەبەست و مەرامەکی تایبەت بە بەبەرژەوەندی وڵاتەکانی خۆیان هەبووە، بۆیە فەرهەنگەکانیان نووسیوە، بەڵام خۆشبەختانە لەکۆتاییدا هەموویان بە خزمەتی زمانی کوردی تەواوبووە .

**زمان و زار: تا چەند فەرهەنگنووسی خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکات ؟**

**کازم عەباس زەندی:** گوومان لەوەدا نییە، کە بەشێوەیەکی گشتی نووسینی فەرهەنگ خزمەت بە زمان دەکات، ئینجا ئەگەر زمانەکە یەکگرتوو بێت و زمانەکی هاوبەش و پێوەری هەبێت یان بەشێوەزارەکانیەوە دەربکەوێت، چونکە لە هەموو حالەتەکدا ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییە دەبینێت کە پێی دەناسرێت، هەر ئەو کەلێن و بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە بۆی دادەنرێت، ئەویش پاراستنی وشەو زاراوەکانی زمانە لە فەوتان و لە لەبیرکردن، هەروەها سوودی بۆ توێژینەوەو ڕیشەناسی وشەکانیش دەبێت، چونکە دەتوانرێت وەک بەڵگەو سەرچاوە بۆ خاوەنداری و بەراوردکردن و ناسینەوەو بەکارهێنان و گۆڕان و گەشەی وشەکان لەنێوان شێوەزارەکاندا بەکار بهێنرێت .

لەئێستادا زمانی کوردی بە زمانەکی خۆڕاگر هەژمار دەکرێت، ئەگەرچی زمانەکی یەکگرتووشی نییە، چونکە زیاتر لە سەدەیەک دەبێت، بەپلانی درێژ خایەن لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە هەوڵی تواندنەوەی دەدرێت، لەچەندین ڕێگەوە، بەچەندین پرۆژەی ڕەگەزپەرستییەوە هەوڵ دەدەن، بێ بایەخی بکەن و لەڕیی شێوەزارەکانیەوە

بچووکی بکەنەوە، بەڵام هەروەک دیارە ئەو مەبەستەیان نەهاتۆتەدی، چونکە لەلایەکەوە لەڕێی فەرهەنگە دانراوەکاندا وشەی هەموو شێوەزارەکانی پارێزراوە، لەلایەکی ترەوە زمانەکە بەلای ئاخێوەرانیەوە بایەخدارو شیرینتربووە، ئەمەش وایکرد هەموو فەرهەنگەکان لەخزمەتی زمانەکەماندا بێت، ببێتە هۆی ئەوەی پلانەکانیان سەر نەگرێت. وا بکات ئەو قۆناغەی بەسەردا تێ بپەڕێت، کە بتوانن بیمرێنن یان بیتوێننەوە.

**زمان و زار: وشەو زاراوەی خۆماڵی و ناوچەگەری تا چەند سوودی بۆ زمانێکی پێوەری کوردی دەبێت ؟**

**کازم عەباس زەندی:** ئاشکرایە کە لە دروستکردنی زمانی پێوەرو ستانداردا، وشەو بنەماکانی شێوەزارەک بەبناغە وەردەگیرێت، ئینجا بەزاراوەی شێوەزارەکانی دیکە مووتوربە دەکرێت تا دەوڵەمەندتر ببێت، بۆیە ئەو زمانە لەهەموو وشەو زاراوەیەکی خۆماڵی و ناوچەیی سوودمەند دەبێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە هەبوونی هەر وشەو زاراوەیەکی خۆماڵی سوودی بۆ دروستکردنی ئەو زمانە پێوەرە دەبێت، چونکە ئەگەر ئەم وشانە لەهەر شێوەزارەکدا بەکار بهێنرێن، بەمولکی زمانی پێوەر دەزانرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێستادا زمانی کوردی ئەو زمانە پێوەرەی نییە، بۆیە هەر ناوچەیەک لەنووسین و لەئاخاوتندا کۆمەڵە زاراوەیەکی تایبەت بەخۆی بەکار دەهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دروستکردنی فەرهەنگەکاندا هەیە، وایکردووە فەرهەنگی شێوەزاری پەرە بستێنێت، چونکە وشەو زاراوەکانیان تێدا بەپێی شێوەزارە ناوچەییەکان دەنووسرێت .

هەروەک دەزانین لەئێستادا نووسین پێشکەوتووە, بۆیە دەتوانرێت زمان و بیری مرۆڤ بە نووسین وێنا بکرێت و نووسینی وشەکان لە فەرهەنگەکدا بپاێزرێت، بەڵام لەم سەردەمەدا کێشەیەکی دیکە بۆ زمانەکان هاتۆتە پێش، ئەویش بەکارهێنانی هەندێ وشەو زاراوەی بیانییە لەجیاتی خۆماڵی، چونکە بۆ هەندێ مەبەست وشەو زاراوەی زمانەکی دی بەکار دەهێنرێت، ئەمەش بەتێپەڕینی سەردەمەکان وادەکات هەندێ وشەی خۆماڵی بفەوتێت و لەبیر نەوەکانی داهاتوو بچێتەوە, بۆ چارەکردنی ئەم حالەتانەش دروستکردنی فەرهەنگ یان ڕاستتر وشەدان بەکارەکی دروست دەزانرێت، چونکە دەتوانرێت بەهۆی فەرهەنگەوە، ئەم وشە خۆماڵی و ناوچەییانە لەفەوتان ڕزگار بکرێن، لەهەر کاتەکدا پێویست بێت، زیندوو بکرێنەوەو بەبیر ئاخێوەران بهێنرێنەوە .

ئەگەر لەدروستکردنی فەرهەنگە کوردییەکان بڕوانین، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی بەوشەو زاراوەی ناوچەیی ڕێکخراون، زیاتریش ڕەنگدانەوەی شێوەزارو ئەو زمانە زاڵانەی لەسەر دەردەکەوێت کە دانەرەکانیان دەیزانن .

**جۆری یەکەم/** شێوەزارینە، کە پێشی دەڵێن کوردی بە کوردی، لەم جۆرە فەرهەنگەدا وشەی شێوەزارەک کە زیاتریش شێوەزاری تایبەتی دانەرەکەیە بەبناغە وەردەگرێت ئینجا لێکدانەوەی واتایی بۆ وشەکە بەوشەی شێوەزارەکی دیکە دەکرێت .

**جۆری دووەم/** شێوەزارەک یان زیاتری زمانی کوردی و زمانەکی ستانداردی بیانییە، لەم جۆرە فەرهەنگەدا وشەی شێوەزارەک بەبناغە وەردەگیرێت ئینجا وشەی شێوەزارەکی تری تێکەڵ دەکرێت، پاشان وشە بیانییەکانی لەبەرامبەردا دادەنرێت .

**جۆری سێیەم/** زمانەکی بیانی و شێوەزارەکی کوردییە، لەم جۆرە فەرهەنگەدا وشەی زمانەکی بیانی بەبناغە وەردەگیرێت ئینجا وشەی شێوەزارەکی کوردی لەبەرامبەردا دەنووسرێت .

ڕاستییەکەی تا زمانی کوردی، زمانەکی پێوەرو هاوبەشی نەبێت، دانانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بەردەوامی دەبێت، هەردەم داهێنانیان تێدا دەکرێت، چونکە ژمارەی وشەو زاراوەکانیان بۆ زیاد دەکرێت، دەستەواژەی شێوەزاری زیاتری تێدا بەکار دەهێنرێت، بۆیە تا ئەو کاتە هەر ئەو فەرهەنگانە دروست دەکرێت کە بەشێوەزارەکانیەوە دەناسرێت .

**زمان و زار: تا چەند زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ هەموو زارو بنزارو دەڤۆکە کوردییەکان بەهرەمەند بووە ؟**

**کازم عەباس زەندی:** بەپێی ئەو پێوەرە زانستییەی کە فەرهەنگی زمان یان گشتگیری پێ دەستنیشان دەکرێت، دەبێت زمانی کوردی فەرهەنگێکی هەبێت، کە وشەی هەموو شێوەزارەکان لەخۆ بگرێت، تا ئەو فەرهەنگە بەگشتگیر بزانرێت، بەڵام بەداخەوە، هەروەک دەزانین ئەم جۆرە فەرهەنگە تا ئێستا بۆ زمانی کوردی دروست نەکراوە، بۆیە ئەو فەرهەنگانەی کە هەنە، زیاتر بەوشەدانی شێوەزارەکانی هەژمار دەکرێن .

فەرهەنگی زمان و گشتگیر, بە گەنجینەی وشەو بەکۆکەرەوەی هەموو زاراوەکانی زمان دادەنرێت, دروستکردنی ئەم فەرهەنگەش یەکەکە لە ئاوات و خەونە بەدی نەهاتووەکانی فەرهەنگنووسانی کورد، چونکە لەمێژە بیریان لێیکردۆتەوەو هەوڵیان بۆ دروستکردنی داوە، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکان ئەو بەرهەمەی نەبووە کە ویستراوە، چونکە زەمینەی بۆ نەڕەخساوە، هەرگیز پاڵپشتی دەسەڵاتەکی دڵسۆزو لێزان نەبووە،

کە بڕیاربدات و بەرژەوەندی دوورو درێژخایەنی زمانی کوردی لەبەرچاو بگرێت، تا دروستکردنی ئەم فەرهەنگە ئەنجام بدرێت و ببێتە ئامانجەک، کە بەرنامەی جێبەجێکردنی بۆ دابڕێژرێت، دامو دەزگایەکی پاڵپشتیکراوی بۆ تەرخان بکرێت، کە پێداویستییەکانی ئەم ئامانجە لەئەستۆ بگرێت، تا ئەم خەونە بەدی بهێت و ئەم فەرهەنگە لەدایک ببێت .

دەتوانرا دروستکردنی فەرهەنگەکی گشتگیر لەسەردەمە کۆنەکاندا، بەچەند شێوەیەک ئەنجام بدرێت، لەو کاتەی کە دیارکردنی سنوورو جیاوازی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەم شێوەیەی ئیستاکە نەبوو، هێشتا پلان بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی لەلایەن داگیرکەرانەوە نەخشە بۆ داڕێژراو نەبوو، لەم کاتەدا ئەگەر کەسەکی دووربین و بەتوانا هەڵ بکەوتبوایە، دەیتوانی بەدرێژو پانی کوردستاندا بگەڕێت و وشەی هەموو شێوەزارەکان لەبەرامبەر یەکتردا بنووسێت، لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە، کە گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی دەستی بەخەباتکرد، دەیتوانی وەک پڕۆژەیەکی نەتەوەیی لەم کارەی بڕوانیبوایە، دەبوایە یەکەک لە ئامانجەکانی ئەم خەباتەی دروستکردنی ئەم فەرهەنگە بوایە، لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)یش لەکوردستانی باشووردا، هەلێکی زێڕین بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە ڕەخسا، چونکە هەموو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان کەوتە دەستی خۆمان، بەمەش دەسەڵاتی خۆماڵی دەیتوانی لە ڕێی دامو دەزگایەکی فەرمی وەک ئەکادیمیای کوردی یان زانکۆکان و بەشی زمانەکان یان دەزگایەکی ڕۆشنبیری پاڵپشتی ئەم پڕۆژەی بکردابوایە، دەیتوانی فەرهەنگنووسانی هەموو شێوەزارەکان لە چوار دەوری مێزەکدا کۆبکاتەوە تا ئەم کارەیان ئەنجام بدابوایە، بەباوەڕی ئێمەش ئەگەر ئەم پڕۆژەیە لەهەر کاتەک لەم کاتانەی ڕابوردوودا جێبەجێ بکرابوایە، بەدڵنیایی لەئێستادا دەبووە بناغەو دەتوانرا پەرەی زیاتری پێ بدرێت و دەوڵەمەندتر بکرێت .

هەبوون و دروستکردنی فەرهەنگی گشتگیر پێداویستییەکی زمانە، بۆیە دەبێت پێش ئەوەی بیر لە دروستکردنی زمانی ستانداردو ڕێنووسی یەکگرتوو بکرێتەوە، هەوڵی دروستکردنی ئەم فەرهەنگە بدرێت، چونکە هەبوونی ئەم فەرهەنگە لەپاڵ پاراستنی وشەکاندا، کار ئاسانی بۆ توێژینەوە زمانەوانیەکانیش دەکات، لەبەر ئەوەی هیچ زمانزانەک نییە شارەزایی تەواوی لەهەموو شێوەزارەکاندا هەبێت، بۆیە پێویستە ئەم جۆرە فەرهەنگەی لەبەردەستدا بێت، تا لە بەراوردکردنی بنەما ڕێزمانییەکان و گۆڕانی وشەی شێوەزارەکاندا وەک سەرچاوە بەکاری بهێنێت، هەروەها لەبواری زانستی وشەسازیشدا

ئەم فەرهەنگە سوودی دەبێت، چونکە ناسینەوەو دۆزینەوەی ڕەگی وشەکان لەنێو شێوەزارەکاندا ئاسانتر دەبێت، هەر بەمەش لێکۆڵەرو توێژەرەکان دەتوانن ڕەگ و ڕیشەی وشەو یاسا ڕێزمانییەکان، هەروەها ڕێڕەوو گۆڕانی وشەکان و بەکارهێنانیان بەپێی کۆن و کۆنترو نوێی شێوەزارەکان بزانن، چونکە بەهۆی هەبوونی ئەم فەرهەنگەوە بەراوردکردنی وشەی هەموو شێوەزارەکانیان دەکەوێتە بەرچاو، ئەمەش گرنگییەکی زۆری بۆ زانستی ڕیشەناسی وشەکان دەبێت، لەهەمان کاتدا ڕێژەی بەکارهێنانی وشەو بنەماکانیش لەڕووی زۆرترو کەمتری نێوان شێوەزارەکان دەردەخات، ئەمەش وا دەکات ئەم فەرهەنگە لەلایەکەوە ببێتە پێوەرو بەڵگە بۆ پیشاندانی دەوڵەمەندی زمانی کوردی، لەلایەکی ترەوە ببێتە سەرچاوە بۆ توێژەران لە زانستە زمانەوانیەکاندا، بۆیە هەرچەندە زووتر ئەم فەرهەنگە دروست بکرێت، ئەوەندە زووتر بەرچاومان ڕوونتر دەبێتەوە بۆ ساغکردنەوەو یەکلاییکردنەوەی ئەو گرفت و کێشانەی کە لەزمانەکەماندا هەیە .

**زمان و زار: ڕاسپاردەتان چیە بۆ دانان و نووسینی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی ؟**

**کازم عەباس زەندی:** بەدڵنیایی بیرۆکەی دروستکردنی فەرهەنگی گشتگیر هەر لەسەرەتاوە لەمێشک و هزری فەرهەنگنووسە خەمخۆرەکاندا هەبووە، چونکە ئەوان بەر لەخەڵکی ئاسایی نرخ و بەهای ئەم جۆرە فەرهەنگەیان زانیوە، بەڵام وەک تاکە کەسەکی بێ پشت و پەنا، بەدیهێنانی ئەم کارە لەتوانای ئەواندا نەبووە، بۆیە هەر ئەوەندەیان پێکراوە، پێشنیارو ڕاسپاردەی بۆ بکەن، لە کۆنگرەی مامۆستایانی (١٩٦٠ز) یش لە هەولێر هەمان پێشنیارو داواکراوە، لەو کاتەوەش تا ئێستا زۆر لە سەر ئەم بابەتە نووسراوەو زۆرتریشی لە سەر گووتراوە، بەڵام بەداخەوە نەکراوە بە بەرنامە، تا پشتگیری و ئاسانکاری بۆ دروستکردنی فەرهەنگێکی گشتی (کوردی بە کوردی) بکرێت، کە وشەی هەموو شێوەزارەکان لەخۆ بگرێت، بەڵکوو هەموو پێشنیارەکان بە بیرۆکەیەکی ڕاست ماوەتەوە، بەڵام وەک پرۆژەیەکی بێ پاڵنەر هەوڵی جێبەجێکردنی نەدراوە، لە دوای ساڵی (١٩٩١)یش لە کوردستانی باشووردا، هەڵێکی زێڕین ڕەخسا بۆ دروستکردنی ئەم فەرهەنگە، چونکە زۆربەی ئەو بەربەستانەمان لەپێشدا نەما کە پێشتر ڕێگربوون لە دانانی، بەمەش بارودۆخەکی لەبار هاتەپێش بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆژە نەتەوەییە، چونکە داگیرکەر لەبنکەی بڕیار دوورکەوتبووەوە، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی خۆماڵی پشتگیری و زەمینەسازی

بۆ بکردابوایە، دەتوانرا ئەم ئاواتە بەدی بهێنرێت, بەدانانی ئەم فەرهەنگەش خاڵێکی وەرچەرخان لەزمانی کوردیدا ڕووی دەدا، چونکە دەبووە سەرچاوەی گەڕانەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی زمان و بەڵگە بۆ توێژینەوەکان، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە نەکرا، بەڵکوو هەر بەدەستووری جاران، زیاتر لایەنگری لەدروستکردنی فەرهەنگە شێوەزارییەکان دەکرا، لە جیاتی ئەوەی دەسەڵات پاڵپشتی ئەم کارە بکات، داوا لە مامۆستایان و فەرهەنگنووسان بکات کە پەلە بکەن لە دانانی ئەم فەرهەنگە، کەچی بەداخەوە کارەکە بە ڕێکەوت و بەدەست کەسانی نەشیاو دەسپێردرا .

ئێمە لەو باوەڕەداینە، لەئێستادا دەتوانرێت لەڕێی ئینتەرنێتەوە ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێت، چونکە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا کار ئاسانی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەپلیکێیشنەکی تایبەت دروست بکرێت، کە هەموو ئاخێوەرێکی کورد دەستی پێی بگات، ئینجا ئەگەر لەهەر پارچەیەکی کوردستان یان لەهەر شوێنەکی دنیادا بێت، ئەگەر بە هەر شێوەزارەک بدوێت، بتوانێت لەڕێی ئەم ئەپلیکێیشنەوە وشەو زاراوەی خۆی بەرامبەر بەوشەی شێوەزارەکانی دیکە بنووسێت، بەمەش دەکرێت بەزووترین کات وشەی هەموو شێوەزارەکان کۆ بکرێتەوە ئینجا لەدواتردا چاپ بکرێت و ناوی فەرهەنگی زمانی کوردی لێ بنرێت, هەروەها ئێمە لێرەدا ئەو پێشنیارەش دەکەین و دەڵێین، ئەگەر ڕۆژەک لەڕۆژان بەرنامەی دروستکردنی ئەم فەرهەنگە لەم ڕێیەوە جێبەجێکرا، ئەپڵیکێیشنەکە بە چوار خانەی سەرەکی دروست بکرێت، سێ خانەی بۆ هەریەک لەو شێوە گفتوگۆیانە بێت کە زمانی کوردی لێ پێک دێت، چونکە زمانی کوردی لەسێ شێوە گفتوگۆی سەرەکی دروست دەبێت، کە بریتین لە شێوە ڕەسەنەکان و شێوەی کرمانجی سەروو- ناوەڕاست ئینجا لەژێر خانەی هەر شێوە گفتوگۆیەکدا، وشەی ئەو شێوەزارو بنەزارو دەڤۆکانە بنووسرێت، کە لێی پێک دێت، خانەی چوارەمیش بۆ وشەکانی زمانەکی بیانی تەرخان بکرێت .

خانەی یەکەم بۆ وشەکانی شێوە گفتوگۆی ڕەسەن بێت، کە لە شێوەزارەکانی گۆران (هەورامی – زازاکی) ولووڕی و کەلهووڕی و لەکی و بەختیاری و ئەو بنەزارو دەڤۆکە ناوچەیییانە پێک دێت کە لێیان نزیکن، چونکە ئەم شێوە ئاخاوتنە بناغەی زمانی کوردیە، بۆیە بە کۆنترین شێوەو بەڕەسەنترین شێوە گفتوگۆ دادەنرێن، بەڵام بەتێپەڕینی سەردەم و لەئەنجامی چەندین کاریگەری و هۆکاردا، کە لێرەدا جێگەی باسکردنی نابێتەوە، شێوە گفتوگۆی ڕەسەن بەدوو شێوە گفتوگۆی تر گەشەیکردووە،

کە کرمانجی (سەروو- ناوەڕاست)ە، بۆیە خانەی دووەم بۆ وشەی شێوەزارەکانی سەر بەشێوە گفتوگۆی کرمانجی سەروو بێت، چونکە ئەم شێوە گفتوگۆیە لە شێوەکانی ناوەڕاست کۆنترن، ئەم شێوە گفتوگۆیەش لەشێوەزارەکانی بۆتانی و ئاشتەیی و بایەزیدی و بادینی و هەموو ئەو بنەزارو دەڤۆکە بچووکانە پێک دێت، کە لێیان نزیکن، ئینجا خانەی سێیەم بۆ وشەی ئەو شێوەزارانە تەرخان بکرێت، کە سەر بە شێوە گفتوگۆی ناوەڕاستن، کە هەندێ کەس بەخوارووش ناوی دەبەن، شێوەزارەکانیشی بریتین لە بابانی و سۆرانی و گەرمیانی و موکریانی و ئەردەڵانی، لەگەڵ هەموو ئەو بنەزارو وەچەزارانەی کە لەم شێوەزارانە نزیکن، پاشان خانەی چوارەم بۆ زمانەکی بیانی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش وا باشترە، لەدەستپێکدا بەسێ چاپ ئەم فەرهەنگە دروست بکرێت، کە لەهەر چاپەکدا یەکەک لە زمانەکانی (عارەبی، فارسی ، تورکی) بۆ لێکدانەوەی واتای وشەو زاراوەکان بەکار بهێنرێت، چونکە بەحوکمی ئەوەی کوردستان لەلایەن ئەم وڵاتانەوە داگیرکراوەو زمانەکانیان بەسەر خوێندەوارانیاندا زاڵکراوە، بۆیە خوێندەوارانی کورد زیاتر ئاشنای یەکەک لەو زمانانەیە، ئینجا لەدواتردا دەتوانرێت هەمان فەرهەنگ بەزمانی بیانی دیکەش دروست بکرێت .

**نەخشەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دروست بکرێت** :

(شێوە گفتوگۆی ڕەسەن)

| | |
|---|---|
| وشەی شێوەزارەکانی | (شێوە گفتوگۆی کرمانجی سەروو) |
| وشەی شێوەزارەکانی | (شێوە گفتوگۆی کرمانجی ناوەڕاست) |
| وشەی شێوەزارەکانی | وشەکانی زمانەکی بیانی |

بەباوەڕی ئێمە دروستکردنی ئەم فەرهەنگە بە کارەکی پیرۆز دەزانرێت، چونکە زۆرترین خزمەت بە زمانی کوردی دەکات, وا دەکات نەوەکانی ئێستاو داهاتوو لەهەر پارچەو شوێنەکی دنیادابن لێی سوودمەند ببن، بەڵام بۆ بەدی هێنانی ئەم کارو پرۆژەیە، دەبێت لەسەرەتاوە چەند هەنگاوو پێداویستییەکی تەواوکەری یەکتر هەڵ بهێنرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت دەسەڵاتەکی دڵسۆزو دووربین هەبێت، کە پاڵپشتی ئەم کارە بکات، چونکە هەر دەسەڵات دەتوانێ زەمینە سازی بکات و پێداویستییەکان بۆ ئەم کارە دەستەبەر بکات، بەرژەوەندی زمانی نەتەوە لەسەرووی بەرژەوەندی لایەن و شێوەزارەکانەوە دابنێت، لەهەنگاوی دووەمدا ویست و خواستی زمانەوانان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ئەم کارە بەکەسانی شارەزا دەکرێت، بۆیە پێویستە تەگبیرو بڕیاری

ئەم کارە بەدەست خەڵکەکەوە بێت، کە شیاو بێت، گرنگی ئەم فەرهەنگە بۆ زمانی کوردی بزانێت، ئینجا لەدوای ئەم دوو هەنگاوەدا، هەنگاوی سێیەم هەڵ بهێنرێت، کە لەڕێی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و دروستکردنی بەرژەوەندی بۆ بژێوی ڕۆژانە، ئامادەکاری بۆ بەبایەخکردنی زمانی کوردی بکرێت، تا پرۆژەکە بەرهەمدارتر ببێت، چونکە بەپێی بایەخی ئاخێوەری کورد، نرخ و بەها بۆ ئەم کارە زیاتر دەبێت .

**زمان و زار: تا چەند فەرهەنگنووسانی کوردو زمانی کوردی لەفەرهەنگی زانستی و یاسایی بەهرەمەند بوونە ؟**

**کازم عەباس زەندی:** ئاشکرایە کە زمان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵ دەبینێت، لە هەر بوارەکیشدا هەندێ زاراوە بەکار دەهێنرێت، کە تایبەت بەو بوارە دادەڕێژرێت، بۆیە پێویستە بۆ هەر بوارەک لە بوارەکان، فەرهەنگی تایبەت دروست بکرێت، تا گەیشتن بەواتاو مەبەستی وشەو زاراوەکان بۆ خوێنەر ئاسانتر ببێت، بەڵام هەروەک دەبینین لە بەکارهێنانی زاراوەی تایبەت بەبوارەکان، ئاخێوەری کورد لەئاخاوتن و نووسەرانی لەدانانی ئەم فەرهەنگانەدا هەژار دەردەکەون، چونکە هەرگیز دەسەڵاتەکی سەرتاسەری نەبووە، تا زاراوە تایبەتییەکان لەبوارە جیاوازەکان و لەدامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بەکار بهێنێت، بەڵکوو بەردەوام زمانەکی داگیرکەرانی بەسەردا زاڵبووە، بۆیە هەردەم زاراوەی زمانی داگیرکەرەکی وەک جێگرەوە بۆ بەکارهاتووە، ئەمەش وایکرد لەبەکارهێنان و لەنووسینی ئەم جۆرە فەرهەنگانەدا دوا بکەوێت، چونکە هەردەم ویستی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان لەگەڵ ئەوەدا بووە، کە لەهەموو بوارەکاندا زاراوەی خۆی بەکار بهێنرێت، بەمەش زمانی کوردی وا پیشان بدات، کە لاوازەو توانای پڕکردنەوەی ئەم کەلێن و بۆشاییەی نابێت، بەڵام لەڕاستیدا زمانی کوردی وەک هەر زمانەکی زیندوو، وشەو زاراوەی بۆ هەموو بوارەکان هەیە، ئەو توانایەی تێدایە، کە ئەو مەبەست و چەمکانە بپێکێت کە پێویست بێت، چونکە دەوڵەمەندی زمانی کوردی لەئاستەکی بەرزدایە، دەتوانرێت بەگەڕان لە نێو شێوەزارە جیاوازەکاندا، زاراوەی گونجاو بۆ هەر بوارەک بدۆزرێتەوە، کە بیەوێت، زاراوە بۆ بوارەکانی زانست و قانوون، هەروەها بۆ بوارەکانی تری وەک سیاسی و وەرزشی و هوونەری و جوگرافی و پزیشکی و فەلسەفی و ڕاگەیاندن و هی تریش دروست بکرێت ئینجا بەکار بهێنرێن تا بەلای ئاخێوەرانەوە ئاشنا دەبێت، بەمەش وشە خۆماڵییەکان شوێنی وشە خوازراوەکان دەگرنەوە، بەتێپەڕینی کات زاراوەی

زمانە زاڵەکان لەم بوارانەدا لەبیر ئاخێوەری کورد دەچێتەوە .

دروستکردنی هەر جۆرەک لەم فەرهەنگانە سوودی بۆ بواری خۆی دەبێت، لەهەمان کاتدا دەوڵەمەندی زمانی کوردیش دەردەخـات، بۆیە پێویست بوو هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە برەو بەدروستکردنی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بدرێت، تا دەستەواژەو زاراوەی کوردی ئامادەمان هەبێت بۆ ئەوەی لەهەر بوارەکدا بەکار بهێنرێن، چونکە کارگێڕییەکان لەڕێی دەسەڵاتەکی کوردییەوە بەڕێوەدەبردران، کە چەندین ساڵ بوو بە هۆی نەبوونی دەرفەتەوە ئەو مافەی لێ سەندرابوو، بەمەش زمانی کوردی بایەخی زیاتری بۆ پەیدا دەبوو، بەڵام بەداخەوە دروستکردنی ئەم جۆرە فەرهەنگانەش هەروەکوو فەرهەنگە گشتگیرەکە پاڵپشتی نەکراو بەخەمساردی بیری لێکرایەوە، کارەکە هەر بەماندوو بوونی خەمخۆرە تاکە کەسییەکان سپێردرایەوە، ئەمەش وایکرد لێرەو لەوێ، هەندێ فەرهەنگنووسی دڵسۆز هەوڵی دروستکردنی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بدەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی پاڵپشتیان نەکراو لەدامو دەزگا حکوومییەکان کاریان پێ نەکرا، بۆیە نەبوونە جێگرەوەی ئەو زاراوە خوازراوانەی کە تا ئێستاش لە بوارەکانی زانست و یاساو بوارەکانی تر بەکار دەهێنرێن .

**زمان و زار: ئەوانەی فەرهەنگە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن یان ئامادەی دەکەن تا چەند خزمەت بەزمانی کوردی دەکەن ؟**

**کازم عەباس زەندی:** گوومان لەوەدا نییە، کە هەر هەوڵەک ئەگەر بە دڵسۆزی و بەخەمخۆری لەپێناو زمانی کوردیدا بدرێت، ئەوە بە خزمەت دادەنرێت، چونکە کەلێن و بۆشاییەک لەو بوارەدا پڕ دەکاتەوە کە زمانەکەمان پێویستییەتی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم جۆرە فەرهەنگەش بەخزمەتەکی تر هەژمار دەکرێت، ئەگەرچی بەبەراورد بەو فەرهەنگانەی کە لەپێشتردا دروست دەکران، شێوەیەکی نوێیە، چونکە وشە کوردییەکانی تێدا بە بناغە وەرناگیرێت، بەڵکوو لەئەنجامی ئاسان بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا، دەتوانرێت وشەو زاراوەی زمانەکی بیانی لەفەرهەنگەکدا کۆپی بکرێت ئینجا وشەو واتا کوردییەکانی لەبەرامبەردا دادەنرێت، لەمەشدا شارەزایی دانەر ڕۆڵ دەبینێت، کە ئایا تا چەند بێجگە لەشێوەزاری خۆی، شارەزایی لەشێوەزاری تر هەیە ؟ بۆ ئەوەی وشەو زاراوەی زیاتر بەکار بهێنێت، بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فەرهەنگەش هەروەکوو فەرهەنگە شێوەزارییەکان بەوشەدان دادەنرێت، چونکە لە دانانیدا وشەی زمانەکی بیانی بەبناغە وەر دەگیرێت ئینجا وشەی شێوەزارەکی کوردی لەبەرامبەر دادەنرێت

# بنەما و کۆڵەگاکانی نووسینی فەرهەنگ

عەبدلوەهاب شێخانی

فەرهەنگنووس دەبێت بە دوای وشـەو ئیدیۆم ودەسـتـەواژە بگەڕێت و لە وشەناسان پرسیار بکات و یاداشتیان بکات، فەرهەنگنووس دەبێت کەسێکی وشەزان بێت و هەستیار بێت و هۆشیار و ڕۆشنبیر بی، عاشقی وشەو زمان بێت ، لە بۆ هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی، شیعرو سەرچاوەی فۆلکلۆری کوردی خەزێنەی وشەی کوردینە، هەروەها پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق گرینگترین سەرچاوەیە بۆ وشە لێهەڵێنجان، هەروەها گوند و لادێش سەرچاوەیە بۆ وشە، زۆرکەس لە کوردستان بە تایبەت لە لادێدا زۆر دەوڵەمەندن لە (وشە) دەبێت بیاندوێنی و وشەیان لێ وەرگرین، من دەڵێم بناغەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسینە، وشەو دەستەواژە و ئیدیۆم بنزاری ناوچە سەرچاوەی زمان و پێوەری کوردین؟، هەر ناوچەیەک لە کوردستان بە وشەگەلێک دەڵەمەندە،

کە دەڵێی فەرهەنگی بیانی خزمەت بە زمانی کوردی دەکات؟ ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، بەڵێ زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکات، ئەدەبی کوردی پەرە پێدەدات بە تایبەتی لە وەرگێڕانی ئەدەبی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەگەر ئەو فەرهەنگانە نەبی وەرگێڕ مەحتەڵ دەبێت .

ناڵیم زمانی کوردی فەرهەنگی گشتگیری بۆ هەموو بنزارو (دەڤۆکە)بەهرەمەند نەبووە بەڵام بە شێوەیەکی یەکجار کەم لاوازە، چونکە هەر بنزارێک توانای ئەوەی هەیە بە چەند بەرگێک لە وشە و ئیدیۆم و دەستەواژە بەهرەمەند بی. کورد لە فەرهەنگی زانستی و یاسادا بە شێوەیەکی فراوان سوودمەند نەبووە، ئێمە تا ئێستا فەرهەنگی وشەی ئەدەبی تێر و تەسەلمان نییە ئەوجا زانستی یاسایمان نییە

من دەڵێم کاری فەرهەنگنووسین کاری یەکەس و دووکەس نییە ئەوەی ملیدایتە فەرهەنگنووسین کەسێکی دڵسۆز و ئەشقی وشەی کوردییە، چونکە فەرهەنگنووسین کارێکی یەکجار سەختە، بەڵام کارێکی یەکجار پیرۆزە.

دەبێ حوکمەت دەزگای تایبەت بۆ فەرهەنگنووسین لە شار و شارۆچکە و گەورەدێیەکان بکاتەوە، خەلکانی زمانپەروەر و وشەناس لەم شوینەدا کۆببنەوە خەریکی کۆکردنەوەی کەرستەی زمانی کوردی بن.فەرهەنگ جۆری زۆرە وەکو فەرهەنگی جوگرافی و فەرهەنگی ئیدیۆم و فەرهەنگی ڕەنگ فەرهەنگی وشە و وشەی تایبەت.

ئینجا لە شارەکان دەزگای گەورە گەورەی تایبەت بە فەرهەنگنووسین و زمان بکرێتەوە [ ٤٠-٥٠ ] کەسی پسپۆڕ و زمان زان و زمان ناس کۆببنەوە سانگ و سوژن بۆ ئەو فەرهەنگانە بکەن کەلە لقەکان پێیان دەگات ئینجا چاپی بکەن ، چەند فەرهەنگی زمانی کوردی کەلە ڕابردوو تا ئێستا هەیە بکەن بە سەرچاوە و کۆیان بکەنەوە.

فەرهەنگ یەکجار پیرۆز و گرینگە، چونکە زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەیە و فەرهەنگ بناغە و بنەمای زمانی نەتەوەیە دەوڵەمانەدی زمان لە فەرهەنگدایە مانەوەی زمان و نەتەوە لە فەرهەنگدایە.

بەڵام بەداخەوە ئێمە تا ئێستاش ڕقمان لە زمانی خۆمانە بەهۆی نەخۆشی ناوچە گەریەتی کە هەر بنزارەکەی خۆی پێڕاستە. مرۆڤ چەند ئەشقی بۆ بنزار و گەڤەرەکەی هەبێ ئەوەندەش ئەشق و خۆشەویستی بۆ هەموو بنزارەکانی زمانەکەی خۆی هەبێت ئەوکات زمانی ستاندار و فەرهەنگی گشتگیر دروست دەبێت.

ئەوەی بیەوێ لە زمانی خۆی شارەزا بێت وشە ناس وشەزان ببێ زۆر بەوردی فەرهەنگ بخوێنێتەوە یان وشەیەک مانای نازانی فەرهەنگ مانایەکەی پێدەڵێت.

وشەیەک کەلە فەرهەنگ یاداشت دەکرێت هەتا دونیا مابێ بزر نابێ بە زیندوویی دەمێنێتەوە دیسان دەڵێمەوە بناغەی بتەوی زمانی کوردی و ماناوەی تەنها فەرهەنگە زمان دەپارێزێت لە لەناوچون.

نەخۆشی ناوچەگەریەتی وەلانێن، کورە پیاوی چا بن هەر وشەی ناوچەی خۆت پێ ڕاست و تەواو نەبێت، چونکە زۆر وشە هەیە تۆ پێویستتە لە بنزارێکی تر دەستت دەکەوێت ئەشقت بۆ هەموو وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمی بنزارەکانی تر هەبێت، ئینجا دەتوانین فەرهەنگی تێر و تەسەل بنووسینەوە.

# فەرهەنگی فەرهەنگەکان

د. وریا عومەر ئەمین




یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەکادیمیای کوردی، ئامادەکردنی (فەرهەنگی نەتەوەیی)ی زمانی کوردی بوو. بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەرکە لیژنەیێکی لەم بەڕێزانە پێکهێنا:

د. وریا عومەر ئەمین – سەرۆکی لیژنە

محەمەد وەسمان عەزیز – ئەندام

عبدولڕەحمان مەعرووف – ئەندام

لیژنەکە خشتەیێکی کارکردنی درێژخایەنی سێهەنگاویی نەخشاند بەم جۆرە:

١ – ئامادەکردنی کتێبخانەی فەرهەنگی کوردی، بە کۆکردنەوەی هەموو فەرهەنگە کوردییەکان.

٢ – هەڵبژاردنی سەد دوو سەد لە باشەکانیان لەلایەن لیژنەییکەوە.(گەریش کرا هەموو ڕەچاو بکرێن)

٣ – دابەزاندیان لە کۆمپیوتەر و تێکهەڵکێشکردنیان و کردنیان بە یەک.

لیژنەکە هەنگاوی یەکەمی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا، بە ئامادەکردنی لیستێک بە(٥١٠) ناونیشان بە هەموو ئەو فەرهەنگە کوردییانەی تا ئەوسا دەرچووبوون. جگە لە چەندان فەرهەنگۆکەی پاشکۆی کتێبەکان. ئەکادیمیا لە ساڵی ٢٠٢٢ لەژێر ژمارە (٥٠٩)دا، وەک کتێبێ لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، بە سەرپەرشتیی (عوسمان پیرداود کەواز) بڵاوی کردەوە. لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارەی سپاردنی(١٠٩٨) ی ساڵی(٢٠٢٢)ی دراوەتێ. ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە:

١ – بەشی یەکەم بە پێی ڕیزبەندی ناوی دانەرانی فەرهەنگەکانە.

٢ – بەشی دووەم بە ناونیشانی فەرهەنگەکان بە پێی زمان دەخاتەڕوو.

لیژنەکە لەسەر کارکردندا بوو بۆ ئەنجامدانی هەنگاوەکانی دواتری، دەستەی ئەندامانی ئەکادیمیا هەڵوەشێنرایەوە و جێگیرکرا بە دەستەیێکی نوێ. ئاواتەخوازین دەستە نوێیەکە بایەخ بەم پرسە گرنگە بدات و هەنگاوەکانی تری ئەنجام بدات، لە پێناو ئامادەکردنی فەرهەنگی نەتەوەییمان کە دەبێتە کۆڵەگەیێکی پتەو بۆ چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی.

پەراوێزەکان

١ - کتێبی (فەرهەنگی فەرهەنگەکان) لەم ماڵپەڕەدا دەستدەکەوێ:
http://wariaomaramin.blogspot.com

٢ -جگە لەمە ئەکادیمیا بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگسازیی داوە. چەندان فەرهەنگی بوارە زانستییەکانی بڵاوکردۆتەوە. بۆ نموونە ناوی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

١ ـ فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن ـ بەدران ئەحمەد حەبیب (٢٠٠٥)

٢ – فەرهەنگی زاراوەی ڕاگەیاندن – لیژنەی زاراوە سازیی ئەکادیمیای کوردی(٢٠٠٥)

٣ ـ فەرهەنگی زاراوەگەلی کاروباری مین – جەمال جەلال حسین (٢٠٠٦)

٤ ـ فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی – لیژنەی ئەدەب لە ئەکادیمیا(٢٠٠٦)

٥ ـ فەرهەنگی ئابووری - د. سەلاحەددین کاکۆ خۆشناو(٢٠١٠)

٦ ـ فەرهەنگی سۆفیانە – د. ابراهیم ئەحمەد شوان(٢٠١٠)

٧ ـ فەرهەنگی بزیشکی ( ٣ بەرگ) د جەماڵ ڕەشید(٢٠١٠)

٨ ـ فەرهەنگی زاراوەکانی ئاو – د. ناهیدە تالەبانی(٢٠١١)

٩ ـ فەرهەنگی زاراوەکانی کیمیا – جەمال عەبدول(٢٠١٤)

... و هی تر

٣-یەکەم فەرهەنگی کوردی، فەرهەنگی (ئیتالی-کوردی)یە، لەلایەن (ماوریزۆ گارزۆنی)یەوە ئامادەکراوە، لە ساڵی (١٧٨٧ز) لە ڕۆما چاپکراوە، بەناونیشانی (ڕێزمان و وشەکانی زمانی کوردی)




Grammatica E Vocabolario Della .Lingua Kurda

لەوساکەوە تا ئێستا زیاتر لە (٥٠٠) فەرهەنگ دەرچووە، (کوردی - کوردی) و (کوردی - زمانانی بیانی). جگە لە سەدان فەرهەنگۆک لە پاشکۆی کتێبەکاندا.

ماوریزیۆ گارزۆنی P. Maurizio Garzoni قەشەیەکی ئیتالییە(١٧٣٤ – ١٨٠٤ز)، لە ساڵی ١٧٦٢دا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی هاتۆتە شاری ئامێدی، لە کوردستانی باشوور. لە ساڵانی ١٧٦٢ تا ١٧٨٧ لە ناوچەی موسل و ئامێدی خزمەتی ئایینی مەسیحیی

کردووە. لەو کاتەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی کردووە و کتێبی (ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی)ی بە زمانی ئیتالی ئامادەکردووە. کتێبەکە لەساڵی ١٧٨٧ لە ڕۆما لە ئیتالیا چاپکراوە. یەکەم کتێبە لە مێژوودا لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکرابێتەوە. کتێبەکە لە سەر بنەمای دیالێکت- زاری کرمانجیی ژووروو ئامادەکراوە، لە کۆتاییەکەشیدا وشەنامەیەکی (ئیتالی–کوردی)ی بە نزیکەی ٥٠٠٠ پێنج هەزار وشەی گرتۆتە خۆ.

دانەیێ لەم کتێبە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پارێزراوە، ٢٨٨ لاپەڕەیە. لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەلایەن ئەنستیتووتی کوردی لە پاریس دیجیتاڵ کراوە،




لە ساڵی ٢٠١٥ حەمید بەدرخان فەرهەنگەکەی ماوریزۆ گارزۆنیی چاپکردۆتەوە، تیایدا د. جاسم تۆفیق خۆشناو پێشەکییەکەی لە ئیتالییەوە کردۆتە کوردی و حەمید بەدرخان و د. نەجاتی عەبدوڵلاش بەدواچوونەوەیان لەبارەوە پێشکەش کردووە.

* زانکۆی جیهان